# تەلارسازی مۆدێرن لە ڕوسیا

## مێژووی بزووتنەوە ئاڤانت گاردەکان ١٩١٧-١٩٣٢

هیمداد عەباس



# تەلارسازی مۆدێرن لە ڕوسیا

## مێژووی بزووتنەوە ئاڤانت گاردەکان ١٩١٧-١٩٣٢

نووسینی ئەم کتێبە کارێکی قازانج نەویستە
بە ئامانجی گەشەپێدان و بڵاوکردنەوەی
رۆشنبیری تەلارسازی، بەخۆشحاڵیەوە
هەموو خوێنەرێک ئازادە لە چاپکردنی بۆ
مەبەستی تایبەتی خۆی. بەڵام هیچ کەس و
لایەنێک مافی چاپکردن و فرۆشتنەوەی ئەم
کتێبەیان نیە بۆ دەستکەوتی ماددی.

پێشکەشە بە تۆی خوێنەر

# پێشەکی

بیستەکانی سەدەی ڕابردوو لە ڕووسیا ساتەوەختێکی کەموێنەیە لەمێژووی تەلارسازیدا. پاش لادانی نیزامی سیاسی و کۆمەلایەتی کۆن و دامەزراندنی نیزامێکی نوێ لەجێگایدا، بیناکردنەوەی هونەر و بیناکردنەوەی شیرازەی ژیان هەردووکیان ئاوێتەی یەک بوون و، ولات بووە تاقیگەیەکی گەورە بۆ ئەنجامدانی تەجروبەی نوێ دەربارەی هونەرو تەلارسازی و پێشکەشکردنی پرۆژەی یۆتۆپی لەلایەن چەندین ڕەوتی دژ بەیەکەوە کە هەر یەکەو لای خۆیەوە هەولی ئەدا هونەر و تەلارسازی وەکو ئامرازێک بەکاربهێنێت بۆ تەبەنی کردنی سۆشیالیزم و بەرجەستەکردنی ئایدیەلەکانی شیوعیەت تاوەکو خزمەت بە کۆمەلگەی نوێ بکات.

ئەم کتێبە دەربارەی مێژووی تەلارسازی مۆدێرن و نەزعەی ئاڤانت گاردیزمە لە یەکێتی سۆڤیەتدا. کتێبەکە باس لە کاردانەوەی تەلارسازی دەکات بۆ پرسە کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسیەکان. باس لە سەرهەلدانی بزووتنەوە هادژەکان و خەون و خەیالە یۆتۆپیەکانیان ئەکات، کە کاریگەری بەشێکی زۆریان تا ئەمڕۆش بە زیندوویی ماوەتەوە لەناو کایەی تەلارسازی دا. ئەوە لەدوای ئەوە، تەلارسازان سوودیان لە ئایدیا سەرکەشەکانی ئاڤانت گاردی ڕوسی وەرگرتووەو لە قالبێکی تردا دایانڕشتوونەتەوە بەپێی پێداویستیە هەنووکەییەکان. لە جەیمز ستێرلینگ و بروتالیزمەوە بگرە تا ئەگاتە ڕیم کولهاس، زەها حەدید، بێرنارد چومی و دیکەنستراکشن، هەموویان کەوتونەتە ژێر کاریگەری فەرهەنگی فۆرمی کەنستراکتیڤیزم و سوپریمەتیزم و ڕاشنەلیزم. بۆیە بواری تەلارسازی قەرزاریەکی زۆری هەیە بۆ داهێنانەکانی مۆدێرنیزمی ڕوسی.

ئەوەی جێگای تێرامانە، تا درەنگانێکی سەدەی بیست ئاڤانت گاردی ڕووسی وەکو بوخچەیەکی نەکراوە ماوەتەوە. بەهۆی نالەباری دۆخی سیاسی و جەنگی ساردەوە ناوەندە ئەکادیمیەکانی تەلارسازی لە جیهاندا ئاشنایەتیەکی ئەوتۆیان پەیدا نەکردبووە لەگەل خەرمانی هونەری ڕوسی دا، چونکە بەپێی پێویست دەستیان نەگەیشتووە بە سەرچاوە ماددی و نا ماددیەکان لەناو ولاتەکەدا بەمەش بواریان بۆ نەرەخساوە توێژینەوەی مەیدانی لەمبارەیەوە ئەنجام بدەن. بەلام لە حەفتاکان بەدواوە، لەڕێگای گەڕان بەناو ئەرشیڤ و دۆکیومێنتی مێژوویی دا، کۆمەلێک مێژونووسی وەکو ئەناتۆل کۆپ، سەلیم خان ماگۆمیدۆڤ، کاثرین کوک، وە کریستینا لۆدەر، کتێبگەلێکیان بلاوکردەوە دەربارەی هونەر و تەلارسازی نێوان سالانی ١٩١٧ - ١٩٣٢. لێکۆلینەوەو بەدواداچوونەکانی ئەوان پەردەیان لەسەر چەندین دیوی شاراوەو نەزانراو هەلدایەوە، بەهۆی ئەو کارەشیانەوە گەوهەرێکی بەنرخیان لەژێر زەوی هێنایەدەرەوە کە سەرنجی جیهانی تەلارسازیان بەلایدا ڕاکێشا. دوابەدوای ئەوان، سەدان کتێب و توێژینەوەو تێزی دکتۆرا لەمبارەیەوە نوسراونەتەوە.

تەلارسازی مۆدێرن لە ڕوسیا لە دوو شەپۆلدا خۆی دەنوێنێت، شەپۆلی یەکەم (١٩١٧-١٩٣٢) کە فەترەی ئاڤانت گاردیزمە بە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد سالی ١٩١٧، لەژێر حوکمی لینین دا گەشانەوەی بەخۆیەوە بینی، بەلام دواتر لەژێر دەسەلاتی ستالین دا ڕووبەڕووی سەرکوتکردن و داپلۆسین هاتەوە. سالی ١٩٣٢ لەگەل سەپاندنی سۆشیالیست ڕیالیزمدا، ستالین دوا بزماری دا لە تابوتی مۆدێرنیزم. شەپۆلی دووەمی مۆدێرنیزم (١٩٥٣- ئەمڕۆ)، کە دەکرێ ناوی بنێین بە مۆدێرنیزمی باو، لەگەل مردنی ستایل و هاتنە سەر دەسەلاتی جیۆرجی مالێنکۆڤ دەستی پێکرد سالی ١٩٥٣، لێرەوە جارێکی تر گەڕانەوە بەدی ئەکرێ بۆ تەلارسازی مۆدێرن و ئاڤانت گاردیزمی بەر لە حوکمی ستالین، بەمشێوەیە مۆدێرنیزم سەرەڕای تێپەڕینی بە چەندین هەلبەز و دابەزدا بەردەوام ئەبێت لە پەیڕەوکردن تا ئەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.

ئەم کتێبەی بەردەستتان تایبەتە بە شەپۆلی یەکەم کە تیایدا بیردۆز و فەلسەفەو ئایدیا سەرەکیەکانی ئەو ڕۆژگارە، لەسەر هەر سێ ئاستی تەلارسازی و ئێربەن دیزاین و پلانسازیدا، خراونەتەڕوو بەبێ ڕۆچوونە ناو ووردەکاریەکان، چونکە بابەتەکان فراوان و ئالۆزن و بە نووسینی دوو کتێب و سێ کتێبیش ناتوانرێت حەقی تەواوی خۆی پێبدرێت.

مەسەلەیەکی دیکەی گرینگ زمانی نووسینی کتێبەکەیە، بە حوکمی ئەوەی بەشی هەرە زۆری دەستەواژەو چەمکەکان لە زمانی ئینگلیزی دا مانایەکی کامل و ڕاستەوخۆ نادەن بەدەستەوە ئەگەر هاتوو وەربگێردرێنە سەر زمانی کوردی، بۆیە زاراوەکانم وەکو خۆی داناوەتەوە. هێندەی ئامانجم گەیاندنی زانیاریاکان بووە هێندە ئامانجم کورداندنی زمانی نووسین نەبووە.

هیمداد عەباس
٢٠١٨/١٠/٢٦

# تەلارسازی لە ڕوسیا (١٩١٧-١٩٣٢)



## پاشخانێکی مێژوویی

**"هەروەک چۆن هیواکان و جۆش و خرۆشی ئایینی لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، بووە هۆی دروستکردنی کەتیدرەڵە مەزنەکان بە ستایلێک کە گوزارشت بکات لە ئایدیەڵەکانی ئەو ڕۆژگارە.. هەروەک چۆن ڕێنیسانس لەدوای هەڵوەشاندنەوەو کۆتاییهاتنی چاخەکانی ناوەڕاست، ستایلێکی دروستکرد کە بە تەواوی گونجاو بوو بۆ فەردانیەتی نوێی ئەو سەردەمە... ئەوا بە هەمان شێوە، کۆمەڵگەرایی و شیوعیەتیش پێویستبوو گوزارشتێکی نوێی ئیستاتیکی دروست بکەن، ستایلێکی تازە کە گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستیەکان و سایکۆلۆجیای کۆمەڵگەرایی نوێ، ستایلێک کە ڕەنگدانەوەی ئایدیەڵە دیموکراتیەکانی دەوڵەتی تازە لەدایک بوو بێت."**

**کاثرین کوک، لە کتێبی "ڕسوماتە تەلارسازییەکانی ئاڤانت گاردی ڕوسی"**

لە شەستەکانی سەدەی نۆزدە دا، ئەو کاتەی کارل مارکس ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداری گرت و جیهانێکی دیکەی وەکو بەدیل پێشنیاز کرد کە کۆنترۆڵ کرابێت لەلایەن چینی پرۆلیتاریاوە، پێی وابوو ئەم گۆڕانە لە ئەورووپای پیشەسازی دا ڕوودەدات. بەلام کاتێک وادەی شۆڕشی پرۆلیتاری هات ساڵی ١٩١٧، لە وڵاتی دواکەوتووی ڕووسیا دا ڕوویدا.[١] لەپاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر بەلشەڤیەکان دەستیان گرت بەسەر دەسەڵاتدا و ئیمپراتۆریەتی قەیسەریان هەڵوەشاندەوە، وڵاتێکی نوێیان بەناوی یەکێتی سۆڤیەت لە سەر ئایدۆلۆجیای شیوعیەت دامەزراند.[٢] یەکێتی سۆڤیەتی نوێ وڵاتێک بوو کە تێیدا ڕەتکردنەوەی ڕابردوو وە هەبوونی باوەڕ بە ئاییندە لە هەموو جێگایەکی تر زیاتر بەهێز بوو. ڕێبەرانی شۆڕش تەسەوڕێکیان دارشتبوو بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی نوێ، کە مەفهومێکی نوێی دادگەری کۆمەلایەتی هەڵیسوڕێنێت. لەڕێگای بانگەشەکردن بۆ یەکسانی ، هاوکاری، برایەتی، وە نەهێشتنی چینایەتی، شیوعیەت مژدانەی هاتنی سەردەمێکی نوێیدا کە تێیدا هەموو شتێک، بە هونەر و تەلارسازیشەوە، دووبارە لەدایک دەبنەوە. ساتەوەختی دوای شۆڕش پڕ لە گەشبینی بوو بۆ هەموو ئەوانەی کە ئاواتەخوازی بینینی ژیانێکی باشتر بوون بۆ چینە چەوسێنراوەکانی کۆمەڵگە، ئاڤانت گاردی هونەری و تەلارسازی ڕوسیش لەژێر کاریگەری کایەی کۆمەلایەتی و سیاسیی وڵات دا، لەلای خۆیانەوە لاپەڕەیەکی سپی و سەرەتایەکی نوێیان ئەویست کە هاتبێتە دەرەوە لەژێر بارگرانی نەریتەکانی ڕابردووی وڵاتەکە تا وەک چەکێک خۆیان بخەنە خزمەتی شیوعیەت و دەوڵەتی نوێ، لە بارودۆخی نوێشدا دەرفەتێکیان قۆستەوە بۆ تەرجومەکردنی هونەرە جوداکان بۆ ناو واقیعێکی سیاسی مەبەستدار. لە ئەنجامدا هونەر و تەلارسازی سۆڤیەتی، کە پێشوتر تا ڕادەیەک پەیوەست بوون بە ئایدیاکانی مۆدێرنیزمی ئەورووپی، هەر زوو پلاتفۆڕمی جوانیناسی و بیردۆزەیی تایبەتی خۆیان گەشەپێدا.[٣] کۆمەڵێک لە هونەرمەندان و تەلارسازان ڕوئیای شوعیەکانیان وەرگرت و کەوتنە گەڕان بەدوای ئەشکالی نوێ بۆ هونەر و تەلارسازی تا بەشداری بکات لە دروستکردنی کۆمەڵگەی نوێدا. لەو فەترە زەمەنیەدا چەندین تەجروبەی داهێنەرانە ئەنجام دران لە هونەر و تەلارسازی دا، تا ستایلێکی تازە و کەشێکی تازە بخولقێنن، پڕ کرابێت بە فەلسەفەو بەهاکانی شیوعیەت لەلایەک و بە ئەندازیاری و تەکنەلوجیای مۆدێرنیش لەلایەکی ترەوە.

تەلارسازی مۆدێرن لە ڕووسیا هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەر دا لەدایکبوو وەکو تەلارسازیەکی شۆڕشگێڕی، هەر لە دەستپێکەوە پێویست بوو وەلامی ئەو ئەرکو فەرمانانە بداتەوە کە هاتبوونە پێشەوە لە ئاکامی دوبارە دارشتنەوەی هەیکەلی ژیان و گوزەرانی وڵاتێکی بەرفراوان. بەلام خودی مۆدێرنیتی کە بە تەواوی دیاردەیەکی ڕۆژئاوایی بوو، نەیتوانی دەستبەجێ لە ناو کۆمەڵگەی ڕووسی دا جێی خۆی بکاتەوە. هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هەر لە دێر زەمانەوە ڕووسیا هیچ کاتێک لەگەڵ ئەورووپای ڕۆژئاوا دا تەبا نەبوون. کەلتور و بەهاکانی هەر یەکە لە گەلانی ئەورووپاو ڕوسیا تا ڕادیەکی بەرچاو لەیەک جیاواز بوون. بونیەی بیرکردنەوەی ئەم گەلانە لەسەر بناغەی"ئێمەی خۆمانە" و "ئەوانی بیانی" دامەزرابوو. لەبەرەوە ڕووسیا گەرایەکی لەبار نەبوو بۆ چەکەرەکردنی ئایدیاکانی مۆدێرنیتی شان بە شانی ڕۆژئاوا. لە ڕاستیدا پەیوەندیەکانی نێوان ڕووسیاو ڕۆژئاوا بە چەند قۆناغێکی جیاواز دا گوزەری کردووە، سێ ڕوداوی گرینگی ئایدیۆلۆجی و سیاسی (وەرچەرخان بۆ مەسیحیەت، وەرچەرخان بۆ ئیمپراتوریەت، وەرچەرخان بۆ شیوعیەت) شیرازەی ئەم پەیوەندیانەیان نەخشاندووە. یەکەم قۆناغ لە دەرکەوتنی تەلارسازی ڕۆژئاوایی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی دەیەم بۆ ئەوکاتەی کە ڕووسیا بە شێوەیەکی فەرمی لە بت پەرستی یەوە بەرەو مەسیحیەت وەرچەرخا.

## پاشخانێکی مێژوویی

تەلارسازی رووسیا لەم قوناغەدا بریتی بوو لە ستایلێک کە لە بیزەنتیەکانەوە وەریانگرتبوو ئەوەک لە گریک و رۆمەوە وەک لە حالەتی رۆژئاوا دا بەدی ئەکرێت. هۆکاری ئایینیش لەمەدا رۆلی خۆی بینیووە. چونکە مەملەکەتی روس لە دەرگای ئیمپراتوری بیزەنتی و کەنیسەی ئۆرسەدۆکسی رۆژهەلاتیەوە چووە سەر ئایینی مەسیحیەت ئەوەک ئیمپراتوری رۆمانی پیرۆز. قوستەنتینە (ئیستانبولی ئیستا) پایتەختی ئیمپراتوری بیزەنتی بوو، خاوەنی تەلارسازیەکی نایاب بوو لە کەنیسەو گورەپان و کۆشک و ئاوبارە.[٨]

دەولەتی تازە دروستبووی ئایینی پێویست بوو مۆدێلێکی کەلتوری نوێ هەلبژێرێت. ئایدیا مەوجودەکانی سەردەمی بتپەرستی گونجاو نەبوون لەگەل هەلومەرج و بارودۆخی ناوەکی و دەرەکی دەولەتێکدا کە بەخێراییەکی زۆر لە گەشەکردندا بوو، هەروەها پالنەرێکی سروشتی و بەهێزیشی هەبوو تاکو لەناو هەموو مۆدێلەکان دا ئەو مۆدێلە هەلبژێرێت کە لە هەموویان زیاتر گەشەسەندوو بێت لەو ساتەوەختە مێژوویەدا و لە هەمان کاتدا لە رۆحی کەلتوری خۆشیەوە نزیک بێت. ئەم حالەتەش بە پلەی یەکەم لە تەلارسازیدا رەنگیدایەوە. بریاردان لەسەر هەلبژاردنی نەمەتێکی دیاریکراو و وەلانانی نەمەتەکانی تر لێرەوە بووە یەکێک لە خەسلەتە دیارەکانی تەلارسازی روسی، بەدرێژایی هەزارەی داهاتوو تەلارسازان و ئەو هێزانەی کە دەوریان هەبوو لە دیاریکردنی شێوازی تەلارسازی لە ولاتدا هەمیشە تووشی کێشەی هەلبژاردنی کەلتورێکی دیاریکراوی تەلارسازی ئەبوونەوە.[٩]

کەنیسە سەرەتاییەکانی مەسیحیەت لە مەملەکەتی روس لە شاری کیێڤ دا دروستکران لە کۆتایی سەدەی نۆوە. شاری کیێڤ بەشێوەیەک کاری لەسەر ئەکرا کە ببێتە رکابەر و جێگرەوەی شاری قوستەنتین وەکو ناوەندێکی دینی و سیاسی و کەلتوری. بەمەش تەلارسازی بیزەنتی لە قوستەنتین بووە پێشینەو سەرچاوەی کەلتوری بۆ تەلارسازی لە کیێڤ دا، بە تایبەتی کەنیسەی ئایا سۆفیا.[١٠]

لە سەدەی یازدە (١٠١٨-١٠٣٧) کەتیدرەلی سان سۆفیا لە شاری کیێڤ دروستکرا لەسەردەستی شازادە یارۆسلاڤی حەکیم، کە بە یەکێک لە شاکارەکانی ئەو رۆژگارە دائەنرێت. بینای کەتیدرەلەکە لەسەر ستایلی بیزەنتی و کەنیسەی ئایا سۆفیا مۆدێلینگ کراوەتەوە وەلی بە سکێلێکی بچووکتر.[١١]



**١.١ سێکشن مۆدێلی کەتیدرەلی سەینت سۆفیا، کیێڤ، دەوروبەری ١٠٣٧**



**٢.١ پلانی کەتیدرەلی سەینت سۆفیا، کیێڤ، دەوروبەری ١٠٣٧**



**٣.١ ئێلەڤەیشنی کەتیدرەلی سەینت سۆفیا، کیێڤ،** بینا رەسەنەکەو گۆرانکارییەکانی دواتری.



**٤.١ کەنیسەی سەینت سۆفیا لە کییڤ، ١٠٣٧.**

بە تێپەڕینی کات و بەهۆی چەندین نوژەنکردنەوەو زیادکردن و کەمکردن، بیناکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەشێوەیەک کە بینا ڕەسەنەکە ئێستا کەوتوتە ناوەندەوەو بە بەشە زیادکراوەکان دەورەدراوە.

**٥.١ دیمەنی ناوەوە.** لەڕێگای جەختکردنەوە لەسەر فریسکۆ و ڕوناکی کەشێکی ڕۆحانی خولقێنراوە.



بینا ئەسڵیەکە پێکهاتووە لە پلانێکی چوارگۆشەیی کە خاچێکی تێدایە cross-in-square، دوازدە پایەی شێوە خاچcruciform piers پلانەکەیان بڕیووەو لە ئاکامدا پێنج ساڵەیان پێکهێناوە لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا nave وە ئەوانیش یەکتری ئەبڕن لەگەڵ پێنج ڕاڕەوی تری پاندا aisle. ساڵەی ناوەڕاست و ڕاڕەوی سەرەکی transept بە قۆڵتی نیوە لولەکی سەرپۆشکراون barrel-vaulted. بەرزی و پانیەکەیان دوو هێندەی ساڵەو ڕاڕەوەکانی ترە. هەموو ساڵەیەک لە ڕۆژهەڵاتەوە بە میحرابێکی نیوە بازنەیی دەستپێ ئەکات apse. بالکۆنیەک ساڵەی باشورو باکورو سەر هەیوان دائەپۆشێت.لەسەر بالکۆنی و ساڵەو ڕاڕەوەکانەوە ١٣ قوبە بەشێوەیەکی هەرەمی ڕێکخراون، ساڵەی ناوەڕاست بە قوبەیەکی گەورە سەرپۆش کراوە کە تیرەکەی ٧،٦ مەترە و بۆتە ناوەندی بیناکە و دواتر بە دوازدە قوبەی بچوکتر دەورەدراوە، هەمووشیان لەسەر بنکەیەکی درێژ دانراون. ڕیواقێکی کراوە تەوقی لای باشورو باکور و ڕۆژئاوا ئەدات، دواتر لە کۆتاییەکانی سەدەی یازدەدا ڕیواق و قادرمەو هەیوانێکی دیکەی بۆ زیادکراوە. تا سەدەی پازدە گەورەترین کەنیسە بوو لە مەملەکەتی ڕوس دا، ئەگەر گالەریەکانیشی بخەینە سەر درێژی واجیهەی پێشەوە دەگاتە ٥٤،٦ مەتر. هەبوونی پلەبەندی لە پلان و بارستەکاری دا لە دەرەوە بۆ ناوەوە، لە بچوکەوە بۆ گەورە، بۆ جەختکردنەوە بوو لەسەر پیرۆزی فەزاکانی ناوەوە لە ڕووی ئاینەوە.[١٢، ١٣]

## پاشخانێکی مێژوویی

قۆناغی دووەم لە سەدەی هەژدەوە دەستپێکرد بە چاکسازیەکانی پیتەری گەورە (١٦٧٢–١٧٢٥) و دامەزراندنی ئیمپراتوریەت، کە هەموو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ مۆدێرنیزە کردنی رووسیا بەپێی نۆرمە ئەورووپیەکان و هێنانی دوا پێشکەوتنەکانی پیشەسازی، سوود وەرگرتن لە بەروبومی چاخی رۆشنگەری، دامەزراندنی قوتابخانەی تەکنیکی، گۆرینی داب و نەریت و جل و بەرگی خەڵک، تەحویل کردنی دەوڵەتێکی ئۆرسەدۆکسی بۆ دەوڵەتێکی عەلمانی سەرەرای چەندین بەرهەڵستی لە تەرەفە جیاوازەکانی کۆمەڵگەوە. لە بواری تەلارسازیشدا هەستا بە رەتکردنەوەی تەلارسازی بیزەنتی لەپێناو تێکەڵەیەک لە تەلارسازی کلاسیکی و مانەریزم و باروک کە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئەورووپادا باو بوون. پیتەر خودی خۆی حەزێکی تایبەتی هەبوو بۆ تەلارسازی و لەناو کتێبخانەکەیدا ژمارەیەکی زۆری کتێبی دانسقەی تەلارسازی هەبوون.[١٤] ساڵی ١٧٠٣ پیتەر شاری سان پیتەرزبێرگی دامەزراندو لە ١٧١١ کردیە پایتەخت. لە رۆژئاوای ئەورووپاوە تەلارسازانی بانگهێشت کرد بۆ دارشتنی پلانی شارەکە. لەبەر ئەم رێکارانە مۆتیفە تەلارسازیەکانی رۆژئاوا تێکەڵ بوون بە تەلارسازی روسی.[١٥] ژمارەیەکی زۆر پڕۆژەی گەورە خرانە بواری جێبەجێکردنەوە کە لەمێژووی ئەو وڵاتە دا بیوینەوە بوون، چ لە سکێلدا بێت، یان لە ژمارەو چەندایەتی و چۆنایەتی دا. حەزی تەلارسازی پیتەر architectural taste زیاتر بۆ رێنیسانسی هۆلەندی و باروکی هۆلەندی بوو، ناوبراو هۆکاری ئەمەی ئەگێرایەوە بۆ لەیەک نزیکی بارودۆخی هۆلەنداو سان پیتەرزبێرگ. لەبەرەوە فەرمانی کرد بە بەکارهێنانی ئەم ستایلە لە بینا نوێکاندا، دواتر ئەم ستایلە ناسرا بە "باروکی پیتەری".[١٦]

تەلارسازە رۆژئاوایەکان لە سەدەی هەژدەوە تا سەدەی نۆزدە، دەستێکی باڵایان هەبوو لە گۆرینی رواڵەتی بیناکان و ناساندنی باروک و نیۆکلاسیک بە کۆمەڵگەی روسی. پیتەر چەندین خوێندکاری نارد بۆ ئەکادیمیاکانی تەلارسازی لە ئیتالیاو فەرەنساو هۆلەندا بۆ فێربوون و پەیداکردنی ئەزموون. بەمەش لە ماوەی سێ ساڵیکدا تەلارسازانی روسیا بەهۆی گواستنەوەی ئەزموون و پسپۆری ئەندازیاری لە ئەورووپاوە بۆ ناو وڵاتەکەیان ژێرخانێکی پتەوی مەعریفی و تەکنیکیان پەیداکرد، راهێنانێکی باشیان بینی لە هەردوو بواری بیردۆزی و کردری دا.[١٧]

لەراستیدا پیتەری گەورە شۆڕشێکی بنەرەتی لە تەلارسازی روسیادا بەرپاکرد، هەروەک فۆنتێنێلی ئەکادیمیست و شاعیری فەرەنسی (١٦٥٧– ١٧٥٧) لە وەسفی پیتەر دا دەڵێت **"گۆرانی بەسەر تەلارسازی مەوجود دا هێنا، کە بێ ئەندازە هەرەمەکی و رەشۆکی و شەپڕێو بوو. راستتر بڵێین، وایکرد تەلارسازی لە وڵاتەکەیدا لەدایک ببێت."**[١٨] فۆنتێنێل پێی وایە لەپاش ئەوەی پیتەر تەلارسازی رۆژئاوایی بردە روسیاوە ئینجا تەلارسازی لەو وڵاتەدا بە حەقیقی لەدایک بوو، ئەوەی پێشتر هەبوو تەنها نەریتێکی بازاری و بێسەروبەر بوو.

لەدوای مردنی پیتەری گەورە ، ژنە ئیمپراتۆرەکان ئانا و ئیلیزابێس و کاثرینی گەورە هەرسێکیان یەک بەدوای یەک لەسەر رێبازەکەی ناوبراو بەردەوام بوون و درێژەیان دا بە سیاسەتی مۆدێرنیزەکردنی روسیا. سەبارەت بە تەلارسازی دوو شوێنگرەوەی یەکەم لەسەر ستایلی باروک بەردەوام بوون وەلێ لە سەردەمی دەسەلاتی کاثرینی گەورەدا ستایلی باروک وەلا نراو نیو کلاسیکیەت وەکو تەلارسازیەکی فەرمی نەتەوەیی دامەزرا لە زۆربەی ناوچەکانی وڵاتدا.[١٩]

دروستکردنی سان پیتەرزبێرگ بە ئاڵۆزترین و گەورەترین پرۆژە دائەنرا کە لەسەر ستایلی باروک دروستکرابێت. لە بەناوبانگترین ئەو ستراکچەرانەی لە شارەکەدا بینا کراون بریتی یە لە کۆشکی زستان winter palace کە مەسکەنی خانەوادەی ئیمپراتۆری بوو. پرۆسەی دروستکردنی کۆشکەکە بە ژمارەیەک قۆناغی جیاوازدا رۆیشتووە تا گەیشتووە بەم حاڵەتەی ئێستا. یەکەم کۆشکی زستان پیتەر دروستی کرد ساڵی ١٧٠٨ لەسەر ستایلی باروکی هۆلەندی و بە بەکارهێنانی تەختە، دواتر لە ١٧١١ گۆردرایەوە بە بینایەکی بەردین.[٢٠]

ئانا پاش جێگرتنەوەی پیتەر هەستا بە راسپاردنی تەلارساز فرانچیسکۆ بارتۆلۆمیۆ راستریلی بۆ دیزاینکردنی بینایەکی گەورەتر لە ساڵی ١٧٣١ لەسەر هەمان سایت و بە هەمان ستایل، ئەم بینایە لە ساڵی ١٧٣٥ تەواو بوو، بەڵام دوای ١٧ ساڵی تر دیسانەوە راستریلی راسپێردرایەوە بۆ فراوانکردنی بیناکە وەلێ ئەمجارە لەلایەن ئیلیزابێسەوە. پاش دوو ساڵ لە هەڵسەنگاندن و پێشنیارکردنی پلانی جیاواز بۆ لەخۆگرتنی بینا مەوجودەکە، راستریلی لە کۆتاییدا گەیشتە ئەو بریارەی کە دوبارە بەتەواوی بیناکە دروستبکرێتەوەو دیزاینە نوێکەشی لەلایەن ئیلیزابێسەوە

## پاشخانێکی مێژوویی




٦.١ پلانی سان پیتەرزبێرگ، ڕوسیا

پەسندکرا ساڵی ١٧٥٤. پاش چەند ساڵێک ئیشکردن تیایدا و دوای هاتنە سەر حوکمی کاترینی گەورە هەستا بە دوورخستنەوەی ڕاستریلی و گۆڕینی بەشێکی زۆری دیزاینەکانی ناوەوەی لە بارۆکەوە بۆ نیۆکلاسیک. بەڵام دیزاینەکانی ڕاستریلی بۆ دیزاینی دەرەوە تا ئەمڕۆش وەکو خۆیان ماونەتەوە.[21]

بیناکە دەکەوێتە سەر ڕوباری نیڤا و لەبەردەمیدا گۆرەپانێکی گەورە هەیە. فۆرمەکەی شێوەی چوارگۆشەیەکی پێکهێناوە بە دەوری کۆرتیاردێکی گەورەدا. لە سێ نهۆمی پێکهاتووەو بەرزیەکەی دەگاتە ٢٢ مەتر. لە سێ دەروازەوە کە ئەکەونە سەر گۆرەپانەکە ڕێگای گەیشتن هەیە بە کۆرتیاردەکە. ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ژوور و هۆڵ و فەزای هەمەجۆری تێدایە. واجیهەکانی بەشێوەیەکی دەولەمەند ڕازێنراونەتەوەو ئیقاعی جیاوازی ئینشائی دراوەتە هەر واجیهەیەک. هەرچەندە هەر یەکێک لە چوار واجیهەکە تایبەتمەندی خۆیان هەیە بەڵام لە هەموویاندا دوو ڕیزی پایەی سپی two-tier colonnade خراونەتە سەر باکگراوندێکی سەوزی کاڵ، بنکەو لوتکەی پایەکان و سەر پەنجەرەکان بە قالبی ڕەنگ ئاڵتوونی نەخشێنراون، دواتر لە سەربان



٧.١ دیمەنی هەوایی سان پیتەرزبێرگ



٨.١ کۆشکی زستان، سان پیتەرزبێرگ



٩.١ کۆشکی زستان، سان پیتەرزبێرگ

parapet دەفری ڕازاندنەوەو پەیکەری جیاواز بە درێژایی خەتی پێشەوەی واجیهە ڕیزکراون کە ژمارەیان دەگاتە ١٧٦ . ناوەوەی بیناکە بە نەخش و نیگارو دانانی موفرەداتی تەلارسازی هەمەجۆر ڕازێنراوەتەوە. لە دوای ١٩١٧ و لە دەسەڵات لادانی نیکۆلاسی دووەم، کۆشکەکە بۆ چەند مەبەستێکی کاتی بەکارهێنرا تا دواجاربڕیاردرا بکرێتە مۆزەخانەو وەکو سەروەتێکی نیشتیمانی هەژمار بکرێت.[22]

## پاشخانێکی مێژوویی

لە سەدەی نۆزدەدا هەوڵە بەردەوامەکانی مۆدێرنیزەکردنی ڕوسیا و بە ڕۆژئاوایی کردنی، کاردانەوەی نەرێنی لێکەوتەوەو نەزعەیەکی یاخی بوون و ڕەتکردنەوە سەری هەڵدا، ئەمەش بووە مایەی پێکدادانی کەلتوری لەناوخۆی وڵاتەکەدا و دوو بەرەی جودا لە بۆچون و هەڵوێست پەیدابوون، ئەوانیش بەرەی سلاڤۆفایلەکان Slavophiles وە بەرەی ڕۆژئاواچییەکان Westernizers بوون. سلاڤۆفایل وەکو بزووتنەوەیەکی نەتەوەپەرستی موحافیزکاری ئەدەبی و کەلتوری سەریهەڵدا کە نۆستالجیاو پەرۆشیەکی زۆری هەبوو بۆ رابردوو، خوازیاری زیندووکردنەوەی فۆکلۆر و پاراستنی نەریت و بەهاکانی کەلتوری رووسی بوو، لە بەرامبەر ئەوانیشدا بەرەی ڕۆژئاواچییەکان بەرەیەکی لیبرالی نوێخواز بوون و خوازیاری هێنانی بەهاکانی کەلتوری ڕۆژئاوایی بوون. **"ڕوسیا بەشێک نیە لە ڕۆژئاوا، بەڵام بەدڵنیایەوە گەلێک پێویستە پەیوەندی نزیکی هەبێت لەگەڵ ڕۆژئاوا دا و ئەو توانایەشی هەیە کە هەستێت بەوکارە"** ئەمە پوختەی تێڕوانینی ڕۆژئاواچییەکان بوو. بەم پێیە هەموو گەلان پێویستە شوێن هەنگاوەکانی ڕۆژئاوا بکەون و شێوازی ژیانی ئەوان تەبەنی بکەن. تیمافیی گرانۆڤسکی دامەزرێنەری ڕۆژئاواچییەکان داواکار بوو هەروەکو ئەوروپا لە ڕوسیاشدا چاکسازی کۆمەلایەتی ئەنجام بدرێت، سیستەمی دابەشکردنی زەویوزار هەڵوەشێنرێتەوە، پەیوەندیە دەرەبەگایەتیەکان نەهێلرێن، کارکردنی بەزۆرەملی بگۆڕدرێتەوە بۆ بەکرێگرتن.[٢٣] سلاڤۆفایلەکانیش پێیان وابوو تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵ و دروستبوونی قەیرانی شوناسی نەتەوەیی پەیوەندی هەیە بە چاکسازیەکانی پیتەری گەورەوە. بە ڕۆژئاوایی کردنی ڕوسیا جگە لە لێکەوتی زیانبەخش هیچی دیکەی پێشکەش نەکردووە بە کۆمەڵگە. بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کەلتوری کۆمەڵ و پاتێرنەکانی گەشەکردنی بەر لە هاتنی پیتەر. لە سۆنگەی ئەوانەوە، دەوڵەت و کۆمەڵ لە ڕوسیای پێش پیتەر لە پەیوەندیەکی تایبەتی دابوون کە لەسەر متمانەیەک بینا کرابوو لە ڕۆژئاوادا بوونی نەبوو. ئازادی ڕادەربڕین و مومارەسەکردنی مافی ڕەخنەگرتن زۆر زیاتربوو. بیرۆکراتیەتی پیتەر بە گۆڕینی دابونەریتەکان بۆتە مایەی وێرانکردنی ئەم پەیوەندیە هارمۆنیە.[٢٤] لەکاتێکدا کە ئەوان سەرکونەی پیتەریان ئەکرد و بە تێکدەری ڕوسیای دێرین و ئۆرسەدۆکس تۆمەتباریان ئەکرد، ڕۆژئاواچیەکان داهاتووی خۆیان و ڕوسیایان دەبەستەوە بە سەرکەوتنی پیتەر و کارەکانی **"ڕۆژانی پیتەر، قەیسەرە گەورەکە، ئیتر تێپەڕین. پیتەر، پیاوە گەورەکە، چیتر لەناو کۆشکی زستان دا نیە، ئەو لەناو دڵی ئێمەدایە."**[٢٥] دواجار ئەم بەریەککەوتنە نەوەک لەسەر ئاستی کەلتوری بە تەنها بگرە شۆڕبووەوە بۆ ناو هەموو جومگەکانی ژیانی گشتی و لەسەر ئاستی هونەر و تەلارسازیشدا ڕەنگی دایەوە. بەرەی نوێخواز کە هەوڵیان ئەدا دەستکەوتە تەلارسازیەکانی ڕۆژئاوا بهێننە وڵاتەکەوە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ بەرەی سلاڤۆفایلەکان کە هەوڵیان ئەدا دەست بە تەلارسازی ڤێرناکیولەر و لۆکاڵیەوە بگرن و هونەر و تەلارسازی میللی بکەنە ڕێبەری خۆیان، لەمەشەوە ستایلێکی تەلارسازی بهێننە ئاراوە کە مۆرکێکی ڕووسیانەی هەبێت و ببێتە بەدیلی ستایلە ڕۆژئاواییەکان. دەکرێ ئەم کاردانەوەیە ناوبنێین بە پرۆسەی "گەڕان بەدوای ستایلێکی نەتەوەیی دا".

تەلارسازی لە قۆناغی پێش پیتەردا Pre-Petrine بریتی بوو لە تێکەڵەیەک لە خەسڵەتەکانی تەلارسازی بیزەنتی و تەلارسازی خۆماڵی، بەگشتی لە بینای کەنیسەکان دا بەدیار دەکەوێت و جیا دەکرێنەوە بە هەبوونی قوبەی شێوە پیوازی onion dome یاخود قوبەی شێوە کڵاو helmet-shaped domes، کەڵەکە کردن و کۆکردنەوەی ژمارەیەک قوبە بەشێوەیەکی هەرەمی، درێژی بنکەی قوبەکان drum، تاوەری شێوە قوچەکی، سەقفی شێوە هەرەمی، بەکارهێنانی کەرپوچ و تەختە لە کرداری دروستکردندا، بەکارهێنانی ڕەنگی جیاواز بەتێکەڵی بە تایبەتی سوور و سەوز و شین، لە زۆر حاڵەتیشدا ڕەنگکردنی قوبەکان بە ڕەنگی ئاڵتوونی یاخود ڕەنگی ڕەش بەتایبەتی لەناوچە بەفرینیەکان. وە پێداگیری کردن لەسەر بەرزبوونەوە بەرەو ئاسمان و شاولی بوونی ستراکچەرەکان.

جەدەلی سلاڤی-ڕۆژئاوایی لەڕاستیدا تەمسیلی ئەکرد لە جەدەلی ئێمە-ئەوان و جەدەلی ڕەسەن-نارەسەن. وەک پێشتریش لەبارەیەوە دواین، مەسەلەکە نیشانەی قەیرانێکی قولتری کەلتوری بوو دەربارەی هەڵبژاردنی مۆدەیەکی تەلارسازی گونجاو بۆ کۆمەڵگەی ڕووسی و نیزامی حوکم کردن لەگەڵ هەموو گۆڕانکاریەکدا. لە هەموو وەرچەرخانێکدا جەدەلەکە شێوەی جیاوازی وەرگرتووەو لە بەرگی جیاوازدا خۆی نیشانداوە بەڵام ماهیەت و ناوەڕۆکەکەی لە هەمان دۆخدا ماوەتەوە.

## پاشخانێکی مێژوویی



**١٠.١ ڕوکاری پێشەوەی خانوو، لادێی تالاشکینۆ،١٩٠٠-١٩٠١.**
ڕازاندنەوەی پەنجەرەکان و واجیهە بە ڕەنگی جیاواز و سیمبولی جیاوازی میللی.

لە سالی ١٨٥٠ هەورازتر، تەشەنەسەندنی بزووتنەوەی پان سلاڤیک ڕێگای خۆشکرد بۆ ژیاندنەوەیەکی بەرفراوانی هونەری فۆک folk و پیشەگەری کۆنی سلاڤی بەر لە هاتنی پیتەر ، بە هیوای ئەوەی ستایلێکی نەتەوەیی تەلارسازی دابرێژن لە دەرەوەی ستایلە ئەکادیمیە باوەکان. بزووتنەوەکە یەکەمجار لە پرۆژەیەک دا دەستیپێکرد لەسەر زەوی و زاری ئەبرامتزڤای لە دەرەوەی مۆسکۆ سالی ١٨٨٠-١٨٧٠، خاوەنەکەی بازرگانی گەورەی هێلی شەمەندەفەر ساڤا مامۆنتۆڤ بوو تێیدا شوێنێکی گەورەی حەوانەوەی دروستکرد بۆ خۆی و هونەرمەندە پاپیولیستەکان کە ناویان لەخۆیان نابوو "گەڕیدە"، چەند سالێک پێشوتر و لە ١٨٦٣ گەڕیدەکان خۆیان لە ئەکادیمیای پیتەرزبێرگ کشاندبووەوە تا خۆیان وەکو هونەرمەندێکی قەرەج بناسێنن، هونەرەکەیان لە خەلکەوە بێت و ڕاستەوخۆش بیگەیەننەوە بە خەلک. تا فەترەیەکی درێژخایەن شوێنەکە بووە مەلبەندی جموجۆل و چالاکی سلاڤۆفایلەکان. دواتر بزووتنەوەکە شێوەیەکی مونەزەمتری وەرگرت لە پرۆژەیەک دا لەسەر زەوی و زاری تالاشکینۆی شازادەخاتوون تێنیشێڤا لە سمۆلێنسک سالی ١٨٩٠، تێیدا کۆمەلگەیەکی پیشەسازی دەستی دامەزراند بە مەبەستی ژیاندنەوەی پیشەگەری تەقلیدی سلاڤی. دیزاینەکانی پرۆژەی مامۆنتۆڤ هەر لە ژیاندنەوەی بینای چاخەکانی ناوەراستەوە (ستایلی کۆنی ڕوسی) تێیدا هەبوو تا دیزاینکردنی سەکۆی شانۆ لەلایەن نیگارکێش لیۆنید پاستێرناک بۆ یەکەمین نواندنی ئۆپێرای "پاکیزەی بەفر"ی ڕیمسکی کورساکۆڤ، کە لە چیرۆکە فۆکلۆریەکانی ڕووسیەوە وەرگیرابوو. هەرچی کارەکانی کۆمەلگەی تێنیشێڤا بوون لە سکێل دا مەعقولتر بوون ، پێکدەهاتن لە خانووی سادەو ساکار و لە کەلوپەل و ڕایەخی خۆمالی ناومال، فۆرمەکەشیان بەزۆری لە خانووە تەختەییەکان و ئێلەمێنتە جوانکاریەکانیشیان لە بەرهەمەکانی پیشەگەری جوتیاران وەرگرتبوو.[٢٦] بەمشێوەیە لە حەفتاکانی سەدەی نۆزدەوە، بیرکردنەوەی سلاڤۆفایل بووە هەوێنی پەیدابوونی ڕەوتی ژیاندنەوەی تەلارسازی ڕوسی The Russian Revival Style کە پشتی دەبەست بە نەریتە تەلارسازیە کۆنەکانی ڕوسیا بە تێکەلکردنیان لەگەل سەرمایەی هونەری میللی ڕووسی و ئێلەمێنتی تەلارسازی بیزەنتی. ستایلی تازە دروستبوو، بە کۆپیکردنی مۆتیف لە تەلارسازی سەدەی حەڤدەوە، ئەیەویست پەیامێک بگەیەنێتە خەلک و جەخت لەسەر بوژاندنەوەی ڕۆحی نەتەوەیی بکاتەوە، تەلارسازیەک بخاتەڕوو کە نزیک بێت لە دلی ڕووسەکانەوە.[٢٧] دواجار ڕێرەوی ئەم هەولە ڕۆمانتیکیانە لە وەرچەرخانەی سەدەی نۆزدە بۆ سەدەی بیست (١٨٩٠-١٩١٠) بە سەرهەلدانی ئارت نوڤوی ڕوسی کۆتایی هات لەژێر



**١١.١ کەنیسەی ڕۆحی پیرۆز، لادێی تالاشکینۆ،١٩٠٢-١٩٠٣.** بەکارهێنانەوەی توخمە نەریتیەکان لە دیزایندا.



**١٢.١ کتێبخانەی سینگەر هاوس، سان پیتەرزبێرگ، ١٩٠٤.** شاکارێکی ئارت نوڤوی ڕوسی.

ناوی "ستایل مۆدێرنە style moderne". ئەم ستایلە جیا ئەکرایەوە بە هەبوونی خواستێکی بەهێز بۆ لەیەک نزیککردنەوەی هەردوو بەرەکە، واتە تێکەڵبوون لەگەڵ کەلتورەکانی ڕۆژئاواییدا و لە هەمان کاتیشدا تەحقیق کردنی شوناسێکی تەلارسازی نەتەوەیی ڕووسی.[٢٨] ئەم ستایلە شێوازێکی ئێکلێکتیکی هەیەو لە چەندین سەرچاوەو پێشینەوە ئێلەمێنتی وەرگرتووە هەر لە ڤیەناوە بگرە تا ئەگاتە گلاسکۆ، بەڵام وەکو ئێکلێکتیسیزمی سەدەی نۆزدە نا کە پاتێرنی واجیهەکان یان ستایلە مێژووییەکان دوبارە بکاتەوە، بەڵکو جیا ئەکرێتەوە بە دەمج کردنی ستراکچەر و مەواد و مۆتیفی جوانکاری.[٢٩]

ستایل مۆدێرنە پێداگیری ئەکرد لەسەر سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای مۆدێرن لەلایەک و کەلەپوری هونەری و تەلارسازیش لەلایەکی دیکەوە. لەبەرەوە بەکارهێنانێکی تازەگەرانەو داهێنەرانەی مەوادە نوێکانی وەکو شوشە، ئاسن، وە کەرپوچی شوشەیی بۆ بەدەستهێنانی جوانی بوونە ئامانجی بزووتنەوەکە. ستایل مۆدێرنە لەناو خۆیدا لە مەیلی جیاواز و ئاراستەی جیاواز پێکهاتبوو، دیارترین ئاراستەشی بریتی بوو لە ئاراستەی نیۆ-ڕووسی neo-Russian کە درێژکراوەی ستایلی نەتەوەیی بوو بە تەعدیلاتی نوێوە. ئەم ستایلە شەعبیەتێکی وای نەبوو ، لە دەوربەری ١٩١٠ کۆتایی هات.

## پاشخانێکی مێژوویی

سەرەڕای بەرهەڵستی توندیان، هەوڵەکانی بزووتنەوەی پان سلاڤیک تا رادیەکی زۆر مایەپوچ بوون وەک دەبینین ئێستاش ستایلە تەلارسازیەکانی ڕۆژئاوا توانیوویانە برژێنە ناو کەلتوری تەلارسازی لە ڕووسیا دا. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە تا پێش جەنگی یەکەمی جیهانی ١٨٥٠- ١٩١٠بەهۆی مۆدێرنیزە کردن و کۆنتاکت لەگەڵ ڕۆژئاوا دا، هونەر و تەلارسازی لە ڕوسیا دا هەموو ئەو تەئسیراتانەی تێدا ڕەنگی دایەوە کە لە شوێنەکانی دیکەشدا بوونی هەبوو. ئیکلیکتیسیزم و تێکەڵەیەک لە ستایلەکانی وەکو کلاسیکیەت، ئارت نوڤو ، ناشنەڵ ڕۆمانتیسیزم و کۆمەڵێک ستایلی تر کەم تا زۆر لەو وڵاتەدا بەربڵاو بوون کە هەموویان ڕەگوڕیشەیان دەگەڕایەوە بۆ ئەوروپا.[٣٠] دیمتری شڤیدکۆڤسکی شارەزا لە مێژووی تەلارسازی ڕوسیادا دەڵێت بۆ هەموو ستایلێکی دیاری ڕۆژئاوایی لە ڕوسیا فۆرمێکی تایبەتی هاتوتە ئارەوە پاش گەیشتنە ناو خاکی وڵاتەکە، ئەگەر بزووتنەوە ڕەسەنەکە بە تەواویش وەکو خۆی وەرنەگیرابێت، بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری و مۆدیفیکەیشنی زۆر سەرنجڕاکێشدا تێپەڕیووە. بزووتنەوە ئەورووپیەکان نەوەک هەر کاریگەریان هەبووە لەسەر ڕواڵەتی تەلارسازی ڕوسیایی بگرە پشکێکی گەورەیان بەرکەوتووە لە تاودان و گەشەپێدانی ڕەوتی تەلارسازیەکەی لە ناوەڕۆکەوە تەنانەت ئەگەر فۆرمێکی زۆر نائاساییشی وەرگرتبێت.[٣١] ئەو پێی وایە کە سەدەی نۆزدە لەمێژووی تەلارسازی ڕوسیادا حەقە ناوزەد بکرێت بە سەدەی ئەورووپی چونکە لەو سەدەیەدا، بەروبومی سەد ساڵی پێشوتر (١٧٠٠-١٨٠٠) لە کرانەوە بەڕووی ئەوروپادا دورایەوە، بە تایبەتی لە ناحیەی پلانسازی و تەلارسازی یەوە بەرەنجامێکی دڵخۆشکەری هەبوو چونکە بەهۆی ئەم چاکسازیانەوە ڕەنگوڕووی شارو بیناکان گۆڕانێکی گەورەیان بەسەردا هات.[٣٢]

لە ساڵی ١٩١٠ بەدواوە تا ١٩١٧ مۆدێرنیزم بەرە بەرە ڕەگی خۆی داکوتا لەناو ڕوسیا دا. لێرەوە قۆناغێکی نوێ دەستپێ ئەکات ووردتر لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا کە قۆناغی مۆدێرنیزەبوونی هونەر و تەلارسازیە و تا ساڵی ١٩٣٢ درێژەی کێشا. بەڵا دوو خاڵ هەیە کە ئەم قۆناغە جیا دەکاتەوە لە قۆناغەکانی پێشوتر، یەکەمیان گۆڕانی سەرچاوەی وەرگرتنی تەلارسازی و دووەمەیشیان کارلێکی دوو سەرەیە لەنێوان هەردوولای ڕوسی و ڕۆژئاوایی دا. خاڵی یەکەم، لە تێکڕای قۆناغەکانی تردا وەرگرتن و گواستنەوەکە ڕاستەوخۆ لە تەلارسازی یەوە بۆ تەلارسازی بوو، وەلێ ئەمجارە گواستنەوەکە لە هونەرەوە بوو هونەر بوو، واتە مۆدێرنیزمی ڕووسی لەسەرەتاوە بە گشتی لە نیگارکێشان و پەیکەرتاشی و ئەدەبیات دا دەستی پێکرد ئینجا گەیشتە ناو بواری تەلارسازی یەوە. هونەرمەندانی ڕوسیا پاش کەوتنە ژێر کاریگەری هونەری ڕۆژئاوایی وەکو پاڵنەرێکی دەرەکی لەلایەکەوەو هەلومەرجی نالەباری ناوخۆی وڵاتیش وەکو پاڵنەرێکی ناوەکی لەلایەکی ترەوە، هونەرێکی تایبەتی ڕووسیان پەرەپێدا کە هەموو پردێکی پەیوەندی لەگەڵ ڕابردوودا پچڕاند. ئینجا دواتر تەلارسازیەکی رادیکەڵی خۆرسکی ڕوسی لە هونەرە ڕوسیەکەوە پەرەیسەند بەبێ هەبوونی هیچ پێشینەو سەرچاوەیەکی تەلارسازی ڕۆژئاوایی کە بۆی بگەڕێتەوە. خاڵی دووەمیشیان ئەوەبوو کە ئەمجارە تەلارسازیە نوێیەکەی ڕوسیا کاریگەری دروست کرد لەسەر تەلارسازی ڕۆژئاوایی، بەمەش هاوکێشەکە پاسادان بوو، چونکە بۆ یەکەم جار تەلارسازی لە ڕوسیاوە گوازرایەوە بۆ ئەوروپا کە پێشوتر تەنها بەپێچەوانەوە بوو. لەبەر ئەم هۆکارانە پێمان وایە بەبێ تێگەیشتن و ڕوماڵ کردنێکی هەمەلایەنەی مێژووی هونەری مۆدێرن، مەحاڵە لە مێژووی تەلارسازی مۆدێرن تێبگەین لەو وڵاتەدا.



# هونەری مۆدێرن

**قۆناغی پێش شۆڕش: جەدەلی کۆن و نوێ**

سەرهەڵدانی پرۆلیتکولت و فیوچەریزم و سوپریمەتیزمی هونەری.

**"پەرۆشیەکی ئێجگار زۆرم هەیە بۆ داهاتوو، بەجۆرێک کە حەزەکەم بتوانم چەند ساڵێکی بەردەمم ببینم.. ئەرکی ئێمە بریتی یە لە تەجروبەکردن"**

– ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ

لەنێوان سالانی ١٩١٠- ١٩١٧ بەگشتی دوو هێڵی فکری گۆڕەپانی هونەریان داگیرکردبوو، ئەوانیش خەتی ترەدیشنەلیستەکان (ڕاستڕەوەکان) و خەتی ئاڤانت گاردە نوێخواز و پێشڕەوەکان بوون (چەپڕەوەکان). بەلام لە تەلارسازی دا تا دوای ١٩١٧ تەنها خەتی ترەدیشنەلیزم بوونی هەبوو. ترەدیشنەلیستەکان لایەنگیری پاشماوەکانی کەلەپوری ئیمپراتۆریەت بوون، بەزۆری مەیلیان بەلای تەلارسازی نیۆکلاسیکدا بوو، بەلام ئاڤانت گاردەکان تامەزرۆی هێنانە کایەی تەلارسازیەکی نوێ و شیفت کردنی عەقلیەتی گشتی بوون لە بزووتنەوەی سلاڤۆفایلەوە بەرەو ڕاچلەکینێکی کەلتوری.

هونەری ڕۆژئاوایی ، پوختر بلێین فیوچەریزمی ئیتالی و کیوبیزمی فەرەنسی ، زووبەزوو خۆیان خزاندە ناو هونەر و ئەدەبیاتی ڕوسیاوە. سالی ١٩١٣ بزووتنەوەی هونەری Cubo-Futurism لە ڕوسیا دروستبوو لەسەر دەستی ئەریستارخ لێنتولۆڤ دوای گەڕانەوەی لە پاریسەوە. ئەم بزووتنەوەیە فۆڕمێکی دوو ڕەگی هەبوو، بژاردەیەک لە خەسلەتەکانی هەریەکە لە فیوچەریزم و کیوبیزمی لە هەناوی خۆیدا هەلگرتبوو. هەرچەندە لە دوای ١٩١٧ەوە بزووتنەوەکە کۆتایی هات،[٣٣] بەلام نەمانی خودی بزووتنەوەیەک ئەو مانایە ناگەیێنێت کە لەگەلیدا ئایدۆلۆجیاو فەلسەفەکەشی دەمرن، ئەم قسەیە لە حالەتی بزوتنەوەی کیوبۆ-فیوچەریزمیش ڕاستە لە ڕوسیا، چونکە فیوچەریزم لەڕێگای چاندنی گەشبینی و ئومێد بە داهاتوو لەناو دلی خەلکدا لەپاش خۆی کاریگەریەکی دیارو ئاشکرای دروستکرد بەسەر ڕەوتە ئاڤانت گاردەکانی ئەو ولاتەوە، بەشێک لە هونەرمەندان فەلسەفەی بزووتنەوەکەیان لەگەل سۆشیالیزم گونجاند و لەژێر ناوی جیاوازدا درێژەیان بە کارەکانیان دا. پاول وود ئەلێت لە قۆناغی دوای شۆڕشدا کە ڕوسیا هێشتا هەر وەکو دەولەتێکی دواکەتووی کشتوکالی مایەوە، **"فیوچەریزم وەکو ئایدۆلۆجیایەک تەبەنی کرا بەلام دوور لەوەی کە تەنها ستایلیکی ئیستاتیکی بێت و بەس، ئەمەش بۆ هاندانی گەشەکردنی پیشەسازی"**. وود پێی وایە فیوچەریزم دنەی نیزامی سیاسی دا بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە هەموو بوارەکانی چالاکی مرۆڤدا.[٣٤]

نیگارکێش ڤلادیمیر تاتلین (١٨٨٥- ١٩٥٣) سالی ١٩١٣ لەدوای خوێندنی هونەر لە مۆسکۆ و ئینجا ئەنجامدانی گەشتێکی دورودرێژ لەسەر کەشتی و کارکردن وەکو دەریاوان، بەرەو پاریس سەفەری کرد و لەوێ بە دیداری پیکاسۆ شاد بوو لە ستۆدیۆی خۆیدا. لەوێدا چاوی کەوت بە زنجیرەیەک ڕیلیفی تەختەیی (نەقشی تەختەیی) کە پیکاسۆ دروستی کردبوون، سەرنجی دا ڕیلیفەکان وەکو شێوازە تەقلیدیەکەی نەقشکاری هەلنەکۆلدراون یان لە قالبنەدراون، بەلکو بە شێوازێکی یەکجار نوێ پێکهێنراون لە بەیەکبەستنەوەی چەندین ئێلەمێنتی جوداوە. ئەم شێوازەی کارکردنی پیکاسۆ کاریگەریەکی قولی بەجێهێشت لەسەر تاتلین، بۆیە دوای گەڕانەوەی بۆ ڕوسیا وازی لە نیگارکێشان هێناو دەستیکرد بە تاقیکردنەوەو هەلسەنگاندنی ئیمکانیاتی نەقشی سێ ڕەهەندی بە بەکارهێنانی جۆری نوێی مەواد. بەرەنجامی تەجروبەکان بووەهۆی بەرهەمهێنانی چەند نەقشێکی نا تەقلیدی کە ناسراون بە کاونتەر- ڕیلیف و زنجیرەیەک پەیکەرن لە مەوادی تێکەلەوە دروستکراون.

نیگارکێشی ڕووسی کازیمیر مالێڤیچ (١٨٧٨– ١٩٣٥)، پاش بێ هیوابوونی لە هونەری تەقلیدی، کاوە ئاسا چەکوشێکی هەڵگرت و تەخت و تاراجی هونەری باوی جیهانی بە تەواوی خاپوور کرد. هونەری گێڕایەوە بۆ سەرەتای مێژووی خۆی بۆ ساتەوەختی ئافراندنی. ئینجا لەوێوە جارێکی تر لە سفرەوە دەستی کردەوە بە دارشتنی هونەرێک لە ڕەگەزە سەرەتاییەکانەوە کە بۆ هەموو جیهان بشێت **"لە سفرەوەیە، لە هیچەوەیە، کە جوڵەی ڕاستەقینەی وجود دەستپێ ئەکات"**. بەلای مالێڤیچەوە چوارگۆشەی ڕەش، بازنەی ڕەش، خاچی ڕەش بریتی بوون لەو سێ ڕەگەزە سەرەتاییەی نیزامی نوێیان لەسەر بەندبوو.[35] ڕەگەزەکان لە هیچەوەو لەسەر زەمینەیەکی هیچەوە پەیدا ئەبن، لەناو بۆشایەکی فراوان وەکو بۆشایی گەردوون دا. مالێڤیچ ئەو بۆشاییەی بە ڕەنگی سپی تەمسیل دەکرد وەکو نیشانەیەک بۆ ئەو هیچێتی یە nothingness. ئەو بۆشاییەی (گراوند) کە ڕەگەزەکانی (فیگەر) لەسەر دانراوە لەڕاستیدا هیچ نەبوو بەومانایەی کە هیچ بێت، بەڵکو بۆشاییەکی تەعبیری بوو گوزارشتی لە جوڵەی وجود ئەکرد کە لەو هیچێتیەوە سەرچاوە دەگرێت. گەڕان بەدوای پلەی سفر zero degree یان بڵێین هیچ جۆرێک لە فۆرمێک zero of form، وای لە مالێڤیچ کرد ڕوو بکاتە بەکارهێنانی سادەترین شێوەکان کە لەوە زیاتر نەتوانرێت پوخت abstract بکرێنەوە. لەبەرەوە بزووتنەوەکە تیشکی خستە سەر بەکارهێنانی فۆرمی هەندەسی بنەڕەتی وەکو بازنەو چوارگۆشەو لاکێشە،[36] لە ناحیەی ڕەنگیشەوە کۆدی تایبەتی خۆی هەبوو بەگشتی ڕەش و سپی و سوورو شین وەکو سەرەکیترین ڕەنگ لە سوپرێمەتیزم دا بەکارهێنراون.

بەمشێوەیە دوای ساڵانێک لە تاقیکردنەوە، مالێڤیچ ساڵی ١٩١٥ لە "بەیاننامەی سوپرێمەتیست" دا هاتنی هونەرێکی نوێی نابابەتی جار دا کە هەر خۆشی ئافرێنەرەکەیەتی.[37] مالێڤیچ بانگەشەی ئافراندنی زمانێکی ئەبستراکتی کرد کە ئازادبووە لە ژێر نیری سروشت دا. بە دانانی شەیپی ئەندازەیی ڕەش و ڕەنگاوڕەنگ لەسەر باکگراوندێکی سپی کە تەمسیلی بۆشاییەکی خاڵی دەکات لە هێزی کێشکردنی زەوی، وا لە شەیپەکان ئەکات بەرەلا دەرکەون floating in space و خودی سپەیسەکەش بێ کۆتایی و نا سنووردار infinity. ئەم زمانە ئەبستراکتە بووە ترەیدمارکی بزووتنەوەی کەنستراکتیڤیزم کە دواتر لە دیزاینی تەلارسازی و پیشەسازی دا خستیە بواری جێبەجێکردنەوە.[38]

سوپرێمەتیزم نزیکایەتیەکی زۆری هەبوو لەگەل نیو-پلاستیسیزمی هۆڵەندی دا، بە تایبەتی لە پوخت کردنەوەی ئەندازەییانە geometrical reductivism هەروەها لە تێکەڵکردنی تەسەوف Theosophy لەگەل فەلسەفەی بزووتنەوەکەدا. بەپێچەوانەی تابلۆکانی مۆندریان، کارەکانی مالێڤیچ هێشتا پشتیان دەبەست بە پەیوەندی نێوان فیگەر و گراوند figure-ground relationship ، واتە لەنێوان تەنە کێشراوەکان represented objects لەگەل ئەو بۆشاییە وەهمیەی تەنەکانی لەسەر کێشراوە illusionistic space.[39]

کەواتە سوپرێمەتیزم بریتی یە لە بزووتنەوەیەکی هونەری کە هەڵگری فەلسەفەیەکی نا بابەتی non-objective، نا ماددی anti-materialist، وە نا مەنفەعی و نا وەزیفی یە anti-utilitarian. زاراوەی سوپرێمەتیزم ئاماژەیە بۆ هونەرێکی ئەبستراکت کە پێداگیری ئەکات لەسەر باڵابوونی هەستی هونەری سافی نەک وێنەکردنی دەقاودەقی تەنی بنیراو،[40] لەبەرەوەش ناسراوە بە سوپرێمەتیزم (باڵاییخوازی suprematism)، بە واتای زاڵبوونی هەستی هونەری بەسەر واقیعی بینراو دا. مالێڤیچ دەڵێت **"هونەر چیتر بایەخ نادات بە خزمەتکردنی دەوڵەت و ئایین، چیتر ئارەزوو ناکات مێژووی ڕەوشت و عورف و عادات نیشان بدات، نایەوێت چیتر سەروکار و پەیوەندی هەبێت بە تەنەکانەوە، بە مانای وشەش بڕوای وایە، کە هەر لە جەوهەری خۆیدا، دەتوانێت بوونی هەبێت بەبێ هەبوونی 'شتەکان'، واتە هونەر بریتی یە لە کانیاوێک ، سەرچاوەیەکی لەبن نەهاتووی ژیان.... لەژێر چەتری سوپریمەتیزم دا ، باڵادەست بوونی هەستی بێگەرد ئەبینم لە هونەری داهێنەرانەدا. بە لای هونەرمەندی سەپریمەتیستەوە، دیاردە بەسەریەکانی جیهانی بابەتی خۆی لە خۆیاندا بێ مانان. ئەو شتەی کە جێگای بایەخ بێت بریتی یە لە هەستکردن feeling بۆ ئەم دیاردانە، بە شێوەیەکی دوور و دابراو لەو ژینگەیەی کە لێیەوە پەیدا ئەبن."[41]**

سوپرێمەتیزمیش هەروەکو فیوچەریزم، بایەخێکی زۆری دا بە داینەمیکیەت و نا ئارامی و ناسەقامگیری

لە وتارێکیدا دەربارەی سوپریمەتیزم مالیڤیچ نووسی کە **"بناغەی نوێ بۆ بیناکردنی هونەر نە بەندە لەسەر پەیوەندی نێوان فۆرم و ڕەنگ ، نە بەندیشە لەسەر بنەمایەکی ئیستاتیکای ناو کۆمپۆزیشن، بەڵکو بەندە لەسەر کێش ، خێرایی، وە ئاڕاستەی جوڵە."** ووتی فۆرم دەبێت لەسەر ئاستی داینەمیکیەتی جوڵە dynamics of movement ئیش بکات تاوەکو جوڵەی ژیانی مۆدێرن بگوازێتەوە.[٤٢]

لە تێڕوانینی مالیڤیچ دا سوپریمەتیزم بینایەکی ڕۆحی بوو بۆ سەردەمی شۆڕشگێڕی و دوا قۆناغی باڵا بوو لە پەرەسەندنی دووردرێژی ستایلەکان دا. مالیڤیچ **"هونەر وەکو سیستەمێکی دەستکردی مرۆڤ"** حیساب ئەکات و **"هونەر وەکو زنجیرەیەک لە سیستەمی تایبەتی کەلتوری"** لێکئەداتەوە کە بەشێوەی ئەڵقە بەدوای یەکدا هاتوون بەمشێوەیە: ئیمپرێشنیزم، سیزانیزم، کیوبیزم، ڤیوچەریزم، ئینجا سوپریمەتیزمیش وەکو سیستەمێکی نوێ بریتی یە لە قۆناغی کۆتایی لەم پرۆسەی پەرەسەندنەدا.[٤٣]

جوانترین نمونەی سوپریمەتیزم لە نیگارکێشان دا بریتی یە لە تابلۆی "چوارگۆشەی ڕەش Black Square" کە مالیڤیچ کێشاویەتی لە ساڵی١٩١٥ و بووە ڕەمزی شۆڕشە هونەریەکەی، تابلۆکە لە چوارگۆشەیەکی ڕەش پێکدێت لەسەر باکگراوندێکی سپی کێشراوە. بەلای مالیڤیچەوە ئەم تابلۆیە نیشانەی **"یەکەم هەنگاوی خولقاندنێکی ڕەسەنە لە هونەردا"** و تەمسیلی فۆرمێک دەکات کە بۆشاییەکی جیهانی داگیرکردووە.[٤٤] دەربارەی کارەکەی دەڵێت **"سوپریمەتیزم بریتی یە لە نیزامێکی نوێی نا مەوزوعی لە پەیوەندیەکانی نێوان ئێلەمێنتەکان دا، کە لەڕێگایەوە هەستەکان دەرئەبڕدرێن. چوارگۆشەی سوپریمەتیستی یەکەمین ئێلەمێنتە کە لێیەوە مەنهەجی سوپریمەتیزم سەرهەڵئەدات. ئەو چوارگۆشەیەی کە بە ڕەنگی سپی لە قالبدراوە، یەکەمین شێوەی هەستی نابابەتی بوونە non-objective sensation. کێڵگە سپیەکە لەڕاستیدا کێڵگەیەک نیە کە دەوری چوارگۆشە ڕەشەکەی دابێت، بەڵکو تەنها نیشاندانی هەستکردنە بە بیابانێک ، هەستی نەبوونی وجود، کە تیایدا شێوەی چوارگۆشەکە دەرەکەوێت وەکو یەکەمین ئێلەمێنتی نا بابەتی هەستکردن. ئەمەش دوا مەبەستی هونەرەکە نیە وەک خەڵک ئێستاش هەروا لێکیئەدەنەوە، بەڵکو دەستپێکی جەوهەرێکی ڕاستەقینەیە."** کەواتە سوپریمەتیزم ئەو سەرەتاو کۆتاییەیە کە لەوێوە هەستەکان خۆیان دەرەخەن، کە لەوێوە هونەر سەرهەڵئەدات وەکو هونەرێکی بێ سیماو بێ ڕوو. **"چوارگۆشەی سوپریمەتیستی وەکو ئێلەمێنتێک یەکسانە بەو خەتانەی کە مرۆڤی بەر لە مێژوو بەکاریدەهێنا بۆ گوزارشتکردن لە هەستەکانی لەڕێگای دوبارەکردنەوەی خەتەکان، واتە تەنها لەڕێگای ئیقاعێکەوە کە بەهۆی ئەو خەتانەوە دروستی ئەکرد نەوەک لەڕێگای زەخرەفەیەک کە بەهۆی ئەو خەتانەوە دروستی بکات. چوارگۆشەش بە ئەنجامدانی گۆڕانکاری تێیدا شێوەی نوێی ئێلەمێنت و پەیوەندی نوێ لەنێوان ئێلەمێنتەکان دا دروست ئەکات بەپشت بەستن بە هەستی جۆراوجۆر."**[٤٥]

مالیڤیچ پەرەسەندنی سوپریمەتیزمی بەسەر سێ قۆناغدا دابەشکرد: "ڕەش"، "ڕەنگاوڕەنگ"، "سپی". قۆناغی ڕەش سەرەتای دروستبوونی بزووتنەوەکە و سفر پلەی وێنەکێشان بوو 'zero degree of painting'.



**١٤.١ کازیمیر مالیڤیچ، چوارگۆشەی ڕەش، ١٩١٥.**
دەرکەوتنی ڕێبازێکی وێنەکێشانی ئەبستراکت کە لە مێژوودا بێوێنە بوو.

قۆناغی ڕەنگاوڕەنگی کە هەندێک جار پێی دەوترێت سوپرێماتیزمی داینەمیکی تیشکی خستە سەر بەکارهێنانی ڕەنگ و شەیپ بۆ دروستکردنی هەستکردن بە جوڵە لە بۆشایی دا the sensation of movement in space، ئەم جۆرەیان لەلایەن ئێل لیسیتزکی و ئیلیا چاسنیک و ئەلێکساندەر ڕۆدچێنکۆوە بە قوڵی پەیڕەوی لێکرا. کامڵ بوونی سوپرێماتیزم لە قۆناغی سپی دا بەدی ئەکرێت، کاتێک لە دەیەمین پێشانگای دەوڵەت ساڵی ١٩١٩ مالێڤیچ تابلۆیەکی شاکاری خۆی بە ناونیشانی "سپی لەسەر سپی" خستەڕوو، لەم تابلۆیەدا فۆرم بە تەواوەتی نەهێڵراوەو تەنها بیرۆکەی تابلۆکە خراوەتەڕوو.[٤٦]

لە ساڵی ١٩١٥– ١٩١٦ مالێڤیچ و تاتلین هەردووکیان بەیەکەوە کارەکانیان نمایش کرد لە پێشانگای "٠,١ دواهەمین پێشانگای نیگارکێشانی فیوچەریستی" دا لە شاری پیترۆگراد (سان پیتەرزبێرگ) کە تێیدا مالێڤیچ کۆمەڵێک لە تابلۆی سوپرێماتیستی خستەڕوو، وە تاتلینیش پەردەی هەڵدایەوە لەسەر یەکێک لە کاونتەر-ڕیلیفەکان. ئەوەی دووەمیان Counter-reliefs، لە هەوادا هەڵواسرابوون بە پانتایی گۆشەی ژووردا لەجیاتی ئەوەی لەسەر ڕووی پانی دیوارێکەوە قایم بکرێن. فۆرمی ئەبستراکتی نەقشەکان بە گژ ئەو باوەڕە تەقلیدیەدا چۆتەوە کە پێی وایە دەبێت نەقش تەنها شێوەی فیگەرێک یان ڕووداوێک نیشان بدات، لەجیاتی ئەوە ڕیلیفەکە ڕێگای بە بینەر داوە تا تیشک بخاتە سەر جۆری ئەو مەوادانەی بەکارهێنراون، وە فۆرمەکان چۆن ڕێکخراون لەگەڵ یەکدا. تاتلین ڕەتیکردۆتەوە خۆی بە ڕوتەختی کانڤەسی دوو دووریەوە بەستێتەوە لەجیاتی ئەوە خۆی سەرقاڵ کردوە بە دانانی "مەوادی ڕاستەقینە" لە "فەزای ڕاستەقینە" دا.[٤٧] هەرچەندە پێشتر پابلۆ پیکاسۆ و کیوبیستەکان کاریان لەسەر کەنسترەکشن و کۆلاج/کەلاژ کردبوو، وەلێ کارەکەی تاتلین لەوەدا جێگای بایەخ بوو کە بە تایبەتی جەختی لەسەر تایبەتمەندیەکانی مەوادە بەکارهێنراوەکان کردبووەوە لە دروستکردنی تەنێکی هونەری دا، لەگەڵ ئەو ڕاستی یەی کە کارێکی هونەری تەواو تەنها وەکو تەنێکی فیزیایی ئاسایی وایە نەوەک شتێکی میتافیزکی، وا دەرکەوێت کە مەبەستێکی قوڵی لەپشتەوە بێت و باس لە حەقیقەتێکی دیکە بکات لەو دیوی وجودی خۆی یەوە.



١٥.١ کازیمیر مالێڤیچ، پێشانگای ٠,١، ١٩١٥.

تابلۆکانی مالێڤیچ چەند خەسڵەتێکی هاوبەشیان هەیە وەکو ڕیزێک خەت و شێوەی ئەندازەیی کە لەسەر باکگراوندێکی سپی (یان ڕەنگێکی زۆر کاڵ) دروستکراون، هەبوونی فرەچەشنی لە شێوەو قەبارەو ڕەنگ و گۆشەی دانانی شەیپەکان، کە ئەمەش زیندوێتی بەخشیوەتە کۆمپۆزیشنی تابلۆکە و وەها فیگەرەکان دەرەخات وەک بڵێی لە بۆشایی دا ئەجوڵێن.



١٦.١ ڤلادیمیر تاتلین، پێشانگای ٠,١، ١٩١٥.

بەمشێوەیە تا سەروبەندی هەڵگیرسانی شۆڕش لە ١٩١٧، مەشهەدی کەلتوری و ڕوناکبیری نوێخوازی ڕوسیا لەناوخۆیدا بۆ دوو جۆری دژیەک لە ئاڤانت گاردیزم گەشەیکردبوو. جۆری یەکەمیان "سوپریمەتیزم" بوو، جۆری دوومیشیان "ڕێکخراوی کەلتوری پڕۆلیتاریەت" بوو کە ناسرابوو بە "پڕۆلیتکولت Proletkult".[٤٨]

جۆری یەکەم "سوپریمەتیزم" ڕوئیایەکی نا ماددی بوو، بە فۆرمێکی هونەری ئەبستراکتی دوور لە دونیای ڕاستی تەمسیل کرابوو non-utlitarian & non-objective art form. سوپریمەتیزم باسی لە جیهانێکی گۆڕاو ئەکرد، هەوڵی دەدا ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی ئێستا و جیهانی ئەمرۆ تەحویل بکات بۆ ئایندەو ئەو جیهانە داهاتووەی کە لەلایەن شیعرەکانی مالیڤیچ و کروچۆنیخ بانگەشەی بۆ کرابوو. زاراوەی نابابەتی non-objective لە مێژووی هونەری ئاڤانت گاردی ڕووسیادا بەر لە شۆڕش بەرەبەرە گەشەیکردو لە سوپریمەتیزمی مالیڤیچ دا گەیشتە کامڵترین دۆخی خۆی. زاراوەکە باس لە شێوەیەکی پوختکردنەوە دەکات abstraction کە بۆشایی سەر لەوحە painterly space دائەماڵێت لە هەموو ئاماژەو مانایەک کە بەهۆی قەیدو شەرتە زەمینیەکانەوە سەپێنراون بەسەریدا وەکو ماددی بوون و هێزی کێشکردنی زەوی.[٤٩]

جۆری دووەمیان "پڕۆلیتکولت"، ساڵی ١٩٠٦ دامەزرابوو لەلایەن ئەلیکساندەر مالینۆڤسکی، دەیویست یەکێتیەکی کەلتوری و کۆمەڵایەتی socio-cultural پێکبهێنێت ڕاستەوخۆ لە ناو زەروراتی ماددی و کەلتوری سۆشیالیزمەوە. ئەلیکساندەر مالینۆڤسکی کە ناوی لەخۆی نابوو بۆگدانۆڤ، لە ساڵی ١٩٠٣ وازی لە سۆشیال دیموکراتەکان هێناو پەیوەندی کرد بە بەلشەڤیەکانەوە. لە ڕێکخراوە نوێیەکەیدا دەستیکرد بە گۆڕان و دوورکەوتنەوە لە چەمکی فۆکەوە کە دڵی بزووتنەوەی سلاڤۆفایل بوو بەرەو چەمکی پڕۆلیتاریەت کە دڵی بەلشەڤیەت بوو، هەروەها لە پیشەی دەستی یەوە بەرەو زانست و تەکنەلۆجیا. بەلای بۆگدانۆڤەوە بەرەوپێشچوونی پڕۆلیتاریەت بۆ سۆشیالیزم دەبوو بەیەکەوەو لە یەک کاتدا ڕووبدات لە سەر ئاستی سیاسی و ئابووری و کەلتوری دا.[٥٠]

زاراوەی پڕۆلیتکولت کورتکراوەی هەردوو زاراوەی ڕوسی proletarskaya kultura بوو کە بە مانای کەلتوری پڕۆلیتاری ( کەلتوری چینی کرێکاران) دێت. ڕێکخراوەکە وەکو چەترێک وابوو بۆ چەندین ڕێکخراوی لاوەکی تری چینی کرێکاران. لایەنگرانی ڕێکخراوەکە ئومێدەواری هێنانەکایەی فۆرمی نوێ بوون بۆ هونەر، زانست، پەروەردە، ئەدەب، وە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان کە گوزارشت بکەن لە ڕۆحی چینی کرێکاران.[٥١]

ئەگەر بەلشەفیزم پرۆسەی بەپیشەسازی کردنی ڕوسیای وەکو دەرچەیەک سەیرکردبێت بۆ ڕزگاربوون لە دواکەوتوویی ئەوا پڕۆلیتکولت لە بەرامبەردا بە چاوێکی گرینگ سەیری پرۆسەی گۆڕانکاری ڕۆحی ئەکرد بۆ پێکانی ئەم ئامانجە، لەمبارەیەوە ئیلیا سادۆفیڤ (١٨٨٩ -١٩٦٥) نووسەری سۆڤیەتی دەڵێت **"پڕۆلیتکولت بریتی یە لە شۆڕشێکی ڕۆحی...بەلای جیهانی کۆن و تاریکستانی سەرمایەداریەوە، ئەم جۆرەی شۆڕش لە هەموو بۆمبێک ترسناکتر و تۆقێنەرترە. ئەوان بە باشی ئەزانن کە شۆڕشی ماددی بە دەستوبازو تەنها چارەگێکە لە سەرکەوتنی سۆڤیەتی بەلشەفی، بەڵام ئەوە شۆڕشی ڕۆحی یە کە سەرکەوتنی یەکجارەکی دەستەبەر ئەکات."** [٥٢]

**قۆناغی دوای شۆڕش:**

**جەدەلی ئایدیەڵیزم و ڕیالیزم**

سەرهەڵدانی ڕاشنەڵیزم و کۆنسترەکتیڤیزمی هونەری

هونەری شۆڕشگێری (هونەری چەپ) ، ئەو ڕەوتە ئاڤانت گاردەی هونەر بوو کە تازە سەریهەڵدابوو، شان بە شانی خەباتی چەکداری کاری ئەکرد لەسەر بەخشینی مەزنی و شکۆمەندی بە چینی پرۆلیتاریا. هونەرمەندانی چەپڕەو کە لە ژێر حوکمی قەیسەریەت دا توشی چەوساندنەوەو خەفە کردن هاتبوونەوە، کەوتنە هەوڵدان بۆ دروستکردنی هونەرێکی نوێ بۆ کۆمەڵگەی نوێ. ڕاستەوخۆ دوابەدوای شۆڕش و وەک بەشێک لە "پلانی گەورەی پڕوپاگەندە" کە دەسەڵاتداران دەستیان پێکرد بە مەبەستی داپۆشینی هەموو سەر ڕوویەکی بەردەست بە دروشمی ئاگرین و ڕەمزی خرۆشێنەر، ئەرکی سەرەکی پڕۆلێتکولت لەو کاتەدا بریتی بوو لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیاری و ئەجێندایەی کە حکومەت ئاراستەی دەکرد لەڕێگای شانۆ، فیلم، نوسین، هونەری سەرشەقام، هەروەها ئەنجامدانی کاری گرافیکی لەسەر پۆستەر و کەشتی و شەمەندەفەرەکانی پڕوپاگەندە agit-prop trains . گرافیک دیزاین ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی شۆڕش لەڕێگای دروستکردنی پاکیجی بەرهەمە پیشەسازیەکان تا دیزاینی لۆگۆ و پۆستەر و بەرگی کتێب و لەوحەی ڕێکلام کردن.

واقیعی شۆڕشگێڕانەی سۆڤیەتی تازە دروستبوو وایکرد هەردوو جۆرەکەی هونەر (دوارۆژبینیەکەی مالیڤیچ apocalyptic لەگەڵ یەکخستنەکەی مالینۆڤسکی synthetic) بهێنێتە ناو بەربەرەکانێیەکی توندەوە، لە ئاکامدا ژمارەیەکی زۆر فۆڕمی دووڕەگ hybrid لە کەلتوری سۆشیالیستی دروست بوون، وەک چۆن لیسیتزکی هەستا بە سازاندنی هونەرە

ئەبستراکت و دوارۆژبینیەکەی مالیڤیچ لەگەڵ ئامانجە وەزیفەییەکان دا و پێکهێنانی ڕێچکەیەکی نوێ کە تێکەڵەیەک بوو لە هەردووکیان Suprematist-Elementarism.[٥٣]




**١٧.١ شەمەندەفەری پڕوپاگەندە، یەکێتی سۆڤیەت، ١٩١٩.** ڕازاندنەوەی شەمەندەفەر بە دیمەنی سوارچاکی و پاڵەوانێتی، ئینجا بەکارهێنانی وەکو وەسیلەیەک بۆ بانگەشەکردن بۆ شۆڕشی شیوعیەت.




**١٨.١ ئێل لیسیتزکی، بەزاندنی سوپای سپی بە پوازێکی سوور، ١٩١٩.** زاڵبوونی شێوازی سوپریمەتیزم بەسەر کارەکانی هونەرمەند دا.

## هونەری مۆدێرن: جەدەلی ئایدیەڵیزم و ڕیالیزم

### هونەرمەند وەک کرێکارێکی بەرهەمهێن

هەڵبەز و دابەزە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر زۆربەی هەرە زۆری بوارەکانی ژیانی دوبارە پێناسە کردەوە. ڕۆڵی هونەرمەندان و تەلارسازانیش کەوتە ژێر چەندین پرسیاری جددیەوە. هونەرمەند و تەلارساز ئەرکی چی یە؟ چ جۆرە هونەر و تەلارسازیەک بایەخدارە؟ هونەرمەندان و تەلارسازانی ئەمرۆ چۆن هەبوونی خۆیان تەبرير ئەکەن؟.

کۆمەلانی خەڵک بە حوکمی ئەوەی لە ژیانێکی کولەمەرگی دا ئەژیان بەهۆی برسیەتی و جەنگەوە، تێکڕای هونەرمەندان و بیرمەندانیان تۆمەتبار ئەکرد و بەو "**مشـەخۆر**"انە ناویان ئەبردن کە تەنها ئەخۆن بەبێ ئەوەی هیچ کارێک بکەن، لەبەرەوە هیچ مافێکی ژیانیان نیە چونکە هیچ بەهایەکی ماددیان نیە تەنها ئایدیاو قسە نەبێت. جەماوەر ئەوانی قبوڵ نەبوو نە وەکو ڕزگارکەری کەلتوری نە وەک هیچ شتێکی تر، لە تێڕوانینی ئەواندا هونەرمەند و ڕوناکبیر یەکسان بوون بە بۆرژواز، بۆیە لە ڕیزی خۆشگوزەرانەکان و دوژمنانی چینی کرێکاران دا ئەوانیان پۆلێن ئەکرد، بەبێ گوێدانە ئەوەی کە ئاخۆ بەڕاستی ئەم ڕوناکبیرانە لە بەرەی گەلن یان بەرەی دەسەڵات. دەوروبەری مانگی شەشی ١٩١٧، سۆلۆگوبی ڕابەری ڕوناکبیرانی بلۆکی ڕاستڕەوەکان لەناو ڕێکخراوی "یەکێتی هونەرمەندانی کارکەر" دا ڕووبەڕووی ئەم هێرشە زارەکیانە بوویەوە بە حوجەتی ئەوەی ڕوناکبیرانی ڕووسیا نە سەر بە بۆرژوازەکان بوون نە پرۆلیتاریا بەڵکو سەربەخۆیانە چینی سێیەمیان پێکهێنابوو، هونەرمەند و ڕوناکبیران وەکو پرۆلیتاریا هیچ کەرەستەیەکی ماددیان بەرهەم نەهێنابوو، بەلام لەهەمانکاتیشدا هیچ شتومەکێکی بازرگانیان بەرهەم نەهێنابوو وەکو بۆرژوازێک جگە لە فۆرم و ئایدیا نەبێت. لە چەند مانگێکی دوای ١٩١٧ ئەوکاتەی بارودۆخ خراپتر بوو بەهۆی سەرماوسۆڵە و کەمی خۆراکەوە، هەڵوێستی دژە-ڕوناکبیری بەشێوەیەکی ترسناک پەرەیسەند، لە گوفتارەوە بوو بە کردار و ئەنجامدانی هێرشی جەستەیی. لە زستانی ١٩١٧ دا هەندێ بڵاوکراوەی ئازاد کە هێشتا نەوەستێنرابوون، هەواڵیان دا لە بەڕێوەچوونی 'هەڵمەتێکی سەلبیانە'ی بەردەوام بۆ سەر ڕوناکبیران، کە تەنانەت زۆرینەشیان لە بەرەی خەڵکبوون لە خەباتیان دژی قەیسەریەت.

نووسەرانی "هونەری کۆمۆنە Art of the Commune" وەڵامێکی پراگماتیان پێشکەشکرد بۆ پرسیارەکان: هونەرمەند لە دەوڵەتی نوێدا تەنها ئەوکاتە ئەتوانێ بوونی هەبێت کە ببێتە پسپۆر لە بەرهەمهێنانی شتێکی دیاریکراودا، بەمشێوەیە ئەو تۆمەتە لەسەر خۆیان لائەدەن کە بوونەتە مشەخۆر و دروستکەری ئەشیای ناماددی.[٥٤]

شەرعیەتی مانەوەی هونەرمەندان پرسێک بوو بە کراوەیی و بە خەستی گفتوگۆی لەسەر ئەکرا. ئارگیومێنتەکان لەمبارەیەوە جۆراوجۆر بوون هەر لە نکوڵی کردنەوە تا دانپێدانان، لە ڕوانگەیەکی مامناوەندو مەعقولەوە تا ڕوانگەیەکی ناحەز و ڕقاوی. بۆریس ئارڤاتۆڤ پێشنیاری ئەوەیکرد لە ڕێگای کۆنستروکتیڤیزمەوە بانگەشە بکرێت بۆ پرۆسەی بە پیشەسازی کردنی سۆڤیەت کە هێشتا هەر خەیاڵ بوو، تاوەکو بناغەیەک دابڕێژرێت بۆ دیزاینێکی بونیاتگەرانەی ژینگەی مرۆیی. هەردوو برا جیۆرجی و ڤلادیمیر ستێنبێرگ لە خیتابەکانیان دا هەڵچوونە هونەرمەندانیان بە گشتی ڕووبەڕووی پەتی سێدارە کردەوە "**ئەوان بۆ هیچ شتێک دەستنادەن، پێویستە بە هەمان ئەو شێوازە مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت کە پۆلیسی نهێنی ئەیکات لەگەڵ یاخیبووانی دژی شۆڕش دا.**" متمانە بەخۆبوونە بێ بنەماکەی کۆنستانتین میدونێتسکی کە ئەیووت "**هونەر لەگەڵ ئێمەدا کۆتایی دێت**" لەڕاستیدا هەر خۆی دانان بوو بە مایەپوچ بوونی هونەر. بەلای ئارڤاتۆڤەوە "**کۆتایی کەلتور**" وادەی هاتووە چونکە تەکنیکە پیشەسازیەکان جێگای تەکنیکە کەلتوریەکانیان گرتوتەوە. لە وەها حاڵەتێکیشدا هەتا ئەوکاتەی هونەرمەندان "**هیچ سوودێکیان نەبێت بۆ پیشەسازی و لە تواناشیان دا نەبێت ببنە ئەندازیار**" ئەوا پێگەیان هەر بە مەترسیداری ئەمێنێتەوە.[٥٥]

هونەر لەو ڕوانگەیەوە سەرکۆنە ئەکرا کە بەرهەمێکی چینی بۆرژوازیەو نامۆیە بە ژیانی کۆمەلانی خەڵک.[٥٦] لەبەرەوە چەپەکان هەندێک دروشمیان بەرزکردەوە وەکو "**هونەر بۆ ناو ژیان art into life**" وە "**هونەر بۆ تێکڕای جەماوەر**". هەندێ لە ڕوناکبیرانی ڕاستڕەو لەدواییدا خۆشیان هاتنە سەر ئەو بڕوایەی کە چینی ڕوناکبیری پێش شۆڕش هەڵەیەکی کوشندەیان کردووە لەوەی تەنها گرینگیان دابوو بە کەرتی پەروەردەو لایەنی کۆمەڵایەتی کەچی بواری تەکنیکی و پیشەسازیان

فەرامۆش کردبوو، سەرەنجام لەمرۆدا گەیشتبوون بەو تراجیدیایەو لە هەموو بابەتێکی عەمەلی دا دەستەوەستان مابوون.[٥٧]

ناوەندێکی میدیایی کە دەورێکی گرینگی هەبوو لە پەرەپێدانی هونەری چەپدا دا بریتی بوو لەو پێشانگایانەی کە حکومەت سپۆنسەرایەتی ئەکردن State Exhibitions، هونەرمەندان سوودیان لەو دەرفەتە وەرگرت بە کردنەوەی چەندین پێشانگای بە کۆمەڵ یاخود سۆلۆ، تا ڕاستەوخۆ هونەرە نوێیەکەیان بە خەڵک بناسێنن. لە دەوروبەری ١٩١٨، بەشی شێوەکاری لە وەزارەتی ڕۆشنگەری IZO Narkompros دەستیدایە دروستکردنی تایپێکی نوێی مۆزەخانە بەناوی "مۆزەخانەی کەلتووری هونەری museums of artistic culture" بۆ کۆکردنەوەی کارە هونەریە ئاڤانت گاردەکان لە تابلۆوە بگرە تا پەیکەر، دەیان مۆزەخانە لە سەرتاسەری وڵاتدا دروستکردان.[٥٨] هەر مۆزەخانەیەک لەناو خۆیدا دابەشکرابوو بۆ چوار سێکشن: ١- تەکنیکی تاقیکاری experimental technique ، ٢- هونەری پیشەسازی industrial art، ٣- گرافیک و رسومات drawings and graphics، ٤- هونەری ئاوێتە synthetic art.[٥٩] لەو قۆناغەدابوو کە بۆ یەکەم جار مەفهومی کاری هونەری وەکو **"تەن object"** و **"شت thing"** دەرکەوت. هاتنەناوەوەی ئەم چەمکە بۆ ناو گفتوگۆکان دەربارەی شێوەو وەزیفەی هونەر لە چوارچێوەی نوێی کۆمەڵایەتی دا ، بووە هۆی دوبارە هەڵسەنگاندنەوەیەکی ڕیشەیی بۆ هەموو ئایدیا تەقلیدیەکان کە پێناسەی **"هونەر"**یان ئەکرد. لە دەرەنجامی ئەم ڕێگۆڕینەدا، کەنستراکتیڤیزم لەدایک بوو، وەلی بە تەواوی خۆی نەخەملاند.[٦٠]

لە کۆنفراسێکدا کە بەشی شێوەکاری لە وەزارەتی ڕۆشنگەری ڕێکیخستبوو، تاوتووی ئەوە کرا کە ئایا هونەر **"پەرستگایە یان کارگەیە"**. پونین هەستا بە دیاریکردنی جیاوازی لەنێوان چالاکیەکانی هونەرمەندی بۆرژواز کە تەنها ئۆرنەمێنت و دیکۆراتی دیزاین ئەکرد، لەگەڵ چالاکیەکانی کرێکاردا کە **"مەواد"**ی بەکارئەهێنا بۆ دروستکردنی **"شت"**. ئەو پێشبینی هاتنی چاخێکی نوێی هونەری کرد ئەگەر بێتو هونەرمەندان شوێن هەنگاوەکانی کرێکاران بکەون و دەستکەن بە بەرهەمهێنانی **"شت"**. لە ڕوانگەی پونین دا **"ئامانجی هونەری پڕۆلیتاری سەربەخۆ بریتی نیە لە دروستکردنی دیکۆرەیشن بەڵکو خولقاندنی تەنی نوێی هونەری یە. هونەر بۆ پڕۆلیتاریا پەرستگایەکی پیرۆز نیە تیایدا دابنیشێت بۆ تەئەمولێکی تەمەڵانە بەڵکو کارگەیەکە بۆ کارکردن بۆ بەرهەمهێنانی تەنی هونەری بۆ هەمووان."** وەسفکردنی کاری هونەری بە **"شت"** لە ڕاستیدا ناساندنی پارەدایمێکی نوێ بوو paradigm کە تا ئەمرۆش بانگەشەی سەلاحیەتی بوونی خۆی ئەکات. بەکارهێنانی دەستەواژەی **"شت"** بەلای ڕووسەکانەوە، بە شتێک ئەوترا کە بە دەستەکانی مرۆڤ دروستکرابێت،کەواتە **"شت"** دەلالەت لە **"تەنێکی فیزیایی سێ دووری ئەکات کە بە شێوەیەکی هونەری دروستکراوە"**.[٦١] ئەم پارەدایمەش تەواو پێچەوانە بوو لەگەڵ پارەدایمی باو دا کە هونەرمەندی وەکو **"تابلۆکێشێکی دوو دووری پەسەندکردبوو."**

ڤلادیمیر مایاکوڤکسی شاعیر لە دەقێکدا بە ئاشکرایی گوزارشت لە حەزی تێکەڵکردنی هونەر دەکات لەگەڵ کۆمەڵگەدا و ئاواتەخوازی دروستکردنی هونەرێکی سەرشەقامە کە لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە چالاک بێت **"ئێمە مەزارێکی مردووی هونەرمان ناوێت کە تێیدا ئیشە مردووەکان بپەرسترێن، بەڵکو کارگەیەکی زیندووی ڕۆحی مرۆڤمان ئەوێت – لە جادەکان دا، لە هێڵەکانی ترام،لەکارگەکان،لەوەرشەکان و ماڵی کرێکاراندا."**[٦٢] هێنانە دەرەوەی هونەر لە مۆزەخانەکان و بردنی بەرەو سەر جادە و ناو کارگەکان، خواستی بڵاوکراوەی "هونەری کۆمۆنە"ش بوو لە ١٩١٨دا **"کرێکاران هەڵدەستن بە دروستکردنی خانووی تازە، ڕێگاوبانی تازە، کەلوپەلی تازەی ژیانی ڕۆژانە... هونەری پڕۆلیتاریا مەزارێکی پیرۆز نیە کە تیایدا شتەکان بە شێوەیەکی تەمەڵانە گوێیان پێ بدرێت، بەڵکو بریتی یە لە کار، کارگەکەیەک کە ئەشیای هونەری نوێ بەرهەمدەهێنێت."**[٦٣]

هونەرمەندە چەپەکانی وەکو تاتلین و مالیڤیچ تاکو ساڵی ١٩١٩ ناوبانگیان بەدەستهێنابوو وەکو دوو نوێنەری دوو ڕێچکەی جیاوازی ئاڤانت گاردی ڕووسی. بەهۆی پەیداکردنی ئاشنایەتی لەگەڵ کارەکانی تاتلین و کەوتنە ژێر کاریگەری کاونتەر ڕیلیفەکانی، پونین لەلای خۆیەوە کەوتە سەرزەنشتکردنی مالیڤیچ و سوپریمەتیزمەکەشی بە بێ کەڵک وەسفکرد لەبەر گرینگیدان بە نابابەتی بوون لە هونەردا. لە هەمانکاتیشدا کەوتە

ستایشی تاتلین لەبەر پەرەدان بە کەلتوری بەکارهێنانی مەوادەکان و پێی وابوو داهاتووی هونەر لە شێوازەکەی ئەودایە. پونین وای ئەبینی سوپریمەتیزم بەهای داهێنەرانەی خۆی لەدەستداوە چونکە وەکو هونەرێک کە لەناو ڕەنگە زەقەکانەوە گەشەیکردووە، تەنها وەزیفەیەکی جوانکاری هەبوو، لەم خاڵەشدا بە تەواوی لەگەڵ نیەتی بۆرژوازی دا گونجاوە، وەلی هەرچی کارەکەی تاتلینە تاکە هێزی داهێنەرە کە دەتوانی ڕێبەرایەتی هونەر بکات و دەریبهێنێت لە چاڵەکانی نەریتی کۆن دا.

ئەم جۆرە تێگەیشتنە بۆ هونەر ، گۆڕانکاریەکی دیکەی ڕیشەیی بەسەر چەمکی هونەر دا هێنا وەک دەربڕی هەست و سۆز، ئایدیا، یاخود میزاج. ئۆسیپ بریک لە ١٩١٨ دا ، وەک لایەنگیریەک لە پونین، ئەویش کاری هونەری work of art وەکو **"شت"** پێناسەکرد، بەمەش فۆکەسەکەی بە تەنها لەسەر هونەری نا بابەتی سوپریمەتیزم لادا بۆ لەخۆگرتنی هەموو ئەو هەوڵە هونەریانەی تریش کە ئایدیا و هەستەکانیان وێنا ئەکرد لەجیاتی پێکهێنانی **"شت"**ی ماددی دا. دروشمەکەی بریک لەو کاتەدا **"تەمومژێکی میسالی نا بەڵکو شتی ماددی"** دەربڕی ئەو خواستە بەهێزانەیە کە لە ناو کرێکاران و یاخیبووان دا بڵاوبوون.[٦٤] دەوروبەری مانگی دیسیمبەری ١٩١٨، بریک لە گۆڤاری فیوچەریستەکانی ڕوسیا دا کە هەر خۆشی سەرنووسەری بوو، نووسی **"بڕۆن بۆ کارگەکان، ئەمەیە تەنها ئەرکی هونەرمەندان"**.[٦٥] لە کۆی ئەو گفتوگۆیانەدا چەمکی بەرهەمخوازی Productivism یاخود هونەر لە بەرهەمهێنان دا Art in Production هاتەکایەوە. بەرهەمخوازی ئەو بیرۆکەیەبوو کە پێی وابوو دەبێت هونەرمەند فۆرم و شێوازەکانی ژیانی ڕۆژانە کۆنترۆڵ بکات بە سڕینەوەی بەربەستەکانی نێوان هونەر و ژیان. تێکڕای بیردۆزدانەرە بەراییەکانی بەرهەمخوازی productivism وەکو پونین، بریک، بۆریس کوشنەر وەهایان ئەبینی کە بە **"شت"**کردنی کاری هونەری تاکە ڕێگای ڕزگاری یە بۆ هونەر و پاراستنی پێگەی هونەرمەند بە دووبارە دارشتنەوەی لە قالبێکی تەواو نوێدا کە لە یەک کاتدا هونەرمەند و ئەندازیار بێت. ئەو ستراتیجانەی خستنیانەڕوو بۆ دوبارە پێناسەکردنەوەی وەزیفەی هونەرمەند، هیچ گومانێک لەوەدانیە کە بەردی بناغەیان دانا بۆ کۆنسترەکتیڤیزم هەر لە ساڵی ١٩١٨ەوە، بەڵام کۆنسترەکتیڤیزم تا ١٩٢١ بەتەواوی کامڵ نەبوو.

هونەرمەندان هیچ هەڵبژاردەیەکیان لەبەردەستدا نەما، یا ئەوەتا هاوشێوەی کرێکاران ببنە کەسێکی **"بەرهەمهێنی ئەشیا producers of things "** و باوەش بۆ **"هونەری پرۆلیتاری"** بکەنەوە، یان هەر وەکو **"بەرهەمهێنی بیرۆکە producers of ideas"** پارێزگاری لە پیشەکەیان بکەن و لە بازنەی **"هونەری بۆرژوازی"**دا بمێننەوە بەڵام لە بەرامبەریشدا دوچاری پەراوێزخستن و تانەو تەشەر ببنەوە لەلایەن چەپەکانەوە. لەبەرامبەری داننان بە کارەکانیان لەلایەن جەماوەرەوە، هونەرمەندان ناچار دەبوو پیشەگەریتی زیاتر professionalism لە بوارەکەی خۆیاندا نیشان بدەن. لەجیاتی پشتبەستن بە بلیمەتی، یان پابەند بوونێکی ڕۆمانتیکی یان ئایدیەڵیستی بە خەڵکەوە، دەبوو زیاتر خۆ دەوڵەمەند بکەن بە زانیاری کرداری بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و ڕادەی لێهاتوویی و شارەزایی وەک چۆن کرێکار پێویستی بە هەبوونی زانیاری تەکنیکی و زانستی هەیە لە کارەکەیدا. کەواتە دەبوو لە مەواد و ئامراز و میتۆدەکانیان دا پشتیان بە پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی ببەستایە، بۆ ئەمەش دیسپلین و ئینزیباتێکی زیاتریان پێویست بوو لە کاری پیشەگەریتی ڕاستەقینە دا.

لەنێوان ١٩١٧– ١٩١٨ سیاسەتی "فیوچەریزم"، کە وەکو دەستەواژەیەکی گشتی بەکاردەهێنرا بۆ هەموو جۆرە نوێخوازەکانی هونەر، تا ڕادەیەکی زۆر دژە دامەزراوەیی بوو لە فۆرمە تەقلیدیەکەی دا. لە زستانی ١٩١٨ - ١٩١٩ یەکەمین هەوڵو تەقەلا دران بۆ جێگیرکردنی ئاڤانت گاردیزم بەشێوەیەکی دامەزراوەیی و ئایدیۆلۆجی.[٦٦] لە یەکەم هەنگاودا ساڵی ١٩١٩ مالیڤیچ قوتابخانەیەکی سوپریمەتیستی دامەزراند بەناوی "قوتابخانەی هونەری نوێ The School of the New Art UNOVIS" کە دواتر کاریگەریەکی زۆری هەبوو بەسەر ئەندازیاری تەلارساز ئێل لیسیتزکی یەوە، وایلێکرد دەست لە گرافیکە ئێکسپرێشنیستیەکانی هەڵگرێت و ببێتە دیزاینەرێکی سوپریماتیست.[٦٧]

تێکڕای ئەو دەقانەی کە لەنێوان ١٩١٨– ١٩٢١ دا نووسراون لەلایەن بریک، کوشنەر، ئەلێکسی گەن، ڕۆدچینکۆ، ستیپانۆڤا، ئارڤاتوڤ، برایانی ستێنبێرگ، میدونێتسکی هەموویان بە توندی جەختیان ئەکردەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بەهرەو توانستی هونەری لەپێناوی ڕێچکەیەکی

پرۆفیشنەڵ دا بۆ مەتیریەلە هونەریەکانی ڕەنگ و فۆرم، کە پشت ببەستێت بە میتۆدێکی تەکنیکی لە دروستکردن و بەرهەمهێنان دا. لەلایەکی تردەوە، تاتلین و مالیڤیچ و ئێل لیسیتزکی و ئەندامانی دیکەی Unovis بە عەقلانی کردنی پرۆسەی داهێنانیان ڕەتکردەوەو بەرگریان لە گرینگی ڕۆڵی ژیری intuition کردەوە لە هەڵبژاردن و موعالەجەکردنی مەوادەکان دا. جیاوازی لە بۆچوونەکان دەربارەی ڕۆڵی ژیری ، بووە هۆی دروستبوونی جیاوازی لە دیدی هونەرمەندانەوە دەربارەی تەکنەلۆجیا. نە تاتلین و نە ئەندامانی یونۆڤیس هیچ یەکێکیان دژی بەکارهێنانێکی هونەریانەی ئامراز و مەوادە تەکنەلۆجیەکان نەبوون، تەنها لەدژی میکانیزەکردنی میتۆدی داهێنەری و کورتکردنەوەی پرۆسەی دەهێنەری بوون بۆ چەند کردارێکی عەقلانی.

## جێگیربوونی ئاڤانت گاردیزم و خۆڕسکاندنی ئاڕاستە جوداکان

کەڵەکەبوونی بیردۆزە ئاڤانت گاردەکان وایکرد لە سەرەتای بیستەکان دا بە سەرپەرشتی وەزارەتی ڕۆشنگەری، دەزگاو دامەزراوە هونەری و تەلارسازیەکانی وڵات بە ڕیفۆرمێکی سەرتاسەری دا تێپەڕبن. ئسلوبی کۆن و ڕەوتە کۆنەکانی ناو قوتابخانەکانی پێش شۆرش دوچاری زەبرێکی کوشندە هاتنەوە لەبەر نەگونجانیان لەگەڵ ئایدۆلۆجیای چەپەکان دا کە زاڵ دەست بوون بەسەر پرۆسەکەدا. لە بەرامبەردا چەند دامەزراوەیەکی ڕادیکەڵی نوێ دەرکەوتن بۆ فێرکردن و ڕاهێنانی قوتابیان لە بوارەکانی هونەر و تەلارسازی و دیزان دا. ساڵی ١٩٢٠ لە مۆسکۆ "وەرشە هونەری و تەکنیکیە باڵاکانی دەوڵەت" دامەزرا، Higher State Artistic and Technical (Vkhutemas) Workshops کە قوتابخانەیەکی هونەرو تەلارسازی بوو زۆرێک لە تیۆریستە بەناوبانگەکانی هونەری نوێ کە پێشتر ناومان هێناون بەلای خۆیدا ڕاکێشا و لەوێدا دەستیان کردە ووتنەوەی وانە.[٦٨] قوتابخانەکە هەوڵی گەشەپێدانی سینتاکس و پێکهاتەیەکی تەواو نوێی دا بۆ فۆرمی پلاستیکی بە پشتبەستن بە یاساکانی هەستپێکردنی مرۆڤ human perception بۆ فۆرم و ڕەنگەکان. شایانی باسە لە ١٩٢٥ ناوەکەی گۆڕدرا بۆ پەیمانگای هونەری و تەکنیکی باڵای دەوڵەت VKhUTEIN. هەر لە ساڵی ١٩٢٠ دا و لە مۆسکۆ دەزگایەکی تر لەژێر ناوی "پەیمانگای کەلتوری هونەری" دامەزرا بە سەرپەرشتی ڤاسیلی کاندینسکی، the Institute for Artistic Culture Inkhuk ، ئەم پەیمانگایە (ئینخوک) جگە لە گەشەپێدانی لێکۆڵینەوەی هونەری، هەڵدەستا بە ئامادەکردنی پێشانگا بە مەبەستی سەردانیکردنی دەرەوەی وڵات و پەیوەندیەکی بەردەوامیشی هەبوو لەگەڵ دامەزراوەی تری دەستەخوشکی خۆی وەکو باوهاوس.[٦٩] یەکێکی تر لە ئەرکەکانی ئەم پەیمانگایە ڕێکخستنی شێوەی کارکردنی قوتابخانەی ڤخوتێین بوو VKhUTEIN، بەدیاریکردنی ئاڕاستەی نەزەری و هەوڵدان بۆ بە زانستی کردنی هونەر و تەلارسازی. کاندینسکی یەکێک بوو لە ڕێبەرانی هونەری ئەبستراکتی مۆدێرن، بایەخی بە کاریگەری دەروونناسی ڕەنگەکان ئەدا. بە کەڵک وەرگرتن لە پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان ڕەنگ و فۆرم، هەوڵی دا ئەزموونێکی جەمالی دروستبکات، کە کاربکاتە سەر بینین و بیستن و هەستوسۆزی خەڵک. نیگارکێشان بۆ ئەو فرمانێکی ڕۆحی بوو، وای ئەبینی کە "ڕەنگ ئامرازێکە بۆ دانانی کاریگەریەکی ڕاستەوخۆ لەسەر ڕۆح". ئەیەویست لە کارەکانیدا ڕوحانیەت و هەستە قوڵ و جیهانیەکانی مرۆڤ بگوازێتەوە لەڕێگای پەنابردنە بەر زمانێکی بەسەری جیهانی تەجریدکراو، کە هەموو سنورێکی فیزیایی و کەلتوری ببەزێنێت. ئەو ئاواتەخواز بوو بە هونەرەکەی چاخێکی مەعنەوی نوێ بۆ مرۆڤ دەستپێبکات و، هونەرەکەی تەنها بۆ لاوانەوەی ڕۆحی مرۆڤ بخاتە کار. سۆراخی ئەو بەدوای ڕۆحدا لەناو هونەر، ناتەبا بوو لەگەڵ ئیستاتیکای سوودبەخشی utilitarian aesthetic کە حکومەتی سۆڤیەتی و کۆمەڵەیەک لە هونەرمەندان گرتبوویانە خۆ. لەبەرەوە هەستی بە نامۆیی و دووره پەرێزیکرد لە ئاڤانت گاردیزم، سەرەڕای بەشداریکردنی لە دامەزراندنی قوتابخانە نوێیەکاندا.[٧٠] پرۆگرامی ئینخوک لەلایەن خودی کاندینسکی یەوە نووسرابوو، **"بەشی یەکەمی پرۆگرامەکە پێکدێت لە شیکردنەوەی خەسڵەتە تایبەتیەکانی هەر ناوەندێکی هونەری. خاڵی دەستپێک بریتی دەبێت لە کاردانەوەی دەروونی هونەرمەند psychological response بۆ خەسڵەتەکان، بۆ نموونە ڕەنگی سوور ناسراوە**

**بەوەی چالاکی و جموجۆڵ ئەورووژێنێت."** دەستەواژەی **"کاردانەوەی دەروونی"** لەراستیدا بریتی بوو لە نیەتی سەرەکی پرۆگرامەکە.[71] هونەر لە سێ گۆشەنیگای سەرەکیەوە ئەخرایە ژێر تیرۆژی تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن: ١- بیردۆزی دیوە تایبەتیەکانی هونەر، ٢- بیردۆزی پەیوەندی نێوان دیوە تایبەتیەکانی هونەر، ٣- بیردۆزی هونەر بە تەواوی یان بڵێن بە سەرتاپایی. هەڵبەتە ڕێچکە دەروونناسیەکەی کاندینسکی بۆ هونەر نارەزایی لێکەوتەوە لەلایەن هاوپیشەکانی کە زیاتر حەزیان لەوەبوو هونەر وەکو تەنێکی ماددی ڕەچاو بکەن دوور لە کاریگەری ژیری و لێکدانەوەی تاکلایەنە.[72]

قوتابخانەو پەیمانگا نوێیەکان زۆری نەبرد بوونە ناوەندێکی گەورەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی فکری. "کۆمەڵەی کاری شیکاری بابەتی Working Group of Objective Analysis" لە ١٩٢٠- ١٩٢١ دامەزرا بۆ بەرپەرچدانەوەی مەنهەجی نابابەتی کاندینسکی و ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی چەندین دیبەیت لەنێوان لایەنگرانی هونەری ئیزل easel art (نیگارکێشانی تەقلیدی کە لەوحەکان لەسەر سێپایە دائەنرێن) لەگەڵ لایەنگرانی هونەری پیشەسازی industrial art. لێرەوە قسەکردن لەسەر پەیوەندی هونەریانەی نێوان **"کۆمپۆزیشن"** و **"کۆنسترەکشن"** وەکو مەسەلەیەکی گرینگ لە ساڵی ١٩٢١ دا دەستی پێکرد. پوختەی گوتەکان دەکرێت لە چەند دێڕێکدا کورتبکەینەوە: کۆمپۆزیشن پەیوەندی بە هونەری ئیزڵەوە هەبوو، وەلی کۆنسترەکشن بە هونەری پیشەسازیەوە پەیوەست بوو، لەبەرەوە کۆمپۆزیشن زیاتر بە دوو ڕەهەندی 2d حیساب ئەکرا، بەڵام کۆنسترەکشن بە سێ ڕەهەندی 3d. کۆمپۆزیشن تایبەت بوو بە هونەرێکی پاراو، بەڵام کۆنسترەکشن تایبەت بوو بە ئەندازیاری. هەروەها لە بەراوردی نێوان **"کۆمپۆزیشن"** و **"کۆنسترەکشن"** دا ، یەکەمیان بە عەقڵێکی ئاگایی پێناسەئەکرا کە بەندە لەسەر کەلتور و پەروەردەو باکگراوندێکی گشتی هونەرمەندەکە دەربارەی هونەر، بەڵام دووەمیان وەکو حیساباتێکی مەنهەجی و میتۆدی. کۆمپۆزیشن خلتەیەکی ڕۆحی تێکەڵکراوە، بەڵام کۆنسترەکشن بە تەواوی ماددیەو خاڵی کراوەتەوە لە ڕۆحیانەت. کۆمپۆزیشن بریتی یە لە جوان ڕێکخستن و دانانی کۆمەڵە توخمێک، ڕەنگێک، یان فۆرمێک بەگوێرەی حەز و ئارەزوی تایبەتی کەسی ڕێکخەر و تەنها بۆ بەدەستهێنانی جوانیەکی خوازراو، وەلی کۆنسترەکشن دانانی ئێلەمێنتە بەگوێرەی مەسەلەیەکی بابەتی و بەگوێرەی پێویستی بوون. کۆنسترەکشن ڕێکخستنی مەوادەکانە بە پێچەوانەی دروستکردنی کەلاژ بەوشێوەیەی کە جوان دەرکەوێت. فۆرم جێی بایەخی کۆمپۆزیشنە، تەکنیک جێی بایەخی کۆنسترەکشنە. ڕۆدچینکۆ لەجیاوازی نێوانیان دا ئەڵێت **"کۆنسترەکشن بریتی یە لە ئەرکێک کە جێبەجێ کراوە بە خشتەیەکی کارکردنی وردەوە کە تێیدا مەوادەکان و هەموو پارچەکانیان بەکارهێنراون و ڕێکخراون بەگوێرەی وەزیفەی ڕاست و دروستی خۆیان بەبێ زیادکردنی هیچ شتێکی زیادە بۆ سەریان. گرتنەبەری ڕێچکەی دروست بۆ هەر فەزایەک بریتی یە لە کۆنسترەکشن.**

**کۆنسترەکشن بریتی یە لە: ئامانج – بەرنامەی کارکردن – ڕێکخستن – مەواد – ئابووری.**

**هەرچی کۆمپۆزیشنە وەکو گوزارشتێکی فەردانی و هەموو ئەو شتانەیە کە پەیوەستن بە فەردەوە."[73]**



١٩.١ ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ، کەنستراکشنی ڕاستەهێڵی linear Construction، ١٩١٩.



٢٠.١ لیوبۆڤ پۆپۆڤا، کەنستراکشنی هێز و بۆشایی Space-Force Construction، ١٩٢١.



٢١.١ لیوبۆڤ پۆپۆڤا، کەنستراکشنی هێز و بۆشایی Space-Force Construction، ١٩٢١.



٢٢.١ ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ، کەنستراکشنی ڕاستەهێلی linear Construction، ١٩٢٠.

پرۆدەکتیڤیزمی نێوان سالانی ١٩١٨– ١٩٢١ بریتی بوو لە قۆناغی زەمینەسازی بۆ کۆنستروکتیڤیزم. کۆی پرۆسەی گەران بەدوای کۆنسترەکشندا هێشتا لە چوارچێوەیەکی تاقیکاری دا ئەهات و ئەچوو. بەم هۆیشەوە زاراوەی **"تەجروبەی تاقیگە laboratory experiment"** دەکرێت بەسەر قۆناغەکدا ببرێت. لەم قۆناغەدا مەنهەج و بونیەی کۆنسترەکتیڤیزم خۆی دامەزراند. لەپاش ئەوە لە قۆناغی تاقیگەیی دەرچوو بەرەو پڕکردنەوەی خواستە پراکتیکیەکان و چارەکردنی پرسە وەزیفیەکان. لە دەرەنجامی رەخنەگرتن و نکۆلی کردن لە هونەری کۆمپۆزیشنی فەردانی دا، هونەری کۆنسترەکتیڤیزم هاتە کایەوە. لە ڕوانگەی رەخنەگرانەی ڕۆدچینکۆ دا، کۆمپۆزیشنەکانی سوپریمەتیزم تەنها لەوەدا بەتوانا بوون کە بۆشاییە بەتاڵەکان پڕ بکەنەوە بەشێوەیەکی ئەنانی. بۆ تێگەیشتن لەو گۆرانکاریە قوڵانەی کە عەقڵیەتی ئاڤانت گاردیزم پیایدا گوزەری کرد، کەسێک تەنها پێویستی بەوەیە گفتوگۆکانی ناو پەیمانگای ئینخوک بپشکنێت لەسەر محازەرەیەکی ڤارڤەرا ستیپانۆڤا بەناونیشانی "دەربارەی کۆنسترەکتیڤیزم On Constructivism". گوتارە عەقلانی و پەرگیرەکەی

## هونەری مۆدێرن: جەدەلی ئایدیەڵیزم و ڕیالیزم

ستیپانۆڤا سەبارەت بە تێگەیشتنێکی پراگماتیانەی هونەر، بەبێ تانە و نیعتیراز لە گفتوگۆکە دا دەربازی بوو، تیایدا هاتبوو **"هەر کە ڕزگاری بوو لە ئیستاتیکا و پۆخڵەواتی ئایینی و فەلسەفی، هونەر بنچینە ماددیەکانی خۆی بۆ ئێمە جێئەهێڵێت، کە لە ئیستا بەدواوە بەهۆی بەرهەمی فکری یەوە ڕێکئەخرێن. بنەمای ڕێکخستن بریتی یە لە کۆنستەرەکتیڤیزمی سوودبەخش، کە تیایدا تەکنەلۆجیا و بیرکردنەوەی تەجریبی شوێنی ئیستاتیکا دەگرنەوە."**

بەمشێوەیە لە سەرەتای بیستەکان دا، پەرەسەندنی ئایدیاکانی مۆدێرنیزم لە پەیمانگای ئینخوک دا بە ژمارەیەک قۆناغی پڕ لە مشتومڕدا تێپەڕی. بەرگریکارانی **"هونەری پەتی pure art"** کە لەلایەن ڤاسیلی کاندینسکیەوە ڕێبەرایەتی دەکران ڕوبەڕووبونەوە لەگەڵ بەرگریکارانی **"هونەری بەرهەمهێنان production art"** کە پێکهاتبوون لە کۆمەڵێک هونەرمەند و تەلارساز (بەرەی چەپی هونەر). ناوەڕۆکی یەکەمیان بریتی بوو لەوەی کە هونەر کیانێکی سەربەخۆیە، ناوەڕۆکی دووەمیشیان بریتی بوو لەوەی کەهونەر پەیوەستە بە ژیانەوە.[٧٤]

برایان ناوم گابۆ و ئەنتوان پێڤسنەر دوو داکۆکیکاری هونەری پەتی کە هەردووکیان پەیکەرتاش بوون، ساڵی ١٩٢٠ لە شاری مۆسکۆ بەیاننامەیەکیان نووسی بەناونیشانی **"بەیاننامەی ڕیالیستی"** تێیدا پێنج بنەمایان دیاریکردووە بۆ شێوازی کارەکەیان:[٧٥]

١. ئێمە سپەیسی داخراو ڕەتئەکەینەوە کە بەهۆی چێوەیەکی داخراوەوە لە قالب درابێت. باوەڕمان وایە کە سپەیس تەنها لە ناوەوە بەرەوە دەرەوە دەتوانرێت مۆدێلینگ بکرێت بەهۆی قوڵیەکەیەوە نەوەک لە دەرەوە بەرەو ناوەوە بەهۆی قەبارەکەیەوە.

٢. ئێمە بارستایی داخراو ڕەتئەکەینەوە وەکو ئێلەمێنتێکی تایبەتی بۆ دروستکردنی تەنی ئارکیتێکتۆنیک و سێ ڕەهەندی لە بۆشایی دا. لە بری ئەوە داواکاریمان ئەوەیە تەنی پلاستیکی دروستبکرێن بەشێوەیەکی ستیریۆمەتریک.

٣. ئێمە ڕەنگ ڕەتئەکەینەوە وەکو ئێلەمێنتێکی جوانکاری لە دروستکردنی تەنی سێ ڕەهەندی دا. داواکارین ماددەی مەلموس بەکاربهێنرێت وەکو ئێلەمێنتی جوانکاری.

٤. ئێمە خەتی دیکۆرەیشن ڕەتئەکەینەوە. داواکارین هەر خەتێک کە بەکاردەهێنرێت لە کاری هونەری دا تەنها بۆ نیشاندانی ئاراستە ناوەکیەکانی ئەو هێزە بێت کە دەکەوێتە ناو تەنەکە.

٥. ئێمە چیتر قایل نین بە ئێلەمێنتە ستاتیکیەکانی فۆرم لە هونەری شێوەکاری دا. داواکارین 'کات'یشی بۆ زیاد بکرێت وەکو ئێلەمێنتێکی نوێ و جەخت لەسەرەوە بکرێتەوە کە جوڵەی ڕاستەقینە لە هونەری شێوەکاری دا بەکاربهێنرێت، تاوەکو بەکارهێنانی ئیقاعاتی جوڵەیی kinetic rythms ئاسان بکرێت بەشێوازێک کە تەنها شتێکی هەڵەخەڵەتێنەر نەبێت illusionistic.



**٢٢.١ ناوم گابۆ، بیناکردنی جوڵەوزەیی Kinetic Construction (شەپۆلی بەردەوام)، ١٩١٩-١٩٢٠.**

پەیکەرێکی میکانیکی سادە پێکهاتووە لە شیشەیەکی ستیل کە لە بنکەیەکی تەختەیی بچووکەوە بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ داگرتنی دوگمەی چالاککردن پەیکەرەکە دەکەوێتە جوڵەو هاتن و چوون بەهۆی مۆتۆرێکی کارەباییەوە کە دەکەوێتە ژێرەوەی، بەمەش وەهمی شێوەیەکی بەردەوام خولاوەی سێ ڕەهەندی دروستەکات.

## هونەری مۆدێرن: جەدەلی ئایدیەلیزم و ڕیالیزم

بەگوێرەی بەیاننامەکە، کیوبیزم و فیوچەریزم بە پێی پێویست ئەبستراکت و حەکیمانە نەبوون لەبەرەوە پێویستە کە ئەبستراکشنی ڕۆحی هونەرمەندانی وەک نیگارکێش ڤاسیلی کاندینسکی دەمج بکرێت لەگەڵ بزووتنەوەکەیان دا.[٧٦]

ناوم گابۆ و ئەنتوان پێڤسنەر لە ڕیزی ئەو هونەرمەندانە پۆلێن دەکرێن کە پێیان وابوو ئەرکی هونەرمەند ئەوەیە بەشێوەیەکی زاتیانە ناخی خۆی لە کاری هونەری دا بەرجەستە بکات و ئەرکی هونەریش تەنها ئەوەیە کارێکی خاوێنی هونەری دروست بکات بەشێوەیەک کە بترازێت لە کاریگەری دەرەکی، نەوەک



**٢٤.١ ناوم گابۆ، پایە The Column، ١٩٢٣. ساڵی ١٩٣٧ دروستکراوەتەوە. پلاستیک و شوشە و کانزا.**

بەلای گابۆوە پەیکەری پایە لوتکەی گەڕان بوو بەدوای نموونەیەکدا کە تیایدا ئیلەمێنتی تەلارسازی و ئیلەمێنتی پەیکەرسازی تێکەڵ بە یەکتری بکرێن بۆ پێکهێنانی یەک یونت. لەجیاتی داتاشینی بلۆکێکی پتەو، پایەکە بۆ سەرەوە بە ناو فەزادا دروستکراوە بە بەکارهێنانی میتۆدێکی هەندەسی عەقلانی. ئەنجامەکەی دروستبوونی پەیکەرێکی هاوتایە symmetrical ، کە پێکهاتووە لە پلەیێنی ستوونی ڕۆشن و یەکتربڕ، لەگەڵ دەرخستنی تەوەرەی ناوەندی کارەکە.

حەقیقەتی مەوزوعی بخاتەڕوو وە هونەر وەکو وەسیلەیەکی بانگەشەکاری بەکاربهێنیت بۆ تەرجومەکردنی دیاردەکانی جیهان تا خزمەت بە نیزامێکی دیاریکراو بکات. لەم خاڵەشدا تەواو ناکۆک بوون لەگەڵ ماددیەکان دا کە هونەر لەلایەن تەنها هونەرێکی وەزیفیە functional art. هونەرەکەی گابۆ و ئەنتوان لەسەر چوار ئاکسیەم axiom دامەزرابوو: ١- هونەر پێویستە پشت بە سپەیس و کات ببەستێت وەکو دوو ئیلەمێنتی بنەڕەتی، تاکو بتوانی حیوار دروست بکات لەگەڵ ژیانی واقیعیدا. ٢-قەبارە تەنها مەفهومی فەزایی spatial نیە. ٣- ئیلەمێنتی داینەمیکی و کنیتیک پێویستە بەکاربهێنرێن بۆ گوزارشت کردن لە سروشتی ڕاستەقینەی کات. ئیقاعاتی ستاتیکی بەتەنها بەس نین. ٤- پێویستە هونەر وازبهێنێت لە لاساییکردنەوەی واقیع و هەوڵدات بۆ دۆزینەوەی فۆرمی تازە.[٧٧]

**٢٥.١ ناوم گابۆ، دیزاین بۆ هەیکەلێکی جوڵەیی kinetic construction، ١٩٢٢.**

لەم هێلکاریەدا جوڵە motion وەکو فاکتەرێکی ئیستاتیکی سوودی لێوەرگیراوە لە دروستکردنی ئیقاعاتی میکانیکی دا.



## هونەری مۆدێرن: جەدەلی ئایدیەلیزم و ڕیالیزم

لە بەرامبەردا کۆمەڵەی دووەم پێکهاتبوو لە نیگارکێش و تەلارساز تاتلین، پەیکەرتاش و وێنەگر ڕۆدچینکۆ لەگەڵ هاوژینەکەی هونەرمەند و دیزاینەری سەکۆی شانۆ ڤارڤەرا ستێپانۆڤا، لیوبۆڤ پۆپۆڤا، دیزاینەرانی پۆستەر ڤلادیمیر وە جۆرجی ستێرنبێرگ، بانگەشەکار و ڕەخنەگری هونەری ئەلێکسی گەن. ئەم گروپە کە ناویان لەخۆیان نا "کۆمەڵەی بەرهەمهێنەکان Productivist Group" پێیان وابوو کە هونەری تەقلیدی مردووە بۆیە مەیلیان بەلای هونەری سودبەخش و بەشداری کردن لە هەڵمەتی بانگەشەکاری دا شکایەوە.

وەک پەرچەکردارێک بۆ مانەفێستۆی ڕیالیستی، ڤلادیمیر تاتلین لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەند لە ساڵی ١٩٢٠ دا بەیاننامەیەکیان دەرکرد بەناوی "ئیشوکاری بەردەممان The Work Ahead of Us" کە تیایدا هاتووە **"ئەو بناغەیەی کە هونەری شێوەکاری ئێمەی لەسەر دامەزرابوو چونیەک و بەیەک شێوە نەبوو، وە هەموو پەیوەندیەکانی نێوان نیگارکێشان و پەیکەرتاشی وتەلارسازی پچڕابوون، ئەنجامی ئەمەش دروستبوونی فەردانیەت بوو لە کارکردن دا، بە مانایەکی تر تەنها دەربڕینی حەزو ئارەزووی تایبەتی لە کارەکان دا. سەبارەت بە مەوادەکان ئەوکاتەی هونەرمەندان بەکاریان ئەهێنان، ئەیانشێواندن بۆ جۆرێکی پڕ لە تێکەلیوپەلی. ئەوەی لەشۆڕشی ١٩١٧ دا ڕوویدا لە لایەنی کۆمەلایەتیەوە، پێشوتر ساڵی ١٩١٤ لە کارەکانی ئێمەدا وەکو هونەرمەندانی تابلۆکێش تەحقیق کرابوو کاتێک 'مەوادەکان، قەبارە، کۆنسترەکشنن' وەکو بناغەی ئیشکردنی ئێمە پەسەند کران. لە ١٩١٥ پێشانگایەک لە مۆسکۆ ڕێکخرا بۆ خستنەڕووی مۆدێلی مەتیریەڵەکان (ڕیلیف و کاونتەر ڕیلیفەکان). لە ١٩١٧ و لە پێشەنگایەکی تردا چەند نموونەیەک خرانەڕوو کە لە کۆکردنەوەی مەوادەکانەوە دروستکرابوون، لەوانەدا هەوڵێکی چڕوپڕتر بەدی ئەکرا سەبارەت بە تەحقیق کردن و لێکۆڵینەوە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی مەتیریەڵەکان، هەروەها جوڵەو هێزی ڕاکێشانیان و پەیوەندی نێوانیان. ئەم لێکۆڵینەوەیە لە مەوادەکان و قەبارە و کۆنسترەکشن کارئاسانی کرد بۆ ئێمە تا بەشێوازێکی هونەریانە دەستکەین بە کۆکردنەوەی مەوادە مۆدێرنەکانی وەکو ئاسن و شوشە، کە لە زبری و توندیان دا severity وەکو مەڕمەڕی چاخی کۆن وان. لەم ڕێگایەدا دەرفەتێک دێتە پێشەوە بۆ پێکەوە دەمجکردنی فۆڕمی تەواو هونەریانە لەگەڵ نیەت و نیازی سودبەخشانە. نموونەیەکیش بۆ ئەمە پڕۆژەی مۆنۆمێنتە بۆ سێیەم کۆنگرەی نێونەتەوەیی شیوعیەت 'تاوەری تاتلین'. دەرەنجامەکانی ئەمەش هاتنە کایەی مۆدێلگەلێکە کە هانی ئێمە ئەدەن داهێنان بکەین لە کارکردنمان بۆ خولقاندنی جیهانێکی نوێ، وە خوازیاریشن کە بەرهەمهێنەرەکان کۆنتڕۆڵی ئەو فۆڕمانە بکەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا تووشیان ئەبین."**[٧٨]

نزیک لە بیروڕوای تاتلین دەربارەی جەختکردنەوە لەسەر بەها بونیاتگەرییەکان، ئەلیکساندەر ڕۆدچینکۆ بوو. لە مانگی یازدەی ١٩٢٠دا، بە سەرۆکی کۆمیتەی ڕێکخستنی پەیمانگای ئینخوک دەستنیشانکرا بەشێوەیەکی تەریب لە بەرامبەر ئەو کۆمیتەیەی کە ڤاسیلی کاندینسکی



٢٦.١ ئەلیکساندەر ڕۆدچینکۆ، کۆنستراکشنی ڕاستەهیلی LInear Construction، ١٩١٩.

## هونەری مۆدێرن: جەدەلی ئایدیەڵیزم و ڕیالیزم

لەناو هەمان پەیمانگادا سەرۆکایەتی دەکرد. لەدوای چەندین دەمەتەقێ لەنێوان لایەنگرانی ڕۆدچینکۆ و لایەنگرانی کاندینسکی سەبارەت بە ئەرک و کارنامەی پەیمانگای ئینخوک، کاندینسکی دەستی لە سەرۆکایەتی بەردا و خۆی و لایەنگرانیشی لە مانگی یەکی ١٩٢١ پەیمانگاکەیان بەجێهێشت. لە پەیمانگای ئینخوک دا، بەپێچەوانەی ئەو پرۆگرامەی کاندینسکی دایڕشتبوو کە بریتی بوو لە شیکردنەوەی کاریگەری سایکۆلۆجی کارە هونەرییەکان لەسەر مرۆڤ، پرۆگرامی کۆمەڵەکەی ڕۆدچینکۆ جەختی لەسەر شیکردنەوەیەکی بابەتیانەی کارە هونەرییەکان ئەکردەوە، بۆ دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی ئێلەمێنتە سەرەکی و لاوەکییەکانی نیگارکێشان و پەیکەرتاشی و تەلارسازی و هەتا دوایی، لەگەڵ یاساکانی ڕێکخستنیان بە تایبەتی یاسا ئینشائییەکانی وەکو "کەنستراکشن" و "ئیقاع". پشتەبستن بە هەستوزۆ emotions خستەڕوو representation، وە تێگەیشتنی زاتیانە بە بنەمای سەرەکی هەژمار ئەکران لە شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنی کاری هونەری دا بەپێی پرۆگرامەکەی کاندینسکی، بەڵام



٢٧.١ ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ، کەنستراکشنی هەڵواسراو hanging construction، ١٩٢١. چوارگۆشە لەناو چوارگۆشە.



٢٨.١ ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ، کەنسترەکشنی فەزایی spatial Construction، ١٩٢١. بازنە لەناو بازنە.

بەگوێرەی پرۆگرامە نوێیەکەی ڕۆدچینکۆ بنەمای لاوەکی بوون و تێکڕای کارە هونەرییەکان وەکو تەنێکی بەتاڵ لە گوزارشتی هونەری و لێکدانەوەی فەردی لێیان ئەڕوانرا، لەبەرەوە کەسی بینەر بۆ تێگەیشتن لە کاریگەرییەکانی تەنێک پێویستی بە هیچ کاردانەوەو هاوسۆزییەکی دەروونی نیە بەڵکو پێویستی بە شیکارییەکی سلوکی و ئیمپریکەڵ هەیە بەگوێرەی کاردانەوە فیزیۆلۆجیەکانی خۆی.[٧٩] دوابەدوای ئەو ڕوداوەو هەر لەساڵی ١٩٢١ دا، والتەر گروپیەس کاندینسکی بانگهێشتی ئەڵمانیا کرد بۆ ووتنەوەی وانە لە باوهاوس.[٨٠]

## هونەری مۆدێرن: جەدەلی ئایدیەڵیزم و ڕیالیزم

لەدوو پرۆگرام دا کە بەدوای یەکدا لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠-٢٢ بڵاویکردونەتەوە (دووەمیان لەگەڵ هاوژینەکەی ڤارڤەرا ستیپانوڤا) ، ڕدۆچینکۆ وەکو "هونەری ئایینده" باس لە کۆنسترەکتیڤیزم ئەکات، هونەرێک کە "شیوعیەتی زانستی"یەکەی بەندە لەسەر سێ دیسپلین: هونەری بیناکاری tectonics، ڕووچن texture، دروستکردن construction. ئەم سێ چەمکە لەلایەن ڕۆدچینکۆ و هەروەها دواتریش لەلایەن ئەلیکسی گەن لە کتێبەکەیدا 'کۆنسترەکتیڤیزم Konstruktivizm' کە ساڵی ٢١٩٢ بڵاویکردەوە، بە ڕێگایەکی زۆر سیاسیانەو ناڕوون باسیان لێوەکراوە: تێکتۆنیکس پەیوەندی هەیە بە کەڵک وەرگرتنێکی سۆشیالیستیانە لە نوێترین مەواد و تەکنیکە پیشەسازیەکان بۆ دروستکردنی هونەرێکی سوودبەخش. تێکسچەر پەیوەندی هەیە بە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی مەوادەکانەوە (پرۆسیسینگ). کەنستراکشن بریتی یە لە ڕێکخستن، یان دروستکردنی بەرهەمێک بە باشترین شێوە.[٨١، ٨٢]

گروپی بەرهەمخوازەکان پشتگیری زیاتریان بەدەستهێنا لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە وەک لە گروپی یەکەم و بە فەرمی ناسران بە کەنستراکتیڤیست. "یەکەمین کۆمەڵەی کاری کەنستراکتیڤیستەکان" لەناو پەیمانگای ئینخوک دا دامەزرا لە ساڵی ١٩٢١ First Working Group of Constructivists لە پەرەسەندنی "کۆمەڵەی کاری شیکاری بابەتی"ەوە.

ئامانجی سەرەکیان گونجاندنی ئایدیەڵیزمی هونەری بوو لەگەڵ مارکسیزمی زانستیدا کە ئەویش لەلای خۆیەوە بەندبوو لەسەر بیردۆزی مەتیریەلیزمی مێژوویی، لە ڕێگای دروستکردنی کەسایەتیەکی نوێی هونەرمەندی ئەندازیار artist-engineer یان هونەرمەندی کەنستراکتیڤیست، کە بەهرە و شارەزایی هەردوو پسپۆڕی هونەرمەند و ئەندازیار لە یەک کەسدا کۆ دەکاتەوەو ڕۆڵێکی ئیجابی دەگێڕێت لە وڵات دا لە دروستکردنی کۆمەڵگە دا شان بە شانی دروستکردنی بینا. چاوخشاندنەوە بە ڕۆڵی هونەرمەند و تەلارساز لە ئابووری پیشەسازی دا، بابەتێک بوو کە جێگای گرینگی پێدانی هەموو کۆمەڵە ئاڤانت گاردەکان بوو هەر لە ڕێکخراوی دۆیچە ڤێرکبوندەوە ١٤ ساڵ پێشوتر. بۆریس ئارڤاتۆڤ بیردۆزدانەری کەنستراکتیڤیست پێشنیاری کرد وەرشە پیشەییەکانی ڤیخوتێمەس بەکاربهێنرێن بۆ مەبەستی **"داهێنانی فۆڕمی ستاندارد بۆ ژیانی ماددی لە ناحیەی کەلوپەل، کوتاڵ، وە جۆرەکانی دیکەی بەرهەمهێنانەوە."**[٨٣]

هونەرمەندە ئەندازیارەکانی سەر بە کۆمەڵەی کاری کۆنسترەکتیڤیستەکان لە بەهاری ١٩٢١ بەشداریان کرد لە پێشانگای (کۆمەڵەی هونەرمەندە لاوەکان OBMOKHu)، تێیدا چەندین پەیکەریان خستنەڕوو کە ناسراون بە "هەیکەلی بۆشاییانە Spatial Constructions"، لە کانزا دروستکراون و کاریگەری ستراکچەرە ئەندازیاریەکانیان بەسەرەوە دیارە.



**٢٩.١ پێشانگی "کۆمەڵەی هونەرمەندە لاوەکان OBMOKhU"،**

**مۆسکۆ، ١٩٢١.**

تەجروبەکردنی شێوازی نوێی کاری هونەری بە گرتنەبەری میتۆدی "کەنستراکشن" لەبری "کۆمپۆزیشن". کارەکان لەجیاتی پتەوی هەیکەلیکی بۆشیان هەیەو لەگەڵ فەزادا تێکەڵ بە یەکتری بوون.

## هونەری مۆدێرن: جەدەلی ئایدیەڵیزم و ڕیالیزم

پەیمانگای ئینخوک لە ساڵی ١٩٢٢ دەستیدایە ناساندنی "بیردۆزی بەرهەمخوازی Theory of Productivism"، بیردۆزەکە پەیکەرتاش و هونەرمەندانی ناچار ئەکرد واز لە هونەری تەقلیدی بێنن و ڕووبکەنە تێکەلکردنی هونەر بە کاری پیشەسازی. بەشێک لەو هونەرمەندانەی کە ڕازی نەبوون دەست هەڵگرن لە هونەرە جوانەکان و بچنە ژێرباری کونستروکتیڤیزمەوە، ڕووسیایان بەجێهێشت، بە تایبەتی هەردوو برا ناوم گابۆ و ئەنتوان پێڤسنەر. بەگوێرەی پرۆدەکتیڤیزم دەبوو هونەر شۆڕبکرێتەوە بۆ ناو هەموو جومگەکانی ژیان، هونەر تێکەڵ بکرێت بە پیشەسازی و تەکنەلۆجیا، هەموو شتێک سوک و ئاسان بێت بۆ هەلگرتن و گواستنەوە و بە سادەترین شێوەی بەرهەمهێنان دروستکرابێت. تاتلین و ڕۆدچینکۆ یەکەمین کەسانێک بوون بەهرەی خۆیان لە هونەرەوە گواستەوە بۆ دیزاینی پیشەسازی، لە هونەرمەندەوە بۆ هونەرمەندێکی ئەندازیار. جگە لە بلاوکردنەوەی پروپاگەندە، هەردوکیان خۆیان تەرخان کرد بۆ دیزاینکردنی کەلوپەلی سوک و ئاسان لە هەلوەشانەوەو لەسەریەکگرتنەوەدا، لەگەل دروستکردنی جلوبەرگی موریح و قایم بۆ کرێکاران. تاتلین سۆبایەکی دیزاین کرد بەو حیسابەی زۆرترین ووزی گەرمی بدات لەهەمان کاتدا کەمترین سوتەمەنی سەرف بکات. کاریگەری ئەم جۆرە بیرۆکانە بەروونی دەرکەوت لەسەر مەنهەجی باوهاوس و دیزاینکردنی کەلوپەلی سوک light-weight furniture لەلایەن دیزاینەرە ئەوروپیەکان لە کۆتایی بیستەکان دا ، لەناویاندا مارسێل بروەر، میز ڤان دێر ڕۆو، لی کوربوزیی، مارت ستام، هانس مایەر.[٨٤]

**دروشمەکانی کەنستراکتیڤیزم:**

١. بروخی هونەر. بمێنی تەکنیک.

٢. هونەر درۆیە. ئایین درۆیە.

٣. دوا پاشماوەکانی بیری مرۆڤ لەناوبەرن کە هێشتا بە هونەرەوە وابەستەی ئەکەن.

٤. نەمان بۆ پاسەوانی نەریتەکانی هونەر. بمێنی تەکنیککاری کەنستراکتیڤیست.

٥. نەمان بۆ هونەر، کە تەنها لاوازی مرۆڤ پەردەپۆش دەکات.

٦. هونەری بە کۆمەلی ئەمرۆ بریتی یە لە ژیانی بونیاتنەر.[٨٥]

# تەلارسازی مۆدێرن

سەرهەڵدانی سوپریمەتیزم و ڕاشنەڵیزم و
کۆنسترەکتیڤیزمی تەلارسازی

**"ئێمە لە تەلارسازیماندا هەروەکو لە تەواوی بوارەکانی دیکەی ژیانماندا، تێئەکۆشین بۆ هێنانە ئارای نیزامێکی کۆمەڵایەتی.. ئەو تەلارسازیە بەشێوەیەکی نایاب دەبێتەهۆی باشکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی گشتی گوزەرانی خەڵک.. تەلارسازان گەیشتوونەتە ئەو بڕوایەی کە لەڕێگای دیزاینکردن و دانانی نەخشەوپلانی نوێی خانوودا، بەشێوەیەکی چالاک بەشداری ئەکەن لە ڕێکخستنی هۆشیاریەکی نوێ دا."**

– ئێل لیسیتزکی

وەک یەکەمین کاردانەوەی قۆناغی دوای شۆڕش، تەلارسازە چەپەکانی یەکێتی سۆڤیەت پرەنسیپەکانی تەلارسازی کلاسیک و نیو کلاسیک و تێکڕای تەلارسازی مێژوویان ڕەتکردەوە، بەلام هەروەک سەلیم خان ماگۆمیدۆڤ ئاماژەی پێکردووە **"تایبەتمەندی بەرچاو لە گەشەسەندنەکانی تەلارسازی سۆڤیەتی لەماوەی بیستەکان دا، بریتی بوو لە حاشاکردنێکی ئاشکرا لە ستایلی مۆدێرنە (ئارت نوڤو)ی بەر لە هاتنی شۆڕش. ئەو ڕەتکردنەوەیە زۆر زیاتر بنەبڕتر بوو وەک لە ڕەتکردنەوەی کلاسیکیەت."**[١] سەبارەت بە هۆکاری ڕەتکردنەوەکەشی ولیەم کرافت برومفیلد دەڵێت دوابەدوای شۆڕش ستایل مۆدێرنە بە ستایلێکی بۆرژوازی سووک و قێزەون سەیر دەکرا.[٢]

## تەلارسازی وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەلایەتی

بە بڕوای مارکس مرۆڤایەتی لە پەرەسەندنی مێژوویی خۆی دا بە چەند قۆناغێک دا تێپەڕیووە: ١- مەشاعی (بێ چینی)، ئینجا بۆ ٢- بەندایەتی (خاوەن و کۆیلە)، ئینجا بۆ ٣- دەرەبەگایەتی (ئاغاو جوتیار)، ٤- سەرمایەداری (بورژواز و کرێکار)، ٥- سۆشیالیستی زانستی (دیکتاتۆریەتی چینی کرێکاران 'پرۆلیتاریا')، ئینجا لە کۆتایشدا بۆ ٦- شیوعیەت (بێ چینی). ئەم گۆڕانکاریەش لە ململانێی نێوان چینەکان دا خۆی نواندووە، چینێکی سەردەستەو چینێکی ژێردەستە ، داینەمۆی گۆڕانیش هەمیشە بریتی یە لە فاکتەری ماددی و ئابووری. کارل مارکس و هاوڕێ فکریەکەی فریدریک ئینگلز کۆمەڵێک تیۆری ئابووری و سیاسی و کۆمەلایتیان لەسەر ئەم باوەڕە دارشت و بانگەشەی ئەوەیان کرد کۆمەلگەی مرۆڤایەتی لە سەرەتا دا سیستەمێکی بێ چین بووە (کەمیونیزمی سەرەتایی)، پاش دروستبوونی چینایەتی ململانێی نێوان سەردەست و ژێردەست سەریهەڵداوە بەلام ناکۆکیەکە لە جەدەلیکی ماددی historical dialectic دایەو بە سروشتی حاڵ بەرەو ئەو ئاراستەیە ئەڕوات کە کۆمەلگە بگەڕێنێتەوە بۆ سیستەمی بێ چینی (کەمیونیزم) و کۆتایی بە زۆرداری چینی سەردەستە بێنێت. لە کۆمەلگەی کەمیونیزم دا، نە دەولەت دەبێت نە قانون و نە پۆلیس و نە مولکی تایبەتی، هەر کەسێک بگرێت خاوەنی هەموو شتێکەو مولک و ماڵ لەگەل یەکدا بەش ئەکەن، هەمووان پێکەوە دەژن بەبێ جیاوازی، هیچ کەسێک ئەوانی تر ئیستیغلال ناکات بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی. ئەمەشیان ناونا بە حەتمیەتی مێژوویی کە بە دڵنیایەوە شیوعیەت قەدەرێکەو هەر ڕوو ئەدات لە داهاتوو دا. شۆڕشی پرۆلیتاریا لە ڕوسیا لەسەر ئەم فەلسەفەیە بووە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی سۆشیالیستی دیکتاتۆری، بەلام ئەم قۆناغە ئامانجی کۆتایی نەبوو بەبڕوای مارکس کە زیاتر لە نیو سەدە پێشوتر لەبارەیەوە دوابوو، بەڵکو سۆشیالیزم تەنها قۆناغێکی گواستنەوە بوو لە سەرمایەداری یەوە بەرەو شوعیەت. لەبەرەوە ئەرکی سەرشانی دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاری سۆڤیەتی تەنها خێراکردنی

## تەلارسازی وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەلایەتی

ئەو پرۆسەیەبوو بەرەو شیوعیەت ئینجا بە خۆشی بێت یان بە ئاگر و ئاسن و گرتنەبەری گشت ڕێگایەکی نا مرۆڤانە. هونەر و تەلارسازیش وەکو ئامرازێکی بە توانا لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر دەروونی خەلک، دەبوو پڕ بکرێن بە سیمبول و بەهای پرۆلیتاریەت ، وێنەی ئەو جیهانە داهاتووە نیشان بدەن کە شیوعیەت بانگەشەی بۆ ئەکات. کەواتە تەلارسازیەکی سۆشیالیستی دەبوو گەلالە بکرێت و بێ چەندوچونیش دەلالەت لە قۆناغی گۆڕان و گواستنەوە بکات. لەسەر ئەم بنچینانە دیکتاتۆریەتی شیوعی هەستا بە مۆنۆپۆل کردن و بە مەرکەزی کردنی بوارەکانی ژیان، هەموو مەسەلەیەکی گشتی و تایبەتی ناچار دەبوو بخرێنە ژێر چەپۆکی حوکمی ناوەندیەوە، هەریەکە لە بوارەکانی هونەر و تەلارسازی و شارسازی لەوەدا بێبەش نەبوون. لە سەرەتای دامەزرانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، هونەر و تەلارسازی وەکو پارچەیەک حیسابیان بۆ ئەکرا لەناو سیستەمێکی گەورەتری ئابووری و سیاسیدا.[٢] دەسەلاتدارە شیوعیەکان تابلۆ، بینا، گرافیک، تەنانەت سەر ڕووی دەرەوەی دیوار و ئۆتۆمبیل و کەشتی و شەمەندەفەرەکانیشیان وەکو وەسیلەیەک بەکاردەهێنا بۆ گەیاندن و بلاوکردنەوەی پەیامەکانی شۆڕش. بڕیاردەری سەرەکی لە تەلقین دان، ڕێکخستن، وە تۆکمەکردنی سەرجەم هەولە تەلارسازییەکان، بریتی بوو لە ئاژانسەکانی سەر بە دەولەت و سیاسەتی گشتی کە لینین پەیڕەوی دەکرد: یەکەم، ئاراستەی پروپاگەندەی ڕێکخراوی پرۆلیتکولت (ڕێکخراوە کەلتوری و تەعلیمیەکانی پرۆلیتاریەت)، دووەم مەرجی ئابووری بۆ دروستکردنی بەرهەمەکان بە مەکینەو بەشێوەی جوملە، سێیەم ڕێبازی تێیلەریزمی پەیمانگای ناوەندی کاری سۆڤیەتی.[٤]

لەپاش مردنی لینین، ستالین زۆربەی سیاسەتەکانی لینینی پێچەوانە کردەوە، لەناویشیاندا ئەو مەسەلانەی تایبەت بوون بەهونەرو تەلارسازی. ئاڤانت گاردیزم لە سەردەمی لینین دا فەزایەکی باشتری بۆ ڕەخسێنرابوو تا مومارەسەی خۆی بکات ئەگەرچی لەگەل حەزو ئارەزووەکانی ئەویشدا نەدەگونجا، وەلی ستالین بە بیانووی جیاواز کە دواتر دێنە سەر باسکردنیان، بەرەو دژە ئاڤانت گاردیزم و سەرکوتکردنی لایەنگرانی ملی ڕێی گرت.

## پرۆگرامە نوێکان بۆ گۆڕانکاری کۆمەلایەتی

کۆکەرەوە کۆمەلایەتیەکانsocial condensers

جەوهەری سۆشیالیزم بریتی بوو لە پێکەوە ژیانی بە کۆمەل "collective" communal living" living"، کە خۆی دەبینیەوە لە تواندنەوەی تاک لەناو کۆمەلدا، بەشکردن لەگەل یەکتری، هاندانی کاری هەرەوەزی و ژیانی دەستەجەمعی. ئامانجی سەرەکیش لەمەدا لادانی پلەبەندی کۆمەلایەتی بوو social hierarchy تاکو جەماوەر هەموویان بەیەک چاو سەیر بکرێن، تاک دەستبەرداری خووە بۆرژوازیەکانی بێت وەکو خۆپەسندی و خۆویستی، ژنان ڕزگار ببن لە زنجیرەکانی کۆمەلگەو لەناو مالەوە بێنە دەرەوە، لە دیلی چێشتلێنان و جل شوشتن و مال پاککردنەوە بەرەو کارگە و نیشکردن شانبەشانی پیاوان، تا سوودێکی زیاتر لە سەرچاوە کەم و دەگمەنەکان وەربگیرێت، هەروەها بۆ بەهێزکردنی هۆشیاری سیاسی و لێراهێنانی خەلک بۆ شێوازی ژیان لە کۆمەلگەی شیوعیەتی ئاییندەدا. ئەو شێوازە بە کۆمەلە دەبوو تەرجومە بکرێت بۆ فەنکشن و لە سەر تەلارسازی و پلانسازی دا ڕەنگبداتەوە. لەبەرەوە سۆشیالیزم چەندین پرۆگرامی نوێی وەزیفەیی brief هێنایە ناو تەلارسازی یەوە. چەندین تایپی نوێی بینا دەرکەوتن، لە هەموویان بەرچاوتر یانەی کرێکاران worker's club، کۆمۆنەکان یان بلێین بینای نیشتەجێبوونی ئیشتیراکی communal/social housing، وە مەتبەخی ئیشتیراکی communal kitchen. کە هەموویان پێکەوە ناسراون بە کۆکەرەوەی کۆمەلایەتی social condenser.

دەستەواژەی **"کۆکەرەوەی کۆمەلایەتی"** بۆ یەکەم جار لە بیستەکان دا بەکارهێنراوە لەلایەن کەنستراکتیڤیستەکانەوە.[٥] کاترین کوک دەلێت ئەوان کێشە کۆمەلایەتیەکانیان هێنایە ناو بواری تەلارسازیەوە تاکو **"دوبارە ژیانی کۆمەلانی خەلک ڕێکبخەنەوە بەپێی ئەو ئاڕاستە مارکسیەی کە لەناو پەیڕەوو پرۆگرامی پارتی بەلشەڤی دا بۆی دیاریکرابوو."[٦]** لە سالانی دوای شۆڕشدا ئەرکی تەلارساز وەکو هاندەرێکی کۆمەلایەتی social catalyst یاخود بلێین وەکو کارایەکی یاریدەدەر لە گۆرانکاریە کۆمەلایەتیەکاندا لێی ئەڕوانرا. لە ڕوانگەی

کەنستراکتیڤیستەکانەوە زاراوەی کۆکەرەوەی کۆمەڵایەتی بەکاردەهات بۆ هەموو ئەو ستراکچەرە تەلارسازی و ئێربەنیانەی کە ڕۆڵێکی گرینگ دەگێڕن لە گواستنەوەی کۆمەڵگە لە دۆخی پێشوترەوە بۆ دۆخی نوێی ژیانی سۆشیالیستی، ئینجا ئەو ستراکچەرانە لە هەر سکێڵێکدابن.[٧] ئەناتۆل کۆپ دەڵێت بەلای کەنستراکتیڤیستەکانەوە کۆکەرەوەی کۆمەڵایەتی بریتی بوو لە بینایەک، کۆمەڵێک بینا، گەڕەکێک، یان تەنانەت سەرتاپای شارێک کە سێ وەزیفەی سەرەکی هەبوو، یەکەم وەزیفەیەکی حەتمی کە ئیشکردنە وەکو ماڵێک بەمەش پێداویستیە مرۆییەکان پڕ دەکاتەوە. دووەم ئیزافەتەن بۆ فەنکشنە سەرەکیەکەی خۆی، کۆکەرەوەی کۆمەڵایەتی شێوازی تەلارسازی و پلانسازی ئایندە ئەخاتە بەردەمی خەڵک بۆ ئەوەی بەکارهێنەران ڕابهێنێت لەگەڵ هەردووکیاندا.سێیەم لەڕێگای سپەیسەکەیەوە کاریگەری دروستەکات لەسەر بەکارهێنەران تاوەکو شێوازێکی نوێی ژیانیان پێ بناسێنێت و بیکاتە بەشێک لە خورەوشتی ڕۆژانەیان.[٨] شیوعیەت شیرازەی ماڵ و خێزانی تەقلیدی هەڵوەشاندەوەو کۆکەرەوەکانی وەکو جێگرەوە پێشکەشکرد. ڕێم کولهاس بەمشێوەیە پێناسەی کۆکەرەوەی کۆمەڵایەتی ئەکات **"چین چین کردنی بەرنامەی وەزیفەیی یە programmatic layering لەسەر زەویەکی چۆڵ بۆ برەودان بە پێکەوەهەڵکردنێکی داینەمیکی چالاکیەکان و بۆ هێنانەکایەی بۆنەو ڕوداوی وا کە پێشوتر بوونی نەبووبێت لە خیلالی کارلێکی ئەم چالاکیانەدا."[٩]**

لە نیوەی دووەمی بیستەکان دا ژمارەی گەڕەک و شارەکان چەندان بەرامبەر زیادیانکرد بەگوێرەی مۆدێلی پێکەوەژیانی بەکۆمەڵ، کۆکەرەوە کۆمەڵایەتیەکان لەو نێوانەدا وەکو بینایەکی ئینتیقالی transitional building وابوو لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی تر و مەبەستی سەرەکیان گۆڕینی خورەوشتی ڕۆژانەی خەڵک بەخێرایی و تاودانی پرۆسەی گۆڕان بوو لە ژیانی ڕۆژانەی چینی کرێکاران دا، وەک ئەناتۆل کۆپ دەڵێت **"میکانیزمێک بوون بۆ گۆڕینی خووڕەوشت."[١٠]**

لەژێر ئەم گریمانانەدا، بیرۆکەی کۆکەرەوەی کۆمەڵایەتی بە سکێڵی جیاواز لەسەر سێ ئاست دا جێبەجێ کراوە. ئاستی تەلارسازی (یەک بینا)، ئاستی ئێربەن (کۆمەڵێک بینا)، ئاستی پلانسازی (یەک شار).

چەمکی "یانە club" لە ڕوسیای قەیسەریدا هەمیشە مانای چەند ژوورێکی تایبەتی بوو کە تەرخان کرابوون بۆ کەسانی خانەدان و دەوڵەمەندی بۆرژوای تاکو کاتەکانیان تێدا بەسەربەرن، بەلام بەلشەڤیەت مەغزا و ناوەڕۆکی یانەی گۆڕی بۆ شتێکی تەواو پێچەوانەی حاڵەتی پێشوتر. ڕۆڵی یانە لێرە بەدواوە ئەوەیە کە وەکو جۆرێک لە قوتابخانەی ڕۆشنبیری ئیش بکات. لەناو چوار دیوارەکانی دا کرێکاران لە هەموو تەمەنێکەوە لە کۆتایی ڕۆژ دێن لەوێ پشوو ئەدەن و ووزەی خۆیان نوێ ئەکەنەوە. لەوێدا و لە دەرەوەی قەوارەی خێزانەکانیان دا، منالان و لاوان و بەساڵاچووانی خێزانە جیاوازەکان هەموویان وا هەستەکەن ئەندامی یەک گروپن. ئەگەر ماڵ شوێنێک بێت بۆ پشوودانی تاکەکەس، ئەوا یانەی کرێکاران شوێنێکە بۆ گەشەپێدانی دیوە کەلتوری و کۆمەڵایەتیەکانی تاکەکەس.[١١]

یانەکانی کرێکاران بوونە جێگایەکی سەرەکی لە ڕۆشنبیرکردن و وەرگرتنی کەلتوری دا، وە مەوقیعێکی گرینگ کە تیایدا بەریەککەوتنی ئایدیا تەلارسازیەکان بەرهەمێکی گەورەیان هەبوو. یانەکانی کرێکاران پێکهاتبوون لە چەند بەشێک وەکو ساڵە auditorium و ڕێستورانت و هەروەها هەندێ جار جێگای وەرزشکردن، بەلام کتێبخانە لە هەموویان زیاتر بایەخی پێدرا بۆ جەختکردنەوەیەکی لەڕادە بەدەر لەسەر هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری. لە هەمووی گرینگتر خودی بیناکان ئامانج لێیان خزمەتکردن بوو وەکو فۆرمێکی نوێتر و خۆڕاگرتری پڕوپاگەندەی مەزن. جۆری دووەم لە کۆکەرەوە کۆمەڵایەتیەکان خانووی ئیشتیراکی بوو communal house کە بریتی بوو لە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوون بە خزمەتگوزاری تەواوەوە. خانووی ئیشتیراکی وەکو بیرۆکە لەڕاستیدا زادەی کۆمەڵگەی فالەنستری بوو phalanstery، کە کۆمەڵگەیەکی یۆتۆپی بوو لەلایەن سۆشیالیستی بەرایی چارلس فوریەی خرابووە بەر باس لە سەدەی نۆزدەدا لە فەرەنسا. خانووی ئیشتیراکیش هەروەکو باخچەشار garden city زیاتر دروشمێک بوو وەک لەوەی چەمکێکی ڕوون و ئاشکرا بێت. زاراوەکە بە چەندین بینای جیاواز دەوترا هەر لە مەسکەنەکانی کرێکاران بە کوالیتیەکی خراپەوە بگرە لە سەردەمی قەیسەریەت تا دەگاتە ئەپارتمێنتە بە ستاندارد و باش دیزاینکراوەکانی

مۆسکۆی سۆڤیەتی. لە نیوەی دووەمی بیستەکان دا، تەجروبەی بەرفراوان دەستیانپێکرد وەک هەوڵێک بۆ دوبارە بنیاتنانەوەی ژیان لەڕێگای بەکۆمەڵکردنی collectivization خزمەتگوزاریەکانی خۆراک و کەمکردنەوەی رووبەری ئەپارتمێنتەکان. دانانی خزمەتگوزاری نوێ و هاوبەش لە ئەپارتمێنتەکان دا بۆ دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بوو بە رووبەرێکی بچووکەوە.[12]

پرۆگرامی بەشێکی زۆر لە تایپی بیناکان لەبەرەوەی نوێ بوون دەبوو بیریان لێبکرێتەوەو لە هیچەوە دابڕێژرێن، ئەمەش وایکرد کە ساڵانی نێوان ١٩١٧-١٩٣٢ قۆناغێکی پڕ لە تاقیکاری بێت بۆ تەلارسازی، بینا نوێیەکان پێویستیان بە توێژینەوەی بەردەوام و کۆکردنەوەی زیاتری زانیاری هەبوو دەربارەی ئیمکانیاتی هەر بینایەک، چەندایەتی و چۆنایەتی بۆشاییەکان، پەیوەندی نێوان زۆنەکان و بەشەکانی بینا، کارلێکی خەڵک لەناویاندا، وە شێوازی هاموشۆ بەناو بیناکان دا.

## تەلارسازی سەر کاغەز paper architecture
کشان بەرەو یۆتۆپیا

**"لە ماوەی ساڵانی بەراییدا، کات کاتی تەلارسازی سەر کاغەز بوو ئەو دەمەی کە زۆر کەم یاخود هیچ شتێک دروست نەئەکرا. بۆیە خوێندکارە گەنجەکانی قوتابخانەی ڤیخوتیمەس، ئەو تەلارسازانەی دەرچووبوون و تازە دەرئەکەوتن، ئەو وێنەکێشانەی کە ڕوویان ئەکردە تەلارسازی ، دەیانتوانی بەهرەو توانای داهێنانی خۆیان بەرەڵا بکەن و گوێ نەدەن بە لایەنە وەزیفیەکانی تەلارسازی و ئەو کێشانەی پەیوەندیان بە مەسائیلی دروستکردنەوە هەیە. تەبریرکردن و هێنانەوەی بیانووی عەقڵانی بۆ بەکارهێنانی فۆڕمەکان، کەمترین شتێک بوو کە بایەخی پێبدەن. لەڕاستیدا ئەوە کۆمەڵە چەپەکانی ناو قوتابخانەی ڤیخوتیمەس بوون کە ڕۆڵێکی پێشەنگیان گێڕا لەم بوارەدا لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٢. قوتابخانەی ڤیخوتیمەس ئەو شوێنەبوو کە بیردۆزە بەربڵاوەکانی ئەوکاتی لێوە گەشەیان کردبوو دەربارەی یاریکردن بە قەبارەکان و ئیقاع و جوڵە و تەلارسازی وەکو ئەندامێکی زیندوو".**[13] ئیلیا گۆلۆسۆڤ لە کۆنفرانسێکدا ساڵی ١٩٢٢ بەمشێوەیە باسی ڕەوشی تەلارسازی دەکا لە قۆناغی دوای شۆڕشدا.

وەک ئاشکرایە تەلارسازی بوارێکی وەزیفەییە و دەبێت توانای جێبەجێکردن و دروستکردنی هەبێت لە ئەرزی واقیعدا، بۆ ئەمەش پێویستی بە سەرچاوەی ماددی هەیە. بەپێچەوانەی هیواکان و پێشبینیەکان، ساڵانی دوای شۆڕش پڕ بوون لە ماڵوێرانی و برسیەتی و قاتیوقڕی. لە ١٩١٧ بەدواوە شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی ڕوویدا لەنێوانی چەندین حیزب و گروپدا، سەرەکیترینیان سوپای سپی و سوپای سور بوون، بەرەی یەکەمیان خوازیاری دامەزراندنی سیستەمێکی کاپیتەلیستی بوون لەبەرامبەر ئەوانیشدا بەرەی دووەم کە دەستیان گرتبوو بەسەر هەردوو شاری مۆسکۆ و سان پیتەرزبێرگ بە سەرکردایەتی لینین کەوتبوونە داسەپاندنی سیستەمی سۆشیالیستی. شەڕەکە درێژەی خایاند تا ١٩٢١ بە سەرکەوتنی یەکجاری سوپای سوور کۆتایی هات و هەموو ڕووسیایان خستە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا ملیۆنان کەس بوونە قوربانی کە زۆربەیان هاولاتی بوون و گورزێکی کوشندەش بەر سەرخان و ژێرخانی ولات کەوت. زۆربەی خانووەکانی شار دارمین، بەشێکی بەهۆی توندوتیژیەکانی جەنگەوە بوو بەڵام بەشێکی دیکەشی لەلایەن دانیشتوانە بوو کە خانووەکانیان دەڕوخاند تا لقی درەختەکان کە لە دروستکردنی خانووەکان دا بەکارهێنرابوون بسوتێنن بۆ خۆ گەرمکردنەوە لە سەرمای زستان. لە ماوەی دە ساڵداو بەهۆی سێ ڕووداوی خویناوی و ماڵوێرانکەری یەک لەدوای یەکەوە جەنگی یەکەمی جیهانی و شۆڕشی ئۆکتۆبەر و ئینجا شەڕی ناوخۆ، کەرتی بیناکاری لە ڕووسیا دا بە یەکجاری پەکی کەوت. خێزانە ئەرستۆکراتەکان و بازرگانە دەوڵەمەندەکان لە مۆسکۆ و سان پیتەرزبێرگ ڕایانکرد بۆ دەرەوەی ولات، تەنانەت ڕێژەیەکی بەرچاو لە چینی ناوەڕاستی خەڵکیش ڕوسیایان بەجێهێشت، بۆیە تەلارسازان زۆربەی هەرە زۆری خاوەن کارە گەورەکانی خۆیان لەدەست دا، حکومەتیش لە توانایدا نەبوو سەرمایە بخاتەگەڕ بۆ دروستکردنی پرۆژە لە کەرتە جیاوازەکان دا. ئەوەی کە زۆرینەی دانیشتوانی پێکدەهێنا چینی کرێکار و جوتیار و ڕەنجدەران بوون، ئەوانیش شەڕیان لەگەڵ

ژیاندا ئەکرد لەپێناوی مانەوەدا، چ جای بکاتە دروستکردنی کۆشک و تەلار. بەمشێوەیە کورتهێنانی مەوادەکان و تێکچوونی باری سیاسی و دارایی و ئابووری، واقیعێکی وای هێنایە پێشەوە کە تەلارسازانی دوچاری زەحمەتیەکی زۆرکردەوە لە لایەنی پراکتیکی دا، بەشێوەیەک کە تا ١٩٢٤ هیچ جۆرە پرۆژەیەکی نوێی گەورە large scale دروستنەکرا کە شایانی باس بێت جگە لە هەندێ پێشانگا و کوشکی سەرشەقام kiosk و چاکردنەوەی هەندێ بینا.[١٤، ١٥] لە ١٩٢٠ بەلشەڤیەکان پلانێکیان دانا بۆ گەیاندنی کارەبا بە هەموو ولات لە ماوەی ١٠-٥٠ ساڵدا، کە بە پلانی GOELRO ناسرا، لەڕێگای دروستکردنی تۆڕێکی بەرفراوان لە وێستگەی بەرهەمهێنانی ووزە. دواتر لینین لە ئازاری ١٩٢١ و دوای شەڕی ناوخۆ سیاسەتی نوێی ئابووری New Economic Policy خستە بواری جێبەجێ کردنەوە بە کردنەوەی دەرگا لەبەردەمی سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەتی دا و هەڵگرتنی هەندێ کۆتوبەند لەسەر بازرگانی. جۆری نوێی ئەرک و سپاردەی تەلارسازی دروستبوون بەهۆی ئەو پێداویستیانەوە کە گرێدرابوون بە پلانی گەیاندنی کارەبا وەکو دروستکردنی کارگەکان، شوێنی نیشتەجێبوونی کرێکاران، وێستگەی کارەبا.[١٦] هەروەها لەگەڵ چەندین پلانی تری درێژخایەن بۆ بەهێزکردنی سیستەمەکانی گواستنەو بە بەرداکردنەوەی هەناسە بە شارەکان دا. هەرچەندە لە ماوەی ئەم ساڵانەدا نزیکەی ٣٠٠ وێستگەی کارەبا و ژمارەیەک کارگەی ڕستن و چنین دروستکران لەگەڵ کارگەیەکی ئۆتۆمبیل لە شاری مۆسکۆ، بەڵام ئەو پرۆگرامانە بایەخێکی ئەوتۆیان نەبوو بەراورد بە پێداویستی وڵاتێکی وا بەرفراوان.[١٧] لەبەرئەم هۆکارەش پلانەکان لە نیوەی یەکەمی بیستەکاندا کاریگەریی بەرچاویان نەبوو لە بوژانەوەی کەرتی بیناکاری دا لەسەر ئەرزی واقیع، بەڵام نەبوونی چالاکی پراکتیکی کە مەودای کارکردنی تەلارسازانی سنوردارکردبوو، قەرەبوو کرایەوە بە گەڕان بەدوای دیزاینی نوێ و ئەزموونی دا experimental designs. ڕاستە کە تەلارسازان تەنها دەیانتوانی لەسەر کاغەز خەون ببینن و زۆرینەی دیزاینەکانیان تەنها لەسەر بۆردی وێنەکێشان مایەوە paperdesign، وەلێ بارودۆخەکە بووە مایەی گەشەسەندنی تەلارسازی بەشێوەی تیۆری و دواتریش بووە مایەی ئەخشاندنی سەرلەبەری تەلارسازی سۆڤیەتی لە ساڵانی داهاتوودا، بە تایبەتی بەهۆی ئەو پێشبڕکێ تەلارسازیانەی کە ئەنجام دەدران بۆ دروستکردنی بیناکان. لەڕێگای مومارەسەکردنی دیزاینی سەر کاغەزەوە paper design بۆ داهاتوو، تەلارسازان ئەیانویست ئەو ئامرازانە پەرەپێبدەن کە پێویستن بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەرکە نوێیەکانی کۆمەڵگە و بەدیهێنانی وێنەی نوێ و زمانی نوێی دەربڕینی هونەری.

## گەڕان بەدوای زمانێکی نوێی بەسەری دا

لە خیلالی پیڤاژۆی مۆدێرنیزەکردنی ڕووسیا دا، کە چارلس جێنکس لەناو بازنەی **"نەریتی چالاکوانی"** دا پۆلێنی کردووە، تەلارسازان تامەزرۆی ئافراندنی تەلارسازیەک بوون کە هانی کۆکردنەوەو کارلێکی کۆمەڵایەتی بدات، وە تەقەشوفێکی بێ ئەندازەی پێوەدیاربێت تا هاورێک بێت لەگەڵ تەقەشوفی ئابووری دا. لەبەرەوە پرۆسەی گەڕان بەدوای زمانێکی نوێی بەسەری دا تاکو تەعبیر لە سیستەمی نوێ بکات و بسازێت لەگەڵ سۆشیالیزم دا، بە گەورەترین ئەرکی لەپێشنیە دانرا، ئەمەش بە دروستکردنی میتافۆر و سیمبولی نوێ کە بەلای کۆمەڵانی خەڵکەوە ئاسان بن بۆ تێگەیشتن لەلایەک و بەرجەستەی ئایدیەڵەکانی شیوعیەتیش بکەن لەلایەکی دیکەوە. تەلارسازان ئەو زمانەیان لە هونەری ئاڤانت گاردەوە هەڵێنجا. کاونتەر ڕیلیفەکانی تاتلین ئەو ڕێگایەیان دۆزیەوە کە مەوادی نوێ دەتوانێ فۆرمی هونەری نوێ بێنێتە بوون، هەروەها 'پوختەکاری باڵا supreme abstraction'ی فۆرم لە بوارێکی چوار ڕەهەندی دا کە مالیڤیچ دایهێنا زەمینەیەکی لەباری ڕەخساند بۆ داهێنەرانی فۆرم بۆ دروستکردنی زمانێکی فۆرمی لە بنەما سەرەکیەکانی هونەر و تەلارسازیەوە.[١٨]

پرۆژە ئەزموونیەکانی سەر کاغەز experimental projects بیروباوەڕە نەریتی و لە قاڵبدراوەکانی تەلارسازیان خستەژێر پرۆسەی دوبارە پێداچوونە و دوبارە هەڵسەنگاندنەوە، لە درێژەی پرۆسەکەدا ئەخلاقیاتی نوێی پیشەییش پەرەیانسەند. تەلارساز چیتر وا لە خۆی نەئەڕوانی کە لەسەری پێویست بێت پسپۆری خۆی لەو ئەرکەدا نیشانبدات

کە پێی سپێردراوە بۆ دروستکردنی وەزیفەو ناوەڕۆکێک کە هیچ بەرپرسیارەتیەکی هەڵنەئەگرت دەربارەیان. ئەو ئێستا هەستەکات بەرپرسیارەتی کەوتۆتە سەرشانی بۆ ڕێکخستنێکی وەزیفەیی فۆرمە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان، وە بۆ دروستکردنی ستراکچەری بۆشاییانە spatial structures کە هانی گەشەسەندنی فۆرمەکان بدەن بەرەو پێشەوە. ئەوەی لە پەرەسەندندا بوو بریتی بوو لە مەفهومێکی تەلارسازی کە ئامرازێک بێت بۆ گۆڕینی ڕووی خاک و زەوی ، ڕێکخستنی پاتێرنی سێتلمێنتەکان، دوبارە بیناکردنەوەی ستایلی ژیان، وە هەروەها بۆ ڕۆشنبیرکردن و پەروەردەکردنی تاکەکەس. ئەمانە پێوەری حوکمدان بوون دەربارەی ئەوەی تا چ رادەیەک تەلارسازیەکە توانیوویەتی بەرپرسیارەتی خۆی بەرامبەر کۆمەڵگە هەڵبگرێت.[۱۹]

مۆدە کۆن و ڕەجعیەکانی تەلارسازی کە باو بوون (کلاسیکیەت، نیۆ کلاسیک، ئارت نوڤۆ، هتد)، لە دیدی ئەوەی نوێی تەلارسازانەوە وێنەیەک بوون بۆ سیستەمێکی کۆمەڵایەتی شکستخواردوو. تەلارسازی سەردەمانی پێشوتر تەنها بۆ تێرکردنی ئارەزووی ئەرستۆکراتەکان بیناکرابوو، فەرهەنگ و زەخرەفەو شێوەو ناوەڕۆکی ئەو تەلارسازیە بیوونە بەشێک لە کەلتوری چینی بۆرژوازی سەرکوتکەری چینی پرۆلیتاریا. وەها تەلارسازیەک بەهیچ جۆرێک لە جۆرەکان لەناو کەلتوری پرۆلیتاریەت دا جێگای نەدەبووەوە. لەبەرەوە ڕەتکردنەوەی ترەدیشن و ڕابردوو بە ئەرکێکی پیرۆز دائەنرا و ، هەموو تەلارسازیەکی نەریتی بە کۆنەپەرستی حیساب ئەکرا. هەڵبەتە پچڕاندنی هەموو لینکێک لەگەڵ ڕابردووی دواکەوتوو دا، کێشەی هێنایە بەردەمی ئەو تەلارسازەی کە بەدوای زمانێکی بەسەری گونجاو دا ئەگەڕا بۆ تەعبیرکردن لە ئایدیەڵە نوێیەکان. ئەو نەیئەتوانی شتێک لە هیچەوە دروستبکات تەنانەت ئەگەر تێگەیشتنێکی قوڵیشی هەبووایە بۆ پرۆسە زیندووەکانی ژیان. فەرهەنگێک کە پڕ بە پێستی بارودۆخی نوێ بێت هەر دەبووایە دروست بکرێت. بەڵام ئێستا کەسی دروستکەر ڕووبکاتە کوێ بۆ فۆرمەکانی؟ ڕاستیەکانی هەلومەرجی هاوچەرخ بە تەنها دەتوانن فەرهەنگێک بهێننە کایەوە، یان تاکەکەس دان بەوەدا بنێت کە پێویستە لێکدانەوەی تایبەتی خۆی لەسەر ڕووداوە نوێیەکان دابنێت؟ ئایا دەبێت هەر بینایەک وەها مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت کە چارەسەرێکی بێلایەنە بۆ پرۆگرامێکی وەزیفەیی ووردی شیکارکراو لەگەڵ پێداگیری لەسەر عەمەلی بوون؟ یان پێویستە هونەرمەند بەدوای میتافۆر و وێنەی مەجازی دا بگەڕێت کە تیایاندا سەرسام بوونی خۆی بە ئاسۆکانی پاش شۆڕش پوختکرابێتەوەو نیشان درابێت؟ لەوانەیە وا پێویستکات هەوڵی ئافراندنی دروشمی بریقەدار بدات کە ئاماژەیەک ببەخشن دەربارەی دەوڵەتی داهاتوو، یان لەوانەیە وا پێویستکات سەرنجی خۆی چڕ کاتەوە لەسەر دیزاینکردنی پرۆتۆتایپە ئاساییەکان بۆ بەرهەمهێنانی بە جوملە لە پاشەڕۆژدا بۆ خزمەتکردنی ژمارەیەکی زیاتری خەڵک. ئەم تەنگژەو پرسانە بوونە بناغەی دیبەیتەکان و گەڕان بەدوای فۆرم دا لە کۆتایی دەیەکان و سەرەتای بیستەکانی سەدەی بیست دا. هەریەکە لە ئێنگلز و مارکس هیچ تیۆریەکی چەسپاویان نەبوو دەربارەی وەزیفەی هونەر و تەلارسازی لە کۆمەڵگەی سۆشیالیستی دا یاخود ڕەوتی پەرەسەندنیان. لەبەرەوە هونەرمەند و تەلارسازان دەبوو هەر خۆیان قوڵی لی هەڵماڵن و تیۆریەک لەمبارەوەیە دابرێژن. گفتوگۆی چڕوپڕ ئەنجامدران سەبارەت بە میراتی **"ئیستاتیکای ڕۆحی"** بۆرژوازی، ئایا دەبێت هونەرمەند و تەلارساز دوبارە تێکەڵ بێتەوە بە وەزیفە کۆمەڵایەتیەکان لەڕێگای تێشک خستنە سەر دیزاینکردنی تەنی سودبەخش و وەزیفەیی؟ یان هونەرمەند هەر لە قالبی پێناسە کۆنەکەی دا دەمێنێتەوە وەک لەمەوپێش باسمان کرد. لەم بەینەدا هەندێ تەلارسازی وەکو ئێل لیستیزکی کە دواتر دێینە سەر باسکردنی، هەوڵیان دا هەردوو بۆچوونەکە بەشێوەیەکی کرداری بەیەک بگەیەنن

لەگەڵ دامەزرانی قوتابخانە نوێیەکان دا شوێنەوارەکانی ڕێچکەی فێرکردنی تەقلیدی سڕانەوە کە سەرچاوەکەی قوتابخانەی هونەرە جوانەکانی پاریس بوو Beaux Arts ، وە بیرۆکە سەرەکیەکانی دیزاین basic design ideas لە هونەری ئەبستراکتەوە هێنران لەگەڵ هێنانی بیردۆزگەلێک کە لەسەر هەبوونی ئیمان بە زمانێکی جوانی گەردوونی بیناکرابوون universal aesthetic language ، وەک ئەوەی لە سوپریمەتیزمی مالێڤیچ دا بوونی هەبوو.

## گەڕان بەدوای زمانێکی نوێی بەسەری دا

ناوم گابۆ و ئەنتوان پیڤسنەر هەولیان دا پەیکەرێکی زانستی – تەکنەلۆجی دروست بکەن لە ستیل و پلاستیک و شوشە ، تییاندا تێگەیشتنی کیوبیستەکان و فیوچەریستەکان بۆ پەیکەرتاشی سوودی لێوەرگیرابوو لە دروستکردنی ئیقاعاتی سەرەتایی فۆرم و سپەیس دا ، بە حیسابی لاسایی کردنەوەی خاسیەت و یاسا فیزیاییەکان.

چارسەرێکی جوزئی بۆ کێشەی هێنانە ئارای تەلارسازیەکی هاوچەرخ بەبێ گەڕانەوە بۆ دامەزراوەو نمونەکانی ڕووسیای قەیسەری، خۆی لە خۆیدا لە بنچینەی ئەو کارانەدا هەبوو کە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا دا ئەنجام درابوون بەرەو ناساندنی تەلارسازی مۆدێرن. ئایدیاکانی فیوچەریزم هاوردە کران، لە کارەکتەرە فاشیستیەکانیان داماڵران و لەجیاتی ئەوە پڕکران بە ئایدیەڵەکانی مارکسیزم لە هەولی گەڕان بەدوای میتافۆری گونجاودا بۆ تەعبیر کردن لە داینەمیکیەتی ناوەکی پرۆسەی شۆڕشگێڕی. پەرستنی مەکینە بووە ڕوکنێکی ئیمان، لەسەر ئەو بڕوایەی کە بە مەکینەکردن هاوڕێکە لەگەڵ ڕێچکەی پێشڤەچوونی مێژوویی و کۆمەلایەتی دا. هەڵبەتە ئەم هەموو خەیاڵ وفانتەسیەش بابەتێک بوو کە هێندە جێگای پەرۆشی و گرینگی پێدان نەبوو لە ولاتێکی وەکو یەکێتی سۆڤیەت دا کە تا ئەو دەمە لە ناحیەی پیشەسازی یەوە زۆر لە دوای ئەوروپای ڕۆژئاواوەوە بوو، خەلکیش بە گشتی جوتیار بوون نامۆبوون بەو دیمەنە پیشەسازیەی تەلارسازان و هونەرمەندان برەویان پێ ئەدا. لەپاڵ ئەمەشدا زۆربەی چالاکی ئاڤانت گاردەکان تەنها لە شارەکان دا قەتیس مابوو، ڕۆلێکی وای نەبوو لە پەرەپێدانی نەریتەکانی ڤێرناکیولەر.

بەمشێوەیە کەمینەیەکی ئاڤانت گاردی بە پەرۆش، ئەرکی فۆرمەلە کردنی زمانێکی بەسەریان خستە سەر شانیان پڕکرابێت بە هیواکانی کۆمەڵگەی سۆڤیەتی. لایەنی جەوهەری لەم ڕوانگەیەدا ، هەبوونی بڕوا بوو بەوەی هونەرمەند و تەلارساز پێویستە حیکمەت و تێگەیشتنێکی زیاتری هەبێت بۆ پرۆسە قوڵەکانی کۆمەڵگە، کە گوزارشتێکی جەماوەری ڕووکەش تێپەڕێنێت. لە یەکێتی سۆڤیەتدا و لەژێر کاریگەری بیردۆزی بەرهەمخوازی productivism ئایکۆنۆگرافیەک (هونەری ڕەمزی) پەرەیسەند کە ڕوتەختە هەڵگەڕاوەکانی هونەری ئەبستراکتی floating planes of abstract art تێکەلکرد لەگەڵ ئەو دیمەنانەی ڕاستەوخۆ لە زەمینی کارگەو سیستەمی بەرهەمهێنان دا وەرگیرابوون. جوانی کارگە و ئێریەل و بوقی کەشتی و وایەر بەیەکەوە بەسترانەوە بۆ دروستکردنی کەلاژی تەلارسازی architectural collages. ئەو زمانە بەسەریەی کە دروستبوو شەیدابوونێکی بێ ئەندازەی پێوە دیاربوو بۆ مەکینە machine fetishism.[۲۰] لەگەڵ پارچەپارچە بوون fragmentation و هەبوونی پەشێویەکی بەرچاو لە ناحیەی فۆرمەوە chaos کە دەلالەتی دەکرد لە پرۆسەی شۆڕشگێڕی. هەروەها خێرایی و جولەیەکی زۆر بە فۆرمەکانەوە دیارە. بەمەش دیزاینەکانی ئەم قۆناغە (١٩١٧ – ١٩٢٤) بەشێویەکی ئاشکرا ڕواڵەتێکی داینەمیکی و ئێکسپریشنیستیان وەرگرتووەو داهێنانێکی کەموێنەیان تێدا کراوە.

## ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێڕی

چەکەرەکردنی ئاراستە جیاوازەکان

ئەوەی ڕاستی بێت هەلە نیە گەر بڵێین سەرتاپای تەلارسازی سەدەی بیست بریتی یە لە مێژوویەکی پارچەپارچە fragmented. پەرشوبلاو بوونەوەی ئاڤانت گاردەکان لە دەوروبەری جەنگی یەکەمی جیهانی دا، لە گەردەلولێکی کەلتوریانەی گەورە ئەچێت کە تیایدا یەک کەلتوری یەکگرتوو تووشی لێکترازان ئەبێت بۆ چەندین پارچە. بە دڵنیایەوە لە مۆدێرنیزمی ڕوسی دا پارچە fragment جۆرێک لە مەرکەزیەتی بەدەستهێنا بەراورد بە پێگەی مەکینە بەلای ڕاشنەلیستەکانی ئەوروپا و پێگەی ئۆرگەنیکیەت بەلای ئێکسپریشنیستەکانەوە.[۲۱] نووسەری ئینگلیزی هێربێرت جۆرج وێلز کە لە ١٩٢٠ سەردانی مۆسکۆ و پیترۆگرادی کردووە، نووسیویەتی **"باوەڕی زاڵی ئێمە دەربارەی شتەکانی ڕوسیا بریتی یە لە باوەڕی خاپووربوونێکی گەورە کە ئومێدی چاکبوونەوەی لێناکرێت. شانشینێکی مەزن کە ساڵی ١٩١٤ لێرەدا بوونی هەبوو، لەگەل تێکڕای ئەو سیستەمە کۆمەلایەتی و دارایی و بازرگانی و ئیداریانەی کە پێوە پەیوەستبوون، بەتەواوی داڕما و ووردوخاش بوو. مێژوو**

**هیچ کاتێک وێرانبوونێکی وەهای بەخۆیەوە نەبینیووە."** وێلز بەم گوتانەی هەستاوە بە کێشانی دیمەنێکی شارە مردووەکان، کۆشکە خامۆش و چۆڵەکان، دوکانە داخراوەکان، خانووی ساردوسڕ و نەگونجاو بۆ نیشتەجێبوون، وە برسیەتیەکی تەشەنەسەندوو.[٢٢]

شپرزەیی، نا سەقامگیری، لێکپچڕان و گۆڕانی بەردەوام بوونە کرۆکی جۆرە ئاراستەیەک کە خوازیاری ئەوەبوو کاری هونەری و تەلارسازی بە توندی کارلێک بکات لەگەڵ جیهانی دەرەوەی ستۆدیۆدا. بۆ نموونە ڕیلیفە گۆشەیەکانی تاتلین corner reliefs خواستی ئەوەیان هەیە کاربکەنە سەر سپەیسەکان بۆ ئەو دیوی سنوورەکانی خۆیانەوە. گۆشەی ژوور لەجیاتی ئەوەی شوێنێکی ستاتیک و ئارام بێت، وەکو خاڵێکی داینەمیکی دەرچوون و بەجێهێشتن مامەڵەی لەگەڵداکراوە کە لێیەوە کەسێک دەتوانێت لەیەک کاتدا بە چەندین ئاراستەدا بکەوێتە جوڵە. هەیکەلی کارەکانی تاتلین داینەمیکین و جگە لەوەش ئەندازەیەکی پێشکەوتوو لە مەوادە خاوەکان دا نیشاندراوە ، وەک ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە شتێک هێندە بەخاوی و چاک نەکراوی بەیەکەوە بەستراوەتەوە کە دەکرێ لەیەک جیابکرێتەوە یاخود دووبارە بیری لێبکرێتەوە. ڕووپۆش نەکردن بە تەواوی ئاماژەی ئەوە ئەدات بیرۆکەکە هەمووی تەواو نەبووە.

پاش ئەوەی نیگارکێش و گرافیک دیزاینەرەکان لەژێر فشاردا ناچار بوون لە ئیشی دوو ڕەهەندی یەوە ڕووبکەنە سێ ڕەهەندی ، تاکو چالاکانە بەشداری بکەن لە گۆڕانکاری یە کۆمەڵایەتیەکان دا و جێدەستێکی دیارو بینراو بەجێبهێڵن، ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ هەستا بە دیزاینکردنی کوشکێکی فرۆشتنی ڕۆژنامە newspaper kiosk کە لە تابلۆیەکی سوپریمەتیستی ئەچێت کرابێتە واقیع، دیزاینەکە شێوەیەکی شپرزەی هەیە و تیایدا فۆرمەکان بەریەک کەوتوون، وا دێتە بەرچاو خودی دروستکردنەکەی لە هەڵوەشانەوەدایە، یان بڵێین بارستەکان لە هەستان و کەوتنێکی بەردەوام دان. پارچە پڕ لە ووزەکانی بە ئاستەم پێکەوە نووساون، وەکو کەلاژێک collage کە تا ئێستا یەکلایی نەبۆتەوە ئاخۆ بڕیار وایە پێکەوەبلکێت بە تەواوی یاخود لێکجیابێتەوە، یان وەکو وێنەیەکی بچووکراوەی کۆمەڵگەیەک کە لە حاڵەتی گۆڕان و هەڵکشان و داکشان دایە.[٢٣]



**١.٢ ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ، کوشکی ڕۆژنامە، ١٩١٩.**

کوشکەکە نیشانی ئەدات کە چۆن ڕسوماتە دوو ڕەهەندیەکان (کەنستراکشنە ڕاستەهێلیەکان) گەشەیان پێدراوە بۆ دروستکردنی دیزاینێکی تەواوی سێ ڕەهەندی. خاڵێکی سەرنجڕاکێش لەم دیزاینەدا ئەوەیە کە باوەڕی دژە هونەریانەی ڕۆدچینکۆ وایلێکردووە کە، تەنانەت شێوەی مرۆڤەکەش وەربگێڕێتە سەر شێوەیەکی ئەندازەیی بە بەکارهێنانی ئەدەواتی ئەندازیاری ، بەمەش هەموو شوێنەوارێکی فریهاند و لەمسەی هونەری بەسەر ڕەسم کێشانەکەوە سڕاوەتەوە.

هەر لە ساڵی ١٩١٩ و لە کارێکی دیکەی دا بەناونیشانی "کۆمپۆزیشنی ئارکیتێکتۆنیک بە بەکارهێنانی ئێلەمێنتە سۆلیدەکان" جارێکی تر ڕۆدچینۆ فەلسەفە بونیاتگەرەکەی بەرجەستەکردۆتەوە، کۆمەڵە فۆرمێکی گۆشەتیژ لەسەریەک دانراون بەڵام هیچ ڕەبتێک لەنێوانیاندا نیە ، هەر یەکەو بە ئاراستەیەک و بە گۆشەیەک دانراوە، بەمەش کۆی دیزاینەکە لە ناسەقامگیری دایە.



٢.٢ ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ، کۆمپۆزیشنی ئارکیتێکتۆنیک بە بەکارهێنانی ئێلەمێنتی سۆلید، ١٩١٩.

لە سکێچێکی ڤلادیمیر کرینکسی دا بۆ کوشکێکی پروپاگەندە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای بیستەکان هەمان ئەو ڕوخسارانەی کارەکەی ڕۆدچینکۆی تێدا دوبارە بۆتەوە. کۆمپۆزیشنەکە لە حالەتێکی شلۆق دایە، بارستەکان بالانسی خۆیان لەدەستداوەو بە پەشێوی دەرەکەون.

ناوم گابۆ لە سالی ١٩١٩ دا پرۆژەیەکی دیزاینکرد بۆ ویستگەیەکی ڕادیۆ لە شاری سێرپوچوڤ لە نزیک مۆسکۆ. لەم پرۆژەیەدا هەولێکی جددی بەدی ئەکەین بۆ دەمجکردنی پەینتینگ و پەیکەرتاشی و تەلارسازی لەسەردەستی گابۆ. لە بنکەوە لە تاوەری ئافیل ئەچێت بەلام دواتر کە بەرەو سەرەوە ئەڕۆین، بەشە ئینشائی و تەکنیکیەکان گۆڕدراونەتەوە بە ئۆرنەمێنتی تەلارسازی بەشێوەی میکانیکی، سەرەنجام ستراکچەرەکە، بەسەریانە، جولەووزەیەکی فیزیایی پێ بەخشراوە.



٣.٢ ناوم گابۆ، پرۆژەی ویستگەی ڕادیۆ، ١٩١٩-١٩٢٠



٤.٢ ڤلادیمیر کرینسکی، کوشکی پروپاگەندە، ١٩١٩.

گومـان لەوەدانیـە بارودۆخـی پەشـێو و ناجێگیـر لـە هەمانكاتـدا بـووە هەوێنـی دروسـتبوونی پلانـی پـڕ لـە هیـوا و خواسـت بـەرز. كۆمەڵگەیەكی وەهـا نـوێ بـۆ مرۆڤێكـی نـوێ ، پێویسـتی بـە فۆرمـی نـوێ هەبـوو. بۆیـە چەندیـن هـەوڵ بـەدی ئەكرێـن لەسـەردەستی تەلارسـازان بـۆ موتوربەكردنـی هونـەر و تەلارسـازی بـە ئەجێندای سیاسـی و كۆمەڵایەتی لەڕێگای تەحویل كردنـی سۆشـیالیزم و ئاواتەكانـی ڕەنجـدەران بـۆ نـاو فۆرمێكـی مـاددی. ئومێـدی تەلارسـازان ئەوەبـوو ژینگـەی دەسـتكرد بەكاربهێنـن بـۆ ڕێكخسـتنی گۆڕانكاریـە كۆمەڵایەتیـەكان و تێكەڵكردنـی ئاڤانت گاردیـزم بـە ژیانـی ڕۆژانـەی خەڵـك. لـە ڕێگای تەلارسـازی یـەوە، فـەزاو فۆرمـی 'سۆشیالیسـتی' دروسـتبكرێن، كە بەلشـەڤیەكان لەپێناوی دا شۆڕشـیان كردبوو.

كەنیسـەی ئۆرسـەدۆكی ڕوسـی بـۆ مـاوەی چەندیـن سـەدە بـوو دروسـتكردنی وێنـەی مرۆڤـی قەدەغەكردبوو، دروسـتكردنی بینـا لـە جیاتی پەیكـەر وەكـو مۆنۆمێنـت بـۆ سـەركەوتنە مەزنـەكان، ببـووە كارێكـی شـەرعی و نەریتی. لەبـەر ئـەم هـۆكارە یەكەمیـن دیزاینـی بینـاكان لـەدوای شـۆڕش بریتـی بـوون لـە پـڕۆژەی "مۆنۆمێنـت" ، وەكـو نیشـانەو ڕێكلامێـك بـۆ سـەركەوتنی ڕاسـتەقینەی سیاسـی بەسـەر كەنیسـەو نیزامـی كۆنـدا. لـە شـارە سـەرەكیەكانی وەكـو مۆسـكۆ و پێترۆگـراد (سـان پیتەرزبێـرگ) ، پێشـانگا جەماوەریەكانـی سـەر شـەقام بـۆ ئاهەنگەكانـی بۆنـەی ئایینـی شـرۆڤتاید و تـاج لەسـەرنانی ئیمپراتـۆری، نوێكرانـەوەو گـۆڕدران بـۆ مەبەسـتێكی تـازە: فیسـتیڤەڵی شۆڕشـگێڕی. گۆڕەپانەكانـی شـار ڕازێندرانـەوە بـە سـیمبول و دروشـمی ئایدیۆلۆجـی، كۆمەڵەكانـی كرێكاران خۆپیشـاندانیان ئەكـرد بـە جـادەكان دا و لافیتـەی گەورەیـان هەڵئەگـرت بۆ گاڵتەكردن بـە قەیسـەریەت و كاپیتەلیزم و سەركردەی بەرەی هاوپەیمانان.[٢٤]

نیكۆلای كۆلـی تەلارسـازێكی ڕادیكەڵـی خـاوەن بەهـرە بوو، لە ١٩١٨ لە سـالیادی شۆڕشـی ئۆكتۆبەر دا هەسـتا بە دیزاین كردنی مۆنۆمێنتێك لەسـەر گۆڕەپانی سـوور بەناونشـانی "پڕۆژەیـەك بۆمۆنۆمێنتـی بەرزڕاگرتنـی یـادی سـەركەوتنی سـوپای سـور بەسـەر جەنـەراڵ كراسنۆڤ". ئەم مۆنۆمێنتە بە یەكەم مۆنۆمێنتی گشتی ئەبستراكتی سیاسـی دائەنرێت لە جیهاندا.[٢٥] كۆلی دوو یەكینـەی سـادەی بەكارهێنـاوە units كـە بلۆكێكـی سپی و پوازێكی سـوورن wedge و لەسـەر بنكەیەكی ڕەش دانراون، بلۆكە سـپیەكە لەسـەرەوە شـەق بووە بەهـۆی پوازەكـەوە. لـە ترسـی ئـەوەی جەمـاوەر لـە ڕەمزەكان تێنەگەن ، بلۆكە سـپیەكە وەك ئاماژەیەك بۆ لایەنگرانـی ڕوسـیای قەیسـەری بەشـێوەیەكی ئاشـكرا ناونیشـانی بـۆ دانـراوە بـە نوسـینی "تاقمەكانـی سـەربازانی سـپی" بەسـەر درزێـك دا كـە بەهـۆی تەوری سووری بەلشەفیەكانەوە دروست بووە.[٢٦]



**٥.٢ نیكۆلای كۆلی، مۆنۆمێنتی سەركەوتنی سوپای سوور بەسەر جەنەڕاڵ كراسنۆڤ، ١٩١٨.**

فەلسـەفەی پڕۆژەكـەی كۆلـی و ڕەمزەكانـی نـاوی لەدواتـردا لەلایـەن لیسـتزكی یـەوە لـە دروسـتكردنی پۆستەرێكی بەناوبانگیدا بەكارهێنراوەنەتەوە (شێوە ١٨،لا ). بـە هەمـان شـێوە پوازێكی سـوور، وەكـو ڕەمزێـك بـۆ شـیوعیەت، خەرقـی بازنەیەكـی سـپی دەكات وەكـو ڕەمزێك بۆ سوپای سپی.[٢٧]

لە میانەی پرۆگرامێکی بەرفراوان دا بۆ گۆرینی سیمای شوێنە گشتییەکان بە دەستپێشخەری حکومەت، تەلارسازان و هونەرمەندانی ئاڤانت گارد دەستیان ئاوەلاکرابوو لە بەرهەمهێنانی وەسائیلی پروپاگەندەدا لەرێگای دیزاینەوە. وەکلەووشەکانی ئەلێکسی گەنەوەمرەکەوێت "**هەمووشارەکەدەبێتە سەکۆی شانۆ و سەرتاپای کۆمەڵی جوتیارانی مۆسکۆش دەبنە نواندنکار.**" پێترۆگراد لە یەکەم ساڵیادی شۆرشی ئۆکتۆبەردا لە ١٩١٨، ئاهەنگێکی جەماوەری گەورەی رێکخست و ٨٥ دیزاینی پرۆژەی جیاواز بە پانتایی شارەکە دا دروستکران. لەناویاندا ناثان ئالتمان کە ژمارەیەک پانێلی گەورەی دیزاین کرد بۆ داپۆشینی واجیهەی کلاسیکی و بارۆکی بیناکان و ئەو شەقامانەشی کە دەرۆیشتنەوە سەر گۆرەپانی کۆشکی پێترۆگراد، هەروەها ئالتمان پایەی ئەلێکساندەری لەسەر هەمان گۆرەپان رووپۆشکرد، ژیلەمۆی سوور و زەرد و پرتەقاڵی لە پایەکەوە دەرەچوون وەکو رەمزێک کەوا کەوتنی رژێمی قەیسەریەت پەیامی ئەوانی گەیاندۆتە جێی خۆی سەبارەت بە وێرانکردنی جیهانی کۆن بە شێوازێکی راستەوخۆتر و موقنیعتر لە شێوازی دیکۆرەیشنی سوپریمەتیستەکان کە تەنها بە شێوەیەکی رەمزی ئەیانویست جیهانی کۆن لەرەگوریشەوە هەڵتەکێنن. یەکێک لە نوسەرە هاوچەرخەکانی ئالتمان ئاماژەی بە نرخ و بەهای هونەری دیزانەکە کردووە "**چارەسەرێکی نموونەیی بۆ ئەم ئەرکەی سرینەوەی جیهانی کۆن، لە سەر گۆرەپانەکە و لە دیزاینەکانی هونەرمەند ئالتمان دا خرابووە روو. دانانی ئێلەمێنتی کۆن و نوێی هونەری لەپاڵ یەکدا شتێکی پڕ لە سوپرایزە، قایلکەرە، وە بە تەواوی یەککرتووشە. هونەرمەندەکە هەوڵ نادات بەسەر مامۆستا کۆنەکان دا سەرکەوێت، بەلام بە کارامەییەکی کەموێنەو دوور لە هەڵەوە، شتێکی تەواو نوێ و جیاواز دروست ئەکات. گۆرەپانەکەی بەردەمی 'کۆشکی زستان' لە پیترۆگراد هەر خۆی بە تەواوی کارێکی ئارکیتێکتۆنیک و تەلارسازیانەیە، ئینجا ئالتمانیش تەواوتری ئەکات بە دروستکردنی ئیمپرێشنی نیگارکێشیانەی جوان و بێگەرد. گۆرەپانەکە خۆی هاوتایە symmetrical، بەسەر خۆیدا داخراوەو بەشێوەیەکی هارمۆنی یەکپارچەو بێ کەموکوری یە. ئامانجی ئالتمانیش داخوراندنیەتی لەم سیفەتانە و زیادکردنی کاریگەری کتوپڕی و تایبەتمەندیەکی نائاسایی یە، تا وا لە گۆرەپانەکە بکات لە بۆشایی دا بەشێوەیکی جوان دەورە بدرێت. لەبەرەوەش دیزاینەکەی ئالتمان پان و پۆرە، گۆشەی تیژی هەیە، وە داینەمیکی یە planar, angular, and dynamic.**"[٢٨]




٧.٢ ناثان ئالتمان، رازاندنەوەی کۆشکی زستان، پیترۆگراد، ١٩١٨.



٨.٢ ناثان ئالتمان، رازاندنەوەی کۆشکی زستان، پیترۆگراد، ١٩١٨.



٦.٢ ناثان ئالتمان، رازاندنەوەی کۆشکی زستان، پیترۆگراد، ١٩١٨.

# ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێڕی

پەیامە شۆڕشگێڕیەکەی ئالتمان نە بەتەنها لە فەرهەنگی فۆرمی و سیمبۆلیزمی ڕەنگەکان دا یە و نە نیشاندانی ئایدیا و دروشمێکی دیاریکراویشە بە تەنها. ژیلەمۆی ڕۆحی شۆڕش وەهبوونی پەرۆشی بۆ نوێکردنەوە، هەردووکیان دەرخراون لە ڕێگای دروستکردنی جیاوازیەکی بەسەری دا بۆ مۆنۆمێنتە بەردیەکانی نەریتی ئیمپراتوری.[٢٩]

لیژنەی "تەلارسازی و پەیکەرسازی و نیگارکێشان" لە مۆسکۆ دامەزرێنرا ساڵی ١٩١٩ – ١٩٢٠ لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە ، ئامانجی ئەو لیژنەیە کە هەریەکە لە تەلارسازان و هونەرمەندانی تیدا بوو، گەڕان بوو بەدوای شێوازگەلیک بۆ لەیەکدان و ئاوێتەکردنی لقە جوداکانی هونەر، ئەم گروپە ناسران بە Zhivskulptarkh تەلارسازانی ناو ئەم گروپە زیاتر ئەدوان دەربارەی داینەمیکیەتی گوزارشتخوازانەی وێنە تەلارسازییەکان. هەموو ئەندامانی لیژنەکە بانگخوازی تەلارسازیەکی نوێی نا تەقلیدی بوون، گرینگیان ئەدا بە دیمەنێکی پەیکەریانەی سیمبول ئامێز بۆ گوزارشت کردن لە پەیڕەو و پرۆگرامە کۆمەلایەتیە نوێیەکان. خاڵی دەستپێک بۆ ئەم گەڕانە بریتی بوو لە تەجروبەکانی هونەری چەپ، کە نوێنەرەکانیان لەناو لیژنەکە دا هەبوون ، ئەوانیش پەیکەرسازی کیوبیستی بۆریس کورولیوڤ وە ئەلیکساندەر ڕۆدچینکۆ بوون.[٣٠] وێنەی ڕۆمانتیکی و پالەوانیتی ناو ڕسوماتەکانیان هەندی جار وێکچوونێکی زۆر کەمیان تیدا بەدی دەکرێت بۆ بیرۆکە تەلارسازیەکانی ڕابردوو یان بۆ فۆرمە سرووشتیەکان، زۆربەیان لە پێکەوەلکاندنێکی ڕەسەنی تەنە ئەندازەییە سادەکان پێکهاتوون. سەرسەخترین شوێنکەوتەی ئەم ترێندە نیکۆلای لادۆڤسکی بوو کە ئارەزووی دەکرد لە بەکارهێنانی کۆمپۆزیشنی داینەمیکی بە باری ستوونی دا یان بە جولەیەکی لولپێچی. لەوانەیە تەنها لەیەکچووی فەنتازیا سەرکەشەکانی ئەو لە دیزاینە خەیالیەکانی ئیکسپرێشنیستی ئەلمانی هێرمان فینسترەلین دا بدۆزرێنەوە.[٣١] بۆ نموونە لە پرۆژەیەکی تەجریبی دا بۆ خانوویەکی گشتی Communal House ساڵی ١٩٢٠، لادۆڤسکی درێژەی بە نەریتەکانی دادا و ئیکسپرێشنیزم داوە.[٣٢] دیزاینێکی ڤلادیمیر کرینسکی بۆ پرۆژەی "پەرستگای دۆستایەتی و هاریکاری لەنێوان نەتەوەکان دا" Temple of Communion between Nations لە چوارچێوەی هەمان ئەو ئایدیالە ڕۆمانتیکیانە دا دەخولێتەوەو کۆمپۆزیشنێکی ناسەقامگیر، داینەیمیکی، وە تەعبیری هەیە.



٩.٢ نیکۆلای لادۆڤسکی، خانووی گشتی، ١٩٢٠، ئێلەڤەیشن.



١٠.٢ نیکۆلای لادۆڤسکی، خانووی گشتی، ١٩٢٠، سێکشن.



١١.٢ نیکۆلای لادۆڤسکی، خانووی گشتی، ١٩٢٠، پلان.




**١٢.٢ ڤلادیمیر کرینسکی، پەرستگای دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان، پرۆژەیەکی ئەزموونی، ١٩١٩. پلان و سێکشن و ئێلەڤەیشن.** کاریگەری کیوبیزم بەروونی دەرکەوتووە بەسەر دیزاینەکەوە.



**١٣.٢ ڤلادیمیر کرینسکی، پەرستگای دۆستایەتی نێوان نەتەوەکان، پرۆژەیەکی ئەزموونی، ١٩١٩. پێرسپێکتیڤ و پلان.**

رۆمانسیەتی شۆڕشگێری بە هەردوو لقەکەیەوە کلاسیک و سیمبۆلیزمی گوزارشتخواز (ئاڤانت گارد)، تووشی رەخنە هاتنەوە لەبەر کۆمەڵە فاکتەرێکی وەکو: بەکارهێنانی قەبەییەکی هەڵە false monumentalism، شەیدابوونی زەبەلاحی gigantomania، ناروونی و فرەمانایی دیمەنە پەیکەرییەکانی فۆرم، نەگونجانی ئەرکە عەمەلیەکان لەگەڵ ئامرازە تەکنیکیەکانی بەدەستهێنانی بینای هاوچەرخ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرنجی زیاتر خرایە سەر تەفسیرکردنێکی هونەریانەی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا.[٣٣]

ئەم ترێندە ئاڤانت گاردە فراژیبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی ئەوکاتەی تاتلین لە فەلسەفەی ڕیلیفەکانی دا ساڵی ١٩١٩ گەیشتە دوا لوتکەی خۆی بە دیزاینکردنی بارەگای رێکخراوی نێونەوەیی شیوعیەت "مۆنۆمێنتێک بۆ سێیەم کۆمەڵەی نێونەتەوەیی شیوعیەت"، کەزیاتر ناسراوە بە تاوەری تاتلین Tatlin's Tower. بۆ ئەوەی بەرزی تاوەری ئایفل تێپەڕێنێت، کە تا ئەوکات بەرزترینستراچکەری دروستکراوی مرۆڤ بوو، بەرزی تاوەرەکە دەبوو لە ٣٠٠ مەتر زیاتر بێت، لەبەرەوە تاتلین ٤٠٠ مەتری وەکو بەرزایی مۆنۆمێنتەکە دیاریکرد و لەگەڵ ئەوەشدا بە رەنگی سووری بۆیە کرد تا رەمزێک بێت بۆ شۆڕشی شیوعیەت. بڕیار وابوو پێچکەکانی بنکەی لە هەردوو بەری ڕوباری نێڤا جێگیربکرێن لە ناوەڕاستی سان پیتەرزبێرگ. مۆنۆمێنتەکە لە سێ قەبارەی شوشەیی پێکهاتووە لەناو ستراکچەرێکی لاربووەوەی گەورە دا هەڵواسراون کە لە دوو چینی لولپێچ spiral لە ستیل دروستکراوە، بە درێژایی مەیلانەکەی ترەسێکی تری لاربووەوە leaned truss پاڵپشتی ڕاگرتنەکەی کردووە. سپەیسی خوارەوە (خشتەکیەکە) وا دیزاین کرابوو کە ساڵی جارێک بە تەواوی یەک خول بە دەوری تەوەرەی خۆیدا بخولێتەوە، تا هاوئاهەنگ بێت لەگەڵ فریکوێنسی کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گشتی نێونەتەوەیی شیوعیەت. سپەیسی دووەم (قوچەکیەکە) وا دیزاین کرابوو مانگی جارێک یەک خول بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە، وەک هاوتابوونێک لەگەڵ فریکوێنسی کۆبوونەوەکانی ئەفسەرانی سکرتاریەت. سپەیسی سێیەم و بچوکترینیان (لولەکیەکە) وا دیزاین کرابوو ڕۆژی یەک جار بە دەوری خۆیدا بخولێتەوە تا بەرامبەر بێت لەگەڵ کارەکانی ڕۆژانەی ڕێکخراوەکە. جگە لەم سپەیسانە، کۆمەڵێک ژووری ئۆفیسی تێدابوو بۆ ڕۆژنامەیەک کە ناملیکەو بەیاننامەی دەرئەکرد. بورجەکانی رادیۆ لە ترۆپکی مۆنۆمێنتەکەوە ئەهاتنە دەرەوە ،ئەهاتنە دەرەوە ، بورجەکانی ڕادیۆ ئامانج لێیان نیشاندانی مۆدێرنیتی رادیۆ بوو وەکو ئامرازێک بۆ بەرپاکردنی گۆرانگاری کۆمەڵایەتی.[٣٤]




**١٤.٢ ڤلادیمیر تاتلین، مۆنۆمێنتێک بۆ سێیەم کۆمەڵەی نەتەوەکانی شیوعیەت، ١٩١٩.**
''کەنستراکشن''ی یان بڵێین پێکبەستنەوەی کۆمەڵێک سیستەمی لاوەکی جیاواز: دوو حەڵەزۆنی تێکهەڵکێشراو، سێ شێوەی ئەفلاتونی کە فەزاکانی کۆبوونەوەو بەڕێوەبردن و سەنتەرەکانی پروپاگەندە لەخۆیاندا هەڵدەگرن. شێوە حەڵەزۆنیەکە گوزارشت لە جەدەلی ماددی مارکسیزم ئەکات کە بەرەو پێشەوە ئەچێت بەشێوەی " لولپێچی... هەنگاونان و بازدان، کارەسات، شۆڕش."




١٥.٢ ڤلادیمیر تاتلین، مۆنۆمێنتێک بۆ سێیەم کۆمەڵەی نەتەوەکانی شیوعیەت، ١٩١٩. مۆدێلێک کە دروستکراوە لە تەختە بە دەستی تاتلین و یاریدەدەرانی.



١٦.٢ ڤلادیمیر تاتلین، مۆنۆمێنتێک بۆ سێیەم کۆمەڵەی نەتەوەکانی شیوعیەت، ١٩١٩. پلان.



١٧.٢ ڤلادیمیر تاتلین، مۆنۆمێنتێک بۆ سێیەم کۆمەڵەی نەتەوەکانی شیوعیەت، ١٩١٩. وێنەیەکی ڕێندەرکراو، ساڵی ١٩٩٩ دروستکراوەتەوە لەلایەن تاکێهیکۆ ناگاکورا.

ئیلهامی ئەم دەرخستنە ڕۆمانتیکیەی ستراکچەر و دەستکەوتە ئەندازیارییەکان، لەوە ئەچێت لە سەرچاوەی هەمەجۆرەوە وەرگیرابێت وەکو ئامێرەکانی بەرزکەرەوەی نەوت، هەیکەلی یاریگاکان و چەرخ و فەلەک، نموونە فیوچەریستیەکانی وەکو بوتلی لولپێچی Bottle Unfolding in Space هونەرمەند بۆچۆنی. تۆڕە شەفافەکان و فۆرمە پەیکەریە ئەبستراکتەکان مانایەکی قوڵتریان هەبوو لەوەی کە تەنها لێهاتوویەکی تاکەکەسی نیشان بدەن، سپایرەڵەکان ئامانج لێیان نیشاندانی گوزارشتێکی گونجاوی نیزامی نوێ بوو. نیکۆلای پونین سەبارەت بە خەسڵەتە داینەمیک و زیندووەکانی شێوەی لولپێچی کە لە سروشتی خۆیدا بوونیان هەیە، بەمشێوەیە ڕای خۆی دەربڕیووە **"سپایرەڵ بریتی یە لە خەتی ڕزگاری بۆ مرۆڤایەتی: بە قاچێکی لەسەر زەوی ئەوەستێت و بە قاچەکەی تریشی لە زەوی ڕائەکات، بەهۆی ئەمەشەوە دەبێتە ڕەمزی قازانج نەویستی و بێلایەنی، وە دژوەستانەوەی هیچ و پوچیەتی دونیایی."**[35]

جێگای باسە ئەم مۆنومێنتە تەنها لەسەر کاغەز مایەوە جێبەجێ نەکرا جگە لە مۆدێلێک نەبێت بە بەرزی پێنج مەتر. بەڵام مەزنی ئایدیاکە بۆ هەمیشە بووە جێگای بایەخپێدان. ئەگەر هاتباو دروستکرابووایە، وای لە سەرجەم بیناکانی دەوروبەری خۆی ئەکرد بچکۆلانە دەرکەون. بەشێوەیەکی کرداری تێکڕای کۆشک و کەنیسە گەورەکانی ڕژێمی کۆنی ڕووبەڕووی تەحەداو بەزین ئەکردنەوە. بەمەش لە ناحیەی هونەری ڕەمزی یەوە، لەوانەیە ڕاست بێت گەر بڵێین دیزاینەکەی تاتلینیش هەوڵێکی دیکە بوو بۆ بەدیهێنانی **"کەئیدرەڵی سۆشیالیزم"** کە تەرخان کرابێت بۆ ئایدۆلۆجیایەکی وا کە هیچی لە ئایینێک کەمتر نەبوو.[36]

لەڕاستیدا تاوەرەکە بووە سیمبولێک بۆ کۆماری سۆڤیەتی گەنج، ڤێرژنی بچووکی تاوەرەکە لە ڕێپێوانەکان دا بەناو مۆسکۆ بەرزئەکرانەوە هەروەکو ئەشیای ئاینی، وە لە پێشانگا جیاوازەکان دا لە دەرەوی سۆڤیەت وەکو دیاری ئەبەخشرانەوە. ئێل لیسیتزکی بە ئەندازەیەکی زۆر پێی سەرسام بوو تا ئەوەی کە بنووسێت تاوەرەکە هاوشانێکی مۆدێرنانەی زەقورەی سەرجۆنی ئەکەدی یە، بەڵام لە مەتیریەڵی نوێ دروستکراووە بۆ کۆنتێکستێکی نوێ. وای ئەبینی کە ئاسنەکە خواستی چینی پرۆلیتاریای بەرجەستە کردووە لەکاتێکدا شوشەکە نیشانەیەکە بۆ ویژدانێکی پاک و ساف. یەکێکی تر لە نوسەران شێوە لولپێچیەکە وەکو ڕەمزێکی ئاوازەی چاخی مۆدێرن لێکدایەوە، لەکاتێکدا ڤیکتۆر شکلۆڤسکی بەشێوازێکی فەلسەفی وەها باسی کرد کە مۆنومێنتێکە **"دروستکراوە لە ستیل و شوشە و شۆڕش."**[37]

ئەناتۆل کۆپ دەڵێت **"تاوەرەکە وەکو ڕەمزێک دەبینرا بۆ دابڕانی ڕیشەیی لەگەڵ تەلارسازی ڕابردوودا، وەکو یەکەمین هەنگاوی هەڵهاتوو بەرەو تەلارسازیەکی نوێ."**[38]

تاوەرەکەی تاتلین ، هاوشێوەی پڕۆونەکانی ئێل لیسیتزکی، مەفهومێکی نوێی بونیاتگەریان خستەڕوو لەڕێگای نیشاندانی **"یەکخستنێکی ئەندامیانەی بنەماکانی تەلارسازی و پەیکەرتاشی و وێنەکێشانەوە."** هەروەها هاندەرێکی بەهێزیان دروستکرد بۆ گەشەسەندنی تەلارسازیەکی بونیاتگەری. تاوەرەکەی تاتلین وەکو فەلسەفەو دیزان گەیشتبووە سەر دووڕیانێک لەنێوان هونەری پەتی ڕیلیف و کاونتەر ڕیلیفەکانی خۆی لەلایەک و جێبەجێکردنێکی کردارییانەی ئایدیاکانیشی لە دیزاینی بەرهەمهێنان دا لە لایەکی دیکەوە. تاتلین خۆی گەیشتبووە ئەو بڕوایەی کە هونەر پێویستە وەزیفەیی و سوودبەخش بێت.[39]

دیزاینی تاوەرەکە جگە لە هەوادارانی ، لە چەند لایەکی دیکەشەوە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویەوە لەناویاندا ترۆتسکی و لینین. ترۆتسکی هێرشی کردە سەر دیزاینەکە لەبەر هەبوونی کەموکوڕی لەڕووی وەزیفەوە **"وەڵامی ئێمە ئەوەیە کە بە دڵنیایەوە نابێت کۆبوونەوەکان لەناو لولەکێکدا ببەسترێن، وە ئەو لولەکەش بەدڵنیایەوە نابێت بخولێتەوە."** لینین هەرچەندە بە دیاریکراوی هێرشی نەکردە سەر تاتلین، بەڵام سەرجەم بزووتنەوە ئاڤانت گاردەکانی سەرزەنشت کرد بێگومان کۆنسترەکتیڤیزمیشی لە مێشکدابووە **"من هیچ تەقدیرێکم نیە بۆ کارەکانی ئیکسپرێشنیزم، فیوچەریزم، کیوبیزم، وە '-ئیزم'ەکانی تریش وەکو گەورەترین گوزارشتی بلیمەتی هونەری. لێیان تێناگەم. هیچ جۆرە چێژێکم پێ نابەخشن."**[40]

ناوم گابۆ لە کاردانەوەی خۆی دا بەمشێوەیە ڕەخنەی لە دیزاینەکە گرت **"وێنەیەکی تاوەری ئایفلم نیشاندان و پێم گوتن ئەوەی کە ئێوە پێتان وایە کارێکی تازەیە پێشوتر جێبەجێ کراوە. یان خانووی وەزیفەیی و پرد دروست بکەن یان تەنها هونەری پەتی یاخود هەردووکیان. بەڵام هەردووکیان تێکەڵ بەیەکتری مەکە. ئەم جۆرە هونەرە بریتی نیە لە هونەرێکی کۆنسترەکتیڤی پەتی و خاوێن، تەنها لاساییکردنەوەیەکی مەکینەیە."**[41]

لە کۆتایی بیستەکان دا و لە گوتەیەکیدا دەربارەی کارەکەی خۆی، تاتلین ڕایگەیاند **"لەبەر بڕوا نەکردن بە چاو، ئێمە خستمانە ژێر کۆنترۆڵی دەستەوە."** ئەم جەختکردنەوەیەی تاتلین لەسەر دەستلێدان لەجیاتی بینین touch over vision. وە ماددە لەجیاتی بینایی material over visual بە گۆڕانێکی یەکلاییکەرەوە دادەنرێت لەمێژووی ئاڤانت گارد دا.[42]

تاوەرەکە تێگەیشتنی باوی بۆ تەلارسازی گۆڕی، لە جوانی یەوە بۆ سوودبەخشی، لە فۆرمەوە بۆ تەکنیک، لە دونیای ڕۆحی یەوە بۆ دونیای ماددی، لە میتافیزیکەوە بۆ فیزیک، هەروەها گۆڕینی کەسایەتی تەلارساز وەک دیزاینەرێکی هونەرمەند و ڕازێنەرەوە بۆ تەلارساز وەک دیزاینەرێکی کرێکار و دروستکەر.

ئەلیکساندەر ڤیسنین لە ١٩٢١ پرۆژەیەکی پێشنیارکراوی خستەڕوو بۆ هەمان ڕێکخراو "نێونەتەوەیی سێیەم". دیزاینەکەی ڤیسنین لە چەند بارستەیەکی ئەندازەیی (سێگۆشەیی و نیوە بازنە) پێکدێت پەرش و بڵاوبوونەتەوە بە چەندین ئاڕاستەدا. هاوکات لەگەڵ بارستە پتەوەکان دا چەندین وایەری درێژ و توند ڕاکێشراو هەن کە بارستەکان بەیەک ئەگەیەنن. وایەرەکان وەها پێکبەستراون کە هەمان شێوەی سێگۆشەکان وەربگرن، لەبەرەوە وا دێنە بەرچاو کە هەوڵی تەواوکردنی فۆرمێکی ناتەواو ئەدەن. فۆرمێک کە جێگیر نیەو لە حاڵەتی گۆڕان دایە.

ئەگەر تاوەرەکەی تاتلین ئیمپریشنێکی بەهێزی دروست کردبێت سەبارەت بە دەرخستنی ئیمکانیاتی ستراکچەر و تەکنیکی مۆدێرن. ئەوا ئەو ئیمپریشنە زیاتر توکمە بوو بە دروستکردنی تاوەرێکی ستیلی ڕادیۆ بە بەرزایی ٥٠ پێ (١٢٢مەتر) لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٢٢ لەلایەن ڤلادیمیر شوخوڤ. تاوەرەکە یەکەمین ستراکچەری گەورە بوو کە جێبەجێکرابێت لە قوناغی دوای شۆڕش. پێنج بڕگەی قوچەکی خراونەتە سەر یەکتری و لە بنکەوە تا لوتکە هەموو بڕگەکان لە تۆڕێکی شەفاف دروستکران بەمەش هەموو ستراکچەرەکە ڕوون و بێ گرێ دەردەکەوێت و لەگەڵ بۆشاییدا بە توندی یەکیان گرتووەو بوونەتە یەکپارچە spatial frame. سەرەڕای دەرکەوتنی شێوەکەی بە چەماوەیی، ستراکچەرەکە لە شیشەی ڕاست و ڕێک دروستکراوە. لەناو هەموو بینا نزمەکان دا تاوەرەکە بەرزبۆتەوەو بەسەر چواردەوری دا ئەڕوانێت بەمەش وایکردبوو وێستگەی ڕادیۆی مۆسکۆ بتوانێت دەنگی خۆی بە هەموو جیهان بگەیەنێت. تاوەرەکە پێگەو سەنگی سیمبولیکی وەرگرتووە، گوزارشتخوازیەکەی نزیکایەتی هەیە لەگەڵ ئەو جوانیەی لەلایەن تاتلینەوە نیشاندرا لە دیزاینەکەی بۆ مۆنۆمێنتی سێیەم کۆمەڵەی نێونەتەوەیی.[٤٢]

١٩.٢ لاپەڕەی دواتر. ڤلادیمیر شوخوڤ، تاوەری شوخوڤ، مۆسکۆ، ١٩٢٢. ڤیوی دەرەوە.

٢٠.٢ لاپەڕەی دواتر. ڤلادیمیر شوخوڤ، تاوەری شوخوڤ، مۆسکۆ، ١٩٢٢. ڤیوی ناوەوە




١٨.٢ ئـ. ڤیسنین، مۆنۆمێنتی کۆمەڵەی نێونەتەوەیی سێیەم، ١٩٢١.





ناوم گابۆی هونەرمەند لە چەند ئیشێکی خەیاڵیانەی تەلارسازیدا، هەستا بە تەحویلکردنی شێوازە هونەرییەکەی لە پەیکەرتاشیەوە بۆ ناو بواری تەلارسازی. شێوەی تەنک و باریک وە ناو بۆش بەکارهێنراون بەمەش کارەکان سوکەڵە دەرچوون و تێکەڵ بە هەوا بوون، هەروەها دیزاینەکان داینەمیکین و جوڵە movement وەکو خاسیەتێکی فیزیایی بەکارهێنراوە بۆ ئارتیکیولەیت کردنی فەزا.



٢٣.٢ ناوم گابۆ، مۆنۆمێنتێک بۆ مەڕسەدی فیزیا، ١٩٢٢. مۆدێلەکە دروستکراوە لە کانزاو پلاستیک و تەختە.



٢١.٢ ناوم گابۆ، مۆنۆمێنتێک بۆ پەیمانگای فیزیا و بیرکاری، ١٩٢٥. مۆدێلەکە دروستکراوە لە بڕۆنز و تەختە.



٢٢.٢ ناوم گابۆ، سکێچی تاوەرێک کە مەنەسەیەکی هەڵگرتنی فڕۆکەی هەیە و سەربانەکەی وەکو شوێنی هەستان و نیشتنەوەی فڕۆکە ئیش ئەکات، ١٩٢٤.

## ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێڕی



هونەرمەندانی وەکو ڕۆدچینکۆ، ستێپانۆڤا، وە لیوبۆڤ پۆپۆڤا ڕوویانکردە دیزاینکردنی کەلوپەل furniture، بەلام بەپێچەوانەی ئەو کەلوپەلانەی لەلایەن ڤێرکبوندی ئەلمانیەوە یاخود لەژێر کاریگەری وەرشەکانی ئەو ڕێکخراوەدا دروست ئەکران لەپێش جەنگی جیهانی یەکەم، کەلوپەلی هونەرمەندە ڕووسەکان نەچوونە خانەی بەرهەمهێنان و دیزاینەرەکانیشیان ئەزموونی کارگەیان نەبوو، کە لەوانەیە ببوایە هۆی دروستبوونی کەسایەتی هونەرمەندی بونیاتنەر artist–constructor. لەگەل هەموو ئەمانەشدا، داهێنانی ئەو هونەرمەندانە دەچێتە قالبێکی نوێی سیستەمی دیزاینی کەلوپەل کە پشتی دەبەست بە مەتیریەلی نوێی وەکو plywood, bentwood, tubular steel وە فۆرمی وا کە کەمتر پشتیان دەبەست بە شارەزایی پیشەگەری تەقلیدی بەلکو زیاتر پشتیان دەبەست بە زیرەکی داهێنەرانە. ئەم جۆرە لە دیزاینی سوودبەخش و وەزیفەیی utilitarian design لە دیزاینەکانی باوهاوس و کەلوپەلی تەلارسازانی وەکو مارسێل بروەر و مارت ستام دا کامل بوو، کە لە دواتر دا بازاڕێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی کەلوپەلی بۆ خۆی دەستەبەرکرد.[٤٤]

چەند دیزاینێکی ڕۆدچینکۆ بۆ ناوەوەی پەڤیلیەنی سۆڤیەتی لە پیشانگای هونەرە جوانکارییەکانی پاریس، سادەیی و ساکارییەکی زۆریان پێوە دیارە، کەلوپەلەکان دامالراون لە هەموو فەخامەت و زەخرەفەو پارچەیەکی ناپێویستەوە بۆ پوختترین و سەرەتاییترین ئێلەمێنتەکانیان، بەمشێوەیە کەلوپەلەکان تەواو وەزیفەیین و لە هەمان کاتیشدا گوزارشت ئەکەن لە ستایلی ژیانی چینی کرێکاران و ڕەتکردنەوەی ستایلی بۆرژوازی،





٢٤.٢ ئەلێکساندەر ڕۆدچینکۆ، چەند ڕسوماتێک بۆ کەلوپەلی ناو 'یانەی کرێکاران لینین'، پێشانگی هونەرە جوانکارییەکانی پاریس، پاریس، ١٩٢٥.

دیزاینی سەکۆی شانۆ ، بووە تاقیگەیەک بۆ تەجروبە تەلارسازییەکان و ئەزموونکردنی ئەو ئایدیا رادیکەلانەی کە هێشتا لە بواری تەلارسازی دا تاقینەکرابوونەوە. لە دیزاینی سێتی سەر سەکۆکاندا، تەجروبەی هەمەچەشن بەدی ئەکرێن بۆ تەفسیرکردنێکی هونەریانەی فۆرمە تەکنیکیەکان، ئەم تەجروبنە بوونە بەردەبازێک بۆ پەڕینەوە لە هونەرەوە بۆ تەلارسازی. سێتەکان سۆلید نین بەگشتی شەفاف و بۆشن لەگەل بۆشاییدا تێکەلی یەکتری بوون spatial stage-sets، هەروەها داینەمیکیەتی نواندنی هونەرمەند و هەلسوکەوت و جولە گوزارشت ئامێزەکانی لەشی لە دیزاینەکاندا بەرجەستە کراون. لەمبارەیەوە دوو دیزاینەر کە زۆرترین جێدەستیان دیارە ، ئەلیکساندەر ڤیسنین و لیوبۆڤ پۆپۆڤا بوون. لە سالی ١٩٢١ دا پێکەوە سێتی سەکۆیەکیان دیزاینکرد بۆ بۆنەیەکی ئاهەنگێرانی جەماوەری بەناوی "خەبات و سەرکەوتن". بیرۆکەی دیزاینەرەکان بریتی بوو لە دروستکردنی بوارێک بۆ دوو شاری ڕەمزی لەژێر تۆڕێک لە پەت و وایەر دا کە بەستراونەتەوە بە کەشتیە ئاسمانیەکان و دروشمی گەورەیان هەلگرتووە. شارێکیان (قەلای سەرمایەداری) پێکهاتووە لە فۆرمی تەندار solid forms ، لەکاتێکدا شارەکەی تر (بازێڕی داهاتوو) پێکهاتووە لە کۆکردنەوەی هەیکەلی سوکەلە و تۆڕئاسا، وە پاتێرنی بۆش و کراوە کە لە یەکتربڕینی کۆمەلە ئەندامێکی ستراکچەر پێکهاتوون "tracery and light, meshed structures". دیزاینەکە بەشێوەیەکی هێلکاری ئەو وەزیفە ڕەمزیەی نیشانداوە کە گرێدراوە بە فۆرمە تەکنیکیەکان. لەبەر خراپی ڕەوشی ولات تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو تەنها لە جیهانی خەونەکان دا بوونی هەبوو ، لەبەرەوەش هاوپێچ کراوە لەگەل ئاییندەو کۆمەلگەیەکی ئایدیەل لە داهاتوودا. سێتەکان کۆمەلە کۆنستراکشنێکی تەختەیی بوون کە تەمسیلی ئاوێتەکردنی مرۆڤ و مەکینە دەکەن و ژینگەیەکی چوست و چالاکی میکانیکی نیشان ئەدەن " جیهانێکی تازە کە تیایدا ئازادی هەلسوکەوت دەکرێ دەمج بکرێت لەگەل بەکارهێنانێکی بە پلانی مەکینە". سێتێک کە لەلایەن پۆپۆڤاوە دیزاین کراوە بۆ سەکۆی شانۆی بایۆ-میکانیکی مایەرهۆلد سالی ١٩٢٢، ژیانێکی کۆمەلایەتی ئەخاتەڕوو کە مەکینە بەسەریدا زالبووە.[٤٦]

لە سالی ١٩٢٢ ڤیسنین مۆدێلێکی سەکۆی شانۆی بەرهەمهێنا بۆ نمایشکردنی شانۆنامەی "ئەو پیاوەی کە دوێنی بوو"ی نووسەری ئینگلیزی گیلبێرت کێث چیسترتن. فرێمە کراوەکان، قادرمەکان، پردەکان، ڕێگاکانی هاتووچۆی جولاوە، مەسعەدەکان و ڕەورەوە خولاوەکان ، هەموویان پێکەوە فۆرمێکی یەکپارچەو یەکگرتوویان پێکهێناوە و لە هەمانکاتدا بۆشایی پڕکردووە لە داینەمیکیەت. فۆرمەکە تەسمیلی جیهانی شار و شارستانی ئەکرد. ڤیسنین ستایلی سێتەکەی هەندێ لە تەجروبەکانی هونەری چەپ وەرگرتووە لەگەل خستنەڕوویەکی هونەریانەی تەکنەلۆجیای هاوچەرخ. لێرەوە یەکەمین هەنگاوی هەلێنا بۆ بازدان بەرەو تەلارسازی، ڤیسنین ئەو بازەی هاوێشت کاتێک بەشداری کرد لە پێشبڕکێی کۆشکی کرێکاران لە مۆسکۆ.[٤٧]




**٢٥.٢ ڤیسنین و پۆپۆڤا، پڕۆژەیەک بۆ بۆنەیەکی جەماوەری، مۆسکۆ، ١٩٢١.**




**٢٦.٢ لیوبۆف پۆپۆڤا، سێتێک بۆ سەکۆی شانۆی مایەرهۆڵد، ١٩٢٢.**
بۆکسی تەقلیدی سەکۆی شانۆ هەڵوەشێنراوەتەوە بۆ چەند ئاستێکی جیاواز لەگەڵ هەبوونی قادرمەو ڕەورەوەو رامپ و فرێمی ستراکچەر، کە ڕواڵەتێکی میکانیکیان بەخشیووە بە سێتەکە.



**٢٧.٢ ئەلێکساندەر ڤێسنین، سێتێک بۆ سەکۆی 'شانۆی ئەو پیاوەی دوێنێ بوو' ی چێسترتن، ١٩٢٢.**




**ڤخوتیمەس**

هێلکاری پرۆگرامی فێرکردن، ١٩٢٣.




**باوهاوس**

هێلکاری پرۆگرامی فێرکردن، والتەر گرۆپیەس، ١٩٢٢.

**٢٨.٢ بەراورد لەنێوان پرۆگرامی خوێندنی باوهاوس و ڤخوتیمەس.**

## قوتابخانەی ڤخوتیمەس Vkhutemas

تاقیگەی مۆدێرنیزم لە ڕوسیا

لە دوای ١٩٢٠ و چاکسازی دامەزراوەکان ، قوتابخانەی ڤیخوتیمەس گەشەیسەند و وەکو هاوشانێکی باوهاوسی ئەڵمانی دەرکەوت،[٤٨] تەنانەت دەکرێت زاراوەی "باوهاوسی سۆڤیەتی" بەسەر پەیمانگاکەدا ببرێت چونکە لەڕووی مەنهەجەوە لەیەک نزیکیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ باوهاوسی ئەڵمانی دا. هەردووکیان دوو قوتابخانەی فرە پسپۆری بوون interdisciplinarity کە پێکهاتبوون لە بواری هونەری و پیشەسازی. هەردووکیان هەوڵیان ئەدا یەکێتیەکی نوێی هونەر و تەکنەلۆجیا بەرهەم بهێنن، بەلام ڤخوتیمەس ئەیەویست ڤێرژنێکی پرۆلیتاریانەی ئەم یەکێتیە بێنێتە ئاراوە.

قوتابخانەی ڤخوتیمەس لە هەشت بەش پێکهاتبوو: تەلارسازی، پەینتینگ، پەیکەرسازی، گرافیک، ڕستن و چنین، گۆزەسازی، تەختە، کانزاسازی. لەناویاندا تەلارسازی پسپۆری سەرەکی بوو. پەیوەندی ئالوگۆڕی نێوان ئەم بەشانە لەرێگای مەنهەجێکی ناوەندی یەوە ئاسانکرابوو کە پێکهاتبوو لە چوار کورسی سەرەتایی: گرافیک دیزاین Graphics، ڕەنگ color، قەبارە Volume، بۆشایی Space.

ئەم قوتابخانەیە دامەزراوەیەکی ئاسایی نەبوو، لەراستیدا ئاژانسێک بوو ئەنجامدانی گۆڕانکاری کۆمەلایەتی. ئامانجی هێنانی پەروەردە و فێرکردن بوو بۆ کۆمەلانی خەلک و ناساندنی خەلکیش بوو بە بەرهەمهێنانی پیشەسازی. میتۆدەکانی وانەووتنەوە نوێ و بێ پیشنە بوون، پشتیان دەبەست بە دوا پێشکەوتنەکانی زانست و تەکنەلۆجیا و پێشکەوتووترین ترێندە هونەریەکان. داهێنەرترین میتۆدی تەربەوی لە قوتابخانەی ڤیخوتیمەس دا بریتی بوو لە دیزاین کردن راستەوخۆ بە بەکارهێنانی مۆدێل. گومان لەوەدا نیە بەکارهێنانی مۆدێل شتێکی نوێ نەبوو، لە پەروەردەی تەقلیدی دا مۆدێل هەمیشە بۆ شتێک دروست ئەکرا کە پێشتر بوونی هەبووبێت. بەلام لە کۆرسی (بۆشایی) و (قەبارە)ی قوتابخانەی ڤیخوتیمەسدا دروستکردنی مۆدێل حالەتێکی تەواو جیاواز بوو، خوێندکار کە دەستی ئەدایە دروستکردنی مۆدێل نەیئەزانی دوا شێوەی مۆدێلەکەی بەکوێ ئەگات، بەلکو شێوەی کۆتایی مۆدێلەکە بەهۆی پرۆسەیەکی درێژی رەخنەگرتن و دروستکردنەوە پەیدا ئەبوو. خوێندکاران بە شێوەی نووسراو تەعلیماتیان پێ ئەدرا و داوایان لێ ئەکرا کە ئەم داواکاریانە تەحویل بکەن

## قوتابخانەی ڤخوتێمەس: تاقیگەی مۆدێرنیزم لە ڕوسیا



**۲۹.۲** مۆدێلێک لە ئیشی خوێندکاران، ڤخوتێمەس. زیاتر گرینگی بە ماس مۆدێل دراوە وەک لە دیتێل و مۆدێلی پریزنتەیشن.

بۆ سێ ڕەهەندی، مۆدێلەکان هەموویان ئەبستراکتن بەمشێوەیەش ئیحائی فۆرمیکی مۆدێرنیان ئەبەخشی. خاڵێکی تری گرینگ ئەوەبوو کە فەنکشن و سکێل ڕەچاو نەئەکران لە دروستکردنی مۆدێلەکان دا.[٤٩]

زۆربەی هەرە زۆری تەلارسازە ئاڤانت گاردەکان بە حوکمی ئەوەی مامۆستا و وانەبێژ بوون لە ناو قوتابخانە نوییەکان دا، دیدە جیاوازەکانیان لەگەڵ خۆیاندا گواستەوە بۆ ناو هۆڵی قوتابخانەکان.

لە ۱۹۲۰ خوێندکارانی ڤخوتێمەس لە هەمبەری مەنهەجەکەی ژۆلتۆڤسکی یاخی بوون کە میتۆدیکی کلاسیکی پەیڕەو ئەکرد لە وانە وتنەوەدا. لەبری ئەو لادۆڤسکی هەستا بە دارشتنەوەی پرۆگرامی بەشی تەلارسازی و پێکهێنانی بەشێکی نوێ بەناوی OBMAS ، میتۆدی نوێی لادۆڤسکی مەبەستی سەرەکی لێی کردنەوەو پەرەپێدانی هەستەکانی خوێندکاران بوو بۆ فۆرم و فەزای تەلارسازی پێش ئەوەی ئاشنایان کەن بە نەریت و کەلەپوری تەلارسازی هەزاران ساڵی ڕابردوو.[٥٠]

تاقیگەی دەروونی- تەکنیکی لادۆڤسکی لەناو قوتابخانەی ڤیخوتێمەس بە یەکێک لە تاقیگە ڕادیکاڵەکان دائەنرێت و هانی ئەنجامدانی تەجروبەی ئەدا بە بەکارهێنانی شێوەی ئەندازەیی سادە بۆ دۆزینەوەی یاساکانی زمانێکی تازەی کۆمپۆزیشن، تاوەکو بتوانێ خەرقی بیرکردنەوەی تەلارسازی و تەنانەت شێوەی شارەکانیش بکات.

**۳۰.۲** خشتەی بەراوردی نێوان کۆرسە کلاسیکیەکانی تەلارسازی و کۆرسە نوێکەی لادۆڤکسی.

| | قوتابخانەی کلاسیکی | قوتابخانەی لادۆڤسکی |
|---|---|---|
| ڕۆڵی ڕاهێنان | خوێندکاران فێری لۆجیکی تەلارسازی ئەبن لە ڕێگای دیراسە کردنی ئۆردەرە کلاسیکیەکان وەکو تەواوترین و بێ کەموکوڕیترین سیستەم. دواتر کۆپی و جۆری جیاوازی هونەری کلاسیکی بەرهەمدەهێنن تەنها بۆ مەبەستی ڕاهێنان. | سیستەمە کۆنەکان مسداقیەتی خۆیان لەدەستداوە، خودی ڕاهێنان پێویستە سیستەمێکی نوێ بێنێتە ئاراوە. خوێندکاران خۆیان ئێلەمێنتی هونەرە نوێیەکە دێننە کایەوە، ئیشی کۆرسەکانیان دەکرێ لە واقیعی کەنستراکشندا بەکاربهێنرێن. |
| هەڵبژاردنی خوێندکاران | خوێندکاران هەڵدەبژێردرێن بەگوێرەی کارە گرافیکیە دوو دووریەکانیان، مەرجیش نیە کە پەیوەندیان هەبێت بە تەلارسازیەوە. | خوێندکاران هەڵدەبژێردرێن بەگوێرەی تەنسیقکردنی بەسەریانەی بۆشاییەکان. لە ۱۹۲۷ لادۆڤسکی ژوورێکی ڕەشی دروستکرد وەکو تاقیگەیەک بۆ تاقیکردنەوەی پێرسێپشنی بۆشایی گۆشەکان و قەبارەکان و هتد. |
| قوناغەکانی ڕاهێنان | سەرەتا خوێندکاران ئێلەمێنتە سەرەکیەکانی ئۆردەرە کلاسیکیەکان دیراسە ئەکەن. دواتر ڕاهێنان لەسەر کۆمپۆزیشن ئەکەن بە پشتبەستن بەو ئێلەمێنتانە. لە ئاکامدا ئیشە نوێیەکە هەمیشە کۆتوبەند کراوە بە سیستەمە کۆنەکە. | سەرەتا خوێندکاران گەشە بە خەیاڵ و بیرۆکەکانی خۆیان ئەدەن بەبێ خۆ بەستنەوە بە هیچ ستایلێکی دیاریکراو. پێویستە پێرسێپشن و کۆنترۆڵکردنی بۆشایی و شەیپەکانیان زووتر لەلا پەرەبسێنێت بەر لەوەی ستایلە تایبەتیەکان دیراسە بکەن. |
| شێوازی پریزنتەیشن | ڕسوماتی دوو دووری. | مۆدێلی سێ دووری. |

بۆشایی
space



تەلارسازان: نیکۆلای دۆکوچایڤ، ڤلادیمیر کرینسکی، نیکۆلای لادۆڤسکی

قەبارە
volume



پەیکەرتاشان: ئەلێکسی بابیچێڤ ، بۆریس کۆرۆلیۆڤ، ئەنتۆن لاڤینسی

ڕەنگ
color



ئۆبجێکتیڤیستەکان: نادێژدا ئەندریڤا ئۆدالتسۆڤا، ئەلێکساندر درێڤین، لیوبۆڤ پۆپۆڤا، ئەلێکساندەر ڤێسنین

گرافیک
graphics



کەنستراکتیڤیستەکان: ئەلێکسی گەن، کۆنستانتین مێدونێتسکی، ڤلادیمیر وجیۆرجی ستێنبێرگ، ڤارڤەرا سرێپانۆڤا، ئەلێکساندەر ڕۆدچێنۆک

کۆمەڵەکانی کار working groups

ڤاسیلی کاندینسکی

٣١.٢ مەنهەجی سەرەکی قوتابخانەی ڤخوتێمەس.

## گرافیک
Graphics

كورسی ڕسومات یان بلێین گرافیک (كە لە بنەڕەتەوە پێی ئەوترا بیناكردنی هێلكاری لەسەر ڕوتەخت Graphic Construction on a Plane) لەلایەن ڕۆدچینكۆوە دامەزرێنرا وەكو بەدیلێك بۆ كورسی ڕەسمكێشانی تەقلیدی. لە ڕابردوودا ڕەسمكێشان تیشكی دەخستە سەر وێنەی فیگەری مرۆڤ، وێنەی تەنی وەستاو still life، یاخود وێنەی سروشت . بەلام كورسی گرافیک دەربارەی ڕەسمكردنی ئەو شتانە نەبوو كە ئەیانبینیت، بەلكو ئامانجی بیناكردنی "constructing" ڕەسمێک بوو بە بەكارهێنانی ئێلەمێنتی ئەندازەیی سادە.

ڕۆدچینكۆ لەم كورسەدا بە دانان و تێكەلكردنی چەند فۆرمێكی سەرەتایی، كە هەریەكەو خاوەنی كوالیتیەكی پێرسپێچوەلی تایبەتی یە، ڕاهێنانی بە خوێندكاران ئەكرد. ئەم ڕاهێنانانەش بەپێی كۆمەلە پێودانگێک بوون، وەک سنوورداری و هەبوونی كۆمەلێک قەید لە كۆمپۆزیشن، ئەنجامدانی كردارەكان بەدوای یەک بەشێوەی زنجیرەیی، وە بەكارهێنانی شێوەی ئەندازەیی سادەی وەكو بازنە و چوارگۆشە و سێگۆشە، ئەمانەش دەبوو بە درێژایی هەندێ مەساری تایبەتی ڕێكبخرێن. سەبارەت بە چۆنیەتی كۆكردنەوەو یەكخستنی ئێلەمێنتەكان، ڕۆدچینكۆ كۆمەلە پەرامیتەرێكی دیاریكردبوو بۆ پرۆپۆرشنەكانی ئەو گراوندەی (یان بلێین ئەو بوارەی) كە كردارەكەی لەسەر ئەنجام دەدرێت ، بۆ خودی ئێلەمێنتەكان، وە بۆ پەیوەندی لەنێوانی ئێلەمێنتەكان دا. ئەم تەعلیماتانەش لەبەرەوەی سادەو ڕەوان بوون، وایكردبوو هەموو كەسێک دەستی بەم كورسە ڕابگات تەنانەت ئەگەر هیچ باكگراوندێكی هونەریشی نەبووایە.



٣٣.٢ كۆرسی گرافیک. ئـ. ڕۆدچینكۆ، ئەركی بونیاتنان Construction Assignment (واجبی دەرس)، ئیشی خوێندكار ئـ . ئاختریكۆ، ١٩٢١.




٣٢.٢ كۆرسی گرافیک. ئـ. ڕۆدچینكۆ، ئەركی بونیاتنان Construction Assignment (واجبی دەرس)، ١٩٢١.

## ڕەنگ
## Color

ئەم کورسە لەسەر ئەو بیرۆکەیە دامەزرابوو کە ڕەنگ توخمێکی سەرەکی یە لە هەموو جۆرە وێنەکێشانێکدا. وێنەکێشانی تەقلیدی تا ئەوپەری خۆی هەوڵی ئەدا لە واقیعەوە نزیک بێتەوە، بەڵام لە سەرەتای سەدەی بیستدا وێنەکێشان بە گۆڕانێکی ریشەیی paradigm shift دا ڕۆیشت کە چیتر لاسایی جیهانی سروشتی نەئەکردەوە بەڵکو هەوڵی ئەدا جیهانێکی نوێ بونیات بنێت.



٣٥.٢ کۆرسی ڕەنگ. پۆپۆڤا، ڕەنگ لەسەر ڕوتەختێک، ، ئیشی خوێندکار ئی . بوگرۆڤا، ١٩٢٣.

سەبارەت بە تیۆری ڕەنگەکان color theory کورسەکە پشتی دەبەست بە زانیاری زانستی و تەجروبەی هونەری. دواتر مەودای ڕەنگە سەرەکی و لاوەکیەکان بازنەیەکی سەرەکی ڕەنگەکانیان پێکهێنا. بە یاریدەی ئەم میتۆدانە ئەوە نیشان ئەدرا کە چۆن دەکری ڕەنگەکان پێکەوە کۆبکرێنە بەگوێرەی خاسیەتە لێکچووەکانیانەوە بێت یاخود جیاوازەکان. لە کورسەکەدا هەموو چەشنە ڕەنگەکانیان پێکەوە تاقی ئەکردەوە، هەر لە ڕەنگە تەواوکەرەکانەوە بگرە بۆ کۆنتراستەکان، بە مەبەستی دۆزینەوەو دەستنیشانکردنی هەموو ئەگەرەکان.

ئەو برگەیەی کورس کە زیاتر لە هەموو برگەکانی تر جەختی لەسەر ئەکرایەوە، دەربارەی جیاکردنەوەی ئیمپریشنی رووکەشی تەنێک بوو لە جەوهەری ڕەنگەکانیەوە. خوێندکاران هان ئەدران بۆ شیکردنەوەی سروشتی فۆرم بە نسبەتی ڕەنگەوە. ڕەنگ وەکو توخمێکی سەرەکی و تەنانەت وەکو شێوەیەکی ووزەش لێی ئەڕوانرا کە تەنها تەنێک داناپۆشێت بەڵکو "بونیات"یشی ئەنێت.





٣٤.٢ کۆرسی ڕەنگ. گوستاڤ کلوتزیس، ڕەنگو قەبارەی تەلارسازی Color and Architectural Volume، ئیشی خوێندکار ڤ. کۆلپاکۆڤا، ١٩٢٨.

## قەبارە
Volume





٣٧.٢ کۆرسی قەبارە. کۆمپۆزیشنی داینەمیکی، ساڵی ١٩٢٠.

کورسی قەبارە بەدیلیک بوو بۆ ئەو مومارەساتە کۆنانەی کە لە ڕاهێنانی پەیکەرسازی دا بوونیان هەبوو بەدرێژایی چەندین ساڵ و زەمان. کورسەکە لە میتۆدی جێبەجێکردنیدا کاریگەری کیوبیزمی بەسەرەوە دیاربوو، چونکە دوو لە دامەزرێنەرانی (ئەنتۆن لاڤینسکی و بۆریس کورۆلیڤ) شوێنکەوتەی ئەم جولانەوە هونەریە بوون.

لەم کورسەدا خوێندکاران داوایان لێ ئەکرا کە کۆمپۆزیشنێک دروستبکەن لە ڕێگای خاسیەتەکان و پێکهاتە داینەمیکیەکانی قەبارەی داواکراو لەناو بۆشایی دا یان لەڕێگای دروستکردنی پەیوەندیەک لەنێوان قەبارەو کێشەکەیدا. هەندێ لە ڕاهێنانەکان تیشکیان ئەخستە سەر چۆنیەتی نیشاندانی یەکتربرینی قەبارەکان، بە بەکارهێنانی فۆرمی سادەی وەکو خشتەکی و گۆیی ولولەکی و قوچەکی. ڕاهێنانێکی تری کورسەکە خوێندکارانی ڕووبەڕووی تەحەدا ئەکردەوە بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵێک مەوادی لێکجیاواز بەلام بە ڕەچاوکردنی پەیوەندی لەنێوانیان دا. هەندێ لە ئەرکەکانی تر (واجبەکان) سەبارەت بە چۆنیەتی گواستنەوە بوون transition لە سادەوە بۆ ئاڵۆز، لە فیگەرە ئەندازەییە سادەو سەرەتاییەکانەوە بۆ ئۆرنەمێنتی جوانکاری قەرەباڵغ. کورسی قەبارە خوێندکارانی فێری تێکشکاندن و هەڵوەشاندنەوەی فۆرمە ئاڵۆزەکان دەکرد چ سروشتی بن یاخود دەستکرد، ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی شیکاریەکانی کیوبیزم و ئەندازەی بنەڕەتی (cubist analysis and basic geometry).



٣٦.٢ کۆرسی قەبارە. یەکتربرینی قەبارەکان Intersection of Volumes

## بۆشایی
Space

کورسی بۆشایی یەکەمین ڕێبازی پەروەردەکردن بوو کە پەرەپێدرابێت بۆ ڕاهێنان کردن بە ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران سەبارەت بە بنچینەکانی تەلارسازی مۆدێرن. لەلایەن نیکۆلای لادۆڤسکی و ڤلادیمیر کرینسکی و نیکۆلای دۆکوچایڤەوە گەشەپێدرا. ئەم کورسە گرینگیەکی زۆری هەبوو نەوەک وەکو شێوازێکی پەروەردەیی ڕاهێنەرانە بەڵکو وەکو تاقیگەیەکی تەجریبی بۆ گەشەپێدانی زمانێکی نوێی تەلارسازی.

کورسەکە پشتی دەبەست بە دیراسەکردنی (سایکۆلۆجیای پێرسێپشن) وەکو عاملێکی سەرەکی لە بەرهەمهێنانی سینتاکسی نوێی فۆرمی پلاستیکی دا.

لادۆڤسکی ئەم خاسیەتانەی فۆرمی وەکو بناغەی فێرکردن و ڕاهێنان بۆ کورسەکە دەستنیشانکرد: ئەندازەیی geometric، فیزیایی ، میکانیکی ، لۆجیکی . هەریەکە لەم خاسیەتانە دەبوو ڕەچاو بکرێن و دیراسە بکرێن لەلایەن خوێندکارانەوە ئەوکاتەی کە ئەرکیان (واجبیان) پێ ئەدرا دەربارەی ئارتیکیلەیت کردنی فۆرم، سپەیس، قەبارە، ئیقاع، ستراکچەر، وە هەروەها هاوسەنگی و بارستایی و کێش ( Balance, Mass, Weight).



٣٨.٢ کورسی بۆشایی. نیکۆلای لادۆڤکسی، بارستایی و کێش Mass and Weight.

وەک بەشێک لە میتۆدی فێرکردن خوێندکاران ماددەی قوڕیان بەکارئەهێنا بۆ تەسەورکردنی فەزا. قوڕ وەکو ماددەیەکی نەرم و شل بەدرێژایی مێژوو بەکارهێنراوە بۆ دروستکردنی هەموو شتێک هەر لە خشتی دیوارەوە بگرە تا ئەگاتە دەفرو گۆزە. قوڕ ئەوکاتەی کە وەکو ماددەیەکی مەلموس لەژێر دەستتدایە، بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی عەقل و جەستەو ماددە پێکەوە دەبەستێتەوە، بەمەش یاریدەی داهێنان ئەدات. سیفەتی ماددی بوون و بێ شێوەیی قوڕ shapelessness and materiality، مێشکی خوێندکار ئەبزوێنێت و هانی ئەدات بە ئارەزووی خۆی یاری پێبکات و لە شێوە ناسراو و ئاشناکان دوورکەوێتەوەو شێوەی جیاواز تاقیکاتەوە، بەمەش بازێکی گەورەی ئیدراکی ئەهاوێژێت و لەکۆتاییدا ئەگاتە ئەو حەدەی فۆرمی نوێی لێوە بخولقێنێت.



٣٩.٢ کورسی بۆشایی. نیکۆلای لادۆڤکسی، بارستایی و خولانەوە Mass and Rotation.

تەنها لەڕێگای تێگەیشتن و پیرسیپشنی شێوەی ماددی دا، ئێمە دەتوانین چوار کوالیتی لەیەکتری جیابکەینەوە کە فۆرم دەریان ئەبڕێت:

١- ئەندازەیی geometrical: پەیوەندی نێوان ڕووەکان surfaces، گۆشەکان corners، هتد،

٢- فیزیایی physical: کێش weight، بارستایی mass، هتد.

٣- میکانیکی mechanical: جێگیری stability، بزوان mobility.

٤- لۆجیکی logical: ئارتیکیلەیت کردنی ڕوەکانی فۆرمەکە و ئەو ڕووانەی تریش کە دەوری ئەدەن.

بە پشت بەستن بە حەجم و چەندایەتی ئارتیکیلەیشن ئەم خالانەمەمان بۆ ڕوون ئەبنەوە:

أ- بەهێزی و لاوازی
strength & weakness

ب- گەشەو نەگۆڕان
growth & invariability

ج- سنووردار و بێ سنوور
finiteness & infinity

گەشەکردنی کۆرسی سپەیس بە دوو قۆناغدا ڕۆیشت، قۆناغی یەکەم لەناو بەشی ئۆبماس OBMAS دا بوو (١٩٢٠-١٩٢٢)، بەلام دواتر بەشەکە گۆڕدرا بۆ بەشی سەرەکی Core Department (١٩٢٣ - ١٩٢٦).

لەدوای تەواوبوونی سالی یەکەم، ڕاهێنانە تەزەریەکان کۆتییان پێدەهات و ئەمجارە دەبوو خوێندکاران لە بواری پراکتیکیدا و بە گرتنەبەری هەمان ڕێوشوێنەکانی تر درێژە بدەن بە ڕاهێنانەکانیان. کۆرسی سپەیس لەناو ئۆبماسدا بەم ڕاهێنانانەدا ئەڕۆیشت، هەم تەزەری و هەم عەمەلی: (ئارتیکیلەیشنی ڕووی تەخت، ئارتیکیلەیشنی قەبارە، ئارتیکیلەیشنی بارستایی و کێش، ئارتیکیلەیشنی بۆشایی داخراوە). بەلام لەناو بەشی سەرەکی دا بەمشێوەیە بوو: (ڕوو، بۆشایی پێشەوە، بۆشایی قوڵ، بۆشایی و قەبارە، فۆرم، بارستایی و کێش، گۆڕان).



٣٨.٢ کۆرسی بۆشایی. نیکۆلای لادۆڤکسی، تەفسیلکردنی بۆشایی لە یەک خشتەک دا، Articulation of Space in a Cube

## قوتابخانەی ڤخوتیمەس: تاقیگەی مۆدێرنیزم لە ڕوسیا

### ئۆبماس: ڕاهێنانە بیردۆزی و کرداریەکان ١٩٢٠-٢٢

ئارتیکیلەیشنی کوالیتیە ئەندازەیەکانی فۆرم



ئارتیکیلەیشنی کوالیتیە ئەندازەیەکانی فۆرم



کورەی ئاسنگەر | ئاوەری ئاو | ئاوەری هەڵگرتنی دانەوێڵە

ئارتیکیلەیشنی خاسیەتە فیزیایی و میکانیکیەکانی فۆرم (بارستایی و کێش)



ئارتیکیلەیشنی بارستایی و کێش mass & weight



وۆتەرهاوس

ئارتیکیلەیشنی خاسیەتە فیزیایی و میکانیکیەکانی فۆرم (بارستایی و هاوسەنگی)



ئارتیکیلەیشنی بارستایی و هاوسەنگی mass & balance



ڕیستورانتێک لەگەڵ ئەسکەلە

ئارتیکیلەیشنی ستراکچەر



ئارتیکیلەیشنی ستراکچەری بیم



دەروازەی فرۆکەخانە | بەرزکەرەوەی ئیشائی

ئارتیکیلەیشنی داینەمیکیەت و ئیقاع و پرۆپۆرشن لە سەر ڕووتەختێک



ئارتیکیلەیشنی داینەمیکیەت و ریتم و پرۆپۆرشن لەسەر پلەیێک

ئارتیکیلەیشنی سپەیس



ئارتیکیلەیشنی سپەیس: لای ڕاست - سپەیسی قوڵ، لای چەپ-سپەیسی تەنک



مارکێتێکی دەرەوە

ئارتیکیلەیشنی داینەمیکیەت و ئیقاع و پرۆپۆرشن بەشێوەیەکی ستوونی



ئارتیکیلەیشنی داینەمیکیەت و ریتم و پرۆپۆرشن بەشێوەیەکی ستوونی



تەلاری هەوربڕ skyscraper

٣٩.٢ ڕاهێنانەکانی ڤخوتیمەس نیوان ساڵانی ١٩٢٠-١٩٢٢

## قوتابخانەی ڤخوتیمەس: تاقیگەی مۆدێرنیزم لە ڕوسیا

### بەشی سەرەکی Core Department: ڕاهێنانە کرداریەکان ۱۹۲۳-۲٦

#### surface ڕوو



tone & relife نەقش و تۆنات — ریتمی ستوونی — ریتمی ئاسۆیی — ریتمی ئاسۆیی و ستوونی

#### frontal space بۆشایی پێشەوە



Frontal Relief نەقشی پێشەوە — کۆمپۆزیشنی بۆشاییەکانی پێشەوە — Deep Frontal Space بۆشاییەکی پێشەوەی قوڵ — ڕێکخستنی بۆشایی لەسەر پلەیێکی ئاسۆیی

#### deep space بۆشایی قوڵ



ڕێکخستنی بۆشایی لەناو کیوب — ڕێکخستنی بۆشایی پێشەوەی قوڵ — ڕێکخستنی بۆشایی قوڵ لەسەر پلەیێکی ئاسۆیی

#### space & volume بۆشایی و قەبارە



ڕێکخستنی بۆشایی لەناو قەبارەدا بە بەکارهێنانی پلەینەکان — Volumetric Composition Based on Mass کۆمپۆزیشنێکی قەبارەیی بە بەکارهێنانی بارستایی

#### form فۆرم



ئارتیکولەیشنی فۆرم: بۆکسێکی لاکێشەیی — ئارتیکولەیشنی فۆرم: لولەک — ئارتیکولەیشنی فۆرم: خولاندنەوەی فۆرم

#### mass & weight کێش و بارستایی



Articulation of Mass and Weight in a Volume ئارتیکولەیشنی بارستایی و کێش لەناو قەبارەدا — Volumetric Composition on Mass and Support کۆمپۆزیشنێکی قەبارەیی بە بەکارهێنانی بارستایی و ڕاگر

#### transformation گۆڕین



Transformation of a Vertical Plane گۆڕینی پلەینێکی ستوونی — Texture Transformation گۆڕینی تێکسچەر — Transformation of Tension Structure

۳۹.۲ ڕاهێنانەکانی ڤخوتیمەس نێوان ساڵانی ۱۹۲۲-۱۹۲٦

## ئاڕاستە جیاوازەکانی مۆدێرنیزم

بەمشێوەیە لە فەترەی نێوان سالانی ١٩١٧- ١٩٢٥ تێکەڵەیەکی سەیر و سەمەرە بەدی ئەکرێت لە فەنتازیای تەلارسازی و ڕوئیای سۆشیالیستی. سکێچەکان و پرۆژەکانی قوتابخانەی ڤیخوتیمەس کۆمەڵە ئیشێکی فرەچەشن و ئەبستراکت نیشان ئەدەن لە ستراکچەری هەڵواسراو و تێکشکاو و فڕیو و بەرەڵاو دەرپۆڤیو، پەرستگاو مۆنومێنت و مەزاری فەنتازی. لەناو هەریەکە لە ڤیخوتیمەس و ئینخوک دا ، پاش چەندین وتوویژ و ناکۆکی فکری و هونەری و تەلارسازی، دەستەو تاقمی جیاواز بە فەرمی خۆیان دامەزراند وهەریەکەیان بە ئاقارێکی جیاواز دا ئەڕۆیشتن کە بەگشتی خۆی لە سێ ئاڕاستەدا دەبینیەوە. فرانک چینگ و کاثرین کوک و نوسەرانی دیکەی تەلارسازیش بە جیا باسیان لێوە کردووە کە زۆرجار بە هەڵە زاراوەی کۆنستروکتیڤیزم بەکاردێت بۆ باسکردنی سەرتاپای مۆدێرنیزمی ڕووسی و هونەری شۆڕشگێری، بەلام لە ڕاستیدا هەموو تەلارسازی ڕووسی کۆنستروکتیڤی نەبوو بەڵکو سێ گروپ و بەرەی فەرمی جودا لەو ولاتەدا بوونیان هەبوو، ئەوانیش بریتی بوون لە بەرەی: **ڕاشنەلیستەکان** (عەقلانیەکان کە پەیڕەویان لە تەلارسازیەکی هونەریانەو زاتی ئەکرد وەکو ناوم گابۆ، لادۆڤسکی، کرینسکی)، **کەنستراکتیڤیستەکان** (ڕیالیستەکان کە هیچ بایەخێکیان بۆ هونەر دانەئەنا بە تێگەیشتنە تەقلیدیەکەی وەکو ڤلادیمیر تاتلین و ئەلیکساندەر ڕۆدچینکۆ و ئەلیکسی گەن‌وبرایانی ڤیسنین)،**سوپریمەتیستەکان**(میسالی‌یە عیرفانیەکان کە ڕوانگەیەکی سۆفیگەرییان تێکەڵ بە کاری هونەری و تەلارسازی کردبوو وەکو کازیمیر مالیڤیچ، ڤاسیلی کاندینسکیش میسالی بوو بەلام سەپرێمەتیست نەبوو) [٥١، ٥٢، ٥٣]

هەر سێ بەرەکە دەکرێت لەڕووی ژێرخانەوە کورتتر بکرێنەوەو پۆلێن بکرێن بۆ ڕێچکەی فۆرمەلیستەکان (ڕاشنەلیستەکان و سوپریمەتیستەکان) لە بەرامبەر ڕێچکەی فەنکشنەلیستەکان دا(کەنسترەکتیڤیستەکان). بێگومان جگە لە دەنگە سەربەخۆکانی دیکەی مۆدێرنیزم، وە هەروەها خەتی ترەدیشنەلیستەکان کە هەمیشە ئامادەییان هەبوو بەلام لەژێر هەژموونی ئاڤانت گاردیزم بۆ ماوەیەک لە ناوەندە ئەکادیمیەکان دا پاشکەشیان کردبوو، وە لە بواری کرادریشدا ڕەغبەتێکی کەم هەبوو لەسەر کارەکانیان بەهۆی دۆخی ئابووری یەوە. لەیادمان نەچێت کە لە تەک قوتابخانەکان دا، پێشبڕکی تەلارسازیەکانیش ڕۆڵێکی گرینگیان بینی لە دەرخستنی ڕوئیای جیاواز و شێوازی جیاوازی کارکردن.

لە ڕاستیدا، فاکتەری سەرەکی کەرتبوونەکان لە مۆدێرنیزمی ڕووسی دا دەگەڕایەوە بۆ پرسی بیردۆز لە بەرامبەری دروستکردن theory versus construction. خالی جەوهەری لە دیبەیتی نێوان ڕاشنەلیستەکان و کەنسترەکتیڤیستەکان بریتی بوو لەو بایەخە ڕێژەییەی کە پێویستە بدرێت بە بیردۆزی جوانیناسی لە بەرامبەر فەنکشنەلیزمێک دا کە لە مەوادەکان و تەکنەلۆجیاوە وەرگیراوە. شوێنکەوتوانی کۆنستروکتیڤیزم پێیان وابوو کە نابێت ئیشی تەلارساز جیابکرێتەوە لە خواستە سودبەخش و پێویستەکانی تەکنەلۆجیا. هەرچی شوێنکەوتووانی ڕاشنەلیزم و سوپریمەتیزم بوون پێیان وابوو نابێ تەکنەلۆجیا ببێتە سەنتەری ئیشی تەلارساز بەڵکو ئەوە هونەرە کە دەبێ ئەو پێگەیەی پێ بدرێت.

ئەو دوو بنەمایەی کە لە مۆدێرنیزمی ڕوسیدا بە ئاشکرایی بەدی ئەکرێن ، لە ڕاستیدا دوو بنەمای ئیجابی سەرەکین کە بەگشتی لە زۆربەی هەرە زۆری بزووتنەوەکانی تەلارسازی مۆدێرن دا خۆیان دوبارەوچەندبارەدەکەنەوە،ئەوانیش **"هونەری‌ئەبستراکت"** و **"پیشەسازی مۆدێرنیزم"**ن بە تایبەتی مەکینە. (لەم کتێبەدا لەوانەیە چەند دەستەواژەیەکی جیاواز بۆ هونەری ئەبستراکت بەکارهێنرابن کە هەموویان یەک مانایان هەیە: abstract art, non-objective art, nonrepresentational art, nonfigurative art).

ڤلادیمیر پاپیرنی لە شیکردنەوەیەکی ووردی کەلتوری سۆڤیەتی دا کە بەگشتی ناوزەدی کردوون بە کەلتوری یەک ( کەلتوری لینینی ١٩١٧-١٩٣٢) وە کەلتوری دوو (کەلتوری ستالینی ١٩٣٢-١٩٥٣)، سەبارەت بە ئاڕاستە مەوجودەکانی ناو ئاڤانت گاردی ڕووسی (کەلتوری یەک) ، دوو پێکهاتەی دوانەی دژیەکی دەستنیشانکردووە بەمشێوەیەی خوارەوە:

**"لە کەلتوری یەکەمدا دوانەیەکی دژیەک هەن، ڕەگەزێکیان بریتی یە لە (هونەری نا ڕەمزی nonfigurative art)، هەموو لەیەکچوونێک لەنێوان خولقاندنی هونەری و ژیانی ڕاستی دا ڕەتئەکاتەوە و حەق بە هونەر ئەدات کە زمانی تایبەتی خۆی هەبێت. ڕەگەزی دووەمیشیان بریتی یە لە (بونیاتنانی ژیان life-building) ، بە تەواوی هونەر تێکەڵی ژیان ئەکات.**

**ئاڕاستەی یەکەم لە کەلتوری یەک دا بووە هۆی پەیدابوونی نیگارکێشانی ئەبستراکت، مۆنتاژ لە دروستکردنی فیلمی سینەمایی دا، تەجروبەکانی کاندیسنکی و لادۆڤسکی دەربارەی پێرسێپشن و هەستکردن بە فۆڕمەکان و ڕەنگەکان، ئارخیتێکتۆنەکانی مالیڤیچ و پڕۆونەکانی ئێل لیسیتزکی، لە کۆتایشدا بووە هۆی پەیدابوونی ڕاشنەلیزم (یان فۆرمەلیزم) لە تەلارسازی دا.**

ئاڕاستەی دووەم بووە هۆی پەیدابوونی پۆستەرە سیاسیەکانی مایاکۆڤسکی بۆ پەنجەرەکانی ئاژانسی تەلەگرافی ڕووسی، کورسی تاتلین و مەکینەی فڕیوی لیتاتلین ، فیلمی دۆکیومێنتاری Dziga Vertov and Esfir'Shub، وە دیزاینی شاری داهاتوو لەلایەن پەیکەرتاش ئەنتۆن لاڤینسکی ، لە کۆتایشدا بووە هۆی پەیدابوونی کۆنسترەکتیڤیزم (یان فەنکشنەلیزم) لە تەلارسازی دا.

**هەریەکێک لەم دوو ئاڕاستایە، بە دەگمەن شێوەیەکی بێگەرد و خاوێنیان هەبوو، هەر یەکێکیان خۆی وەکو خاڵی یەکتربڕین دائەنا لەنێوان هەردوو جەمسەرەکەدا. کەلتوری یەکەم لەوەدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا کە جوانی ئەبستراکتی لە ستراکچەرە کاریگەرەکان دا بینی و چوستیشی لە کۆمپۆزیشنە ئەبستراکتەکان دا بینی."[٥٤]**

جگە لەو توێژەرانەی سەروکاریان هەبووە لەگەڵ مۆدێرنیزمی ڕووسی دا، بەشێکی تەلارسازان لەو سەردەمیشدا تێبینی شەقبوونی مۆدێرنیزم و هەبوونی مەیلە دژەکانیان کردبوو. **"دەتوانرێت دوو ئاڕاستە لە ڕوسیا دا جیا بکرێنەوە، یەکێکیان تەجروبەی ئیستاتیکی aesthetic experiment و ئەوەی تریشیان فەنکشنەلیزمی بونیاتنەرە constructive functionalism."** ئیو ڤان دۆسبیرگ لە وتاریکیدا باسی کردووە سالی ١٩٢٨ بە ناونیشانی "ئەبستراکشن، خەون و خەیاڵ، یۆتۆپیا: بزووتنەوە ناکۆکەکان لە تەلارسازی ڕوسی دا."[٥٥]

بە پشت بەستن بە ڕسوماتەکان و ئەو ستراکچەرانەشی کە جێبەجێ کراون، سەرەڕای لەیەک جیاوازی دوو ئاڕاستەکە لە ڕووی فەلسەفەوە (ژێرخان) بەڵام لە ڕووی ستایلەوە (سەرخان) لەیەکچوونێکی زۆر لەنێوان فۆرمی بیناکانیان بەدی ئەکرێت بگرە لە زۆر حاڵەتدا وەکو یەک وان. برونۆ تاوت لە سەردانیکردنی دا بۆ یەکێتی سۆڤیەت سالی ١٩٢٩ دانی بەوەداناوە **"بەڕاستی زۆر گرانە بۆ کەسێکی بیانی کە لە جیاوازی نێوان کەنسترەکتیڤیست و فۆرمەلیستەکان تێبگات."[٥٦]** تەنانەت مۆیسی گینزبێرگ کە لە دواییدا بووە یەکێک لە دڵسۆزترین نمایندەکانی کەنستراکتیڤیزم، هەوڵی دا جیاوازی نێوان دوو ئاڕاستەکە کورت بکاتەوە، لە ١٩٢٣ دا دوپاتی لەسەر ئەوەو کردۆتەوە کە **"کەنستراکتیڤیزم و ڕاشنەلیزمو هەموو نازناوەکانی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە، تەنها دەربڕینێکی ڕووکەشی خەباتکردنن بۆ مۆدێرنیزم و لەدایکبوونی جوانیەکی تازە بەهۆی ژیانی بە مەکینەکراوەوە."[٥٧]** پاپێرنی لەیەکچوونی فۆرمەکانی بەمشێوەیە ڕوونکردۆتەوە **"هونەری ئەبستراکت و هونەری بیناکردنی ژیان هەردووکیان لەیەکئەچن لەو ڕووەوە کە هەردووکیان کاردانەوەیەکی ڕەمزی و ئیجابین بۆ شارستانیەتی زانستی-تەکنەلۆجی کە لە ڕۆژئاواوە گەیشتە ڕوسیا. بەهەمان شێوە، ڕاشنەلیزم و کەنسترەکتیڤیزم لەیەکئەچن لەو ڕووەوە کە هەردووکیان وەکو گینزبێرگ ئاماژەی پێداوە 'دوو دەربڕینی ڕووکەشی یەک هەوڵدانن لەپێناوی ژیانی هاوچەرخ دا'. هەمان ئەو فۆرمانەی بەهۆی شارستانیەتی نوێوە دروستبیبوون، هاوڕێک بوون لەگەڵ ڕۆئیای هەردوو ئاڕاستەی ڕاشنەلیستەکان و کەنسترەکتیڤیستەکان دا، لەبەرەوەش دەرەنجامە فۆرمیەکانی هەردولا وەکو یەک بوون."[٥٨]**

بەلام ئەوەی کە لێرەدا گرینگە، جودایی لە جیهانبینی و بیردۆزی پشت دروستبوونی فۆرمەکانەوەیە. بزووتنەوەکان هەرچەندێکیش شێوەی چونیەکیان بەرهەمهێنابێت، لەسەر بناغەی جیاوازەوە خۆیان هەڵچنی بوو.

دەتوانین بڵێین نیوەی یەکەمی بیستەکان فەترەی تەجروبەکاری بوو لەسەر کاغەز و نیوەی دووەمی بیستەکانیش فەترەی وەراستگێران و جێبەجێکردنی تەجروبەکان بوو لەسەر ئەرزی واقیعدا. لە سالی ١٩٢٣ەوە ژیانی ناوشار دوبارە دەستیکردەوە بە ڕێکخستن، ئەو زامانەی بەهۆی شەڕی ناوخۆوە دروستبوبوون بەرەبەرە سارێژ دەبوونەوە. سالی دواتر چالاکی بیناکاری بەشێوەیەکی فراوان جموجۆلی تێکەوت. لەگەل توانەوەی خەیاڵە ڕۆمانتیکیەکان، تەلارسازان کەوتنەخۆ بۆ لە ئەستۆگرتنی ئەو ئەرکە گرانانەی کە هاتبوونە سەر شانیان لە ڕووی پراکتیکی یەوە. شار و دانیشتووان گەشەکردنێکی خێرایان بەخۆیانەوە بینی، بوژانەوەی بەرە بەرەی ئابووریش بووە هۆی زیادبوونی خواست و ویست لەسەر دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوونی نوێ کە هەر خۆی ژمارەیان یەکجار کەم بوو بەراورد بە ژمارەی دانیشتووان. ژێرخانی پیشەسازی بە پرۆسەی چاکبوونەوەدا ئەڕۆیشت، پرۆژەی پیشەسازی زەبەلاح لە بەرنامەی دروستکردندابوون. دەبوو کارێکی زۆر ئەنجام بدرێت تاکو شێوازی نوێی ژیانی کۆمەلایەتی بخرێتە سەر سکەی ئاسایی خۆی. سیستەمی نوێی پەروەردە فراوانتر کرا. بە کورتی ئەو ئەرکەی بەهۆی چالاکی بیناکاری یەوە ڕووبەڕووی تەلارسازان بوویەوە گەورەو گرینگ بوو، پێویستی بە ئیمکانیاتی ئابووری بەهێز هەبوو. بیناکاری

هێندە لاواز بوبوو تەنانەت پێویستی بە مەوادە تەقلیدیەکانیش هەبوو وەکو کەرپوچ و تەختە لەبەرەوەی لە کورتیان دابوو. چیمەنتۆ و ئاسن بەهیچ جۆرێک بەردەست نەبوون بۆ دروستکردنی ستراکچەر لە کۆنکریتی بەهێزکراو reinforced concret. شووشەی کوالیتی بەرز، مەوادی رووپۆشکردن finishing، وە بۆیەی رەنگکردن بوونیان نەبوو. تاقمە کۆنەکانی دروستکردنی بینا (وەستا وکرێکار و هتد) وە نەریتی پیشەگەری کۆن لە دروستکردنی بینا دا لەناوچوون بەهۆی جەنگەوە. لەگەل ئەوەشدا پێویستبوو کەرتی بیناکاری بەشێوەیەکی ئابووریانە سوود لە مەوادە کەمەکان وەربگرێت. زورینەی تەلارسازان رۆژی گەشی خۆیان لە بواری تەلارسازی دا لە سالە سەختەکانی دوای شۆرشدا بینیەوە، کێبرکێی نێوان چەندین گروپ بۆ دیزاینکردنی پرۆژە لە پێشبرکێکان دا ، هانی تەقینەوەی داهێنانی تەلارسازی دا. بەمەش تەلارسازیەکی خەیالی و نوێیان دروستکرد لەگەل شتگەلێک کە بێ پێشنە بوون و پێشوتر نەبیسترابوون سەرەرای نەبوونی سەرچاوەی ماددی. بەلام بێگومان ئەو تەلارسازیەش لە هەلەو بێ خەوشی بەدەر نەبوو، بگرە ئەو رۆژگارە کۆمەلە ستراکچەرێکی بۆ ئێمە جێهێشتووە کە ئێستا زۆر بێ مانا و بێ بنەما دەردەکەون، وەک بلێی بە پەلەپروزکێ دیزاین کرابن بەبێ ئەنجامدانی لێکۆلینەوە. خۆی لە خۆی دا تێکرای ئەم جۆرە کارانە گوزارشتێکی ئاشکرای رۆحی ئەو سەردەمەن کە وەکو کەشتیەکی رێ لێونبوو وان و بەرەو رێگایەکی نادیار سەول لێ ئەدەن.[٥٩]

جێگای باسکردنە لە بابی سودفەوە نەبوو کە ناوی هیچ یەکێک لە رێکخراوەکان و بزووتنەوە تەلارسازیەکان لە یەکێتی سۆڤیەتدا زاراوەی "مۆدێرن"یان هەلنەگرتووە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو هۆکارەی کە خودی زاراوەکە لەکەدار بوبوو لەبەر وابەستەبوونی بە ڤێرژنی رووسیانەی ستایلی ئارت نوڤو کە ناسرابوو بە ستایل مۆدێرنە.[٦٠]

بەر لە باسکردنی هەریەکە لە بزووتنەوەکان بە جیا، جیاوازی هەرسێکیان لەو تەوەرانەدا پوختکراوەتەوە:

**١. کەنستراکشن و کۆمپۆزیشن:**

کەنسترەکتیڤیستەکان لەسەر ئەو باوەرە بوون کە کاری هونەری "کەنستراکشن"ە، واتە دروستکردنی تەنێکی راستەقینە لەناو تەنە راستەقینەکان دا، کە هەریەکەو تایبەتمەندی خۆی هەیە، نەوەک "کۆمپۆزیشن"ێکی تەنە بەرجەستە کراوەکان بێت ، بەو واتایەی کە هەموو تەنەکان پێکەوە رەبت بن و پەیوەندی نێوانیان یاساکانی کۆمپۆزیشن تەحەکومیان پێوە بکات. نیەتی ئەم کارەش بۆ نەهێشتنێکی یەکجارەکی هونەرە جوانەکان و جێگرتنەوەی بوو بە هونەری تەتبیقی یان پیشەسازی کە ئەوان حەزیان ئەکرد پێی بلێن "هونەری بەرهەمهێنان."

**٢. فۆرم و فەنکشن:**

کەنستراکتیڤیزم بزووتنەوەیەکی فەنکشنەلیست بوو، بەلام راشنەلیزم و سوپریمتیزم بزووتنەوەیەکی فۆرمەلیست بوون. جوانی بەلای کەنسترەکتیڤیستەکانەوە رەهەندێکی رۆحی هەیە، رۆحیانەتیش دەچێتە بازنەی غەیبەوە نەوەک ماددیەت کە مارکسیەت دانیپیدا نانێت. فۆرم بە حوکمی ئەوەی گوزارشت لە جوانی ئەکات، کەواتە گوزارشت لە رەهەندێکی رۆحیش ئەکات، کەواتە فۆرم بە هیچ شێوەیەک جێگای بایەخپێدان نیە.

**٣. پەیمانگا تەلارسازییەکان:**

پەیمانگای ئینخوک INKhUK بووە ناوەندی گەشەسەندنی کەنستراکتیڤیزم، پەیمانگای ڤخوتیمەس VKhUTEMAS بووە ناوەندی گەشەسەندنی راشنەلیزم، پەیمانگای هونەری لە ڤیتبسک بووە ناوەندی گەشەسەندنی سوپریمەتیزم.

**٤. کاری رێکخراوەیی:**

کەنستراکتیڤیستەکان رێکخراوی ئۆسا (ئۆ ئێس ئەی)یان دامەزراند، راشنەلیستەکان رێکخراوی ئاسنۆڤا، سوپریمەتیستەکانیش رێکخراوی یونۆڤیس.

**٥. پێگەی تەکنەلۆجیا:**

تەلارسازانی کەنسترەکتیڤیست بەوە راشنەلیستەکانیان تۆمەتبار ئەکرد کە پیشەی تەلارسازیان دوورخستۆتەوە لە خواستە تەکنەلۆجیەکان، لە لایەکی تریشەوە تەلارسازانی راشنەلیست بەوە کەنسترەکتیڤیستەکانیان تۆمەتبار ئەکرد کە بونەتە شەیدای تەکنەلۆجیا تا رادەی پەرستن technological fetishism.

**٦. هونەرێکی پەتی بەرامبەر هونەرێکی ئاوێتە بە ژیان:**

تەلارسازانی کەنسترەکتیڤیست هونەریان قبول نەبوو بە تەنها بەلکو تەکنەلۆجیایان تێکەل بە کاری هونەری و تەلارسازی ئەکرد، بەلام تەلارسازانی راشنەلیست داکۆکیکاری هونەرێکی خاوێن و پەتی بوون کە خالی بێت لە هەموو کاریگەریەکی دەرەکی لە بوارەکانی دیکەوە بۆ ناوی.

بەلای راشنەلیستەکانەوە یەکەم ئەرکی نوێکردنەوەی هونەر پاککردنەوەو خاوێنکردنەوەی بوو لە خلتەی دەرەکی لەگەل دۆزینەوەی یاسا فۆرمی و سایکۆلۆجیەکان. بەلای کەنسترەکتیڤیستەکانەوە، هونەرکە لە جەوهەر دا دیاردەیەکی کۆمەلایەتی یە، ناتوانرێت عەزل بکرێت تەنها و تەنها وەکو مومارەسەیەکی فۆرمی خاوێن.

# تەلارسازی سوپریمەتیزم

کاری تیۆری و پراکتیکی مالیڤیچ لەسەر سوپریمەتیزمی سێ ڕەهەندی لەکۆتایی دەیەکان و سەرەتای بیستەکان دا دەستپێکرد، پاش ئەوەی وازی لە تابلۆکێشان هێنا painting تاکو خۆی بە توێژینەوە لەبواری تەلارسازی دا سەرقاڵ بکات. مالیڤیچ ڕایگەیاند **"پەینتینگ لە سوپریمەتیزم دا کاریگی نەکردەیەو هەرگیز جێگای نابێتەوە، پەینتینگ ئیتر مردووە، تەنانەت کەسی پەینتەریش هەرخۆی بۆتە بیرۆکەیەک لە ڕابردوو دا."** لە کاریگی نیگارکێشی دا بەناوی "سپی لەسەر سپی" ساڵی ١٩١٧-١٨ ، تابلۆکێشان لەلای گەیشتە دوا لوتکەی خۆی. دواجار فۆرمێکی دیکەی هونەری هێناثاراوەو لە ئاکامی گەڕانی بەدوای نابابەتی بوونێکی ڕەها دا ، سوپریمەتیزمی هێنا ناو بواری تەلارسازیەوە.[٦٢] پێش ئەو بەرواره مالیڤیچ لە کێشانی شێوە ئەبستراکتەکان بەردەوام بوو کە کۆمپۆزیشنێکی داینەمیکیان هەیەو وا دەردەکەون تەحەدای هێزی کێشکردنی زەوی ئەکەن (بەرەنگاری هێزی ڕاکێشانی زەوی دەبنەوە) gravity-defying abstract forms، بەڵام لەو کات بەدواوە دەستیکردە تەحویلکردنی ئەم شێوانە بۆ سەر فۆرمی سێ ڕەهەندی.[٦٣] بەمشێوەیە مالیڤیچ هاوشێوەی ڤان دۆسبیرگ، سیستەمی ئایدیاکانی خۆی درێژکردەوە بۆ ناو تەلارسازی. لە زنجیرەیەک مۆدێلی خشتەکیانە دا کە ناوی نابوون "Arkhitektons ئارخیتێکتۆنس" و لە پلاستەری سپی دروستی کردبوون، دەیویست بەهۆیانەوە یاسا ئەمر و تایملیسەکانی تەلارسازی نیشان بدات کە بنچینەی هەموو گۆڕانێک لە خواستەکانی وەزیفەدا دروست ئەکەن.[٦٤] ئەم مۆدێلانە ڕوئیای یۆتۆپی ئەویان دەرخستووە بۆ تەکنەلۆجیایەکی بێ کێش weightless technology، هەروەها بۆشایەکی خاڵی لە هێزی کێشکردنی زەوی zero gravity space کە پێشوتر لە تابلۆکانی دا نیشانی دابوو ئێستا جێبەجێی کردووە لە جیهانی نوێی خەونەکانی دا بۆ دروستکردنی تەلارسازیەکی ڕاستەقینەی شۆڕشگێری.[٦٥]

لە بیستەکان دا تەفسیراتی مالیڤیچ بۆ سوپریمەتیزم وەکویەکێک لە سیستەمەکانی تەلارسازی ئەوروپی گۆڕانی بەسەردا ئەهات. لەسەرەتادا بەو تێڕوانینە دەستیپێکرد کە سوپریمەتیزم میتۆدێکی زانستیە و هەر لەناو خۆیدا ئیمکانیەتی ئافراندنی فۆرمی هەڵگرتووە بۆ دروستکردنی زمانێکی پلاستیکی گەردوونی. سوپریمەتیزم دەبێتە بناغەی ستایلێکی گشتی تەلارسازی، لە هەمان کاتدا سیفەتی گواستنەوەی هەست بۆ بینەر کە سوپریمەتیستی هونەری پێ جیا دەکرێتەوە، پێویستە لە کاری تەلارسازیشدا ڕەنگبداتەوە. لەبەردوە هەستی گەردوونی cosmic sensation کە ڕووتەختی تابلۆی سوپریمەتیستی ئەیبەخشێت، دەبێتە هاوکێشەو ڕەگەزێکی سەرەکی تەلارسازی بۆ دروستکردنی سیستەمێکی تەلارسازی گەردوونی. بەمەش پڕکردنی سپەیس بە ووزەی داینەمیکی ژیانی فەلەکی لە هەموو شتێک گرینگترە لە سوپریمەتیزمی تەلارسازی دا. تەلارسازی سوپریمەتیزم بەلای مالیڤیچەوە ، تەلارسازیەکی نا ڕەمزی و نا وەزیفیەو بەهیچ جۆرێک خۆی ناخاتە ژێر باری ئیعتیباراتی ئابووری و کۆمەڵایەتی یەوە. لەبەرەوەش ئارکیتێکتۆنەکانی ناوبراو تەنها هەستێکی پلاستیکی بێگەرد ئەگوازنەوە بۆ بینەر، بە دەربڕینێکی جوانتری ئێرنست کالای **"هەر تابلۆی سوپریمەتیستین و ڕوخساری خۆیان گۆڕیووە."**[٦٦]

مالیڤیچ لەدواتردا تەلارسازی خستە تای تەرازوی هونەرەوەو تەلارسازی وەکو هاوتای هونەری مۆدێرنە دانا، بەوپێیەی ئامانجی تەلارسازی (تەلارسازی لە فۆرمە باڵاکەیدا) بریتی یە لە دروستکردنەوەی جیهان بەگوێرەی یاساکانی هونەری نوێ. لەم سۆنگەیەشەوە خەونی بە ژینگەیەکی سوپریمەتیستی جیهانیەوە ئەبینی کە تیایدا هەموو شتێک ملکەچ ببێت بۆ قانوونەکانی سوپریمەتیزم **"هەموو شتێک، سەرتاپای جیهان، پێویستە بەپێی فۆڕمەکانی سوپریمەتیزم ڕێکبخرێت.. بە مانایەکی تر، قوماش، وەرەقەی ڕازاندنەوەی دیوار، قاپ و قاچاخ، کەلوپەلی ناوماڵ، لەوحەی ناونیشانی دوکانەکان.. بە کورتی هەموو شتەکان پێویستە دیزاینی سوپریمەتیستیان هەبێت وەکو شێوازێکی تازەی هارمۆنی."**[٦٧]

ئارکیتێکتۆنەکانی مالیڤیچ لە سەرەتادا بەلای زۆرەوە فۆرمێکی ئاسۆییان هەبوون و لە کۆمەڵە کیوبێکی سپی پێکدەهاتن کە پێکەوە کلاستەر کراون، بەشێکیان هەستی وەستان و ناچالاکییان دروست ئەکرد و بەشێکی دیکەشیان چالاک و داینەمیک بوون، بەشێکیان هەستی چڕکردنەوەی کێش و قورساییان دروست ئەکرد بەشێکی دیکەشیان پەرتەوازەکردنی کێش و قورسایی. بەڵام دواتر مالیڤیچ ڤێرژنێکی ستوونی بۆ ئارکیتێکتۆنەکان بەرهەمهێنا، کە هەڵگری هەمان ئەو سیفەتانەی ئارکیتێکتۆنی ئاسۆیی یە، تەنها ئەو جیاوازیە نەبێت کە یەکەمیان بەسەر زەوی دا ڕاکشاوەو دووەمیان بەناو بۆشایی دا بەرەو ئاسمان بەرزدەبێتەوە.



**٤١.٢ کازیمیر مالیڤیچ، ئەلفا ئارکیتیکتۆن، زنجیرەی ئارکیتیکتۆنەکان، ١٩٢٠-٢٣.**
چەندین روتەختی هەڵوسراو cantilevered planes لە چێوەی بیمێکی سپی ئاسۆیدا هاتوونەدەرەوە. بلۆکە درێژە چوارگۆشەییەکە هەستی جوڵەو دەرچوون بەرەو پێشەوەی بەخشیووەتە کارەکە.



**٤٢.٢ کازیمیر مالیڤیچ، گۆتا ئارکیتیکتۆن، زنجیرەی ئارکیتیکتۆنەکان، ١٩٢٣.**
مۆدێلەکە پێکدێت لە تاوەرێک کە بەرزبۆتەوە بەشێوەی زنجیرەیەک سێت باک و شەفتی درێژ. بازنەیەکی رەش خەرقی واجیهەکەی کردوو تا بیری بینەر بخاتەوە کە ئەمە پەیکەرێکی سوپریمەتیستیە.



٤٣.٢ کازیمیر مالیڤیچ، بیتا ئارکیتیکتون، زنجیرەی ئارکیتیکتونەکان، ١٩٢٦.

ئارکیتیکتونەکان چوار جۆریان هەیە، دوویان ئاسۆیین (ئەلفا ، بیتا) دووەکەی تریشیان ستوونین (گوتا ، زیتا)، هەر یەکێک لەم تایپانەش لەناو خۆیاندا لەوانەیە چەشنی جیاواز "variant"یان هەبێت.

ئەلفا (سادە)، بیتا (ئاڵۆز)، گوتا (سادە)، زیتا (ئاڵۆز).

ئەلفا (١٩٢٠)، بیتا (١٩٢٥)، گوتا (١٩٢٣)، زیتا (١٩٢٦).

ئەلفا یەکەم ڤێرژنی ئارکیتیکتونەکان و یەکەم تاقیکردنەوەی سوپریمەتیزمی تەلارسازی بوو بەشێوەی ئاسۆیی. گوتا دووەم ڤێرژنی ئارکیتیکتونەکان و یەکەم تاقیکردنەوەی سوپریمەتیزمی تەلارسازی بوو بەشێوەی ستوونی. بیتا سێیەم ڤێرژن بوو بەڵام دووەمین تاقیکردنەوەی مالیڤیچ بوو بۆ دۆزینەوەی ئیمکانیات و ئیحتیمالاتی زیاتری سوپریمەتیزم بە شێوەی ئاسۆیی. زیتا چوارەم ڤێرژن و دووەم تاقیکردنەوەی مالیڤیچ بوو سەبارەت بە دۆزینەوەی ئیمکانیاتی زیاتری سوپرمەتیزم بەشێوەی ستوونی.



٤٤.٢ کازیمیر مالیڤیچ، زیتا ئارکیتیکتون، زنجیرەی ئارکیتیکتونەکان، ١٩٢٦.

## تەلارسازی سوپریمەتیزم

٤٥.٢ کازیمیر مالیڤیچ، ئۆرنەمێنتەکانی سوپریمەتیزم
Suprematist Ornaments، ١٩٢٧.



سالی ١٩٢٧ لە پێشانگایەکدا مالیڤیچ ژمارەیەکی زۆر لە ئارکیتێکتونەکانی خستەڕوو لەژێر ناوی "ئۆرنەمێنتەکانی سوپریمەتیزم"دا. ئەم کۆلێکشنە پێکهاتبوو لە ١٥ مۆدێل و ڕووبەرێکی ٤٥سم بە ٤٥سم دائەپۆشن. مالیڤیچ ئەمجارە لە ئاستی تەلارسازی دەرچووە بۆ ئاستی ئیربەن دیزاین و پلانسازی، هەموو مۆدێلەکان پێکەوە تەجسیدی سکایلاینێکی شار ئەکەن. مۆدێلەکان پێکهاتوون لە ئارکیتێکتۆنیکی ئاسۆیی و ستوونی، ئەمەش مرونەو قابیلیەتی پێکەوە گونجانی هەردوو سیستەمی ئاسۆیی و ستوونی دەرخستووە.[٦٨] پێکبەسترانەوەی توندوتۆلی بەشە ئەندازەییەکانی فۆرمی ئارکیتێکتۆنێک لەگەڵ یەکتریداو ئینجا هەموو ئارکیتێکتۆنەکانیش لەگەڵ یەکتریدا، فرە ڕوویی شێوەی ئارکیتێکتۆنەکان، جوڵەکردن بەرەو سەرەوەو لەدەستدانی کێش، جێگرتنەوەی قەدێکی ئەستوور بە قەدێکی بارێک لە فۆرم دا، هەموویان پێکەوە بوونە نیشانەی دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی تەلارسازی سوپریمەتیزم. ئارکیتێکتۆنەکان چیتر بەجیا وەکو یەک کیان مامەڵەیان لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکو لێرەوە بەشێوەی فەردی ئۆتۆنۆمی خۆیان لەدەستداوەوە تەسلیم بوون بە حوکمی کۆمەڵ، هەموو ئارکیتێکتۆنەکان پێکەوە بوونەتە یەک کیان. لە پێشانگاکەدا هەموویان پێکەوە یەک ژینگەی تەلارسازی سوپریمەتیستیان دروست کردووە، کە تەمسیلی شارێکی نموونەیی ئەکەن لەژێر هەیمەنەی بەهاکانی سوپریمەتیزم دا.[٦٩]

لەم فۆرمانەدا هەموو کاریگەرییەکی سروشت و مێژوو لابراوە. مالیڤیچ ویستوویەتی پەیامەکانی بگەیەنێتە خەڵک لە خیلالی تەجرید کردنەوەیەکی هەندەسی وا کە ببێتە هۆی جوڵاندنی هەستەکانی بینەر و هاندانی بۆ تەئەمول لەڕێگای جوڵەی فۆرمەکانەوە نەوەک لەڕێگای لاساییکردنەوەی واقیع و ڕتوش کردن و دانانەوەی سیمبولی کەلتوری و موفرەداتی تەقلیدی. سادەترین شێوەی ئەندازەیی تەوزیف کراون و بە سپیەتی جێهێڵراون بە مەبەستی دروستکردنی گەورەترین کاریگەری بەسەری و سەفای ڕۆحی. تەکوینی تەدریجیانەی فۆرم و ئەشکالی ناچونیەک لە قەبارەو ئاراستەدا ئەو ئینتیباعە دروست ئەکەن کە فۆرمەکە لە هەوادا هەڵواسراوە.

## تەلارسازی سوپریمەتیزم

لە کۆتایی بیستەکاندا **ڕۆحی کلاسیکی** جارێکی تر لە کارەکانی مالیڤیچ دا ژیایەوە، ناوبراو دەربارەی ڕەوتی نوێی تەلارسازی سوپریمەتیزم نووسی **"سەرەتایەکی تازەی تەلارسازی کلاسیکی بەدی ئەکەم."** لێرەوە دەستیکرد بە جوڵان بەرەو پرانسیپی تازە بۆ بونیاتنانی ئارکیتێکتۆنەکان. ئەمجارە فۆرمی شاوڵی زیاتر باڵادەست بوو، ئارکیتێکتۆنێکی ستوونی بەرهەمهات لەسەر شێوەی پایە. پارچە بچووکەکان بوونە ئۆرنەمێنت و مۆتیف بۆ قەدی ئارکیتێکتۆنیک. شێوەی هەیکەلی پایەکە و پرۆگرامی ڕێکخستنی زۆر نزیک بوو لە پرۆتۆتایپێکی مۆدێرن بۆ پایەی کلاسیکی گریکی. ئۆردەری سوپریمەتیست "Suprematist Order" بە نزیکەیی هاوشێوە بوو لەگەڵ ئۆردەری ئایۆنیک و دۆریک و کۆرینثیەن.[٧٠] پێداگیریکردن لەسەر درێژبوونەوەیەکی ستوونیانە بەناو بۆشایی دا، بە تەواوی سەرنجمان ڕادەکێشێت بۆ دیمەنی کۆڵەگە کلاسیکیەکان.

مۆدێلە تەلارسازییەکانی سوپریمەتیزم کە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بەرواورە، سەرەتا بنکەیەکی قورسی چواگۆشەییان هەبوو



**٤٧.٢ کازیمیر مالیڤیچ، مۆدێلی تەلارسازی سوپریمەتیستی، ١٩٢٧.**

بە کۆنتراستێکی زۆر لەگەڵ پایە باریک و سووکەکان کە لە سەریاندا جێگیرکرابوون. بەڵام مۆدێلەکانی دواتر پێکدێن لە چەندین شێوەی باریکتر و درێژتر کە لەسەر بنکەی بچوک و سادە دانراون تا فۆرمەکان پرۆفایلێکی باریک و ناهاوتا وەربگرن asymmetrical. بەهۆی ئارتیکیلەیت کردنی بارستەی سەرەکیەوە، لەڕووی بەسەری یەوە فۆرمی ئارکیتێکتۆنەکان بێبەری کراون لە هەستکردن بە چڕی و قورساییەکەی. ئارکیتێکتۆنەکان پارچەپارچە کراون بۆ چەندین پارچەی بچووکەوەو ئامادەییان تێدا هەیە تەحویل بکرێن یاخود وون ببن لەناو بۆشاییەکی سپی خەیاڵی دا. مالیڤیچ تا زیاتر ئەچێتە تەمەنەوە، کارەکانی زیاتر بەرەو شاقوڵی بوون ئەڕۆن و بەرزاییەکەشیان زیاتر ئەکات، وەک بڵێی فۆرمەکانی لە زەوی تۆراون و ڕوویان لە بۆشایی ئاسمان کردووە.



**٤٦.٢ کازیمیر مالیڤیچ، مۆدێلی تەلارسازی سوپریمەتیستی، ١٩٢٧.**

مالیڤیچ لە گواستنەوەی زیاتری بیرۆکەکانی لە هونەرەوە بۆ تەلارسازی هەوڵی ڕاکێشانی تەلارسازانی دا بەو نیەتەی کە دەرفەت برەخسێنێت بۆ پسپۆرانی بوارەکە تا بەوکارە هەڵسن "**باشترین و مەحەکترین پلانم داڕشتووە بۆ نیزامی سوپریمەتیزم. گەشەپێدان و تەحویل پێکردنی زیاتری سوپریمەتیزم بۆ ناو بواری تەلارسازی بە تەواوی جێدەهێڵم بۆ تەلارسازە گەنجەکان، چونکە چاخی نوێی تەلارسازی لەو نیزامەدا ئەبینمەوە. من وەکو خۆم گەیشتوومەتە هەرێمێکی نوێی فکری کە نوێیە بە نسبەتی منیشەوە، وە بەپێی توانا ئەو جیهانە ئەخەمەڕوو کە لەناو بۆشایی بێکۆتایی کەللەی مرۆڤدا ئەیبینم.**"[71] داواکەی مالیڤیچ بۆ گەڕان بەدوای ڤێرژنێکی تەلارسازیانە بۆ سوپریمەتیزم بەپێی پێویست کاری لەسەر نەکرابوو لەبواری کرداری دا، ئۆکاتاری نووسەر دەڵێت بە لەبەرچاوگرتنی کارە بەجێماوەکانی مالیڤیچ هەم نووسراو و هەم بینراو، دەردەکەوێت کە هونەرمەندەکە خۆشی نەیتوانیووە تا کۆتایی بەردەوام بێت و بگاتە دوا ئامانجەکانی.[72] لەلایەکی دیکەوە بەوشێوەیەی کاترین کوک ئاماژەی بۆ کردووە، ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە سەروەختی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا بەرێژەیەکی زۆر لە بەرژەوەندی کۆنستردەکتیڤیزم دا شکانەوە، بۆیە لە نیوەی یەکەمی بیستەکان دا کۆنستردەکتیڤیزم جێگای سوپریمەتیزمی مۆدە بەسەرچووی گرتەوە، کە بەگشتی بزووتنەوەیەکی ئاڤانت گاردی پێش هاتنی شۆڕش بوو.[73] کریستینا لۆدەر ئەڵێت هۆکاری لاوازی و دەستلایەزی سوپریمەتیزم دەگەڕێتەوە بۆ غیابی بایەخی ماددی و ئینشائی لەناو باکگراوندی تیۆری بزووتنەوەکە دەربارەی کێشە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگەی شۆڕشگێری کە پێویستی بە چارەسەری کرادری و بەپەلە هەبوو.[74] بەڵام پاوڵ وود وایئەبینێت سەرکوتکردنی سوپریمەتیزم لەدوایساڵی ١٩٣٠ەوە دەستی پێکرد لەو بەروارەرشدا نەوەک هەر سوپریمەتیزم بگرە گشت بزووتنەوەکانی تر کە بەند بوون لەسەر تەجروبەکاری گەیشتنە هەمان چارەنووس، وود پێی وایە مەسەلەکە زۆر لەوە گەورەتر بوو، ئەوەی کە لێرەدا کێشەی تێکەوتبوو دەلیلی شکستێکی فراوانتر بوو ئەویش بریتی بوو لە شکستهێنانی خودی شۆڕشی بەلشەفیزم.[75] زیاد لەوەش، میکایل گرۆبمان باس لەوە دەکات فەلسەفە سۆفیگەرییەکەی مالیڤیچ لەڕووی ئایدۆلۆجیەوە بە مەترسیدار هەژمار ئەکرا لە سیاقی سیاسی دا، چونکە داوای ئەکرد کە پێویستە هونەر شانبەشانی ئامانجە کۆمەڵایەتیەکانی مارکسیزم گەشەبکات. گرۆبمان سوپریمەتیزم بەراورد دەکات بە کۆنستراکتیڤیزم لە ناحیەی ڕۆچوونیان بە ناخی کۆمەڵ و پەیوەستبوونی کۆمەڵایەتیانەوەو دەڵێت لەوکاتەدا کە سوپریمەتیزم "**بەرنامەیەکی سۆفیگەری بوو بۆ کامڵ بوون**" کە "**ڕووی هونەری بەرەو نەمری ئاڕاستەکرد**" ئەوا کەنستراکتیڤیزم وەکو "**خەونێک و ئیشکردنێکی تەواو گەنج**" مایەوە کە "**ڕووی هونەری بەرەو ژیان ئاڕاستەکرد.**"[76]

ئێل لیسیتزکی یەکەم تەلارسازێک بوو کە بە دەنگ بانگەوازە عیرفانیەکەی سوپریمەتیزمەوە چوو. ناوبراو دەستیدایە تەرجومەکردنی سوپریمەتیزم لە هونەرەوە بۆ تەلارسازی بەسوود وەرگرتن لەو بناغە تیۆریەی کە مالیڤیچ دایڕشتبوو، بەم هۆیشەوە هەر زوو وەکو نوێنەری تەلارسازی سوپریمەتیزم دەرکەوت. ناوبراو کۆمەڵێک پەیتینگی تەلارسازی لەژێر ناوی PROUN دا دروستکردن، کە کورتکراوەی pro-unovisەو مانای "**پڕۆژەیەک بۆ جەختکردنەوە لەسەر نوێگەری**" دەبەخشێت. پڕوونەکان زۆربەیان لە چەند تەنێکی هاوشێوەی ئارکیتێکتۆنەکان پێکدێن و لە بۆشاییەکی بێ گراڤیتی دا خول ئەدەن. کارەکانی ئەو هەوڵێک بوون بۆ تواندنەوەی تەلارسازی و وێنەکێشان و پەیکەرتاشی لە یەک بۆتەدا، بە دۆزینەوەی زەمینەی هاوبەشی نێوانیان.[77] بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، لیسیتزکی تەواو نەچووە سەر ڕێبازەکەی مالیڤیچ، بەڵکو هەندێ توخمی لێ وەرگرتوو لەگەڵ تێڕوانینی تایبەتی خۆیدا ئاوێتەی کردن. بەمەش لەکارەکانی ئێل لیسیتزکی دا هەردوو بۆچوونەکەی ناو ئاڤانت گاردی ڕووسی (پێگەی ئایدیەلیزم و پراگماتیزم) بەیەک گەیەنراون. پڕوونەکانی ئەو لەیەک کاتدا وەکو ئیدیۆگرامێک حیساب ئەکران بە ناوەڕۆکێکی یۆتۆپیەوە، هەروەها وەکو زمانێکی فۆرمی سادەش کە دەکری جێبەجێ بکرێت بەسەر پەیکەرتاشی، کەلوپەل، نووسین، هەروەها بیناکانیش دا.[78]

پڕوونەکان، لەدوای ئارکیتێکتۆنەکان، هەوڵی دووەمی گواستنەوەی فەلسەفەی سوپریمەتیزم بوون لە هونەرەوە بۆ تەلارسازی. بۆ ئەم مەبەستەش لیسیتزکی سوودێکی زۆری لە تەکنیکەکانی ڕەسمکێشان وەرگرتووە بۆ دروستکردنی تەنی سێ ڕەهەندی لەسەر شێوازی سوپریمەتیزم.

لەنێوان هەنگاوەکانی گەڵاڵەکردنی بەشێوەیەکی فکری و تەحقیقکردنی بەشێوەیەکی فیزیایی دا، لیسیتزکی پڕوون وەکو پرۆسەیەکی خستنەڕووی تەلارسازی پێناسە دەکات کە ڕۆڵی بەرهەمهێنەری فۆرم form generator دەبەخشێتە فەزای دوو ڕەهەندی painterly space "**پڕوون لەسەر پلەبێنێکی تەخت دەستپێ دەکات، بە مۆدێلە سێ ڕەهەندیەکان دا ئەڕوات، ئینجا بەردەوام ئەبێت بۆ دروستکردنی هەموو تەنەکانی ژیانی ڕۆژانەمان.**"[79] لیسیتزکی بۆ تەحویل کردنی سوپریمەتیزم متمانەیەکی

## تەلارسازی سوپریمەتیزم

هەبوو بە خستنەرووی دوو ڕەهەندیانەی بۆشایی سەر لەوحە two-dimensional spatial representation وەکو ناوەندیکی بەرهەمهینانی فۆرم بۆ کارە تەلارسازیەکان و هەموو بابەتیکی ژیانی ڕۆژنە.[٨٠] کریستینا لۆدەر ئەو زەحمەتیە دەخاتەروو کە دیتە پیشەوە لەکاتی تەتبیق کردنی فەرهەنگی دوو ڕەهەندیانەی سوپریمەتیزم بەسەر پرۆسەی دیزاینی تەنیکدا کە بریار وایە لە واقیعدا دروستبکریت بەشیوەی سی ڕەهەندی. هۆکاری ئەو زەحمەتیەش دەگیریتەوە بۆ نەبوونی حەزو خولیا بۆ مەسائیلی مەوادەکان و ستراکچەر لە بیردۆزی سوپریمەتیزمدا.[٨١] بەلام میلکا بلیزناکوڤ پیی وایە لیستیزکی توانی نیزامیکی خستنەرووی بۆشایی spatial representation دابمەزرینیت کە وەلامی پیداویستیە هەمیشەییەکانی دونیای تەلارسازی دایەوە وەکو سیفەتی ماددیەت، هەبوونی قابیلیەتی جیبەجیکردن، وە هەبوونی توانای خۆراگرتن materiality, applicability and stability. لەدریژەی گوتەکانی دا بلیزناکوڤ دەلیت لە پرۆونەکان دا مەوادە مەوجودەکان بەکارنەهینراون لەژیر ئەو تیروانینەدا کە دەکری مەوادی نوی گەشەیان پی بدریت بۆ نزیککردنەوەی ئیفیکتی پرۆونەکان لە بینای ڕاستەقینە. لەبری مەواد، یاسایەکی ڕەنگی دیاریکراو color code بەکارهینراوەو لەم ڕیگایەشدا لیسیتزکی توانیوویەتی بە بەکارهینانی ڕەنگ هەمان ئیفیکتی مەوادە ڕاستەقینەکان دروستبکات.[٨٢]



٤٩.٢ **کازیمیر مالیڤیچ**، پرۆونی D1 ، ١٩٢٠.




**٤٨.٢ کازیمیر مالیڤیچ**،
پرۆونی D1 ، ١٩٢٠.

پرۆونەکان شیوازی جیاوازیان هەیە ، بەلام بە گشتی ئەم خاسیەتانەیان هەیە"
بەکاربردنی ئیلەمینتی بۆشاییانە spatial elements، کۆمەلیک تەوەرەی گۆڕاو shifting axes، چەندین پیرسپیکتیڤ.
دوبارە فۆرمەلەکردنەوەی توخمە سەرەکیەکانی تەلارسازی - قەبارە، بارستایی، ڕەنگ، بۆشایی، ریتم - بەپیی بنەما نوییەکانی سوپریمەتیزم.

لیسیتزکی لە ماوەی ژیانی دا چەندین دەوری بینیووە وەکو تەلارساز، ئەندازیار، نیگارکیش، فۆتۆگرافەر، تایپۆگرافەر و گرافیک دیزاینەر. باکگراوندە هەمەچەشنەکەی یارمەتیدەری بووە تا چەندین بەر بکات و کەم تا زۆر لەسەر هەموو بزووتنەوەکان ئیش بکات.[83] پرۆونەکان تەنها کاری ئەون کە لەسەر ستایلی سوپریمەتیزم دروستکراین و لە ١٩١٩-١٩٢٤ بەردەوام بوو، بەلام تەنها بە شێوەی دوو دوری ماونەتەوەو تەحویل نەکراون بۆ سێ ڕەهەندی. سەلیم خان ماگۆمیدۆڤ، پرۆونەکانی لیسیتزکی وەکو تەرجومەیەکی نایابی ڤۆلیومەتریک و تەلارسازیانەی سوپریمەتیزم لەقەلەم ئەدات.[84] ستیفەنی بارۆن پێی وایە هەرچەندە لیسیتزکی وابەستە بوو بە سوپریمەتیزمی مالیڤیچەوە بەلام فرەپسپۆریەکەی ڕێگای بۆ کردەوە تا ستایلی تایبەتی خۆی پەرەپێبدات لە دەمجکردنێکی بێهاوتای سوپریمەتیزم و کەنستراکتیڤیزم.[85] سیما ئینگبەرمان بڕوای وایە تێکەڵبوونی لیسیتزکی بە کاری تەلارسازی زیاتر فڕێی داوەتە ناو بازنەی کەنستراکتیڤیزمەوە.[86] تەنانەت سەرەڕای پەیوەندیکردنی دواتری بە کەنستراکتیڤیزمەوە، جۆن بۆڵت لیسیتزکی بە فیگەرێک دائەنێت کە لە بنەڕەتەوە هەستی سوپریمەتیزم لە کارەکانی دا ڕواوەو لەبەرەوەش تەفسیرێکی جیاوازی بۆ کەنستراکتیڤیزم کردووە کە هاوئاواز بێت لەگەڵ باکگراوندە سوپریمەتیستیەکەی.[87]

٥٠.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی A1 ، پردەکە the bridge، ١٩١٩.

پرۆونی پردەکە the bridge بریتی یە لە قۆناغێکی گواستنەوە لەنێوانی شێوەی دوو دووری و شێوەی سێ دووری دا کە بینەر بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت چونکە چەندین ستایلی جیاوازی بەکاربردووە. ڕەنگ بەشێوەیەکی جیاواز لەو ناوچانەدا بەکاربراوە کە پێویستە سەرنجیان لەسەر چڕ بکرێتەوە. بۆ نموونە زۆرینەی لەوحەکە بە ڕەنگی ساردی کاڵ ڕەنگکراوە کە بۆ چاو هێمن و موریحە بەلام لە هەر شوێنێک کە ویستبێتی بینەر زۆترین سەرنجی بخاتە سەر ڕەنگێکی تۆخی ڕەشی بۆ بەکارهێناوە. تێکڕای ئیلەمێنتەکانی ناو ئەم کارە هونەریە لە سکێلدا هاوڕێژەن. خەتە ڕەق و توندەکان ستراکچەر و فۆرمیان بەخشوەتە کۆمپۆزیشن. کۆمپۆزیشنەکەی بەگشتی ناهاوتاو ناهاوسەنگە unbalanced and asymmetrica بەلام لەڕووی بەسەریەوە چاو ڕۆییشتنێک دروستەکات بە درێژایی کانڤەسەکە. سەرەتا چاو دەکەوێتە سەر لای چەپی لەوحەکە کە لەوێدا ئاڵۆزی و قەرەباڵغی و شێوەی سێ دووری بوونیان هەیە ئینجا چاو بەرەو لای ڕاست دەکەوێتە جولە بەرەو ڕەنگە کاڵ و شێوە دوو دووریەکان تا خۆی لەسەر چوارگۆشەیەکی ڕەشدا ئەبینێتەوە لە دامێنی لەوحەکە. لسیتزکی شێوازی کارکردنی مالیڤیچی بەکاربردووە سەبارەت بە پەرش و بلاوکردنەوەی شەیپەکان بۆ دروستکردنی ئیحائی جولە لەناو بۆشاییدا. ئەوەی لیسیزتکی ئەیەوێت دەری ببڕێت بەکارهێنانی ئەم شێوازەیە لە هەموو کایەکانی ژیاندا وەکو ڕەمزێک بۆ نەبوونی سنوور و هێڵی سور بۆ ئازادی بیرکردنەوە.





٥١.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی Gouache، ١٩٢١.



٥٣.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی 19D ، ١٩٢٠ یان ١٩٢١.



٥٢.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی A7 ، ١٩٢٠.



٥٤.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی یەکەم، ١٩١٩.



٥٥.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی GBA 4، ١٩٢٣.



٥٦.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی E 1، ١٩٢٠.



٥٧.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆونی C 1، ١٩٢٠.



٥٨.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆون، ١٩٢٢-١٩٢٣



٥٩.٢ ئێل لیسیتزکی، پرۆون GK ، ١٩٢٢-١٩٢٣

## تەلارسازی سوپریمەتیزم

دروستکردنی تەلارسازیەکی پاک و پلاستیکی یەکێک بوو لە عەقیدە بنەڕەتیەکانی ئیشی سوپریمەتیستەکان کە لە دەوری مالیڤیچ دا کۆبوبوونەوە. بەلای مالیڤیچەوە تەلارسازی ڕۆژئاوایی ، کە ئەو بە لی کۆربۆزیی و باوهاوس گریی ئەدایەوە، تەلارسازیەکی بێ ئەندازە وەزیفەیی و سوودبەخشی بوو utilitarian کە خالی بوو لە هارمۆنی و پیوریتی (لە دیدی ئەودا پیوریتی بریتی بوو لە کاملبوونی ئەفلاتوونی).[88]

ئەم بیروڕایانەی مالیڤیچ کاریگەری گەورەیان دروست کرد لەسەر باوەڕی خوێندکارانی وەکو لازار خیدیکێل و ئیلیا چاشنیک و نیکۆلای سویتین و چیرڤینکا.

خیدیکێل لە قوتابخانەی هونەری ڤیتبسک خوێندبووی لەژێر سەرپەرشتی مارک شاگال و کازمیر مالیڤیچ و ئیل لیسیتزکی. دواتر بەرەو مۆسکۆ کۆچی کرد. لەڕاستیدا ئەوە خیدیکێل بوو کە بەهۆی بیرتیژی و زیرەکیەوە لە تەرجومەکردنی ئایدیاکانی سوپریمەتیزم بۆ تەلارسازی، توانی سوپریمەتیزمێکی تەلارسازی ڕاستەقینەی ڕادیکەل دابمەزرێنێت.

خیدیکێل خۆی وەکو هونەرمەندێکی تەلارساز artist-architect پۆلێن ئەکرد، دواتر نازناوی خەیالکەرەوە fantasistیشی بۆ خۆی زیادکرد وەکو ئاماژەیەک بۆ خەسڵەتی سەرەکی لە کارە هونەری و تەلارسازییەکانیدا کە بریتی بوو لە هەبوونی "ڕۆئیای بینایەکی سوپریمەتیست کە سەر هەوا بکەوێت vision of Suprematist structures floating in space". ئەم خەیاڵەشی یەکەم جار لە نێوان سالانی ١٩٢٠-٢١ و لە کارەکانی سەردەمی خوێندکاریتی دا لە قوتابخانەی هونەری لە ڤیتبسک ڕەنگیان دایەوە بە دروستکردنی چەند وێستگەیەکی فەزایی لەسەر زەمین، وە دواتریش لەو شارە ئاییندەیانەی کە لە ناوەڕاستی بیستەکانەوە دروستی کردن. هەرچەندە بەشێکی بەرچاو لە ئەندامانی دیکەی یونۆڤیس سیستەمی سوپریمەتیستیان گرتە خۆ بەلام وەکو خیدیکێل نەیانتوانی سنووری ئەبستراکشن تێپەڕێنن، هەروەک ئیلیا چاشنیکی تەلارساز و هاوڕێی خوێندنی دەڵێت ئەو تاکە "سوپریمەتیستی شۆڕشگێڕ" بوو. کارە تەلارسازیەکانی خیدیکێل هەرزوو نرخ و بەهای هونەریان دەرکەوت، دیزاینێکی بۆ یانەی کرێکاران سالی ١٩٢٦ بە یەکەمین دیزاینی تەلارسازی دائەنرێت لەسەر ستایلی سوپریمەتیزم. تەنانەت ئەو بە یەکەمین "تەلارسازی سوپریمەتیست" دائەنرێت.[89] خیدیکێل سوودێکی زۆری بینیووە لە تەکنیکەکانی وێنەکێشانی لیسیتزکی بۆ دروستکردنی کۆمپۆزیشنی سوپریمەتیستی. تەنانەت ئەو پێی وابوو کە خودی مۆدێرنیزم لە تەکنیکەکان و سیستەمە نوێیەکانی وێنەکێشانەوە پەرەیسەندووە. خان ماگۆمیدۆڤ لەکاتی گەڕان بەدوای توخمە ئینتیقالیەکاندا transitional elements لە پرۆسەی وەرگێرانی ڕووتەختی دوو ڕەهەندی سوپریمەتیزم Planar Suprematism بۆ شێوەیەکی سێ ڕەهەندی سوپریمەتیزم لە بواری تەلارسازیدا، لینکی ونبووی نێوانیان لە ئەرشیڤەکانی خیدیکێل دا دۆزیەوە. دیمەنە ئایزۆمەتریکیەکانی خیدیکێل، کە پشتیان بەستووە بە ڕێساکانی کۆمپۆزیشنی سوپریمەتیستی، بوونەتە هۆی پەرەپێدانی کۆمەڵێک مەسکەنی گەردوونی cosmic dwellings لەنێوان سالانی ١٩٢٠-١٩٢٢دا.



٦٠.٢ لازار خیدیکێل، توخمە جوڵەییەکانی سوپریمەتیزم: جوڵەی بازنەیی Kinetic Elements of Suprematism: Circular Movement، ١٩٢٠.



٦١.٢ لازار خیدیکێل، دیزاین بۆ مەسکەنێکی سوپریمەتیسی Design for a Suprematist Habitat، ١٩٢٠.

وە دواتریش بوونە هۆی پەیدابوونی یانەی هەوایی Aero-Club سالی ١٩٢٣. ئەو ئیشەی دواتریان بەپێی گوتەکانی خان ماگۆمیدۆڤ **"لەڕووی پراکتیکیەوە یەکەمین کۆمپۆزیشنی تەلارسازی بوو کە پشتی بە سوپریمەتیزم بەستبێت".[٩٠]** ڕوونتر بڵێین کارە ڕسوماتیەکانی خیدیکێل یەکەم قۆناغی گواستنەوەی حەقیقین لە سوپریمەتیزمی دوو دوورییەوە بۆ سوپریمەتیزمی سێ دووری، لە سوپریمەتیزمی هونەریەوە بۆ سوپریمەتیزمی تەلارسازی. کارەکانی خیدیکێل تەنها لەبواری تەلارسازی دا قەتیس نەبوون بەڵکو درێژبوونەوە بۆ ناو پلانسازی.

لە ساڵی ١٩٢٠ خیدیکێل و ئیلیا چاشنیک مانەفیستۆیەکیان دەرکرد بە ناونیشانی ( هەوایی: ووتارەکان و دیزاینەکان AERO: Articles and Designs). بەیاننامەی هەوایی Aero هەر زوو بەناو تۆمارنامەی هونەری مۆدێرندا بڵاوبوویەوە وەکو یەکەمین مانەفیستۆی ژینگەیی. چەمکی "هەوایی" ئاماژە ئەدات بە لەقالبدانی بۆشایی spatial modeling، واتە دروستکردنی مەسکەنی گەردوونی cosmic settlements و شاری هەوایی aerial cities ئەمەش بە نیازی ئاوێتەکردنی مرۆڤ لەگەڵ فەلەکدا.[٩١]

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٣٢ خیدیکێل مەفهومی شاری هەوایی داهێنا Aerograd، شارێک کە لەسەر پایەی ستیل دابنرێت و لەسەر ئاو بەرزبکرێتەوە.

بلیمەتیەکەی ئەو بەڕادەیەک بوو کە ڕوئیاکانی بۆ شاری داهاتوو زۆر پێشکەوتوتر بوون لە ڕوئیاکانی یۆنا فریدمەن و میتابۆلیستە یابانیەکان لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا.[٩٢]

خەسڵەتە سەرەکیەکانی ئیشی خیدیکێل بریتین لە کۆمپۆزیشنێکی مینیمەڵ، قەبارەی ڕێک کە لە قیاساتدا جیاوازیان هەیە، فرە پارچەیی، یەکتربڕینی پارچەکان بەگۆشەی وەستاو، خەتی ڕاست و درێژ کە لەڕووی بەسەریەوە بەهێز دەرەکەون، تەوەرە درێژەکانی کۆمپۆزیشن ئاڕاستەدارن و هەستی بزوان و جوڵە دروستەکەن، فۆرمە ئاڵۆزترەکانی خیدیکێل پێکدێن لە ئینتگرەیشنێکی وورد و بە بەرنامەی چوارگۆشە و خاچ، بۆ نموونە بڕین و لەتکردنی چوارگۆشەیەک بەهۆی خاچێکەوە. خیدیکێل ووتی مرۆڤی سەدەی نۆزدە بە پێ ئەڕۆیشت لەبەرەوە ئەیتوانی سەرنج بداتە هەموو دیتێڵەکان، بەڵام لە سەدەی خێرای بیستدا تەنها قەبارەی بیناکان volumes



٦٢.٢ لازار خیدیکێل، دیزاینی مەسکەنێکی گەردوونی Design for a Cosmic Habitat (Stratified Suprematist composition)، ١٩٢٣.



٦٣.٢ لازار خیدیکێل، دیزاین بۆ مەسکەنێکی گەردوونی Design for a Cosmic Habitat، ١٩٢٢.

ئەتوانرین بخوێنرینەوە لەناو ئۆتۆمبێل و فڕۆکەکانەوە.[٩٣] کەواتە لە دیزاینی بینادا دەبێ بایەخێکی یەکجار بدرێت بە دەرخستنی حەجمی بیناکان وەک لە خووگرتن بە دیتێل و ووردەکاریەوە.

گومان لەوەدانیە خیدیکێل تەنها کەس نەبوو کە ڕوئیای یۆتۆپی هەبێت بۆ ئایندە، وەلی کۆمەڵێک ئیعتیبار هەبوو کە ڕوئیاکانی ئەویان جیائەکردەوە لە باقی ڕوئیاکانی تر "شاری هەوایی خیدیکێل تەسەوڕ کرابوو بەگوێرەی پێوەری مرۆیی human scale، تەنانەت لەناوەڕاستی بیستەکانیشدا دروستکردنی ئەم شارە لەڕووی تەکنەلۆجیەوە کارێکی شیاو بوو. شارەکە دیزاین کرابوو بە نیەتی ڕەواجدان بە شێوازێکی مرۆڤانەی پێشکەوتنی شارستانی کە تیایدا مرۆڤ و سروشت وەکو یەک گرینگ بوون. خیدیکێل باوەڕی بە هارمۆنی نێوان ئادەمیزاد و سروشت هەبوو، وە پێی وابوو کەلتوری بەنی ئادەم و سروشت هەردووکیان هەمان یاساکانی هێزە سروشتیەکان تەحەکومیان پێ ئەکەن. شەیدابوونی بۆ ئاسمانی بە ئەستێرە هەر لە سەردەمی منالیەوە، ئاشنابوون بە فەلسەفەی شاگالی، تێگەیشتنی بۆ کۆمپۆزیشنی سوپریمەتیستی وەکو ئەندامێکی زیندوو کە خۆی گەشە بەخۆی ئەدات، هەرسی فاکتەرەکە وایانکردووە ڕوئیا فەلەکیەکەی پڕ لە سۆز و مرۆڤانە بێت. سکێچە تەلارسازیەکانی بۆ شارەکانی داهاتوو هەمیشە تۆناتی جیاوازی ڕەنگی سەوزیان بەسەردا زاڵە، ڕەهەندێکی نوێی هێنایە ناو دیزاینی تەلارسازیەوە ئەویش ژینگەبوو، ڕەهەندێک کە لە هەموو ڕوئیاو یۆتۆپیاکانی سەدەی بیستدا بوونی نەبووە."[٩٤] خیدیکێل هەمیشە وەکو پیشەیەکی بەخشندەو دلۆڤان سەیری تەلارسازی دەکرد کە تیشک دەخاتە سەر پاراستنی مرۆڤ. هەواو تیشکی خۆری وەکو کرایتیریای گرینگی تەلارسازی دایە قەڵەم.[٩٥]

خان ماگۆمیدۆڤ دیزاینە تەجریبیەکانی خیدیکێلی بۆ پلانسازی شار دابەشکردووە بەسەر چەند جۆرێکی جیاوازدا، شاری هەوایی Aero-City، شاری حەدیقەیی Garden City، شاری سەر ئاو City above Water، شاری سەر هەوا کەوتوو Floating City، شاری فڕیوو Flying City (کە ئەوەیان بریتی بوو لە بەرزکردنەوەیەکی میکانیکیانەی تەواوی شار لەسەر ڕووی زەوی).[٩٦]



٦٤.٢ لازار خیدیکێل، مەسکەنێکی گەردوونی Cosmic Habitat / Sphere، ١٩٢١.



٦٥.٢ لازار خیدیکێل، دیزاین بۆ مەسکەنێکی گەردوونی Design for a Cosmic Habitat، ١٩٢٢.



٦٦.٢ لازار خیدیکێل، دیزاینی ئارکیتێکتۆنیکی ئاسۆیی - یانەی هەوایی Design for Horizontal Architecton – Aero-club. Axonometry، ١٩٢٢.



٦٨.٢ لازار خیدیکێل، دیزاینی ئارکیتێکتۆنیکی ستوونی Design for a Vertical Architecton، ١٩٢٤.





٦٧.٢ لازار خیدیکێل، یانەی کرێکاران Workers' Club (سەرەوە)، ١٩٢٦. مەسکەنی بەکۆمەڵ Collective Dwelling (خوارەوە)، ١٩٢٧.

دیزاینییانەی کرێکاران بە یەکەمین دیزاینی تەلارسازی دائەنرێت کە بە تەواوی لەسەر شێوازی سوپریمەتیزم دروستکرابێت و کرابێتە واقیع.









٦٩.٢ لازار خیدێکێل و ئەلێکساندەر نیکۆلسکی (وێنەی سەرەوە)، دیزاینی یانەی وەرزشی نێودەوڵەتی سوور، Club for Red Sport International Stadium، ١٩٢٧.

٧٠.٢ لازار خیدێکێل، پرۆژەیەک بۆ مەسکەنی بەکۆمەڵ(وێنەی سەرەوە) Collective Dwelling، ١٩٢٧.



٧١.٢ لازار خیدێکێل، سوپریمەتیزمی تەلارسازی (وێنەی دەستەڕاست) Architectural Suprematism، ١٩٢٦.



٧٢.٢ لازار خیدێکێل، ستراکچەرێکی سوپریمەتیستی بەسەر ئاودا Suprematist Structure over River، ١٩٣٠.



٧٤.٢ لازار خیدێکێل، ئارکیتێکتۆن، ١٩٢٧.



٧٣.٢ لازار خیدێکێل، دیزاین بۆ مەسکەنێک لە گەردووندا Design for a Habitat in the Cosmos، ١٩٢٤



٧٥.٢ لازار خیدێکێل، ستراکچەرێکی سوپریمەتیستی سەرهەوا کەوتوو Floating Suprematist Structure، ١٩٢٦.



٧٦.٢ لازار خیدیکێل، شارێکی هەوایی لەسەر کۆڵەگە Aero City on the Pillars، ١٩٢٩.



٧٧.٢ لازار خیدیکێل، دیزاینی شارێکی داهاتوو لەسەر کۆڵەگە
Sketch for a Futuristic City on poles،
١٩٢٦-١٩٢٨.

خیدیکێل لەنێوان ساڵانی ١٩٢٦-٢٨ دا زنجیرەیەک شاری ئایندەی دیزاینکرد، شاری داهاتوو future city پێکهاتووە لە کۆمەڵێک تەلار لەسەر دارستان بەرزبوونەوەتەوە، بە روکەشی درێژبووەوەی هەر یەکێک لەو قەبارە بێ رەنگ و مۆنۆکرامانەی بە باری ئاسۆیی دا دروستی کردوون. خیدیکێل خەیاڵی دروستکردنی جیهانێکی کردووە پێکهاتبێت لە تەلاری هەوربڕی ئاسۆیی، کە لەرێگای سوکی و بێکێشی و داینەمیکیەتی سوپریمەتیستیانەوە وا دەرکەون بەسەر رووی زەویدا لە گەشتدا بن و بۆ هەتاهەتایە سەرهەوا بکەون.[٩٧]



٧٨.٢ لازار خیدیکێل،ستراکچەرێکی سوپریمەتیستی سەرهەوا کەوتوو Floating Suprematist Structure، ١٩٢٦.



٧٩.٢ لازار خیدیکێل، سکێچی شارێکی داهاتوو (ستراکچەرێکی ئاسۆیی لەسەر ستوون)
Sketch for a Futuristic City/ Horizontal Structure on Pillars. ١٩٢٥.



٨٠.٢ لازار خیدیکێل، سکێچی شارێکی هەوایی لەسەر ستوون Sketch for an Aero City on pillars ، ١٩٢٨.

بەرزکردنەوەی بینا و دانانی لەسەر پایەی بەرز ، وایکردووە بۆشاییەکی یەکجار کەم داگیر بکات لەسەر زەویدا و کەمترین زیان و کاریگەری نەرێتی دروست بکات لەسەر سروشتی مەوقیعەکە، ئەمەش سوودێکی گەورە دەگەیەنێتە سیستەمی ژینگەیی eco-system، شێوازی ڕێکخستنی دارودرەخت و تۆپۆگرافیا و بایۆ دیڤێرستی لەسەر زەمین (گراوند پلەین) بە سروشتی خۆی و بە نەگۆڕی ئەهێڵێتەوە. ئەم جۆرە پلانسازیە تەحەدای ئێربەنیزمی تەقلیدی کرد و بەدیلێکی رادیکەڵیش بوو بۆ سیستەمی هاتووچۆ و ڕێگاوبانی نەریتی لە شارەکانی مۆدێرن دا.



٨١.٢ لازار خیدیکێل، ستراکچەری تەلارسازی، شارێک لەسەر کۆڵەکە Architectural structures. City on the poles (green)، ١٩٢٧.

ژمارەیەک زۆری لاکێشەی درێژبووەوە extended rectangles بەشێوەی ئاسۆیی لە بارستەیەکی ناوەندیەوە core دەرچوون کە ئەویش پێکهاتووە لە چەند لاکێشەیەک. لاکێشە ئاسۆییەکان لە چەندین جۆێنتدا یەکتری ئەبڕن و بەشێوەی کانتلیڤەر لەیەکتری دەرەچن. هەموو ستراکچەرەکەش لەسەر زەوی بەرزکراوتەوە تەنها بارستایی ناوەندەکان core گەیشتوونەتە زەوی و وەکو کۆڵەکە ئیش ئەکەن بۆ هەڵگرتنی تەواوی ستراکچەرەکە.



٨٣.٢ لازار خیدیکێل، دیزاینی شارێکی داهاتوو Designs for a Futuristic City، ١٩٢٧.



٨٢.٢ لازار خیدیکێل، شاری سەر هەوا کەوتوو Floating City، ١٩٢٥.

٨٤.٢ لازار خیدیکێل (دەستەڕاست)، پێکهاتەیەکی شاری بەسەر ئاودا Urban Structure over the River (triptich)، ١٩٢٨.





٨٥.٢ لازار خیدیکێل، شاری داهاتوو Futuristic City، ١٩٢٦.



٨٦.٢ لازار خیدیکێل (دەستەچەپ)، شاری سەر ئاو City over Water، ١٩٢٦/١٩٢٧

لەم کارانەدا پرۆسەی بەلادیی کردنی شار بەدی ئەکرێت، بەلادیی کردن بەومانایەی کە چڕی دابەشکردنی یەکەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ سروشت و تۆپۆگرافیادا مۆدێلێکی لادێیانەی پێدراوە نەوەک مۆدێلە باوەکانی شارسازی. مۆدێلەکە بە تەواوی نە لادێیەو نە شاریە بەڵکو هەردووکیان دەمجی یەکتری ئەکات تا ژینگەیەکی لادێیانە بێنێتە ناو بلۆکەکانی شارەوە.



٨٧.٢ لازار خیدیکێل، شاری هەوایی Aero City، ١٩٢٨.

### بنەماکانی تەلارسازی سوپریمەتیزم

بێنیامین بوچلۆ تێگەیشتنی سوپریمەتیستەکان بۆ بەرهەمی دیزاین بۆ سەر سێ بنەما کوردەکاتەوە:

۱- نا بابەتی بوون non-objectivity.

۲- ناڕۆشنێتی opacity، واتە نا شەفافێتی.

۳- بە توندی داخستن و داپڕاندنی فۆرم لە دەرەوە hermetically sealed.[98]

سێ خاڵی یەکەم لەدرێژەی باسەکانی پێشوتردا باسیان لێوەکراوە، بەلام خاڵێکی تر کە دەکری وەکو بنەمای چوارەم زیادبکرێت **حیسابکردنی تەلارسازی یە وەکو فۆرمێکی هونەری پەتی.**

### خەسڵەتەکانی تەلارسازی سوپریمەتیزم

#### ۱. پارچەپارچە کردن fragmentation

بارستەی فۆرمی سوپریمەتیستی بە پرۆسەی لەبەر یەک هەڵوەشانەوەو دوبارە یەکگرتنەوەدا رۆیشتووە. بارستەیەکی گەورە بەشبەشکراوە بۆ چەندین پارچەی بچوکترو ئینجا دوبارە لەچوارچێوەی یەک قالبدا پێکبەستراونەتەوە. هیچ فۆرمێکی سوپریمەتیستی بە تەنها لە یەک بارستە پێکنەهاتووە. بەگشتی بارستەیەکی زەق ناوەراستی فۆرمەکەی داگیرکردووەو پاشان بارستەی بچوکتر لە هەموو لایەکەوە دەورەی بارستە ناوەندیەکەیان داوەو تا بەرەو چێوەی دەرەوە بڕۆین چڕی ئێلەمێنتەکان کەمتر دەبێتەوە.

#### ۲. راستەهێڵی rectilinear forms

ئێلەمێنتە بەکارهاتووەکان لە ئیشی سوپریمەتیسیدا ستریچ کراون و بەناو فەزادا درێژبوونەتەوەو ئەبنەهۆی بەخشینی ئیحائی جوڵانەوە، بەمەش ئەو فۆرمەی کە دروستی ئەکەن



۲.۸۸ نیکۆلای سوتن، کۆمپۆزیشن، ۱۹۲۲.

سیفەتی راستەهێڵی وەرەگرێت و کۆمەڵێک خەسڵەت هەڵەگرێت وەکو زیندوویێتی، ئاراستەداری، وە بزوان. هەر ئێلەمێنتێک وا دەرەکەوێت کە لە پێشبرکێدابێت لەگەڵ ئێلەمێنتەکانی تردا بۆ دەرچوون و جیابوونەوە.

۲.۸۹ نیکۆلای سوتن، کارێکی بێ ناونیشان، ۱۹۲۲.



### ٣. پلەبەندی hierarchy

پێکهاتەی دەرەکی فۆرم لە چەند ئاستێکی جیاواز پێکدێت، لەبنکەوە تا بەرەو سەرەوە بڕۆین فۆرم بەرەو بچووکبوونەوە ئەڕوات stepped structures. بنکە پتەوەوەو قەبارەیەکی گەورەی هەیە بەلام تا دەگاتە دوا بارستە لە قەبارەو کێشیشدا کەمدەبێتەوە.



٩٠.٢ ئیلیا چاشنیک، دیزاینێکی سوپریمەتیستی Design for Supremolet ، ١٩٢٧.

### ٤. فۆرمی شێوە خاچ cross-shaped form

لاکێشە ئاسۆیی و ستوونیەکان بەگۆشەی ڕاست یەکتری ئەبڕن و شێوەی خاچێک دروستەکەن. دەکرێ بەشێوەیەکی ڕەمزی بگوترێت خاچ هێمایەکە بۆ هەڵواسینی پلەبینی سوپریمەتیستی.



٩١.٢ ئیلیا چاشنیک، دیزاینی مۆدێلێکی تەلارسازی سوپریمەتیستی، ١٩٢٥-٢٦.

### ٥. ئیقاعی rhythmical

لە هەموو فۆرمێکی سوپریمەتیزم دا ژمارەیەکی زۆر لە جولەی ئاسۆی و ستونی دراون بەکۆی بارستایی فۆرم، بەمەش بارە ئاسۆیی و ستوونیەکان لە فۆرمدا ئیقاعێکی گۆڕاو دروستەکەن.



٩٢.٢ نیکۆلای سوتن، شاری سوپریمەتیستی The Suprematist City، ١٩٢١.



### ٦. شێوە ئەندازەییەکان geometric forms

فۆڕمە بەکارهاتووەکانی ئەم ستایلە پێکدێن لە شێوە ئەندازەییەکانی وەکو لاکێشەیی و چوارگۆشەیی و بازنە یان لێوەرگیراوەکانیان ( بۆ نموونە خشتەکی لە چوارگۆشەوە، گۆیی لە بازنەوە). بەگشتی فۆڕمەکان ڕێکوپێکن و خەتی ڕاستیان هەیە. بەشێوەی تەواوی خۆیان پێکگەیەنراون بەڵام دەکرێ زۆرجار ئەم فۆڕمانە سەبتراکت کرابن، تەداخولی یەک کرابن، یان چووبنە سەر یەک overlapped.

٩٣.٢ ئیلیا چاشنیک، پرۆژەیەک بۆ کوشکی فرۆشتنی کتێب.



### ٧. پوختکردنەوە abstraction

دیزاین لە بزووتنەوەی سوپریمەتیزم دا پاڵاوتە کراوەو لە هەموو خەوش و زیادەیەکی ناپێویست پاککراوەتەوە، لە ئەنجامدا فۆڕمێک بەرهەمهاتووە کە جەوهەری ڕاستەقینەی خۆی نیشان ئەدات بەبێ ماسک و بەبێ ڕتوشکردن.

٩٤.٢ ئیلیا چاشنیک، سکێچی تەلارسازیەکی سوپریمەتسیتی ، ١٩٢٥-٢٦.



### ٨. تەقەشوف austerity

ئەو نیشانەی لە سەر ستایلی سوپریمەتیزمن بێ ئەندازە سادەن لەڕووی مەسائیلی دیکۆرەیشن و زەخرەفەوە. ووشکەڵانی ڕووی دەرەوەیان وائەکات ئیمپرێشنێکی بەهێز جێبهێڵن لەسەر دەروونی بینەر.

٩٥.٢ ئیلیا چاشنیک، پرۆژەی تەلارسازی، ١٩٢٦-٢٧.

### ٩. دژە کێشکردن anti-gravity

هێزە فیزیاییەکانی وەکو هێزی کێشکردنی زەوی کاریگەریان نیە بەسەر ستراکچەری سوپریمەتیستیەوە، چونکە لە بنەڕەتەوە فەلسەفەی سوپریمەتیزم نا ماددی یەو حیساب بۆ جیهانی واقیعی ناکات، ئامانجی ئەو دروست کردنی فۆرمێکە لە فەزایەکی گەردوونی دا، لەبەرەوە کانتلیڤەری درێژ و هەلگرتنی فۆرم لەسەر زەوی و بەرزکردنەوەی لەسەر پایەی یەکجار بەرز خاسیەتی دووبارە بووەوەن لە سوپریمەتیزم دا.



٩٦.٢ ئیلیا چاشنیک، سکێچێکی تەلارسازی، ١٩٢٦.

### ١٠. سەرهەواکەوتن floating forms

بیناکانی سوپریمەتیستی وەکو فیگەرێکی ئازاد و سەربەخۆ دەردەکەون لەسەر گراوندێکی بێکۆتایی freely floating forms in undefined space. دانانی لاکێشەو کیوبە سپیەکان لەسەریەکتری هەروا بە شێوەیەکی سەربەستانە وا دێتە پێش چاو کە بە ئەنقەست بە ناتەواوی جێهێڵراین unfinished. پلەبەندیکردن و پارچەپارچەکردن وایکردووە بارستایی بیناکە کێشی خۆی لەدەست بدات و سووکتربێتەوە. بۆیە فۆرمەکان وا دێنەپێشچاو کە هێزی کێشکردنی زەوی و فشار و پەستانەکان کاریان تێناکات ، هەمیشە لە حاڵەتی نەسرەوتن دان، بەرەو بۆشایی و فەنابوون لە جولەدان و نیازی ئەوەیان نیە خۆیان بە زەوی و جیهانی ماددیەوە ببەستنەوە. ئەم خەسڵەتەش لە باوەری سۆفیگەری و عیرفانی بزووتنەوەکەوە هەڵقولاوە.

٩٧.٢ لازار خیدێکێل، شاری داهاتوو، ١٩٢٨-٣٢





٩٨.٢ نیکۆلای سوتن، دیزاینێکی سوپریمەتیستی، ١٩٢٧.



١١. زاڵبوونی بارستایی بەسەر بۆشایی دا dominance of solid over void

فۆرمەکانی سوپریمەتیزم هەمیشە کوالیتیەکی داخراویان هەیەو ڕێژەی کرانەوەیان تێدا کەمترە بەراورد بەڕێژەی داخران.

٩٩.٢ ئیلیا چاشنیک، ئارکیتیکتۆن ، ١٩٢٥-٢٦.



١٢. فرە ڕووتەختی و فرەڕەنگی لە ناوەوە multiplane & polychrome interior

هەرچەندە بەشێکی کەم لە ئیشی دیزاینی ناوەوە بەجێماون بەڵام بەگوێرەی ڕسوماتە بەردەستەکان دیوی ناوەوە بە چەند پلەینێکی قەبارە جیاواز ئارتیکیلەیت کراوە کە هەریەکەیان وەکو پانێڵێک ئیش دەکات، هاوکات لەگەڵ پلەینەکان دا ڕەنگی جیاواز دراوەتە بەشە جیاوازەکانی ئینتیریەر بۆ گۆڕینی فەزا (نیشاندانی بە گەورەتر، یان بچووکتر، بەرزتر، پانتر...هتد)

١٠٠.٢ ئیلیا چاشنیک، دیزاینی ناوەوەی ژوورێکی نانخواردن، ١٩٢٨.



١٣. بەکارهێنانی ڕەنگ color palette

سوپریمەتیزم ڕەنگ وەکو ئێلەمێنتێک بەکارئەهێنێت بۆ دروستکردنی جیاوازی و دروستکردنی کاریگەریەکی خوازراو لە شوێنێکی دیاریکراودا، ڕەش و سوور و شین و سپی چوار ڕەنگێکن کە زۆر دوبارەبوونەتەوە.

١٠١.٢ ئیلیا چاشنیک، کۆمپۆزیشنی تەلارسازی، ١٩٢٠-٢١.

# تەلارسازی ڕاشنەڵیزم

ڕاشنەڵیزم ئەو بزووتنەوە تەلارسازیەی ڕووسیا بوو کە لە بیستەکان دا سەریهەڵدا لەناو قوتابخانەی ڤخوتیمەس. نیکۆلای لادۆڤکسی ڕیبەر و مونەزیری ڕەوتەکە بوو. ڕاشنەڵیزمەکەی لادۆڤکسی پشتی دەبەست بە بیردۆزە سایکۆلۆجیەکان بۆ تەنزیمکردنی وەزیفەو مەوادەکان و ستراکچەر لەجیاتی شوێنکەوتنی ڕاشنەڵیزمی وەزیفەگەری (فۆرم تەبەعیەت لە فەنکشن ئەکات form follows function). ناوبراو گەرەکی بوو لەم ڕێگایەوە میتۆدی زانستی بێنێتە کایەوە بۆ تەلارسازی تاکو تەلارسازیش وەکو زانستێک دابمەزرێنێت کە تیایدا کۆمەڵێک قانوون و یاساو ڕێسای دیاریکراو تەحەکوم بە بیناکانەوە بکەن.[99] لە ساڵی ١٩٢٦ دا لادۆڤسکی بناغەی ڕێبازی ڕاشنەڵیزمی بەگوێرەی بنەما ئابووریەکان داڕشت **"عەقڵانیەتی تەلارسازی architectural rationality هەروەکو عەقڵانیەتی تەکنیکی technical rationality پشت بە بنەمایەکی ئابووری ئەبەستێت. جیاوازی نێوانیان لەو خاڵەدا خۆی ئەبینێتەوە کە عەقڵانیەتی تەکنیکی بریتی یە لە ئابووری ئیش و مەواد کە لە دروستکردنی بینایەکی مەعقولدا خەرجکراوە بەڵام عەقڵانیەتی تەلارسازی بریتی یە لە ئابووری ووزەی دەروونی ( الطاقة النفسية psychic energy) کە لە پێرسێپشنی کوالیتیە وەزیفەیی و بۆشاییەکانی بینادا خەرجکراوە. تەلارسازی عەقڵانی rationalist architecture بریتی یە لە ئاوێتەیەک کە پێکهاتووە لە تێکەڵکردنی هەردوو جۆرەکەی عەقڵانیەت."**[100]

لادۆڤسکی داوای شیکردنەوەیەکی دەروونی دەکرد بۆ کرداری دیزاین، بە واتایەکی تر تەداخولکردنی دەروونناسی بە پڕۆسەی دیزاینکردن، لەوەشدا مەبەستی ئەوەبوو کە حیساب بۆ درکپێکردن، سەرنجدان، یادەوەری، وە کاردانەوە سایکۆلۆجی و فیزیاییەکانی تری مرۆڤ بکرێت بۆ فەزا و فۆرمی تەلارسازی sensory experience بەشێوەیەکی کرداری ، تاوەکو تەلارسازەکە بتوانێت فەزاو فۆرم بەشێوەیەک ڕێکبخات کە ئەو کاردانەوەیە دروست بکات کە خۆی ئەیەوێت. یەکێک لە دروشمە بەناوبانگەکانی لادۆڤسکی ئەوەبوو کە **"مەوادی تەلارسازی بریتی یە لە بۆشایی نەوەک بەرد."**[101]

نیکۆلای لادۆڤسکی بۆ ڕووبەڕووبوونەی هەژموونی کەنستراکتیڤیستەکان، لە ساڵی ١٩٢٣ دا هەستا بە پێکهێنانی "کۆمەڵەی تەلارسازە نوێیەکان Association of New Architects ASNOVA". کە یەکەمین کۆمەڵەی فەرمی تەلارسازە مۆدێرنەکان بوو لە ڕووسیا. لادۆڤسکی سەرۆکی ڕێکخراوەکە بوو، ئەندامانی دیکەش پێکهاتبوون لە نیکۆلای دۆکوچایڤ، ڤلادیمیر کرینسکی، ئەلیکسی ڕوخلیادیڤ، لوبێتکین. کۆمەڵەکە لە دەوروبەری ١٩٢٥ ناوبانگێکی گەورەی پەیداکرد کاتێک ئێل لیسیتزکی بۆ ماوەیەک پەیوەندی بە ڕێکخراوکەوە کرد.[102، 103]

ئەندامانی کۆمەڵەکە خۆیان بە ڕاشنەڵیست ناوزەد ئەکرد و، ئەرکی سەرەکی خۆیان لە عەقڵاندنی پڕۆسەی **"بەدیکردنی تەلارسازی perception of architecture"** و ڕێکخستنی ئەو پڕۆسەیەدا بینیەوە. ڕاشنەڵیستەکان بەدیکردنی بەسەریانەی



**١٠٢.٢ ڤلادیمیر کرینسکی، کۆمپۆزیشنی شێوەیی formal composition، ١٩١٩.**

بەکارهێنانی زمانی بەسەریانەی کیوبیزم لە دیزاینی تەلارسازیدا دەبێتە هۆی تێکدانی شێوە پان و تەختەکەی واجیهەو پچڕاندنی پەیوەندی تەقلیدی لەنێوان پارچەکاندا و دروستکردنی ناڕوونی و شێواوی.

## تەلارسازی ڕاشنەلیزم

بیناکانیان visual perception وەکو ڕێگایەک بۆ خولقاندنی فۆرم لەبەرچاوگرتبوو. وایان ئەبینی ڕێکخستنی بۆشایی spatial arrangement بریتی یە لە گەورەترین کێشەی تەلارسازی.

بیروباوەڕی ڕاشنەلیستەکان بە سێ قۆناغدا ڕۆیشتووە، لە سەرەتادا بزووتنەوەکە بەشێوەیەکی بەرچاو لەژێر کاریگەری بنەماکانی ئیکسپریشنیزم و دواتریش سوپریمەتیزم دابوو، لە کۆتایشدا هەروەکو ڕەوتەکانی تر ڕوویان کردە بەکارهێنانی بۆکسی وەزیفەیی. بانگەوازی مالیڤیچ بۆ ڕەچاوکردنی تەقەشوف وەکو پێوەرێک بۆ دیاریکردنی بەهای هونەر، بووە بناغەیەک بۆ بنەمای **"ووزەی سایکۆلۆجی"** کە لادۆڤسکی پێی وابوو پێودانگی سەرەکیە لە دروستکردنی فۆرمی تەلارسازی دا، بەو مانایەی کە بینەر کەمترین ووزەی دەروونی بەکاربهێنێت لە بەدیکردن و تێگەیشتنی مەبەستە وەزیفەییەکان و شێوازی ڕێکخستنی بۆشاییەکان (سپەیس و فۆرم)، ئەمەش لەڕێگای بەکارهێنانی مەواد و تەکنیکی نوێ، دەربڕینێکی عەقلانی ستراکچەر rational expression of structure، شیکردنەوەی فەزای تەلارسازی analysis of architectural space. لادۆڤسکی لەناو تاقیگەی دەروونی-تەکنیکی لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس هەولیدا جوانیناسی ڕاشنەلیستی لەسەر بناغەیەکی زانستی دابمەزرێنێت بە پشتبەستن بە داتای دەروونناسی تاقیکاری و بە گرتنەبەری میتۆدی شیکاری دەروونی psychoanalytic method یان بڵێین زانستی سایکۆتەکنیک کە خۆی دەبینیەوە لە دیراسەکردنی توخمەکانی کۆمپۆزیشن و شیکردنەوەی ڕەهەندە بیردۆزەیی و وەزیفەیی و فۆرمیەکانی ئەو توخمانە، ئەمەش بە مەبەستی دۆزینەوەی ئیمکانیاتی نوێی تەفسیرکردنیان تاکو بتوانرێ لە حاڵەتی نوێی جیاواز بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە. لادۆڤسکی هەروەکو لی کۆربۆزیێ دیلی میتۆدە زانستیەکان بوو، هەردولا بڕوایان وابوو سەرچاوەی هەڵسەنگاندنی ئیستاتیکا دەگەڕێتەوە بۆ حەقیقەتە بایۆلۆجی و فیزیاییەکان. بەمشێوەیە ڕاشنەلیستەکان سیستەمێکی تایبەتیان دامەزراند بۆ شیکردنەوەی فۆرمی formal analysis بەگوێرەی میتۆدی بەدیکردنی فۆرم کە زیاتر ناسراوە بە تیۆری گەشتالت Gestalt Psychology. لەڕاستیدا گەشتالت زانستێک بوو کە لە ئەڵمانیا و ئەمەریکاوە هاوردەکرابوو، پوختەکەی ئەوەبوو کە برێک لە شێوە دیاریکراوەکان و پاتێرنەکانی دیزاین کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر دەروونی ئەو کەسانەی هەیکەلی بیناکەیان بینیووە. هەر کە ئەو یاسا و بنەما فۆرمیانە دۆزرانەوەو ئاشکرا کران، دەکرێ بەکاربهێنرێن بۆ دروستکردنی کاریگەری دەروونی خوازراو لەسەر بینەر، بۆ ئەوەی بەکارهێنەران و دانیشتووان لە نائاگایی بێدار بکەنەوەو کاریان تێبکەن تاکو بەشداری بکەن لە بونیاتنانی کۆمەڵگەی نوێ دا.[١٠٤، ١٠٥، ١٠٦، ١٠٧]



**١٠٣.٢ نیکۆلای لادۆڤسکی، خانووی ئیشتریراکی communal house، ١٩٢٠**



**١٠٤.٢ نیکۆلای لادۆڤسکی، خانووی ئیشتریراکی communal house، سێکشن، ١٩٢٠.**



**١٠٥.٢ نیکۆلای لادۆڤسکی، خانووی ئیشتریراکی communal house، پلان، ١٩٢٠.**

## تەلارسازی ڕاشنەلیزم

لادۆڤسکی ئارەزووی لە بەکارهێنانی کۆمەڵە شێوەیەکی ئەندازەیی ئەکرد ، فۆرمگەلێک کە دەکری بەشێوەیەکی گریمانەیی گرێبدرێن بە کۆمەڵە حالەتێکی دەروونی دیاریکراوەوە. دیزاینە سەرەتاییەکانی ڤیخوتیمەس کە لەژێر سەرپەرشتی خۆیدا ئەنجام ئەدران، یان ئەوەتا ڕووکاری فۆرمە خاوێنەکانیان بەشێوەیەکی ئیقاعی دەرخستووە، یان ئەوەتا دیراسەکردنێکن سەبارەت بە گەشەکردن و ئینجا بچووکبوونەوەی فۆرمی داینەمکی بەگوێرەی ڕێسا بیرکارییەکانی بەدوایەکداهاتن. ئەو ڕاهێنانەی ڤیخوتیمەس زۆرجار پێکدێن لە کۆمەڵە بارستەیەکی بەدوایەکداهاتوو بەشێوەیەکی ئەندازەیی، کە کەم و زیاد ئەکەن لە قەبارەیان و هەڵبەزو دابەز ئەکەن لە شوێنەکەیان. جاری واهەبووە ئەم دیزاینانە بۆ بینای ڕاستەقینە بوونە، هەروەک ئەو ڕێستۆرانتە هەڵواسراوەی کە لەلایەن خوێندکار سیمبیرچیڤەوە دیزاین کراوە لە تاقیگەکەی لادۆڤسکی دەوروبەری ١٩٢٣، فۆرمەکەی شەفافیەتێکی تەواوی هەیە لەگەڵ سیستەمێکی گەیشتنی ئاڵۆز. جێبەجێکردنی ستراکچەرێکی وەها فەنتازی لە دەرەوەی توانای ئەندازیاری سۆڤیەتی دابوو لەوکاتەدا، هەروەها گۆرانکاری زۆر لە لیڤڵەکانی دا وای ئەکرد بە کەڵکی بەکارهێنان نەیەت یاخود سنووردار بێت.[١٠٩]



**١٠٦.٢ سیمبیرچیڤ، پرۆژەی ڕیستۆرانتی هەڵواسراو، ١٩٢٢-٢٣**

نیکۆلای دۆکوچایڤ، لە تەک لادۆڤسکی دا، سەرەکیترین داکۆکیکاری ڕاشنەلیزم بوو لە تەلارسازی دا. هەرچی لیسیتزکی بوو زۆربەی کاتەکانی لە دەرەوەی ڕووسیا بەسەر ئەبرد بە تایبەتی لە ئەڵمانیا کە لەوێدا کاری دەکرد لەسەر کۆمەڵێک بلاوکراوەی وەکو مێرز و ئەی بی سی و جی (G, ABC, Merz). دۆکوچایڤ لە زنجیرە ووتارێکیدا لە بلاوکراوەی **"هونەری سۆڤیەتی"** تەلارسازی کەنستراکتڤیزمی بەراورد کرد بە تەلارسازی کاپیتەلیزمی ڕۆژئاوایی. ڕەخنەی لە میتۆدی فەنکشنەلیزمی جولانەوەکە گرت و یەکسانی کرد بەو فەنکشنەلیزمە وشکەی لە ئەڵمانیادا هەیە.[١١٠] لەولاشەوە کرینسکی هاوڕی لەگەڵ لادۆڤسکی زۆربەی کاتی خۆی تەرخان کردبوو بۆ ووتنەوەی وانەی کورسە بنەڕەتیەکان لە ناو قوتابخانەی ڤیخوتیمەس دا، خوێندکارانیان فێری بنچینەکانی کۆمپۆزیشنی فۆرم و گوزارشتیەتی فۆرم ئەکرد expressiveness. لادۆڤسکی سەبارەت بە پرۆسەی دیزاین کردن ووتی **"لە داڕشتنی پلانی هەر بینایەکدا تەلارساز پێویستە بەر لە هەموو شتێک تەنها سپەیس پێکبهێنێت و پێکەوە کۆیان بکاتەوە، خۆی بە مەواد و کەنستراکشنەوە سەرقاڵ نەکات. کەنستراکشن تەنها ئەو کاتە دێتە ناو تەلارسازی یەوە کە ببێتە هۆی دیاریکردنی کۆنسێپتی بینا. سەرەکیترین پرانسیپی ئەندازیار بریتی یە لە بەکارخستنی کەمترین مەواد بۆ بەدەستهێنانی گەورەترین ئەنجام. ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی نیە بە هونەرەوەو تەنها دەتوانی بەشێوەیەکی لاوەکی خزمەت بە داواکاریەکانی تەلارسازی بکات."**[١١١]



**١٠٧.٢ ئیشی خوێندکار لیدیا کۆمارۆڤا، ستۆدیۆی دۆکوچایڤ، دیمەنی پێرسپێکتیڤ، ١٩٢٩**

ڕاشنەلسیتەکان زیاتر بایەخیان ئەدا بە فۆرمی دەرەوە وەک لە دیتێلەکانی ڕێکخستنی ناوەوەی بینا. ئەیانووت "**پێکهاتەی تەلارسازی شار، ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بەکارهێنەرانی بەهۆی ڕووکەشەکەی وە بەهۆی شێوازی پێکبەستنەوەی سەرجەم کۆمەڵەی بیناکان پێکەوە لە سیستەمێکی بۆشاییانەدا system spatial کە دەبێتە**



١٠٨.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، پێرسپێکتیڤ، ١٩٢٤.



١٠٩.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، دیمەنی ئایزۆمەتریک، ١٩٢٤.



١١٠.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، شوێنی بیناکان، ١٩٢٤.

**هۆی دروستکردنی تێڕوانینێکی تایبەتی لەلای خەڵکی ئاساییەوە."** لەبەرەوە ڕایانگەیاند **"دەوڵەتی سۆڤیەتی کە کۆنترۆڵکردنی پلانسازی کردۆتە بنچینەی هەموو چالاکیەکانی خۆی، پێویستە سوود لە تەلارسازیش وەربگرێت وەکو ئامرازێکی بەهێز لە ڕێکخستنی دەروونی جەماوەر. بەلام بەداخەوە، ئاستی گەشەکردنی بابەتیانەی زانستە مرۆییەکان و گەشەکردنی ناتەواوی زانستە هونەریەکان و ئەو دەرەنجامە بێ کەڵکانەی کە لە دەروونناسی مۆدێرنەوە پەیدابوون، ئیمکانیەتی ئەوەمان پێنادات بە تەواوی قەدری ئەو ڕۆڵە دەروونیە بزانین کە هونەرە بۆشاییەکانی spatial arts وەکو تەلارسازی هەیانە لەسەر ژیان."** کەواتە ئەنجامدانی توێژینەوە لەمبارەیەوە **"ئیمکانیەتێک دەبەخشێتە تەلارسازی سۆڤیەتی بۆ چارەکردنی کێشەکانی شارسازی لەڕێگای کۆمەڵێک میتۆدەوە کە تەلارساز و پلانەری ڕۆژئاوایی دەستی پێیان ڕاناگات."** لە تاقیگەی دەروونی-تەکنیکی دا شوێنکەوتووانی ئاسنۆڤا هەوڵیاندا توێژینەوەی لەم جۆرە ئەنجام بدەن، بە بەکارهێنانی کەلوپەلی سەیرو سەمەرە بۆ تاقیکردنەوەی پێرسێپشنی خەڵک بۆ فۆرم لە ژێر هەلومەرجی جیاوازی جولانەوەو بینیندا.[112]

هەولەکانی کۆمەڵەی ئاسنۆڤا بۆ بەدەستهێنانی ئیستاتیکایەکی زانستیانە تر نەبوو بە تەنها بەڵکو بۆ داهێنانی فۆرمی نوێی بیناش بوو تاکو گوزارشت لە دۆخی دەوڵەتی سۆشیالیستی بکات. ئێل لیسیتزکی هەولیدا تەلاری هەوربڕی ئەمەریکی skyscraper دوبارە دابڕێژێتەوە لە فۆرمێکی سۆشیالیستی دا. لە پرۆژەیەکدا دا بەناوی Wolkenbugels (Cloud-Irons) سالی ١٩٢٤ کە پێکهاتووە لە هەشت بینای ئۆفیس و لەگەل مارت ستام دیزاینیان کردوون، هەر بینایەک دەبوو لە یەکێک لە ئینتەرسیکشنە گرینگەکانی ناوەندی مۆسکۆ دابنرێت. هەر بینایەک پێکهاتبوو لە سێ نهۆم و پەنجا مەتر لە زەوی بەرزکراوەتەوە بەهۆی سێ پێچکەوە، درێژی و پانی و بەرزی هەر پێکچکێک (١٦ X ١٠ X ٥٠)م بوو، هەر پێچکێک ئەخرێتە سەر لایەکی شەقامەکە پاشان بیناکە بەباری ئاسۆیدا بە شێوەی کانتلیڤەر ١٨٠ مەتر درێژبوتەوە لەسەر جادەی سەرەکی مۆسکۆ. بیناکە لەگەل کۆنتێکستەکەی ناتەبایەو خەرقی ترافیک و جولەی خەلک و ژیانی گشتی کردووە لەسەر گۆرەپانەکەی بەردەمی. ئەم کارە کە هەرچەندە سەیروسەمەرە دێتە بەرچاو، مەبەست لێی دروستکردنی بەدیلێک بوو بۆ هەردوو شێوازی باوی دەروازەی کلاسیکی و تەلاری هەوربڕی ناو سیستەمی سەرمایەداری.[113] بەلای لیسیتزکیەوە تەلاری هەوربڕی ئاسۆیی horizontal skyscraper ڕەمزێکە بۆ سۆشیالیزم بەپێچەوانەی هەوربڕی ستوونی vertical skyscraper کە ڕەمزی سەرمایەداری یەوە.[114]



**١١٢.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، دیتێلی ستراکچەر (وێنەی دەستەچەپ)، ١٩٢٤.**

لایەنە تەکنیکیەی ئیشەکە (وەکو حیساباتو دیزاینی ستراکچەر و ..هتد) لەلایەن ئیمیل ڕووتەوە ئەنجام دران کە ئەندازیاریکی شارستانی سویسری بوو.

**١١٣.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆییWolkenbügel، دیمەنی پێشەوە (وێنەی خوارەوە)، ١٩٢٤.**



**١١١.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، سکێچی سێکشن (وێنەی دەستەڕاست)، ١٩٢٤.**

یەکێک لە پێچکەکان چوتە خوارەوە بەناوی زەویدا تا وەکو قادرمەیەک ڕۆڵ ببینێت بۆ ویستگەیەکی پێشنیارکراوی هێڵی ترام بەژێر زەویدا. دوو پێچکەکەی تریش وەکو شێلتەرێک ڕۆڵ ئەبینن بۆ ویستگەکانی ترام لەسەر زەوی.



لیستزکی ئەیووت مادام مرۆڤ توانای فرینی نیە کەواتە جولەکردن بەشێوەی ئاسۆیی شتێکی سروشتی یە بەلام بەشێوەی ستوونی نائاسایی یە. کاتێک زەوی پێویست لەبەردەستدا نیە بۆ دروستکردنی بینا لەسەریدا، پلەیێنکی ئاسۆیی لە هەوادا دروستەکرێت بە بەرزیەکی مامناوەند بەراورد بە تاوەرەکانی ستایلی ئەمەریکی. بە بڕوای لیسیتزکی ئەم بینایانە باشترین هەواگۆرکی و عەزل (ventilation & insulation) دابین ئەکەن بۆ دانیشتووانەکەی.

**سەبارەت بە بیرۆکەکەی لیسیتزکی دەڵێت "ئێمە لە شارانێکدا ئەژین کە سەردەمانێکی درێژ بەر لە ئێمە هاتوونەتە بوون، شارانێک کە نا گونجێن لەگەڵ ڕیتم و پێداویستیەکانی ئەمڕۆ. ناتوانین لە ماوەی ڕۆژێکیشدا هەموویان بڕوخێنین و لە هیچەوە دروستیان کەینەوە. کارێکی ئەستەمە لەیەک کاتدا پێکهاتەو تایپی ئەم شارانە بگۆڕین. مۆسکۆ هەروەکو پاریس و ڤیەنا، مۆدێلێکی یەک ناوەندی هەیە concentric وەکو شاری چاخەکانی ناوەڕاست. پێکهاتەی شارەکە بەمشێوەیە: کرێملن دەکەوێتە ناوەندەوە، لەگەڵ دوو ئەڵقەی هاتووچۆ و جادەی تیشکدار transport rings and radial streets. خاڵە گرینگەکان شوێنەکانی یەکتربڕینی جادە ڕێدیەڵەکان و جادە بازنەییەکانن. لەم خاڵانەوە گۆرەپان و مەیدانەکانی شار پەیدابوون و پێویستیان بە گەشەپێدانە. ئەم گەشەپێدانەش نابێت کاریگەری خراپی هەبێت بەسەر ترافیکەوە کە لەم خاڵانەدا گەلێک زۆرە. ئێرە گونجاوترین شوێنە بۆ دروستکردنی دەوائیری مەرکەزی حکومەت. لەم تێڕوانینەوە ئایدیاکەی من هاتەئاراوە."[115]**



١١٢.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، دیتێڵی ستراکچەر (وێنەی دەستەچەپ)، ١٩٢٤.

لایەنە تەکنیکیەی ئیشەکە (وەکو حیساباتو دیزاینی ستراکچەر و ..هتد) لەلایەن ئێمیل ڕووتەوە ئەنجام دران کە ئەندازیارێکی شارستانی سویسری بوو.

١١٣.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆییWolkenbügel، دیمەنی پێشەوە (وێنەی خوارەوە)، ١٩٢٤.



١١١.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، سکێچی سێکشن (وێنەی دەستەڕاست)، ١٩٢٤.

یەکێک لە پێچکەکان چۆتە خوارەوە بەناوی زەویدا تا وەکو قادرمەیەک ڕۆڵ ببینێت بۆ وێستگەیەکی پێشنیارکراوی هێڵی ترام بەژێر زەویدا. دوو پێچکەکەی تریش وەکو شێلتەرێک ڕۆڵ ئەبینن بۆ وێستگەکانی ترام لەسەر زەوی.



لیستزکی ئەیووت مادام مرۆڤ توانای فڕینی نیە کەواتە جوڵەکردن بەشێوەی ئاسۆیی شتێکی سروشتی یە بەڵام بەشێوەی ستوونی نائاسایی یە. کاتێک زەوی پێویست لەبەردەستدا نیە بۆ دروستکردنی بینا لەسەریدا، پلەیێنکی ئاسۆیی لە هەوادا دروستەکرێت بە بەرزیەکی مامناوەند بەراورد بە تاوەرەکانی ستایلی ئەمەریکی. بە بڕوای لیسیتزکی ئەم بینایانە باشترین هەواگۆڕکێ و عەزل (ventilation & insulation) دابین ئەکەن بۆ دانیشتووانەکەی.

سەبارەت بە بیرۆکەکەی لیسیتزکی دەڵێت **"ئێمە لە شارانێکدا ئەژین کە سەردەمانێکی درێژ بەر لە ئێمە هاتوونەتە بوون، شارانێک کە نا گونجێن لەگەڵ ڕیتم و پێداویستیەکانی ئەمڕۆ. ناتوانین لە ماوەی ڕۆژێکیشدا هەموویان بڕوخێنین و لە هیچەوە دروستیان کەینەوە. کارێکی ئەستەمە لەیەک کاتدا پێکهاتەو تایپی ئەم شارانە بگۆڕین. مۆسکۆ هەروەکو پاریس و ڤیەنا، مۆدێلێکی یەک ناوەندی هەیە concentric وەکو شاری چاخەکانی ناوەڕاست. پێکهاتەی شارەکە بەمشێوەیە: کرێملن دەکەوێتە ناوەندەوە، لەگەڵ دوو ئەڵقەی هاتووچۆ و جادەی تیشکدار transport rings and radial streets. خاڵە گرینگەکان شوێنەکانی یەکتربڕینی جادە ڕێدیەڵەکان و جادە بازنەییەکانن. لەم خاڵانەوە گۆرەپان و مەیدانەکانی شار پەیدابوون و پێویستیان بە گەشەپێدانە. ئەم گەشەپێدانەش نابێت کاریگەری خراپی هەبێت بەسەر ترافیکەوە کە لەم خاڵانەدا گەلێک زۆرە. ئێرە گونجاوترین شوێنە بۆ دروستکردنی دەوائیری مەرکەزی حکومەت. لەم تێڕوانینەوە ئایدیاکەی من هاتەئاراوە."[١١٥]**



**١١٢.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، دیتێلی ستراکچەر (وێنەی دەستەچەپ)، ١٩٢٤.**

لایەنە تەکنیکیەی ئیشەکە (وەکو حیساباتو دیزاینی ستراکچەر و ..هتد) لەلایەن ئێمیل رووتەوە ئەنجام دران کە ئەندازیاریکی شارستانی سویسری بوو.

**١١١.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆیی Wolkenbügel ، سکێچی سێکشن (وێنەی دەستەڕاست)، ١٩٢٤.**

یەکێک لە پێچکەکان چۆتە خوارەوە بەناوی زەویدا تا وەکو قادرمەیەک ڕۆڵ ببینێت بۆ ویستگەیەکی پێشنیارکراوی هێڵی ترام بەژێر زەویدا. دوو پێچکەی تریش وەکو شێلتەرێک ڕۆڵ ئەبینن بۆ ویستگەکانی ترام لەسەر زەوی.



**١١٣.٢ ئێل لیسیتزکی ، تەلاری ئاسۆییWolkenbügel، دیمەنی پێشەوە (وێنەی خوارەوە)، ١٩٢٤.**



لیستزکی ئەیووت مادام مرۆڤ توانای فرینی نیە کەواتە جوڵەکردن بەشێوەی ئاسۆیی شتێکی سروشتی یە بەڵام بەشێوەی ستوونی نائاسایی یە. کاتێک زەوی پێویست لەبەردەستدا نیە بۆ دروستکردنی بینا لەسەریدا، پلەیێنکی ئاسۆیی لە هەوادا دروستەکرێت بە بەرزیەکی مامناوەند بەراورد بە تاوەرەکانی ستایلی ئەمەریکی. بە بڕوای لیسیتزکی ئەم بینایانە باشترین هەواگۆرکێ و عەزل (ventilation & insulation) دابین ئەکەن بۆ دانیشتووانەکەی.

**سەبارەت بە بیرۆکەکەی لیسیتزکی دەڵێت "ئێمە لە شارانێکدا ئەژین کە سەردەمانێکی درێژ بەر لە ئێمە هاتوونەتە بوون، شارانێک کە نا گونجێن لەگەڵ ڕیتم و پێداویستیەکانی ئەمرۆ. ناتوانین لە ماوەی ڕۆژێکیشدا هەموویان بڕوخێنین و لە هیچەوە دروستیان کەینەوە. کارێکی ئەستەمە لەیەک کاتدا پێکهاتەو تایپی ئەم شارانە بگۆڕین. مۆسکۆ هەروەکو پاریس و ڤیەنا، مۆدێلێکی یەک ناوەندی هەیە concentric وەکو شاری چاخەکانی ناوەڕاست. پێکهاتەی شارەکە بەمشێوەیە: کرێملن دەکەوێتە ناوەندەوە، لەگەڵ دوو ئەڵقەی هاتووچۆ و جادەی تیشکدار transport rings and radial streets. خاڵە گرینگەکان شوێنەکانی یەکتربڕینی جادە ڕێدیەلەکان و جادە بازنەییەکانن. لەم خاڵانەوە گۆرەپان و مەیدانەکانی شار پەیدابوون و پێویستیان بە گەشەپێدانە. ئەم گەشەپێدانەش نابێت کاریگەری خراپی هەبێت بەسەر ترافیکەوە کە لەم خاڵانەدا گەلێک زۆرە. ئێرە گونجاوترین شوێنە بۆ دروستکردنی دەوائیری مەرکەزی حکومەت. لەم تێڕوانینەوە ئایدیاکەی من هاتەئاراوە."[١١٥]**

## بنەماکانی ڕاشنەڵیزم

ڕاشنەڵیزم هەرچەندە فەلسەفەیکی ڕەسەنی هەبوو بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە بزووتنەوە هونەریەکانی تری پێش خۆشیەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، لە فیوچەریزمەوە (داینەمیزم) و لە کیوبیزمەوە (ئەندازەی سێ ڕەهەندی) و لە سوپریمەتیزمەوە (مەمەڵەکردن لەگەڵ بۆشایی ) وەرگرت و بەیەکەوە دەمجی کردن لەگەڵ میتۆدی سایکۆتەکنیک.

### ١. سەربەخۆیی تەلارسازی
### Autonomy of Architecture

تەلارسازی زانستێکی سەربەخۆیەو جیاوازە لە ئەندازیاری. تەلارساز ئازادیەکی ڕەهای هەیە لە پرۆسەی دیزاینکردندا بەبێ گوێدانە ئیعتیباراتی ماددی. ئەو دیزاینانەی کە بەرهەمدێن فاکتەرە ئابووری و وەزیفەیی و سوودبەخشیەکان هیچ کاریگەرییەکیان نیە بەسەریانەوە.

### ٢. فۆرمەڵیزم Formalism

کوالیتیە ئیستاتیکیەکانی کاری تەلارسازی پێویستە لە تایبەتمەندیە بەسەری و بۆشاییەکانەوە وەربگیرێن visual and spatial properties. کەواتە بۆشایی و فۆرم تەوەک وەزیفە، بریتین لە پێشینەی کاری تەلارسازی.

### ٣. تەلارسازی وابەستەی دەروونناسی یە

سایکۆلۆجیاو پیرسێپشن و کۆمپۆزیشن دیاریکەری فۆرمی تەلارسازین. واتە تەلارسازی پشت بەو کاردانەوە دەروونیانە ئەبەستێت کە کاریگەری تەلارسازی دروستی ئەکات لەسەر چاوی بینەر و ناخی بنیەردا.

### ٤. تەلارسازی پشت بە کۆمپۆزیشن دەبەستێت

پێویستە هەموو کارێکی تەلاسازی لە پرۆسەی دیزایندا و لە پێکهێنانی فۆرم دا، ڕەگەزە بنەرەتیەکانی دیزاین و تەلارسازی ڕەچاو بکات وەکو ئیقاع rhythm، کۆنتراست، هارمۆنی، سێبەر و تاریکی shade and shadow، بارستە mass، ڕوو surface، بۆشایی space، هاوڕێژە proportion. تەوەک خۆی سەرقاڵ بکات بە کرداری بیناکردن construction لە سە ئەرزی واقیعدا.

### ٥. تەلارساز هونەرمەندێکی زانایە

تەلارساز لەو ڕووەوە هونەرمەندە کە بنەما هونەریەکان لەبەرچاو ئەگرێت لە دیزاینکردنی بەرهەمی تەلارسازیدا . لەو ڕووەشەوە زانایە کە زانستی دەروونناسی تێکەڵ بە کاری دیزاین ئەکات و خۆی بڕیار ئەدات لەسەرەوەی کە فەزاو فۆرم چ جۆرێک لە ئەزموون و میزاج و بیرکردنەوەو کاردانەوەی دەروونی دروستبکەن لەسەر بەکارهێنەری بینا.

## خەسڵەتەکانی ڕاشنەڵیزم

دەکرێ لەڕووی ستایلەوە شێوازی بیناکان بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش بکەین، لە کۆمەڵەی یەکەمدا (قۆناغی یەکەم) فۆرمەکان نوێ و ڕادیکاڵن و دەچنەوە سەر ستایلی ئیکسپرێشنیزم، بەڵام لە کۆمەڵەی دووەمدا (قۆناغی دووەم) فۆرمەکان بەرەو خەتی ڕاست و ستایلی کارکردنی باوهاوس ئەڕۆن. لە هەردوو کۆمەڵگەشدا فرەچەشنی variantی زۆر هەیە لەنێوان فۆرمەکان دا ، ئەمەش پۆلێنکردنی فۆرمەکانی لەژێر چەند خەسڵەتێکی دیاریکراودا کردوتە کارێکی ئەستەم. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت چەند خاسیەتێکی بەسەریان لێوە هەڵێنجین کە زۆر دوبارە بوونەتەوە.

خەسڵەتەکانی تەلارسازی ڕاشنەڵیزم لە قۆناغی یەکەمدا:

### ١. فۆرمی گەورەو قەبارەدار voluminous form

پێداگیری کراوە لەسەر بەخشینی قەبارەیەکی گەورەو ئاشکرا بە بارستە (mass)ی شێوە ئەندازەییەکانی وەکو لولەک و گۆو خشتەکی واتە voluminous expression لەجیاتی بەخشینی گوزارشتێکی باریک و ڕاستەهێڵی پێیان linear expression. بەمەش فۆرمەکان لەناوەوە فراوان بوون و توانای لەخۆگرتنی سپەیسی گەورەیان هەیە و لە دەرەوەش هەیمەنەیان دروستکردووە بەسەر چواردەوریان دا. هەندێ جار ئەم فۆرمانە بەڕووی دەرەوەدا داخراون و ڕووکەشێکی تەواو سۆلیدیان وەرگرتووە بەڵام لە هەندێ جاریش دا کراوەن و ڕێگا ئەدەن بۆشایی چواردەوریان تێکەڵ بێت بە فۆرمەکە.





**١١٤.٢ کۆمەڵێک مۆدێل لە ئیشی خوێندکاران، کۆرسی سپەیس، قوتابخانەی ڤخوتێمەس، ١٩٢٠-١٩٢٦.**

دۆزینەوەو دروستکردنی فۆرمی قەبارەدار لەڕێگای پێکەوە کۆکردنەوەی ڕەگەزەکان بەشێوەیەکی ئیقاعی و کۆنتراست.

### ٢. فۆڕمی داینەمیکی dynamic spatial forms

لەڕێگای سوڕاندنی تەوەرەکان و قەدی فۆرمەکانەوە، فۆرمەکان بارودۆخی جێگیر و وەستاوی خۆیان لەدەستداوە. لەجیاتی دانانی دیواری ڕێک لەسەر دیوار و بەخشینی ئیستیقامە بە ڕووکەشی بینا، هەوڵدراوە مەفهومی بینا لە بناغەوە تا لوتکەی گۆڕانی بەسەردا بهێنرێت و لە فۆرمێکی تردا دابڕێژرێتەوە کە تیایدا فەزا وەکو عونسورێکی سەرەکی داخیل بە پرۆسەی دیزاین بکرێت، لە ئەنجامدا فۆرمە بەرهەمهاتووەکان پڕن لە سوپرایز و نوێگەری و جوڵەو زیندوویتی، وە بەهیچ شێوەیەک لە شێوەکان ناچنەوە سەر بینای تەقلیدی کە ستاتیک و ناچالاک و مەئلوفیشە بۆ چاوی بینەر.



١١٥.٢ نیکۆلای لادۆفسکی، خانووی بەکۆمەڵ Collective House، ١٩٢١.
دانانی چەند قەبارەیەک (volume)ی جیاواز لەسەر یەکتریدا و خولاندنەوەیان بەبەردەوامی تا بەرەو سەرەوە بڕوات وایکردووە تاوەرێک دروستبێت کە جوڵەیەکی حەلەزونی spiral دروست بکات.

### ٣. حیساب نەکردن بۆ هێزی کێشکردنی زەوی anti-gravity

بەشێکی ئەم فۆرمانە سەرەڕای هەبوونی کێش و قورسایی mass & weight بەلام لە زەوی جیابوونەتەوە تەنها بە ڕاگرێکی بارێک بە خاک بەستراونەتەوە، لەناو هەوادا یان سپانێکی گەورەیان هەیە یان شێوەی کانتلیڤەری وەرەگرن و هیچ حیسابێک بۆ واقیعی فیزیایی ناکەن بۆ نموونە هێزی کێشکردنی زەوی.



١١٦.٢ ئیشی خوێندکار موشینسکی، وەرشەی لادۆفسکی لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس، ڕێستۆرانتێک لەژێر بەرد و لەسەر دەریا، نیشاندانی خاسیەتە فیزیای و میکانیکیەکانی فۆرم، ١٩٢٣.



١١٧.٢ ئیشی خوێندکار لامتسۆڤ، وەرشەی لادۆفسکی لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس، دەرخستنی کێش و قورسایی، ١٩٢٢.

## ٤. گوزارشتخوازی Expressiveness

میتۆدی دیزاینی ئاسنۆڤا ئامانجی دەرخستنی گوزارشتە شاراوەکانی فۆرم و ستراکچەر بوو بۆ بینەری بینا، لەبەرەوە کۆمەڵەکە ڕەتیکردەوە گوزارشتکردن لە وەزیفەو پرۆگرامی بینا بکاتە ئەولەویەتی کارەکانی خۆی تەنها بە بەکارهێنانی چەند فۆرمێکی سادە، بەڵکو لەجیاتی ئەوە بە بەکارهێنانی شێوەی دەگمەن و بێ پێشینە، پرۆگرام و هەیکەلی بیناکانیان تەحویل کرد بۆ سەر شێوەیەکی ئاماژەبەخش کە لەبری ڕەنگدانەوەی وەزیفەی ناوەوە وەک لە حاڵەتی بزووتنەوەی مۆدێرنیزم لە ئەورووپادا بەدی ئەکرێت، پێویستبوو ڕەنگدانەوەی مەبەستێکی ڕەمزی بێت لەودیو مەبەستە سودبەخشەکانەوە. بەمشێوەیە لەجیاتی وەزیفە جەختیان کردۆتەوە لەسەر ئیمکانیاتی سیمبۆلیک لە تەلارسازیدا و بزواندنی هەست و سۆز و دروستکردنی کاریگەری بەسەری. سێ جۆر گوزارشت ئامانجی کۆمەڵەکە بوو ئەوانیش: گوزارشتی کێش و بارستایی expresion of mass & weight. گوزارشتی فۆرم formal expression ، گوزارشتی ستراکچەر Structural Expression.



١٢٠.٢ خاوەنی ئیشەکە نەناسراوە، دەروازەی سەرەکی بۆ پاریگای سووری نێودەوڵەتی، دەرخستنی گوزارشتیەتی ستراکچەر، ١٩٢٦.



١١٨.٢ ئیشی خوێندکار ڤلادیمیرۆڤ، وەرشەی لادۆڤسکی لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس، دیزاینی سایلۆ، دەرخستنی گوزارشتیەتی فۆرم، ١٩٢٢.



١٢١.٢ پێشانگای ئیشەکانی خوێندکاران لەسەر (دەرخستن و گوزارشتکردن لە فۆرمی سێ ڕەهەندی)، وێنەی مۆدێلەکان، کۆتاییەکانی ١٩٢٠.



١١٩.٢ ئیشی خوێندکار گۆلت، وەرشەی لادۆڤسکی لەناو قوتابخانەی ڤخوتیمەس، دیزاینی دەروازەیەک بۆ شەقامی نیکیتسکی لە شاری مۆسکۆ، ١٩٢٠-١٩٢١.

### ٥. ئیقاعی Rhythmical

لە بەشێکی ئیشەکانی سەر ستایلی ڕاشنەڵیزمیش خاسیەتی ریتم بەدی ئەکرێت، کە بریتی یە لە دوبارەکردنەوەی چەند قەبارەیەک، ئێلەمێنتێک، یان شێوەیەکی دیاریکراو چەند جارێک بە دووری جیاوازەوە بە هەبونی مەودایەکی دیاریکراو لەنێوانیاندا.



١٢٢.٢ مۆدێلی دروستکردنی واجیهەی پێشەوە بە بەکارهێنانی چەند ریزێکی ئیقاعی ئاسۆیی یان ستوونی یان لاربووە ، ١٩٢٠-١٩٢٦. ئیشی - ا



١٢٣.٢ مۆدێلی دروستکردنی واجیهەی پێشەوە ، ئیشی - ب



١٢٤.٢ مۆدێلی دروستکردنی واجیهەی پێشەوە ، ئیشی - ج



١٢٥.٢ مۆدێلی دروستکردنی واجیهەی پێشەوە ، ئیشی - د



١٢٦.٢ ئیشی خوێندکار ئارکینا، وەرشەی لادۆڤسکی لە قوتابخانەی ڤخوتێمەس، ١٩٢٢.

لەم کارەدا چەند سیفەتێک بەدی ئەکرێن وەکو دژە کێشکردن anti-gravity، ریتم، گوزارشت کردن لە فۆرم و بارستایی.



١٢٧.٢ ئیشی خوێندکارێک لە قوتابخانەی ڤخوتێمەس، ١٩٢٠-١٩٢٦.

لە بەشێک لەم فۆرمانەدا ئیقاعیەت شێوەی پلیکانەیەک ئەبەخشێتە فۆرمەکە بەشێوەیەک کە تا بەرەو سەرەوە بڕوات یان تا زیاتر بە باری ئاسۆیدا بکشێت لە قەبارەدا گۆڕانی بەسەردا دێت.

### ٦. فۆڕمی پەیکەری sculptural forms

بارستایی بیناکە بەشێوەیەک ڕێکخراوە کە لە پلەیێنیکی سادە و تەخت flat دەربچێت و شێوەیەکی پڕ لە چەماوەو دەرپۆقیو وەربگرێت curvy. بەشێک یان هەموو فۆڕمەکە لولپێچە، خەتی ڕاست و گۆشەی وەستاوی تێدا نیە، ڕەچاوی قیاساتی جێگیر نەکراوەو هەموو قیاساتەکانی فۆڕم لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕاون، بەمەش فۆڕمی بەرهەمهاتوو فۆڕمێکی والاو ئازادە free-from.

۱۲۸.۲ مۆدێلی ئیشی خوێندکارێک لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس لە کۆرسی سپەیس، بابەتی کۆمپۆزیشنی پێشەوەی قوڵ Deep Frontal Composition ، مۆسکۆ، ۱۹۲۰-۱۹۲٦.





۱۲۹.۲ مۆدێلی ئیشی خوێندکارێک لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس لە کۆرسی سپەیس، بابەتی کۆمپۆزیشنی پێشەوەی ئاڵۆز Complex Frontal Composition، بە پشت بەستن بە کۆکردنەوەیەکی کۆنتراستی سێبەر و تاریکی و سیفەتی پلاستیکی و بەکارهێنانی ئێلەمێنتەکانی ئیقاع ، مۆسکۆ، ۱۹۲۰-۱۹۲٦.

خەسڵەتەکانی ڕاشنەلیزم لە قۆناغی دووەمدا:

### ٧. فۆڕمی ڕاست و ڕێک Rectlinearity

بەکارهێنانی شێوەی مونەزەم و بە قیاسات دیاریکراو وەکو لاکێشەو چوارگۆشە و خشتەکی، تاکو توانای خێرا جێبەجێکردن (تەنفیز)یان هەبێت هەروەها تا کارئاسانی بکات بۆ بەرهەمهێنانی ئێلەمێنتەکان لە کارگەی بەشێوەی جوملە mass production.

١٣٠.٢ پرۆژەی دەرچوون diploma Project لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس، خوێندکاران میخایل بارشچ و میخایل سینیاڤسکی، مۆسکۆ، ١٩٢٦.





١٣١.٢ یانەیەک بۆ کۆمەڵەی لاوانی شوعی لە ڕوسیا، ئیشی خوێندکار کنیازێڤ، سەرپەرشتیار نیکۆلای کۆلی، قوتابخانەی ڤخوتیمەس، قۆناغی سییەم، ١٩٢٥.

### ٨. پەنجەرەی شریتی ribbon windows

شریتێک پەنجەرەی بەردەوام بەدرێژایی واجیهە ئەڕۆن بەشێوەیەکی ئاسۆیی و تەنها شەفتی مەسعەدەکان قەتعیان ئەکات. ڕووبەری پەنجەرەکان گەورەیە ئەمەش وایکردووە ڕێژەی کرانەوە بۆ داخران وە ڕێژەی سۆلیدو ڤۆید تا ڕادەیەک یەکسان بێت.

۱۳۲.۲ پرۆژەی دەرچوون diploma Project لە قوتابخانەی ڤخوتیمەس، خوێندکاران میخایل بارشچ و میخایل سینیاڤسکی، مۆسکۆ، ۱۹۲٦.



### ٩. بەکارهێنانی مەوادە پیشەسازیە نوێکان new building materials

لەم فۆرمانەدا ئیستاتیکای مەکینە ڕەنگی داوەتەوە کە بزووتنەوەی مۆدێرن بانگەشەی بۆ ئەکرد لە ئەورووپادا. ئەگەرچی خودی بزووتنەوەکە خۆی خزاندبووە ناو کامپی دژە تەکنەلۆجیەوە بەلام ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە نەیانتوانی تا سەر بەردەوام بن لەسەر بۆچوونەکانیان، وەک بەروونی دەرکەویت لە بەکارهێنانی مەوادە پیشەسازیە نوێکانی وەکو شوشە و ستیل لە نیشەکانیاندا.



۱۳۳.۲ ڤێگمان، ئۆفیسی تەلەگراف لە شاری مۆسکۆ (سەرەوە)، پرۆژەی پێشبڕکێ، ۱۹۲۵.

### ١٠. ئێلەمێنتی نوێی وەزیفەیی new functional elements

بەکارهێنانی کۆمەڵێک توخم کە سوودی وەزیفەیی و تەرفیهیان هەبوو وەکو بالکۆنی گەورە، پردی پەڕینەوە.



۱۳٤.۲ دیزاینی بینای قوتابخانەی هونەر (دەستەچەپ)، ئیشی خوێندکار ڤارێنتسۆڤا، ستۆدیۆی دۆکوچایڤ ، ۱۹۲۷.

# تەلارسازی کەنستراکتیڤیزم

کەنستراکتیڤیزم دواهەمین و کاریگەرترین بزووتنەوەی هونەر و تەلارسازی مۆدێرن بوو کە لە ڕوسیا سەریهەلدابێت. کەنستراکتیڤیزم بزووتنەوەیەکی ماددی چەپ بوو لە سەرەتا دا لە هونەری پەیکەرتاشی و نیگارکیشی دا سەریهەلدا و دواتر هاتە ناو تەلارسازیەوە کە ناوەرۆکەکەی هەوڵدانە بۆ "دروستکردن"ی هونەر و تەلارسازی. ئەم بزووتنەوەیە زیاتر لە بزووتنەوەکانی تر بارگاوی کرابوو بە ئەجێندای سۆشیالیستی و داوای تێکەلکردنی هونەرەکانی دەکرد لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دا، لەبەرەوە هەستا بە ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی **"هونەر تەنها لەپێناوی هونەر"** و **"تەلارسازی تەنها لەپێناوی تەلارسازی"** دا و چینی بۆرژوازی تەقلیدی کە ئەم جۆرە هونەرو تەلارسازیەی لەپێناو دا دروست بوبوو. لەجیاتی ئەوە، هونەری تەنها بەو شێوەیە بەلاوە پەسندبوو کە بوارێکی عەمەلی بێت بەرەو گۆرانکاری کۆمەلایەتی هەنگاو هەلێنێت یان ئەوەتا خزمەت بە ئامانجێکی کۆمەلایەتی بکات. کۆنسترەکتیڤیزم لیبراوانە هەولی دا تاوەکو هونەرلە ستۆدیۆوە بێنێتە دەرەوەو بیباتە ناو کارگە، لەسەر لەوحەوە نەیهێلێت و تێکەلی کات لەگەڵ بەرهەمە پیشەسازیەکان دا. هەروەکو بزووتنەوەکانی دیکەی دوای جەنگ، دەیویست پاڵ بە کۆمەلانی خەلکەوە بنێت تا کۆمەلگە دوبارە بونیات بنێنەوە لەسەر مۆدێلێکی یۆتۆپیەنیزم نەوەک لەسەر مۆدێلێکی ڕیالیستی کە پێشوتر بووە مایەی هەلایسانی جەنگ. لە ماوەی پازدە ساڵی هەبوونی دا ، کۆنسترەکتیڤیزم کەوتە تێکۆشان بۆ گۆڕینی چەمکی فەزای تەلارسازی و، بۆ خولقاندنی ژینگەیەک کە بەها نوێیەکانی سۆشیالیزم بچێنێت، وە لە هەمان کاتیشدا بۆ بەکارهێنانی بنەما پێشکەوتووەکانی ستراکچەر و تەکنەلۆجیا.[116]

زاراوەی **هونەری کەنستراکشن** بۆ یەکەم جار لەلایەن کازیمیر مالیڤیچ داتاشرا لە باسکردنی کارەکانی ئەلیکساندەر ڕۆدچینکۆ. هەروەها سەبارەت بە زاراوەی **کەنستراکتیڤیزم** بۆ یەکەم جار ساڵی ١٩٢١ بەکارهێنراوە. لە سەرێکی تریشەوە ستایلەکە لەبەرەوە ناونرا بە **"کەنستراکتیڤیزم"** چونکە گرینگی ئەدا بە شێوازی دروستکردن و بەیەکبەستنەوەی ئیلەمێنتەکانی کەنستراکشن و بیناکاری.[117]

توێژینەوەکانی کریستینا لۆدەر دەربارەی کەنستراکتیڤیزمی ڕوسی دەریخستووە چەمکی **"کەنستراکشن"** بەشێوەیەکی فراوان بەکارهاتووە تەنانەت لەلایەن ئاراستە جیاوازەکان و تیۆرە هاودژەکانەوە لە ئاڤانت گاردی ڕوسی دا هەم لەپێش شۆڕش و هەم لەدوای شۆڕش. ئەمەش وایکردووە چەمکەکە مانایەکی ناڕوونی هەبێت.[118] بۆ جیاکردنەوەی بزووتنەوەی سەرەکی کەنتسراکتیڤیزم لە چەشنە لاوەکیەکانی تر کە وەکو لق لێی جیابوونەتەوە، لۆدەر دەستەواژەی **"بونیاتگەری باو Mainstream Constructivism"**ی بۆ ئەم ڕەوتە بەکارهێناوە.[119]

بزووتنەوەکە ئەیویست بایەخدانی هونەری تەقلیدی بە **"کۆمپۆزیشن"** و خۆ سەرقاڵ کردن پێیەوە نەهێلێت و بیگۆڕێتەوە بە **"کەنستراکشن"**. لە ناحیەیەکی ترەوە، ستراکچەر و مەواد لە ئایدۆلۆجیای بزووتنەوەکەدا سەنگێکی یەکجار زۆریان پێ بەخشرابوو، هەر لە سەرەتاوە کەوتە هاندانی دیراسەکردن و شیکردنەوەیەکی تەکنیکی ووردی مەوادە نوێیەکان، بە ئومێدی ئەوەی ئەم لێکۆلینەوانە لە کۆتایی دا چەند بیرۆکەیەکیان لێوە بەدەستبێت کە بتوانرێت لە بواری بەرهەمهێنانی بە جوملە دا بخرێنە کار، بۆ خزمەتکردنی کۆمەلگەی شوعیەت و ئامانجەکانی مۆدێرنیزم. ئەم کارەش خستنیە ناو بازنەی پابەندبوون بە مەبدەئی **"ڕاستگۆیی لەگەڵ مەوادەکان دا truth to materials"**، ئەو باوەڕەی کە مەوادەکان دەبێت بەکاربهێنرێن بەگوێرەی توانای خۆیان، وە بە شێوازێکیش کە ئەو مەبەستەی دەربخات کە بۆی بەکارهێنراوە. هونەری کەنستراکتیڤی زۆرجار گەرەکی بوو چۆنیەتی ڕەفتاری مەوادەکان دەربخات، بۆ نمونە بپرسێت کە مەوادەکانی وەکو تەختەو شوشە و کانزا چ تایبەتمەندیەکی جیاوازیان هەیە. ئەو فۆرمەی کارێکی هونەری پێویستە وەریبگرێت ، ئەبێت بەهۆی مەوادەکانیەوە دیاریبکرێت، نەک بە پێچەوانەوە وەک لە حاڵەتی فۆرمە هونەریە تەقلیدیەکان دا بەدی ئەکرا، کە هونەرمەند مەوادەکان دەگۆرێت بۆ شتێکی زۆر جیاواز و جوان. بەلای هەندێک لە ئەندامانەوە ئەم تەجروبە و لێکۆلینەوانە ئامرازێک بوون بۆ گەیشتن بە ئامانجێک، ئامانجی بەکارخستنی ئایدیا و دیزاینەکان لە بەرهەمهێنانی جوملە دا، بەلای هەندێکی دیکەشەوە هەر خودی تەجروبەکاری ئامانجەکە بوو لە ڕووەوە کە ستایلێکی نوێ و دەگمەنی مۆدێرنیزم بوو گوزارشتی ئەکرد لە ژیانی مۆدێرنیزم و ، داینەمیکیەت و کوالیتی ئالۆزی ئەو ژیانە.[120]

هەرچەندە ڤلادیمیر تاتلین بە باوکی کەنستراکتیڤیزم دائەنرێت، بەلام ئەو هیچ کاتێک خۆی وەکو کەنستراکتیڤیست لە قەڵەم نەدا، بەلکو موماردسەی کارکردنی خۆی بە **"کەلتوری مەوادەکان culture of materials"** ناوزەد ئەکرد.[121]

جگە لە تاوەرەکەی تاتلین کە بە بەردی بناغەی کەنستراکتیڤیزم دائەنرێت، سەرەتاکانی بلوری بوونی بیرۆکەی تەلارسازی کەنسترەکتیڤیست لە کارەکانی هەر سێ برا (لیۆنید و ڤیکتۆر و ئەلیکساندەر ڤیسنین)دا بەدی ئەکرێت. هەرسێکیان لە ١٩٢٣ پێکەوە کۆبوونەوە بۆ بەرهەمهێنانی دیزاینێکی ناوازە بۆ

پێشبڕکێی "کۆشکی کرێکاران Palace of Labor" لە شاری مۆسکۆ. ساڵێک دواتر، ئەلێکساندەر و ڤیکتۆر دیزاینێکی کەموێنەی خۆیان خستەڕوو بۆ بینای "لێنینگراد پراڤدا Leningrad Pravda".

پڕۆگرامی بینای **"کۆشکی کرێکاران"** دەبوو ئەم داواکاریانە لەخۆبگرێت: هۆڵێکی نواندنی گەورە auditorium بۆ ٨٠٠٠ کەس، هۆڵێکی تر بۆ ٢٥٠٠ کەس، ڕوانگەیەکی چاودێریکردنی کەشوهەوا، تاقیگەیەکی فیزیای گەردوونی، مۆزەخانەیەکی زانستی کۆمەڵایەتی، مۆزەخانەی کار، کتێبخانەیەک، ڕێستۆرانتێک بۆ لەخۆگرتنی ٦٠٠٠ هەزار کەس، لەگەڵ ژمارەیەکی یەکجار زۆری ئۆفیس. سپەیس پڕۆگرامی بیناکە جۆرێکی نوێ بوو نەدەتوانرا زانیاریەکی وا لە نموونەکانی پێشوتر و بینای هاوشێوە بەدەستبێت. ئەو چارەسەرەی ڤیسنینەکان خستیانەڕوو خۆی دەبینیەوە لە بەشبەشکردنی بەجیای هەریەکە لە فەزا جیاوازەکان لەناو فۆرمی سادەی جیاواز دا کە بەهۆی پردی سێرکیولەیشنی سەرنجڕاکێشەوە بەیەک گەیەنراون. هۆڵەکان و فەزا کۆمەڵایەتیە سەرەکیەکان خراونەتە ناو زۆنێکی شێوە هێلکەیی یەوە، ئۆفیسەکان و بەشی بەڕێوەبردنیش خراونەتە ناو تاوەرێکی لاکێشەیی.



١٣٥.٢ کۆشکی کار، برایانی ڤیسنین، دیمەنی پێرسپێکتیڤ، ١٩٢٣.

لە دیزاینەکەیدا پێداگیریەکی زۆر کراوە لەسەر ستراکچەر و شوشە، وەک دەبینین کۆنکریتی بەهێزکراو Reinforced-concrete هەروا بەشێوەیەکی سادە بەکارنەهێنراوە لە دروستکردن دا، بەڵکو بەشێوەیەکی نەحتی دەرخراوە لە خێلالی تۆڕێکی پێکهاتوو لە ئەندامە ئاسۆیی و ستوونیەکانی فرێمی بینا. هەوڵێکی سەرەتایی دراوە بۆ گوزارشتکردن لە یەکتربڕینێکی داینەمیکی قەبارەکان، لەگەڵ نیشاندانی ئاستێکی پێشکەوتوو لە شێوەگەری تەوەرەیی axial formality کە بریتی یە لە ڕیزکردنی بەشەکانی بینا لە دەوری تەوەرەیەکی درێژ دا بۆ وازحی فەنکشن و بەدەستهێنانی چوستیەکی زیاتر، وەها ڕێکخستنێکیش بە دیاریکراوی گونجاوە لەگەڵ کارەکتەری بینای دەزگاو دامەزراوەکان دا. ئینجا فۆرمە سەرەکیەکان ئێکسسواراتیان بۆ زیاد کراوە بە شتوومەکی هەمەجۆری وەکو کێبڵ، وایەری درێژ، ئێریەڵ و ستوونی رادیۆ. لەم دیزاینەدا بینایەکی گشتی وەکو بزوێنەرێکی کۆمەڵایەتی گوزارشتی لێکراوە social engine. بەڵام ئەم پڕۆژەیەش وەکو زۆری دیکەی ئەو ڕۆگارە، نەتوانرا جێبەجێ بکرێت.[122] ئێکسسواراتی سەر بیناکە دەمانخاتەوە بیری کەنستراکشنە ڕەمزیەکانی ڤیسنین کە لە سەکۆی شانۆدا بەکاریهێناون. لە هەمانکاتدا ڕەمزی بینایەکیشە لە ڕۆڵی مەنەصەدا کە لەوێوە دەنگی جەماوەر بە جیهاندا بڵاودەکرێتەوە. دیزاینی کۆشکی کرێکاران ڕێگایەکی بوێرانەی کردەوە لەڕووی تەکنیکی بیناکاریەوە لە دروستکردنی "constructing" ئۆرگەنیزمێکی نوێی کۆمەڵایەتی دا. ئەم دیزاینە لە یەک کاتدا دوا ئیشی ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێری و یەکەم ئیشی خەملێنی کەنستراکتیڤیزم بوو.

سەلیم خان ماگۆمیدۆڤ سەبارەت بەم پڕۆژەیە ئەڵێت **"پێشبڕکێکەی کۆشکی کار کە تیایدا دیزاینەکەی برایانی ڤیسنین خەڵاتی سێیەمیان بەدەستهێنا، ساتەوەختێکی یەکلاکەرەوە بوو لە پەرەسەندنی تەلارسازی سۆڤیەتی دا. پێشبڕکێکە بەنداوەکانی نەریتخوازی تەقاندەوە کە هەر خۆشیان لەرزۆک و خاپوور ببوون، وە ڕێگای نوێی بۆ توێژینەوە کردەوە. پڕۆژەی ڤیسنینەکان ، بەجۆرێک لە جۆرەکان، بووە سیمبولی کەنستراکتیڤیزم."**[123]

بەرزایی بینای کۆشکی کار دەگەیشتە ١٢٥ مەتر و قەرار وابوو ستراکچەرەکەی لە کۆنکریتی بەهێزکراو reinforced concrete دروستبکرێت. شایەنی باسە باڵی ڕاشنەلیستەکان و نیۆکلاسیکیەکان بایکۆتی ئەم پێشبڕکێیەیان کرد بە بیانووی جیاواز بەم هۆیشەوە ساحەکە بە تەواوی چۆڵ بوو بۆ کەنستراکتیڤیستەکان.[124]





١٣٦.٢ کۆشکی کار، برایانی ڤیسنین، پلان (سەرەوە دەستەڕاست)، ١٩٢٣.

١٣٧.٢ کۆشکی کار، برایانی ڤیسنین، دیمەنی ئێلەڤەیشن (سەرەوە دەستەچەپ)، ١٩٢٣.

١٣٨.٢ کۆشکی کار، برایانی ڤیسنین، دیمەنی سێکشن (خوارەوە دەستەڕاست)، ١٩٢٣.

١٣٩.٢ کۆشکی کار، برایانی ڤیسنین، دیمەنی ئیشەکە لە ئاسمانەوە bird's eye view (خوارەوە دەستەچەپ)، ١٩٢٣.








۱٤۰.۲ ئۆفیسی ڕۆژنامەی پراڤدا leningrad pravda، برایانی ڤێسنین، مۆسکۆ، دیمەنی پێرسپێکتیڤ، ۱۹۲٤.

لە ساڵی ۱۹۲٤ ڤێسنینەکان ئۆفیسی ڕۆژنامەی پراڤدایان لە شاری مۆسکۆ دیزاین کرد کە زەمانحاڵی شیوعیەکان بوو لە یەکێتی سۆڤیەتدا. خاوەنی ئیشەکە شوێنێکی ستراتیجی بەڵام زەویەکی بچووکی ٦ مەتر بە ٦ مەتری دەستنیشان کردبوو بۆ پرۆژەکە. ئامانج لە دروستکردنی ئۆفیسەکانی پراڤدا لە مۆسکۆ، کە بارەگای سەرەکی لە شاری لینینگراد بوو (سان پیتەرزبێرگ)، بەر لە هەموو شتێک بۆئەوە بوو تا ببنە ڕەمزێکی بانگەشەو نیشاندانی هێزێکی کاریگەری ڕاگەیاندن نەوەک دروستکردنی بینایەک بە تەنها. ڤێسنینەکان لە وەڵامی ئەو تەحەدایانەدا هەستان بە دیزاینکردنی تاوەرێکی شەش نهۆمی، بەجۆرێک کە دوو نهۆمی یەکەم بۆ فرۆشتنی ڕۆژنامەو ژووری خوێندنەوە تەرخان کرابوون و چوار نهۆمەکەی تریش بۆ نووسین و بژارکردن و ئامادەکردنی ڕۆژنامەکە تەرخان کرابوون. بینای پراڤدا پێکهاتبوو لە ستیل و شوشە لەگەڵ دانانی شەفتی مەسعەدی شوشەیی بە جیا لە دەرەوە،[۱۲۵] بەکارهێنانی شوشە بە ڕێژەیەکی زۆر نیشانەیەک بوو بۆ شەفافیەتی ڕاگەیاندن و ئاشکرایی لە گەیاندنی زانیاریەکان بە خەڵک، لە هەمان کاتدا نیشانەیەکیش بوو بۆ باوەشکردنەوەی دەوڵەتی نوێ بۆ پیشەسازی نوێ. سەرەرای ئەمانەش بیناکە چەند ئیکسسواراتێکی تریشی لەخۆگرتووە وەکو بڵندگۆ و نیشاندەری کارەبایی بەهێز searchlight و کاتژمێر.[۱۲٦]

بیناکە بە تەواوی داماڵراوە لە هەموو جۆرە لەمسەیەکی هونەری و لە جێگایدا ئیستاتیکیای مەکینە machine aesthetics بە تەواوی لە دیزاینەکەدا ڕەنگی داوەتەوە. کێنێث فرامپتن وەها وەسفی بینای ڕۆژنامەی پراڤدا ئەکات کە "**پرۆژەیەکی قیاسی یە لەسەر ستایلی کەنستراکتیڤیزمی ڕووسی... جەختی لەسەر ئێلەمێنتە تێکتۆنیکیە زیادەکانی فۆرم کردۆتەوە وەکو مەسعەد و بڵندگۆ و کاتژمێری ڕەنووسی و هەروەها**". گومان لەوەدانیە بەشێک لە ئارکیتێکتۆنەکانی ئەم بینایە لە پەینتینگ و دیزاینە دوو ڕەهەندیەکانی چوار ساڵی ڕابردووەوە وەرگیراون بەتایبەتی لە کارەکانی ئەلیکساندەر و هونەرمەندانی تریش.[۱۲۷]

بەهۆی هەبوونی شەیدابیەکی زۆریان بۆ پراگماتیزم و بلیمەتی پیشەسازی هێنری فۆرد وە تەلارسازی ئەمەریکی بەگشتی کە دەوڵەمەندبوو بە ئەزموونی تەکنیکی، تەلارسازانی کەنستراکتیڤیزم دەستیان کرد بە گەشەپێدانی گوزارشتیەتی تەکنەلۆجیا expression of technology لە کارەکانیاندا بە تایبەتیش لە پرۆژە نەزەریەکاندا.[۱۲۸]

بەپێی گوتەکانی خان-ماگۆمیدۆڤ تاکو ساڵی ۱۹۲۷ لەناو شەریکەی برایانی ڤێسنین دا پرۆسەی کارکردن ڕێچکەیەکی تەواو دامەزراوی وەرگرتبوو بەجۆرێک کە هەریەکە لە سێ براکە ڕۆڵێکی جیاوازیان هەبوو، بەگشتی ئەلیکساندەر کونسێپتی بنەرەتی دائەنا و سکێچی شێوەی دەرەوەی ئەکرد، لیۆنید لایەنە وەزیفیەکەی ڕێکئەخست وەکو پلانەکان و پەیوەندیەکانی نێوان بەشەکانی بینا، لە کۆتایشدا ڤیکتۆر پلانەکان و ڕسوماتەکانی ڕێک و دەقیق ئەکرد بۆ تەنفیزکردن.[۱۲۹]




١٤١.٢ ئۆفیسی ڕۆژنامەی پراڤدا leningrad pravda، برایانی ڤێسنین، مۆسکۆ، ئێلەڤەیشنەکان، ١٩٢٤.



١٤٢.٢ ئۆفیسی ڕۆژنامەی پراڤدا leningrad pravda، برایانی ڤێسنین، مۆسکۆ، پلانەکان-نهۆمی یەکەم و دووەم، ١٩٢٤.




١٤٣.٢ ئۆفیسی ڕۆژنامەی پراڤدا leningrad pravda، برایانی ڤێسنین، مۆسکۆ، ئێلەڤەیشنەکان، ١٩٢٤.



١٤٤.٢ ئۆفیسی ڕۆژنامەی پراڤدا leningrad pravda، برایانی ڤێسنین، مۆسکۆ، پلانەکان-نهۆمی سێیەم-پێنجەم، ١٩٢٤.




١٤٥.٢ ئۆفیسی رۆژنامەی پراڤدا leningrad pravda، برایانی ڤیسنین، مۆسکۆ، سێکشنەکان، ١٩٢٤.




١٤٦.٢ ئۆفیسی رۆژنامەی پراڤدا leningrad pravda، برایانی ڤیسنین، مۆسکۆ، پلانەکان- ستراکچەر، ١٩٢٤.

لە کاردانەوەیەکدا بۆ ئاراستەی توندرەوی فەنکشنەلیستەکان، مۆیسی گینزبێرگ دەستی کرد بە پەرەپێدانی ئاراستەی فەنکشنەلیست – فۆرمەلیست هەر لە زمنی ئایدیەلەکانی کەنستراکتیڤیزم دا کە تا رادەیەکی بەرچاو میانڕەوتر و کرداری تر بوو. گینزبێرگ پشتی بەست بە ئایدیاکانی ڤیلهایم ڤونت باوکی دەروونناسی تاقیککاری، تا بیسەلمێنێت رووکەشی راست و دروست و بێ پێچوپەنای بیناکان کاریگەریەکی تەندروستیان هەیە لەسەر بینەر، کەواتە فۆرمە ئەندازەییە سادەکان پێویستیان بە ووزەیەکی فیزیایی کەمتر هەیە بۆ بینینیان. بەهۆی کەوتنە ژێر کاریگەری فۆرد و تیلەر و کاستیڤ، گینزبێرگ پێداگیری کرد لەسەر هاوتایی و دیقەتی ئەندازەیی symmetry and geometric precision، وە راشکاوی بوون لە نیشاندانی وەزیفەی ستراکچەرەکە بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا.[١٣٠]

مۆیسی گینزبێرگ لەسالی ١٩٢٤ کتێبێکی بلاوکردەوە بەناوی **"ستایل و سەردەم Style and Epoch"** کە دواتر بووە ئینجیلی کەنستراکتیڤیستەکان. کتێبەکە هەولێک بوو بۆ دارشتنی ستایلێکی تەلارسازی پڕ بە پێستی واقیعی نوێی کۆمەلایەتی کە تێیدا چینی کرێکاران بەکاربەری سەرەکی تەلارسازین. ستایلەکان بەلای گینزبێرگەوە، بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو و ژینگەیەکی دیاریکراوی کۆمەلایەتی و کەلتوری و تەکنیکین. هەر ستایلێک وەکو ئەندامێکی سەربەخۆی تەواو وایەو بە سورێکی گەشەسەندنی ئاسایی و داخراودا ئەروات کە لە سێ قۆناغدا خۆی ئەبینێتەوە ئەوانیش بریتین لە قۆناغی: گەنجیەتی (بونیاتنەر constructive)، پێگەیشتن (ئەندامی organic)، پیریەتی (رازێنەرەوە decorative). لە قۆناغی یەکەمدا کە قۆناغی کەنستراکتیڤیە تەکنیکی نوێ و جۆری نوێی بینا دائەهێنرێن کە خالین لە هەموو جۆرە تەزویق و رتوش و دیکۆرەیشنێک، دواتر ئەمانەش بەرەبەرە پەرەئەسێنن تاکو بگونجێن لەگەل مرازەکان و خواستەکان و پرۆسە کۆمەلایەتیە نوێکان. لە قۆناغی دووەمدا کە قۆناغی ئۆرگانیکیە جۆرەکانی بینا و فۆرمی ئۆرگانیکی خۆیان کامل ئەکەن ئەمەش خۆی ئەبینێتەوە لە پێکەوە گونجاندنی هەردوو خواستە وەزیفی و ئیستاتیکیەکان، لەم قۆناغەدا مەیلە بونیاتنەری و رازێنەرەوەکان constructive & decorative هاوسەنگ دەبن لە یەکێتیەکی ئۆرگەنیکی دا. لە کۆتاییداو لە قۆناغی رازێنەرەوەدا، لە ئەنجامی کۆششێکی زۆر بۆ دروستکردنی کاریگەری لەرێی زیاد دیکۆرەیشنەوە، تەوژمی بونیاتنەر بەرەبەرە کزولاواز ئەبێتەوە بەمهۆیەشەوە ستایلەکە بەرەبەرە لەناو ئەچێت.

گینزبێرگ لە تیۆریەکەیدا فەلسەفەی مارکسیزمی سەبارەت بە جەدەلی مێژوویی بەسەر ستایلدا جێبەجێ کردووە، بەشێوەیەک رەگەزەکانی بونیاتنەری و رازێنەرەوە وەکو دوو رەگەزی پێکهێنەری ستایل دەور ئەبینن. هەردووکیان لە جەدەلێکی بەردەوامدان و سورێکی دروستبوون و فەوتانی بەردەوام پێکئەهێنن. گۆرانکاریە کۆمەلایەتی و کەلتوری و تەکنیکیەکان لە هەر سەردەمێکدا دەبنە هۆی گۆرانکاری لە ستایلی تەلارسازیداو ئاکامەکەشی ئافراندنی ستایلێکی نوێ یە، لەم حالەتەدا رەگەزی بونیاتنەری زال ئەبێت بەسەر ستایلەکەدا. دواتر ئەوکاتەی هاوسەنگی لەنێوان رەگەزەکاندا دروست ئەبێت ستایل ئەگاتە لوتکەو دوندەی گەشەکردنی خۆی، بەلام کاتێک رەگەزی رازێنەرەوە بەسەر بونیاتنەریدا زال ئەبێت، ستایل بالانسی خۆی لەدەست ئەدات و دواجار لەناو ئەچێت، لەناوچوونەکەشی رێگا ئەکاتەوە بۆ بیناکردنی ستایلێکی تازەتر لەسەر پاشماوەی دەستکەوتە ئیجابیەکانی ستایلەکەی پێشوتر.

لەژێر رۆشنایی ئەم دیدگایەو لە شیکردنەوەیەکی دایەلیکتیکیدا بۆ مێژووی تەلارسازی رۆژئاوایی، گینزبێرگ پێی وایە ئەم تەلارسازیە بە سێ ستایلی گەورەی مێژوویی دا گوزەری کردووە، یەکەمیان سیستەمی تەلارسازی کلاسیکی گریکو رۆمانە کە دواتر خۆی لە رینیسانسیشدا تەجەلا کردەوە، ئەم ستایلە وەکو یەکەم تیزی تەلارسازی thesis دەور ئەبینێت لە جەدەلی مێژوویدا، دووەمیان تەلارسازی گۆتیکی یە کە دواتر بەشێک لە پێکهاتەکانی لە بارۆکیشدا خۆیان دەرخستەوە، ئەم ستایلەش وەکو تیزێکی نوێی دژو پێچەوانەی تیزی یەکەم anti-thesis خۆی ئەنوێنێت، سێیەمیان بریتی یە لە تەلارسازی مۆدێرن کە ئەویش بەرەنجامی شۆرشی پیشەسازی (لە رووی گۆرانکاری تەکنەلۆجی) و شۆرشی ئۆکتۆبەرە (لە رووی گۆرانکاری کۆمەلایەتیەوە). بونیەی مۆێرنیزم هەموو ئەو بنەمایانەی دوو ستایلەکەی پێشوتریش لە خۆیدا ئەتوێنێتەوە کە هەلگری بەهایەکی ئیجابی و بونیاتنەرین. کەواتە مۆێرنیزم وەکو تێکەلەیەک لە هەردووکیان synthesis خۆی دامەزراندووە. لێرەدا گینزبێرگ هەمان رای سپینگەری هەیە کەوا مومارەسەی ئەورووپی لە دوو سەدەی رابردوداو لەدوای بارۆکەوە ئیتر نوشوستی هێناوەو بەرەو لەناوچوون دەچێت، بەمەش رێگای رزگاری تەنها لە زمانی مۆدێرنی تەلارسازیدا بەدی ئەکرێت کە هێشتا لە قۆناغی بونیاتنەری constructive دایە بۆ ئەوەی شۆرشێک لە مومارەسەی تەلارسازی دا بەرپا بکات.[١٣١]

کتێبی ستایل و سەردەم بە یەکەمین تیۆری دارێژراوی کەنستراکتیڤیزم دائەنرێت. پێگەی ئەکادیمی و زانستی کتێبەکە هیچی کەمتر نیە لەو کتێبە تەلارسازیانەی لە رۆژئاوادا نووسراون. لەلایەکی ترەوە پێگەی گینزبێرگ وەکو ثیۆریستێکی تەلارسازی لە یەکێتی سۆڤیەت، بەرزبۆتەوە بۆ ئاستی ثیۆریستە بەناوبانگەکانی تەلارسازی لە رۆژئاوادا. جێی وەبیرهێنانەوەیە کە وێکچونێکی زۆر هەیە لە نێوان ئایدیاکانی گینزبێرگ لەگەل ئەوانەی لی کۆربوزیی دا و ئەمەش بە ئاشکرای لە فۆرمی بیناکاندا بەدیار دەکەوێت. تەنانەت کتێبی **"ستایل و سەردەم"** زۆر لەیەکچووە لەگەل کتێبی **"بەرەو تەلارسازیەکی نوێ"**ی لی کۆربوزیی کە سالێک پێشتر بلاویکردبووەوە.

پاش ئەوەی ژمارەیەک لە نەوەی گەنجتری تەلارسازان هەستیان کرد چیتر ناتوانن نغرۆ ببن لەناو ئایدیا فۆرمەلیستیەکانی قوتابخانەی ڤیخوتیمەس، کە هێشتا لەژێر کاریگەری لادۆڤسکی دابوو، لە ساڵی ١٩٢٥ گینزبێرگ کۆمەڵەیەکی نوێی ڕوناکبیری تەلارسازی دامەزراند لەژێر ناوی یەکێتی تەلارسازانی هاوچەرخ Union of Contemporary Architects OSA گروپەکە لەدژی فۆرمەلیستەکان وەستایەوەو هەوڵی دا ئاڤانت گاردیزم لە خیتابی یۆتۆپی پرۆلێتکولت دووربخاتەوە بەرەو تەلارسازیەک کە ڕەگی خۆی لەناو میتۆدی زانستی و هەندەسەی کۆمەڵایەتی دا داکوتابێت. ئامانجی کۆمەڵەی ئۆسا تەمسیلی ئاراستەیەکی ئەکرد لە ئاڤانت گاردی ڕووسیی دا کە تامەزرۆی دوبارە دەمجکردنەوەو ئاوێتەکردنەوەی ڕابردووی ئەکرد. هەروەک لیۆن ترۆتسکی لە کتێبی ئەدەب و شۆڕشدا ساڵی ١٩٢٣ ئاماژەی بۆ کردبوو **"ئەگەر فیوچەریزم سەرنجڕاکێش بووبێت بۆ داینەمیکیەتی پڕ لە پەشێوی شۆڕشگێڕی... ئەوا نیو کلاسیزم گوزارشتی ئەکرد لە هەبوونی پێویستی بۆ ئاشتی و سەقامگیری، واتە دروستکردنی فۆڕمی جێگیر و چەسپاو."** هەمان شتیش ڕاستە بە نسبەتی ئاڤانت گاردەکانی ڕۆژئاواوە کە لەویدا گەڕانەوەیەک بەدی ئەکەین بۆ ئەو ئارامی و دیقەتەی لە تەلارسازی نیوکلاسیکدا بوونی هەبوو لەدژی ناعەقلانیەتی ئیکسپرێشنیزم و دادا و فیوچەریزم دا.[١٣٢] جێی ئاماژەپێدانە چەمکی گەڕانەوە لەم دێرانەدا بە مانای دوبارەکردنەوەی موفرەدە ماددیەکانی بینا نایەت، بەڵکو مەبەست دوبارەکردنەوەی خەسڵەتە ڕۆحیەکانی بینایە (خامۆشی، سەفا..). بەمشێوەیە لە کارەکانی ئەم قۆناغەدا گەڕانەوەیەکی بەرچاو بەدی ئەکەین بۆ سادەیی و نیزام و هارمۆنیەت و فۆرمی ڕاست و ڕێک.

لەدوای دامەزرانیەوە کۆمەڵەکە دەستیکرد بە وەرگرتنی ئەندام لە بوارەکانی دیکەوە وەکو کۆمەڵناسی و ئەندازیاری. هەر لە سەرەتاوە هەوڵی دا کەسایەتی تەلارساز بگۆڕێت ، لە کەسێکی نەریتیەوە کە پەیوەندیەکی پیشەگەریانە ئەیبەستێتەوە بە خاوەنی کارەوە، بۆ جۆرێکی نوێ لە پسپۆڕ کە یەکەم جار کۆمەڵناسە، دووەم جار سیاسەتمەدارە، ئینجا سێیەم جار تەکنیککارە.[١٣٣] ئەم ڕێکخراوە پەرەی بە ئایدیەلەکانی شوعیەت ئەدا لە بواری نیشتەجێ بوون دا بە تایبەتی ئەپارتمێنت. پلاتفۆڕمی بیردۆزەیی ئۆسا سێ ئامانجی هەبوو: گۆڕینێکی ڕیشەیی چەمکە هەنووکەیەکانی تەلارسازی، سوود وەرگرتن لە دواهەمین داتا زانستی و تەکنیکیەکان، فۆرم پێویستە وەربگیرێت لە چارەسەرێکی بیرکاریانەی کێشە بەردەستەکان بە ڕاست و دروستی. سێ ئامانجەکە بوونە بنچینەی ئاراستەی فەنکشنەلیست – فۆرمەلیستی کەنستراکتیڤیزم. پرسی نیشتەجێبوون و یانەکانی کرێکاران بوونە سەرەکیترین بابەتی گرینگی پێدانی کۆمەڵەی ئۆسا. ئامانجی ئەوان نەهێشتنی کێشەی نیشتەجێبوون نەبوو بە تەنها بەڵکو دوبارە دارشتنەوەی پێکهاتەی بینای نیشتەجێبوون بوو بۆ کۆمەڵگەیەک کە بە هەڵبەزو دابەزی سیاسی و فەرهەنگی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی گەورەدا گوزەری ئەکرد، ئەمەش ڕوونتر لە گوتەکانی گینزبێرگدا دەرەکەوێت وەک لە کتێبی ستایل و سەردەم دا ئەڵێت **"کاری ئێمە پێویستە بەند بێت لەسەر دیراسەکردنێکی وورد و قوڵی بەرنامەی وەزیفی بینا لەژێر ڕۆشنایی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان دا. مەبەستی سەرەکی کارەکانمان پێویستە دروستکردنی کۆکەرەوە کۆمەڵایەتیەکان بێت. ئەمە مەغزاو ئامانجی بنەڕەتی کەنستراکتیڤیزمە لە تەلارسازی دا."**[١٣٤]

ئەرکی گەڕان و سۆراخکردنی چارەسەری کرداری بۆ نیشتەجێبوون housing نزیکەی پێنج ساڵی خایاند و سێ ڕێچکە(approach)ی یەک بەدوای یەک تاقیکرانەوە تا دواجار لە بینای نارکۆمفیندا بە ئاکام گەیشتن. یەکەم ڕێچکە، زیاتر تابعێکی تیۆری و بناغەداڕێژی هەبوو، لە پێشبڕکییەکی دۆستانەوە دەستی پێکرد ساڵی ١٩٢٦. دووەم ڕێچکە لە توێژینەوەکانی ستروێکومەوە هاتە ئاراوە، کە ئەنجامدران بە پشتبەستن بە بنچینەیەکی تۆکمەی زانستی و مەنهەجی. دواجار و لە سێیەم ڕێچکەدا، کە ئێستا تابعێکی پراکتیکی و ئەزموونی هەبوو، ئەو دۆزینەوانەی لە قۆناغی دووەمدا ئەنجامگیر کرابوون بە شێوەیەکی ماددی وەراستگێردران لە جێبەجێکرنی چەند بینایەکی نموونەیی دا لەناویاندا بینای نارکۆمفین جێگەو پێگەیەکی دیاریکراوی داگیرکردبوو.[١٣٥]

ساڵی ١٩٢٦ کۆمەڵەی ئۆسا هەستا بە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێک لەژێر ناوی **"تەلارسازی هاوچەرخ Sovremennaia Arkhitektura"** بۆ بانگەشەکردن بۆ بیروبۆچوونە کەنستراکتیڤیەکانیان. گۆڤارەکە هەوڵیئەدا ڕەواج ببەخشێتە دەستکەوتە زانستیە نوێکان لە تەکنەلۆجیاو ئەندازیاری و بیانهێنێتە ناو مومارەسەی تەلارسازی یەوە. گینزبێرگ و هاوبیرانی دەستیاندایە پەرەپێدانی پرۆتۆتایپی نیشتەجێبوونی ئیشتیراکی ناسراو بە خانووە کۆمۆنەکان dom-kommuna یاخود house-commune، هەروەها هەڵسەنگاندنی تەکنیکی نوێی بیناکاری constructional techniques. دەربارەی گشت مەسەلەیەکیش ڕاو سەرنجی تەلارسازە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕەکانی دەرەوەی سۆڤیەت وەکو لی کۆربۆزیی و برونۆ تاوت و پیتەر بێرینز و یاکوبز ئاود وەرگیران.[١٣٦]

لە ساڵی ١٩٢٦ کۆمەڵەی ئۆسا لەرێی گۆڤارەکەیانەوە کێبڕکێیەکی تەلارسازیان وەرێخست لەژێر ناوی "کێبڕکێیەکی دۆستانە بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوونی ئیشتیراکی" و تەلارسازانیان بانگهێشت کرد بۆ دیزاینکردنی بینا بە کوالیتیەکی بەرز و دەستدەر بۆ جەماوەرێکی گەورە، ئەمەش بۆ ئاسانکردنی

پرۆسەی پێکەوەژیانی بە کۆمەڵ communal living و چاندنی ڕۆحی ئیشتیراکیەت لەناو ناخی جەماوەردا.

لە پێشبرکێکەدا هەشت تیمی جیاواز بەشداریان کرد کە پێکهاتبوون لە تیمەکانی (مۆیسی گینزبێرگ، جیۆرجی ڤیگمان، ئەلیکساندەر پاستێرناک، ڤیچیسلاڤ ڤلادیمیرۆڤ، ئەلیکساندەر نیکۆلسکی، نینا ڤەراتینسڤا و ریسا پۆلیاک، ئیڤان سۆبۆلیڤ، ئەندریی ئۆل). تەلارسازەکان کۆمەڵێک دیزاین و دیدگای هەمەچەشنیان پێشنیارکرد لەمەڕ پرسی نیشتەجێبوون. پرۆژەکان بەشێوەیەکی گشتی جیادەکرێنەوە بە بەکارهێنانی زمانێکی مۆدێرنی تەلارسازی لە بلۆکی لاکێشەیی ڕێک و کراوەدا کە بە ئاشکرایی دەچێتەوە سەر مۆدێرنیزمی ڕۆژئاوایی، هەروەها بایەخێکی زۆر تایبەتی دراوە بە سێرکیولەیشن و سیستەمی هاتووچۆ لەناو بینادا.[١٣٧]

## ١. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی مۆیسی گینزبێگ

لە پرۆژەکەی گینزبێرگدا , بلۆکێک لەناو خۆیدا دابەشکراوە بۆ چەند یەکەیەک unit، هەر یەکەیەکیش پێکهاتووە لە سێ خانەی نیشتەجێبوون dwelling. گەورەترینیان لە ڕووبەردا ئەکەوێتە ئاستی خوارەوەو بریتی یە لە خانەیەک بۆ ٢-٤ کەس. لە ئاستی سەرووتردا دوو ژوور ئەکەونە بەرامبەری یەکتری لە هەردوو بەری ڕاڕەو(corridor)ەکەدا، یەکێکیان بۆ یەک کەسەو یەکێکی تریش بۆ دوو کەس. ئەوەی کە لەم دیزاینەدا شتێکی نوێبوو بیرۆکەی دەمجکردنەوەی ژوورەکان بوو combining rooms. واتە ئەم سێ خانەیە بە جۆرێک دیزاین کراون کە قابیلیەتی فراوانکردن و دەمجکرنیان هەبێت لەگەڵ یەکتریدا تا پێکەوە ببنە یەک خانەی گەورەتر لەکاتی باشبوونی ڕەوشی ئابووری بەکارهێنەران دا.



١٤٨.٢ پلانەکانی ئەپارتمێنت، مۆیسی گینزبێرگ، ١٩٢٦

چەند تایبەتمەندیەک لەم پلانانەدا بەدی ئەکرێت وەکو چڕکردنەوەی چالاکیەکان لە سەر ڕووبەرێکی کەم دا compact design، وەزیفەیبوونێکی تەواوەتی، لەبەرچاوگرتنی فراوانبوونی حەتمی لە ئاییندەدا future expanion دابینکردنی ڕووناکی سروشتی و هەواگۆڕکی بۆ هەموو یەکەکان.



١٤٧.٢ بلۆکی ئەپارتمێنت، مۆیسی گینزبێرگ، ١٩٢٦

چەند تایبەتمەندیەک لە فۆرمی بیناکەدا هەیە وەکو ڕاستوڕێکی rectlinearity ، سادەیی، بەکارهێنانی پەنجەرەی شریتی بە درێژایی واجیهەی بیناکە.

**١٤٩.٢ پلانەکانی ئەپارتمێنت، مۆیسی گینزبێرگ، ١٩٢٦**

ئەم دیزاینە بۆ دوو واقیع و دوو دۆخی جیاواز دروستکراوە. نەخشەکان چۆنیەتی گۆڕان و فراوانبوون و ئیشکردنی خانەکان نیشان ئەدەن لە داهاتوودا. خانەی خوارەوە دەبێتە نهۆمی یەکەم و خانەی سەرەوەش ئەبێتە نهۆمی دووەم. واتە هەرسی خانەکە ئەبنە یەک یەکەی نیشتەجێبوون و سی خانەوادە ئەبنە یەک خانەوادەو پێکەوە ئەژین.




آ- خانەیەک بۆ ٢-٤ کەس
ب- خانەیەک بۆ ٢ کەس
ج- خانەیەک بۆ ١ کەس





دیزاینی یەکەکان و شێوەی ڕێکخستنیان لە سەرەتادا

دیزاینی یەکەکان و شێوەی ڕێکخستنیان لە داهاتوودا

**١٥٠.٢ بلۆکی ئەپارتمێنت، مۆیسی گینزبێرگ، ١٩٢٦**

چۆنیەتی گۆڕانی خانەکان بە شێوەیەکی سی ڕەهەندی لە حالەتی یەکەمەوە بۆ حالەتی دووەم

٠ ٥ ١٠ ١٥م

## ٢. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی جیۆرجی ڤیگمان

لەم پرۆژەیەدا ڕارەوەکان corridors لابراون و ڕاستەوخۆ لەڕێی قادرمەوە ڕێگای گەیشتن بۆ شوقەکان فەراهەم کراوە. لاندینگی قادرمە بۆتە پێشدەرگای یەکەکان، بەرزایی لاندینگ هێندەی بەرزایی گەرماوەکانە bathrooms لەهەر شوقەیەکدا، واتە ئاستی سەقفی هەر گەرماوێک یەکسانە بە ئاستی هەر لاندینگێک، ئەمەش کار ئاسانی کردووە تا گەرماوەکان هەموویان لەسەر یەکتری گورزە بکرێن لە ناوەندی پلانەکە (بڕوانە شێوەی ١٥٢.٢). لابردنی ڕارەوەکان بۆتەهۆی زیادکردنی قەبارەی یەکەکان. بەلام ئەم زیادکردنە مەبەستێکی تەواو وەزیفەیی لە پشتەوە بووە نەوەک جوانیناسی. خاڵی هەرە لاوازی ئەم پێشنیارە هەبوونی جیاوازییەکی ناڕێژەیی یە لەنێوان بەرزایی شوێنی دانیشتن living area لەگەل بەرزایی گەرماوەکان (بڕوانە شێوەی ١٥٣.٢ لە لاپەڕەی دواتر). وە هەروەها نەبوونی ڕووناکی و هەواگۆڕکێی سروشتی یە بۆ گەرماوەکان، ئەگەرچی ناوچە بۆشەکان(void area)ی پشت گەرماوەکان بریتین لە شەفت بە بەرزایی دوو نهۆم بەلام تەسک و تروسکی ڕووبەرەکەیان وایکردووە پراکتیکی نەبێت. کراوەکانی سەر ڕووی واجیهەش بریتین لە بۆشاییەکی قوڵی پەنجەرە لە پلاندا بۆ گەیاندنی ڕووناکی بە قادرمەکان.



**١٥٢.٢ ئەپارتمێنت، جیۆرجی ڤیگمان، سێکشنێکی سێ ڕەهەندی پلان، ١٩٢٦**



دوو بلۆکی لاکێشەیی چوونیەک typical لەڕێگای پردێکی هەواییەوە پێکگەیەنراون. شێوەی گشتی ئەپارتمێنتەکە بە تەواوی پلانەکەی تەحەکومی پێوەکردووە.

**١٥١.٢ ئەپارتمێنت، جیۆرجی ڤیگمان، دیمەنێکی سێ ڕەهەندی شێوەی دەرەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦**



١٥٣.٢ ئەپارتمێنت،
جیۆرجی ڤێگمان،
سێکشن، ١٩٢٦



١٥٤.٢ ئەپارتمێنت، جیۆرجی ڤێگمان، ١٩٢٦



١٥٥.٢ ئەپارتمێنت، جیۆرجی ڤێگمان، پلانی یەکەکان، ١٩٢٦



١٥٧.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر پاستێرناک، پلانی شوقەکان حاڵەتی یەکەمدا، ١٩٢٦.

## ٣. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی ئەلێکساندەر پاستێرناک

تەلارسازی ئەم پرۆژەیەش لەلای خۆیەوە هەوڵی داوە دوو واقیع و دوو بارودۆخ پێکەوە بگونجێنێت بەڵام لە دوو نهۆمی جیاوازدا بە شێوەیەکی ئاڵوگۆڕ. حاڵەتی یەکەم شوقەیەکە لە شەش ژوور پێکدێت لەگەڵ هەبوونی یەک تەوالێت و گەرماوی هاوبەش، هۆکاری گەیشتن بە شوقەکە بریتین لە مەسعەدێک و قادرمەیەک. هەرچی حاڵەتی دووەمە دوو شوقەیە کە دوو ژوور و سێ ژووریان هەیە لەگەڵ هەبوونی تەوالێت و گەرماوی هاوبەش لەناو هەر شوقەیەکدا. بەڵام لە هەردوو حاڵەتەکەدا بڕی بۆشایی ڕاڕەوەکە corridor وەکو خۆی ئەمێنێتەوە.

لەم کارەدا جگە لە هەبوونی مەسعەد و پشتبەستن پێی وەکو ئامرازێکی مۆدێرنی گواستنەوە، باقیەکەی تری ناکردارییەو بایەخێکی ئەوتۆی نیە.



١٥٨.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر پاستێرناک، پلانی شوقەکان حاڵەتی دووەمدا، ١٩٢٦.

لە یەک بلۆکی لاکێشەیی درێژ دا هەموو دوو شوقەیەک قادرمەیەک و مەسعەدێکی تایبەتی خۆیان هەیە لەگەڵ دەروازەیەکی تایبەتی. شەفتی قادرمەو مەسعەدەکان لە ڕووکاری بیناکەدا هاتوتە دەرەوە و وەکو توخمێکی ستوونی بۆتە هۆی شکاندنی سیفەتی بەردەوامی بوونی بلۆکەکە بەشێوەی ئاسۆیی.



١٥٦.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر پاستێرناک، دیمەنێکی سێ ڕەهەندی شێوەی دەرەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.

### ٤. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی ڤیچێسلاف ڤلادیمیرۆڤ

لادانی ڕاڕەو و بەکارهێنانی لاندینگی قادرمە وەکو پێشدەرگا دوو بیرۆکەن کە لەم پێشنیارەشدا دووبارە بوونەتەوە. دیسانەوە گەرماوەکان پێکەوە کۆکراونەتەوە لە ئەنجامامدا بەرزایی ژووری دانیشتن بۆتە دوو هێندەی بەرزایی گەرماوەکان. ئاستی سەقفی گەرماوی سەرەوە دەبێتە زەمینی نهۆمی سەروو خۆی، وە ئاستی سەقفی گەرماوی خوارەوە نیو هێندەی بەرزایی شوقەکەیە.

لە کارەکەی ڤلادیمیرۆڤ دا قادرمەیەکی ناوەندی دانراوە بۆ خزمەت کردن بە شەش شوقەی دوپلێکس، بەجۆرێک کە لاندینگێک ڕێگای گەیشتن بۆ دوو شوقە دەستەبەر ئەکات و لاندینگێکی تر بۆ چوار شوقە.



**١٦٠.٢ ئەپارتمێنت، ڤیچێسلاف ڤلادیمیرۆڤ، دیمەنی سێ ڕەهەندی (ئایزۆمەتریک)ی چۆنیەتی پێکەوە سازانی یەکەکانی نیشتەجێبوون، ١٩٢٦.**

بارستەیەکی لاکێشەیی ناوەندیی، چوار بارستەی دیکەی لێوە دەرچووە کە وا دێنە پێشچاو تێکهەڵکێش بە یەکتری کرابن و لە دایەلۆگێکی بەهێزدابن. بارستە درێژ و کورتەکان، کە دوو ئاست(level)ی جیاوازیان هەیە، لەناویاندا یەکەی نیشتەجێبوون هەیە بە ڕووبەری جیاواز.



**١٥٩.٢ ئەپارتمێنت، ڤیچێسلاف ڤلادیمیرۆڤ، دیمەنی سێ ڕەهەندی شێوەی دەرەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.**



١٦١.٢  ئەپارتمێنت، ڤیچێسلاف ڤلادیمیرۆڤ، هێڵکاری سێکشن، ١٩٢٦.




١٦٢.٢  ئەپارتمێنت، ڤیچێسلاف ڤلادیمیرۆڤ، ١٩٢٦.




١٦٣.٢  ئەپارتمێنت، ڤیچێسلاف ڤلادیمیرۆڤ، پلانی شوقەکان (آ، ب، ج، د)، ١٩٢٦.



١٦٥.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر نیکۆلسکی، پلانی شوقەکان، ١٩٢٦.

### ٥. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی ئەلێکساندەر نیکۆلسکی

پرۆژەکەی نیکۆلسکی بەبێ هاوپێچ کردنی هیچ دەقێکی نووسراو پێشکەشکرابوو.

لەم پرۆژەیەشدا ڕاڕەو corridor لابراوە بەڵام بەبێ هەبوونی هیچ سوود و قازانجێک. ئەگەر نەریتی باوی دیزاین کردن لە یەکێتی سۆڤیەتدا دوو شوقە بووبێت بۆ هەر لاندینگێکی قادرمە ئەوا کارێکی شیاو نیە دوو لاندینگ دیزاین بکەیت لەگەڵ دوو دەرگا کە هەردووکیان بەکارهێنەران بگەیەننە هەمان شوقە، تەنها لەو حاڵەتەدا نەبێت کە پلانەکە دیزاین کرابێت تاکو لە داهاتوودا بەش بکرێت بۆ شوقەی دیکە.



ڕواڵەتی دەرەوەی بیناکە ساکاریەکی زۆری پێوەدیارە، فۆرمێکی ڕاستەهێلی linear لەسەر چەند پایەیەک بەرزکراوەتەوە، بیناکە ژێرەوەی بۆشەو ڕاستەوخۆ لەسەر زەوی دانەنیشتووە. قادرمەکان و پایەکان خاڵی کۆنتاکتی بیناکەن لەگەڵ زەویدا.

١٦٤.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر نیکۆلسکی، دیمەنی سێ ڕەهەندی شێوەی دەرەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.



١٦٦.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر نیکۆلسکی، ڕووکاری پێشەوە، ١٩٢٦.



١٦٧.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر نیکۆلسکی، ڕووکاری تەنیشت، ١٩٢٦.



١٦٨.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر نیکۆلسکی، سێکشن، ١٩٢٦.





١٦٩.٢ ئەپارتمێنت، ئەلێکساندەر نیکۆلسکی، پێرسپێکتیڤ، ١٩٢٦.



## ٦. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی نینا ڤەراتینسڤا و ڕیسا پۆلیاک

بانگهێشت کردنی دوو ژن بۆ بەشداریکردن لە پێشبڕکێیەکی تەلارسازی لە بیستەکاندا خۆی لە خۆیدا بابەتێکە جێگای گرینگی پێدانە.

داهێنانەکەی ئەوانیش لە سێکشندا بەدیار ئەکەوێت کە تیایدا شوێنی دانیشتن بەرزاییەکی دووقات double-volume ی هەیە وەلی مەتبەخ و گەرماو و جێگای خەوتن پێکەوە گورزە کراون و بەرزایی هەموویان کەمکراوەتەوە بەجۆرێک کە دوای ئەوەی خراونەتە سەر یەکیش بەرزاییەکەیان کەمێک لە بەرزایی شوێنی دانیشتن زیاترە. دوو نهۆمی گۆڕاو alternating floors لەسەریەک دانراون بەرەو سەرەوە بە مەبەستی دوبارەکردنەوەی ئەم سوودە لە هەموو قاتەکاندا. بڕوانەی (وێنەی)

١٧١.٢ ئەپارتمێنت، نینا ڤەراتینسڤا و ڕیسا پۆلیاک، سێکشن و دیمەنی سێ ڕەهەندی دیزاینی ناوەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.



هاوشێوەی هەموو کارەکانی تر لەم کارەشدا سادەیی بەسەر دیزاینەکەدا زاڵە. فۆرمەکە وادێتە پێش چاو سەبتراکت کرابێت بەلام لەڕاستیدا دوو پلان (دوو نهۆم) بەردەوام لەسەر یەک ئالوگۆڕ کراون و لە ئەنجامی ئەمەشدا بەدرێژایی هەردوو ڕووی بیناکە کشانەوە recession دروستبوونە.

١٧٠.٢ ئەپارتمێنت، نینا ڤەراتینسڤا و ڕیسا پۆلیاک، دیمەنی سێ ڕەهەندی شێوەی دەرەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.




١٧٢.٢ ئەپارتمێنت، نینا ڤەراتینسڤا و ڕیسا پۆلیاک، پلانەکان، ١٩٢٦.




١٧٣.٢ ئەپارتمێنت، نینا ڤەراتینسڤا و ڕیسا پۆلیاک، ١٩٢٦.

## ٧. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی ئیڤان سۆبۆلیڤ

بیرۆکەی دروستکردنی شوقە بە دوو ئاستی جیاواز و بە بەرزی یەک قات و نیو لەم دیزاینەدا بەکارهاتووەو بە سێ چەشنی جیاواز دوبارە کراوەتەوە، شوقەی ٢ ژووری و ٤ ژووری و ٦ ژووری، هەریەکێک لەم شوقانە لە نهۆمی خوارەوەدا (ئاستی خوارەوە) ژووری دانیشتن و مەتبەخی هەیە living room بەڵام لەنهۆمی سەرەوەدا (ئاستی سەرەوە) دەروازی هاتنەژوورەوەو گەرماویک bathroom بوونیان هەیە. پلانی شوقەکان لۆجیکی و روون و ئاشکران، بەڵام ئەوەی کە لەم دیزاینەدا نیشان نەدراوە ئەوەیە کە نازانریت لە بەری دیکەی راڕاو corridor دا چی روویئەدات ئاخۆ پلانی شوقەکان دوبارەئەکرێنەوە (mirror) یاخود دیزاینێکی جیاوازی بۆ کراوە. شایانی باسە پێشنیارەکەی سۆبۆلیڤ زیاتر لە یەک بینابوو، واتە کۆمەڵگەیی complex بوو بەڵام هەموو بیناکان چوونیەک typical بوون.



١٧٥.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلیڤ، سێکشن و دیمەنی سێ ڕەهەندی دیزاینی ناوەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.



١٧٤.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلیڤ، دیمەنی سێ ڕەهەندی شێوەی دەرەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.




١٧٦.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلێڤ، پلانی شوقەیەکی دوو ژووری، ١٩٢٦.




١٧٨.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلێڤ، سێکشن، ١٩٢٦.




١٧٧.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلێڤ، چۆنیەتی پێکەوە گونجانی نهۆمەکان بەشێوەیەکی سێ رەهەندی، ١٩٢٦.




١٧٩.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلێڤ، پلانی شوقەیەکی شەش ژووری، ١٩٢٦.

## ٨. پرۆژە پێشنیاری تیمەکەی ئەندرێی ئۆل

هەر شوقەیەک پێکهاتووە لە دوو نهۆم بە بەرزی تەواوە، گەیشتن پێیان لە ڕێگای قادرمەی داخیلیەوەیە. ئەمە تەنها پێشنیارە کە بالکۆنی تایبەتی هەیە بۆ هەر شوقەیەک بە جیا.

**١٨١.٢ ئەپارتمێنت، ئەندرێی ئۆل، سێکشن و دیمەنی سێ ڕەهەندی دیزاینی ناوەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.**



کۆریدۆر (جولەی ئاسۆیی) لە دیزاینەکەدا ڕۆلی کەمکراوەتەوە وەکو ئامرازی سەرەکی سێرکیولەیشن و زیاتر پشت بە قادرمە (جولەی ستوونی) بەستراوە. هەروەک لە سێکشنەکەدا دەرەکەوێت کۆریدۆر وەکو مەنفەزێکی لێهاتووەو تەنها لە نهۆمی دووەمدا بوونی هەیە.

ماددەی ستیل وەکو ئێلەمێنتی دیزاین داخیل بەئیشەکە کراوە، پەرژینێکی ستیل سەربانی بیناکەی دەورەداوەو بۆتە parapet، هەروەها چوارچێوەیەکی دیکەی ستیل وەکو کەپر بۆ سەر بالکۆنیەکان دانراوە.



**١٨٠.٢ ئەپارتمێنت، ئەندرێی ئۆل، دیمەنی سێ ڕەهەندی شێوەی دەرەوە (ئایزۆمەتریک)، ١٩٢٦.**

بیناکە پێکهاتووە لە پێکەوە لکاندنی سێ بلۆک کە کۆریدۆرێک پێکەوە ئەیانبەستێتەوە. لەناو هەر بلۆکێکدا شوقەی دوو نهۆمی بوونیان هەیە، هەر بلۆکێکیش قادرمەی لە زەویەوە بۆ راکێشراوە کە لەیەک کاتدا بۆ هاتووچۆی ئاسایی و حاڵەتی نائاسایی emergency دەستەبەرە







**١٨٢.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلێڤ، پلانی شوقەکان، ١٩٢٦.**

بیناکە پێکهاتووە لە سێ نهۆم، نهۆمی یەکەم بە تەنها شوقەیەک و نهۆمی سێیەمیش بە تەنها شوقەیەک داگیریان کردووە، هەرچی نهۆمی دووەمیشە دابەشبووە بەسەر هەردوو شوقەکەدا، واتە یەکێک لە نهۆمەکانی هەردوو شوقەکە بەر ئەم نهۆمە کەوتووە.






پلانەکان لەسەریەک ئالوگۆڕ دەبن، ئەگەر لە شوقەیەکدا و لە نهۆمی یەکەمدا ژووری دانیشتن و گەرماو بوونیان هەبێت و لە نهۆمی دووەمیشدا ژوورەکانی تر ئەوا لە شوقەکەی سەرووی خۆیدا پێچەوانە بۆتەوە. لە ئەنجامی وەها ڕێکخستنێکیشدا، دوو بالکۆنی دروستبوون یەکێکیان لە یەکەم نهۆم بۆ شوقەی خوارەوەو یەکێکی تریشیان لە کۆتا نهۆم بۆ شوقەی سەرەوە.

**١٨٣.٢ ئەپارتمێنت، ئیڤان سۆبۆلێڤ، چۆنیەتی پێکەوە گونجانی شوقەکان بەشێوەیەکی سێ ڕەهەندی، ١٩٢٦.**




5

لە پێشنیارەکاندا بەگشتی دەکرێ چەند بیرۆکەیەکی تەلارسازی هەڵبژێرین کە دواتر کاریگەریان هەبوو بەسەر ساحەی تەلارسازیەوەو تا ئێستاش سوودیان لێ وەرئەگیرێت، وەکو:

١- ڕەچاوکردنی فراوانبوون لە ئاییندەدا بەدروستکردنی چەند سپەیسێکی لێکجیا کە توانای پێکەوە دەمج کردنیان هەبێت بۆ بوونەوە بە یەک سپەیس combining rooms.

٢- کەمکردنەوەی قەبارەی بینا لەڕێگای کەمکردنەوەی قەبارەی (ڕووبەرو بەرزایی) ئەو زۆنانەی کە جێگای دانیشتن و کات بەسەربردن نین non-habitable rooms.

٣- لابردنی کۆریدۆر و پشتبەستنی زیاتر بە مەسعەد، لەوانەشدا کە کۆریدۆر دانراوە، لە هەردوو بەریدا یەکەی نیشتەجێبوون هەیە double-loaded corridor.

٤- دروستکردنی خزمەتگوزاری گشتی و ئیشتیراکی communal facilities. وا حیساب کرابوو کە ژەمەکانی خواردن لە دەرەوەی شوقەکانەوە بێت لە سپەیسێکی گشتیدا، لەبەرەوە مەتبەخی ناو شوقەکان، لە هەموو پێشنیارەکاندا، بچووک کرابوونەوە لە لا دیوارێکدا بە درێژایی ١،٥م کە نادیار و ون بوون لەکاتی بەکارنەهێنانیاندا. مەبەستی ئەم کارەش ڕێگرتن بوو لە بەفیڕۆچوونی سپەیس بە کەمکردنەوەی ئەو سپەیسانەی ڕۆژانە زۆر بەکارنەدەهاتن.

٥- دابینکردنی کەمترین ڕووبەر minimal areas بۆ فەزاکان خاسیەتێکە لە زۆربەی پێشنیارەکاندا دوبارەبۆتەوە، لە هەندێکیاندا کەمتر لە ٩م$^{٢}$ بۆ یەک کەس وەکو ڕووبەری پێویست دیاریکراوە.

٦- دروستکردنی شوقەی دوپلێکس بە بەرزایی یەک قات و نیو لە حەوت پێشنیاردا دوبارەبۆتەوە لەکۆی هەشت پێشنیار. لە ئاکامی کەمکردنەوەی قەبارەی ئەو فەزایانەی کە کەمتر بەکاردەهێنرێن بەنزیکەیی بۆ نیو هێندە، قەبارەی فەزاکانی تر کە زۆر بەکاردێن بۆتە دوو هێندە double-height بەهۆی لابردنی سەقفەوە.[١٢٨]

ئەم کار و چالاکیانە هانی حکومەتی دا تا کۆمەڵەیەکی لێکۆڵینەوە دابمەزرێنێت لەناو کۆمیتەی بیناسازی ڕووسیادا ناسراو بە سترۆیکۆم Stroikom بۆ بە ستاندارد کردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون housing units بە سەرپەرشتی گینزبێرگ.[١٣٩] ئەمەش بە ئامانجی بارهێنانی تەلارسازی بۆ بەرهەمهێنانی بە جوملە (mass production) کە پەیکاڵ بوو بە فەلسەفەی سۆشیالیزم. لەماوەی سێ مانگی کارکردندا گروپەکەی گینزبێرگ کە پێکهاتبوون لە چوار تەلارساز، شەش جۆری جیاوازی شوقەی نیشتەجێبوونیان پێشنیازکرد تاوەکو لە سەرانسەری ڕوسیادا دروست بکرێن، بەشێوەیەک کە لەناو هەرجۆرێکیشدا چەندین چەشنی جیاواز (variant) بوونیان هەبوو. شوقەکان وەها دیزاین کرابوون کە لە هەموو ڕووەکانەوە پەیڕەو لە ڕێبازی کەمخوازی minimalism بکەن، سەرجەم پارچەی بیناکانیش پێشوتر ئامادەبکرێن prefabricated و لەسەر سایتی پرۆژە بەخێرایی پێکەوە ببەسترێنەوە.

ئەم دیزاینانە زیاتر ناسراون بە یەکەکانی سترۆیکۆم Stroikom units، کە تیایاندا بنەماکانی مارکسیەت بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی بە چڕوپڕی بەرجەستەکراون وەک نەهێشتنی خانووی سەربەخۆ بۆ هەر خێزانێک و جێگرتنەوەی بە شوقە (یەکەی نیشتەجێبوون وەکو ژوورێکە لەماڵێکی گەورەدا)، دروستکردنی بۆشایی هاوبەش shared space، کەمکردنەوەی زۆنی تایبەتی و زیادکردنی زۆنی گشتی، بچووککردنەوەی پانتایی تاک و گەورەکردنی پانتایی کۆمەڵ بۆ زیادکردنی کارلێکی تاکەکان لەگەڵ یەکتریدا و چالاککردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان، کەمکردنەوەی ڕۆڵی یاخود دەستبەرداربوونی یەکجاری لەو فەزایانەی کە تایبەتن بە یەک خێزانەوە لە بەرامبەردا دروستکردن وە زیادکردنی ئەو فەزایانەی کە دەستەئەدەن بۆ فرە خێزانی، دوورکەوتنەوە لە هەموو جۆرە ڕازاندنەوەیەک لەبەرەوەی سیمبول و هێمای چینی بۆرژوازی بوون، زیاتر سادەیی و سوودبەخشی لە بری ئاڵۆزی و ئیعتیباراتی ئیستاتیکی. ئەم یەکانە دابونەریتە کۆمەڵایەتیەکان تەجاوز ئەکەن، زیاتر لە ئاستی کۆمەڵدا ئیش ئەکەن و ئاستی تاکەکەس و خێزان هێندە جێگای پەرۆشی نیە بەلایانەوە.

یەکە پێشنیارکراوەکانی نیشتەجێبوون ، لەڕاستیدا بریتی بوون لە ئەپارتمێنتی فەردی و سەربەخۆ کە ناودەبرێن بە جۆری ڕاگوزەر transitional type، مەبەست لێیان ئامادەکاری و زەمینەسازی بوو بۆ بەرپاکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی social transformation لە شێوازی ژیانی دانیشتواندا لە کشتیاری و دەرەبەگایتیەوە بۆ مارکسیزم، واتە وەک یاریدەدەرێک دەور ئەبینن لەیارمەتیدانی دانیشتووان بۆ دەستهەڵگرتنێکی بەرەبەرە لە دابونەریتە کۆنەکان و زاڵبوون بەسەر "خود"ی بۆرژوازی سەرمایەپەرست و جێگرتنەوەی بە "خود"ێکی پرۆلیتاری مارکسی، بەلام بە شێوەیەکی ئارەزوومەندانەو خۆویستانە، نەوەک سەپاندنی دەستبەجێی سۆشیالیزم بەشێوەیەکی زۆرەملێیی. لەمبارەیەوە گینزبێرگ ووشیارانە مامەڵەی لەگەڵ پرسی کۆمەڵکردنی دانیشتوان collectivisation دا کرد و هۆشداریدا لە مەترسیەکان و دەرهاویشتە نەخوازراوەکانی ئیشتیراکیەتی زۆرەملێ، هەروەک دەڵێت **"ئەستەمە چیتر زۆری لە دانیشتووانی بینایەک بکەین تا پێکەوە بە کۆمەڵ بژین بەوشێوەیەی کە لە ڕابردوودا هەوڵمان ئەدا لەپێناویدا، کە بە گشتی ئەنجامی نەرێنی هەبووەو بە خراپ بەسەرماندا شکاوەتەوە. وا پێویستە گواستنەوەیەکی سروشتی و قۆناغ بە قۆناغ بۆ کۆمەڵکردن بگرینە بەر لە چەندین بواری جیاوازدا. هەر ئەم هۆکارانەشە کە پاڵیان پێوەناوین تاکو هەر یەکەیەک unit جیابکەینەوە لە یەکەکەی تەنیشتیەوەو لەیەکتریان دابڕین، وە مەتبەخ بە بچووکترین ڕووبەر دروستبکەین بەشێوەیەکی وا کە بتوانرێت لەناو یەکەکان لابدرێن لە داهاتوودا تا تەنها یەک خواردنگەی ناوەندی جێگایان**

بگریتەوە لە هەر کاتێکی خوازراودا. ئێمە بە پێویستی ئەزانین کۆمەڵە خاسیەتێکی دیاریکراو لە دیزایندا بەکاربێنین کە هانی گواستنەوەی کۆمەڵگە بدات بەرەو شێوازێکی باڵاتری ژیانی کۆمەڵایەتی، بە هاندان نەوەک سەپاندن."[١٤٠]

١٨٤.٢ یەکەکانی سترۆیکۆم، هێڵکاری ئەدای شوقەکان، ١٩٢٧.




پانی بینا building depth وە ئەدای قەبارەیی بینا volumetric performance، وەکو دوو پێوەر بەکارهێنراون بۆ هەڵسەنگاندنی چۆنایەتی شوقەکان.

ئەدای قەبارەیی بریتی یە لە قەبارەی سافی بینا/رووبەری دەستدەر بۆ نیشتەجێبوون net building volume/net habitable area of apartment. تا بەرەنجامی کەرتەکە بچووکتر بێت چوستی پلانەکە زیاتر ئەبێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ شوقەیەک ئەنجامدراوە کە پانیەکەی ١٠ مەترە، تەوەرەی (ئێکس X) دەلالەت لە رووبەری شوقەکە ئەکات کە لە ١٠ مەترەوە زیاد ئەکات تا ١٠٠ مەتر، تەوەرەی (وای Y) دەلالەت لە ئەدای قەبارەیی ئەکات volumetric performance.

جۆری A: یەک نهۆمەو بۆ سێ کەسە، رووبەری سێرکیولەیشنی ناوەوە کەمکراوەتەوە، مەتبەخ وەکو ژوورێکی سەربەخۆ بوونی نەماوە، هەموو ژوورەکان رووناکی و هەواگۆرکێی سروشتیان هەیە. ئەدای قەبارەیی گەیشتۆتە ١٠%.

جۆری B: وەکو جۆری A وایە لە پلان تەنها ئەوە نەبێت لە سێکشن قەبارەی زیادکراوە. هاوشێوەی پرۆژە پێشنیارەکان حەمام و مەتبەخ و رارەو بەرزاییان کەمکراوەتەوە بۆ ٢.٥٥م وە بەرزایی شوێنی دانیشتن بۆتە دوو هێندە. ئەدای قەبارەیی دەگاتە ١٠% - ١٥%

جۆری C: شوقەی یەک نهۆمیە، هەر شوقەیەک کۆریدۆرێکی تایبەتی هەیە.

جۆری D: شوقەی دوو نهۆمیە duplex، هەر شوقەیەک کۆریدۆرێکی تایبەتی هەیە.

جۆری E: لەنێوان هەر دوو نهۆمێکدا بۆشاییەکی گشتی بەجێهێڵراوە بە بەرزایی نیو نهۆم کە لێیەوە رێگای گەیشتن فەراهەم کراوە بۆ ئەو شوقانەی دەکەونە ناو نهۆمی خوارەوەو سەرەوە.

جۆری D: هەموو ئایدیاکانی پێشوتر لەخۆی ئەگرێت، دەکرێ بە کامڵترین نموونەی لێکۆڵینەوەکە دابنرێت. ئەم شوقەیە ئینتیقالی بوو لەنێوان پاتێرنە تەقلیدیەکانی ژیانی ئاسایی و ژیانی ئیشتیراکی. شوقەکە وادیزاین کرابوو یەک خێزان لەناو یەک یەکەی نیشتەجێبووندا جێبکاتەوە لەجیاتی ئەوەی یەک ژوور تەرخان بکات بۆ یەک خێزان لەناو شوقەیەکی هاوبەشدا. بیناکە لە سێ ئاستی جیاواز پێکدێت. ئاستی ناوەراست کۆریدۆرەو ئاستی سەرەوەو خوارەوەش ژووری نوستن و دانیشتنیان هەیە، ژووری دانیشتن لە سکێشکندا بەرزاییەکەی زیاترە لە ژووری نووستن.

نایابترین بەرهەمی کۆی ئەو هەوڵ و توێژینەوانە بینای نارکۆمفین بوو لە مۆسکۆ. نارکۆمفین لەلایەن گینزبیرگ و خوێندکارێکی خۆی بەناوی ئیگناتی میلینیس دیزاین کراوەو بە یەکێک لە شاکارە مەزنەکانی مۆدێرنیزمی سۆڤیەتی و ستایلی کەنستراکتیڤیزم دائەنرێت. نارکۆمفین بریتی بوو لە بینایەکی نیشتەجێبوون کە تایبەت بوو بە فەرمانبەرانی وەزارەتی دارایی، ساڵی ١٩٢٨ دەست بە دیزاین و دروستکردنی کراو ساڵی ١٩٣٢ کۆتایی هات. لە وەسفی پرۆگرامی دیزاینی بیناکەدا گینزبیرگ ئەڵێت کە وەڵامدانەوەیەکە بۆ ئەرکە کۆمەڵایەتیەکەی.

لە یەکەکانی ستروێکۆم و هەوڵە تەلارسازیەکانی پێشوتریشدا، گینزبیرگ پێشنیاری کۆکردنەوەی چەند جۆرێکی جیاوازی شوقەی کرد لەناو یەک بینادا (شوقەی دوو یان سێ ژووری بۆ خێزانەکان و شوقەی یەک ژووری بۆ سەڵتەکان و ئەو خێزانانەی کە منالیان نیە) بە مەرجێک جیاوازبن لە ئاستی تایبەتمەندیاندا privacy. لە سەرێکی تریشەوە هەستی کۆمەڵایەتی دانیشتووان sense of community، توکمە کرابوو لەرێگای بەکارهێنانێکی هاوبەشانەی شوێنەکانی هاموشۆ circulation areas و، شوێنە گشتی و خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەکو هۆڵی نانخواردن ومەتبەخ و حەمامەکان، تاکو هانی دانیشتوان بدەن لە خووگرتن بە شێوازی کۆنی ژیانی خێزانی یەوە family housing بگوازرێنەوە بۆ وەرگرتنی شێوازە دەستەجەمعی و بەکۆمەڵەکانی ژیانکردن collective communal housing.[141]

ئەم چەمک و کۆنسێپتانە بەشێوەیەکی ماددی لە بینای نارکۆمفیندا بەرجەستەکران. نارکۆمفین پێکدێت لە بلۆکێکی گەورەی درێژ کە لەناویدا یەکەی نیشتەجێبوون هەن لەگەڵ بلۆکێکی دیکەی پاشکۆ کە بچووکترەو لەناویدا سپەیسە گشتی و هاوبەشەکان هەن وەکو مەتبەخ و هۆڵی نانخواردن و هۆڵی وەرزش و کتێبخانە، هەردوو بلۆکەکەش بەهۆی پردێکەوە پێکبەستراون. بلۆکە درێژەکە سەرەڕای نهۆمی زەمینی لە پێنج نهۆم پێکدێت و ئاسۆییانە بۆ دووبەش دابەشکراوە، نهۆمی یەکەم و دووەم شوقەی گەورەی خێزانی لەخۆیان دەگرن و ناودەبرێن بە جۆری کەی K Type، بەڵام نهۆمی سێەم تا پێنجەم شوقەی یەک ژووری لەخۆیان دەگرن و ناودەبرێن بە جۆری ئێف F Type. لە تێکڕای شوقەکەدا تەنها دوو ڕاڕەو corridor بوونیان هەیە لە نهۆمی دووەم و پێنجەم، بۆ هەموو سێ نهۆمێک یەک ڕاڕەو دانراوە، ئەمەش بەو واتایەی کە تەنها لەسەر یەک لای ڕاڕەو شوقە بوونی هەیە Single Loaded Corridors.

نارکۆمفین ٥٤ شوقەی تێدایە. ئەجێندای بە کۆمەڵکردنی هەنگاو بە هەنگاو، خۆی لە دابەشکردنی پلە بە پلەی شوقەکاندا نواندووە لە خوارەوە بۆ سەرەوە بە گۆڕانی نهۆمەکان، لە شوقەیەک کە مەتبەخی خۆی هەیە بۆ شوقەیەک کە تەنها تایبەتە بە خەوتن و خوێندن، ئەمەش بەکارهێنەر ناچار دەکات ڕووبکاتە زۆنە گشتیەکان بۆ پڕکردنەوەی پێداویستیە ماددی و مەعنەویەکانی.

پلانی هەر شوقەیەک، بەشێوەیەکی ستوونی دابەشکراوە بۆ دووبەش و لە دوو ئاستی جیاواز پێکدێت، ئاستی خوارەوە لە ژوورێکی دانیشتن double height و مەتبەخ پێکدێت ئەگەر هەبێت، ئاستی سەرەوەش لە ژوورێکی نووستن پێکدێت کە سەقفێکی نزمی هەیە.

بینای نارکۆمفین لە کۆنکریتی بەهێزکراو دروستکراوە. لەسەر زەوی بەرزکراوەتەوە بەهۆی چەند پایەکی کۆنکریتیەوە، لەسەرەوەش بەیتونە penthouse هەیەو واش بڕیار بوو سەربانەکەی بکرێتە چیمەن roof garden. پەنجەرەکانی شریتی گەورەو درێژن، وائەکەن ڕووناکیەکی زۆر بێتە ژوورەوە، ناوەوە تێکەڵ بەدەرەوەو سروشتەکەی چواردەوری بێت. ئەم خەسڵەتەناش بەگشتی، لە پێنج بنەماکەی تەلارسازی لی کۆربوزیی وەرگیرابوون لەگەڵ ئایدیا تەلارسازیەکانی قوتابخانەی باوهاوس.[142]



**١٨٥.٢ مۆیسی گینزبێرگ و ئیگناتی میلینیس، نارکۆمفین، مۆسکۆ، ١٩٢٨-٢٩.**




١٨٦.٢ مۆیسی گینزبێرگ و ئیگناتی میلینیس،
نارکۆمفین، پلانەکان، مۆسکۆ، ١٩٢٨-٢٩.



١٨٦.٢ مۆیسی گینزبێرگ و ئیگناتی میلینیس،
نارکۆمفین، دیمەنی گشتی بیناکە، مۆسکۆ، ١٩٢٨-٢٩.



١٨٧.٢ مۆیسی گینزبێرگ و ئیگناتی میلینیس،
نارکۆمفین، دیمەنی تۆپ ڤیو، مۆسکۆ، ١٩٢٨-٢٩.



ڕوکاری پێشەوە



ڕوکاری پشتەوە



ڕوکاری تەنیشتەکان

١٨٨.٢ مۆیسی گینزبێرگ و ئیگناتی میلینیس، نارکۆمفین،
ڕووکارەکان (elevations)، مۆسکۆ، ١٩٢٨-٢٩.






برگەی A-A'



برگەی B-B'



برگەی C-C'



برگەی D-D'

١٨٩.٢ مۆیسی گینزبێرگ و ئیگناتی میلینیس، نارکۆمفین، برگەکان (sections)، مۆسکۆ، ١٩٢٨-٢٩.






برگەی A-A'



برگەی B-B'



برگەی C-C'



برگەی D-D'

١٨٩.٢ مۆیسی گینزبیێرگ و ئیگناتی میلینیس، نارکۆمفین، برگەکان (sections)، مۆسکۆ، ١٩٢٨-٢٩.



١٩٠.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کۆمپۆزیشنی ٥ (وێنەی سەرەوە)، ١٩٢٩-١٩٣١.

١٩١.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ ، کۆمپۆزیشنی ١٥ (وێنەی خوارەوە)، ١٩٣٠.

یاکۆڤ چێرنیخۆڤ (١٨٨٩-١٩٥١) گرافیک دیزاینەر و تەلارسازێکی هەرە خەیاڵفراوانی بزووتنەوەی کەنستراکتیڤیزم بوو، لەماوەی تەمەنیدا ١٧ هەزار رەسم و پرۆژەی بەرهەمهێناوە، بەهۆی توانای هونەری و دیزاینە خەیاڵیەکانیەوە ناوزەدکرابوو بە پیرانیسی سۆڤیەتی.[١٤٣] چێرنیخۆڤ لەنێوان سالانی ١٩٢٧-١٩٣٣ دا زنجیرەیەک لە کتێب و رسوماتی تەلارسازی بەرهەمهێنا کە تایبەت بوون بە کۆمپۆزیشن و هونەری رەسمکێشان و دیزاین، سەرجەمیان روئیای نوێگەرانەی تەلارسازی بوون سەبارەت بە رواڵەت و فۆرمی بیناکان لەداهاتوودا.

کارەکانی چێرنیخۆڤ تەنها رسوماتێکی ووشک و بێ ناوەرۆک نین بەڵکو هەڵگری رەهەندێکی ئایدیۆلۆجیشن و سیمبول و پەیامەکانی شیوعیەتیان تێدا بەرجەستەکراوە، لەو رووەوە کە ستراکچەرەکان لەسەر شێوەیەکن کە شۆرشی پیشەسازی بەرهەمیهێناوەو مەکینە وەکو سیمای سەرەکی کۆمەڵگەی پرۆلیتاری بەروونی نیشاندراوە. بەکارهێنانی کێبڵ و وایەر و قولاپ و پرد و پایەی کانزایی و تۆری کانزایی، کە زۆرجار رواڵەتێکی جەنجاڵیان دروستکردووە، ئاماژەی راستەوخۆن بۆ گۆرانکاری خێرایی کۆمەڵگەی پیشەسازی و ئەو دیمەنەی کە شیوعیەت لە ئاییندەدا تێیدا کامڵ دەبێت.[١٤٤] رسوماتەکانی چێرنیخۆڤ بەگشتی ئەبستراکتن و خاڵین لە فیگەری مرۆڤ و درەخت و ئاسمان و زەوی، یان بڵێین ئەو ئێلەمێنتە باوانەی کە لە هونەری وێنەکێشانی تەلارسازیدا بەشێوەیەکی باو بەکاردەهێنرێن.



## بنەماکانی کەنستراکتیڤیزم

**١. (تێکسچەر + تێتکۆنیکس + کەنستراکشن) بریتین لە سێکوچکەی تەلارسازی.**

رووچنی کەرەستە بەکارهاتووەکان لە بینادا، هونەری دروستکردنی بینا، لەگەڵ خودی کرداری دروستکردن، سێ کۆڵەگەن کە بزووتنەوەی کەنستراکتیڤیزمی لەسەر هەڵچنراوە.

**٢. تەلارساز کرێکارێکی ئەندازیارە.**

ئیشی تەلارساز سازکردنی کارێکی هونەری نیە (تەلارسازی هونەر نیە زانستە)، بەڵکو بونیاتنانی بینایە بەگوێرەی رێسا زانستیەکان، بۆ بەجێهێنانی ئەرکێک هەروەک بونیاتنانی کەلوپەلێکی ئاسایی رۆژانە.

**٣. مەتیریەڵی راستەقینە لە فەزای راستەقینەدا.**

بەکارهێنانی مەواد بەگوێرەی پێویست لە شوێنی پێویستدا، دوور کەوتنەوە لە زیادەڕەویکردن لە بەکاربردنی مەواد.

**٤. سۆسیۆلۆجیا و مەواد و تەکنیک دیاریکەری فۆرمی تەلارسازین.**

تەلارسازی بە توندی وابەستەیە بە کۆمەڵگەوە. تەلارسازی زانستێکی بان کۆمەڵگەیی نیە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگە ئیش بکات ، بەو واتایەی کە تەلارسازی تەنها لەپێناوی تەلارسازیدا بێت. بەڵکو دەبێت وەڵامدەرەوەیەک بێت بۆ ئایدیۆلۆجیا و پێداویستیە کۆمەڵایەتیەکان و خواست و ویستە مرۆییەکان.

جگە لە رەهەندە کۆمەڵایەتیەکان، تەکنیکەکانی بیناکاری و مەوادەکانی بیناکاریش دەوری راستەوخۆیان هەیە لە دیاریکردنی دواشێوەی هەموو ئیشێکی تەلارسازی.

**٦. پیشەسازی بەشێکی دانەبڕاوە لە تەلارسازی.**

رۆحی تەلارسازی نوێ پیشەسازی نوێیە. پێویستە سوود لە هەموو دەستکەوتە پیشەسازیەکانی چاخی مۆدێرن وەربگیرێت، هەر لە مەوادە پیشەسازیەکانی وەکو ستیل و کۆنکریتی بەهێزکراو و شوشە و ئەلەمنیۆمەوە بگرە تا ئامێرە پیشەسازیەکانی دروستکردنی بینا. پیشەسازی رواڵەتی بیناکانیش دەنەخشێنێت.

**٧. فەنکشنەڵیزم.**

کەنستراکتیڤیزم بزووتنەوەیەکی وەزیفەگەری یە. سەبارەت بە فۆرمیش بریتی یە لە دوابەرهەمی کرداری دروستکردن construction، واتە فۆرم لە فەنکشنەوە یاخود لە ئیعتیباراتی ئیستاتیکیەوە سەرچاوە ناگرێت بەڵکو لە ئەنجامی پرۆسەی دروستکردنەوە پەیدا ئەبێت.

## خەسڵەتەکانی کەنستراکتیڤیزم

**١. شەفافیەتی تەکنەلۆجیا transparency of technology**

ئێلەمێنتە پیشەسازیەکان و مەوادە نوێیەکان بە ئاشکرایی نیشان دراون، لەبەرەوە دیزاینەکان بە تەواوی شەفافن لەرووی تەکنەلۆجی یەوەو هیچ نهێنیەکی کەنستراکشن لە دووتوێی خۆیان دا هەڵناگرن.




١٩٢.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کۆمپۆزیشنی تەلارسازی، ١٩٢٤-٣١.



١٩٣.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کۆمپۆزیشنی تەلارسازی، ١٩٢٤-٣١.

## ٢. شێوە ئەفلاتونیەکان

بارستەی بیناکان mass لە بەشێکی کارەکاندا دابەشکراوە بۆ چەند شێوەیەکی گەورەی ئەفلاتوونی (بازنەو گۆ و لاکێشەو چوارگۆشە)، هەریەکەیان رەگەزێکی سەرەکی پرۆگرامی وەزیفەیی لەخۆگرتووە.



١٩٤.٢ برایانی ڤیسنین، کۆشکی سۆڤیەتەکان، ١٩٣٢



١٩٥.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کۆمپۆزیشنی ٢١٣، ١٩٢٩.



١٩٦.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کۆمپۆزیشنی ١٣٨، کارگەی فرۆکە، ١٩٢٩.



١٩٧.٢ برایانی ڤیسنین، کتێبخانەی لینین (پێشنیار)، ١٩٢٨.

## ٣. سادەییەکی وەزیفەیی و سودبەخشی utilitarian simplicity

ئامانجی یەکەم لە دیزاینی کەنسترەکتیڤی دا، دروستکردنی بینایەکە کە بە ڕاستودروستی لە هەمان کاتیشدا بە سادەیی ئیش بکات. بەشێکی دیاری کارەکان پێنج خاڵەکەی لی کۆربۆزییان بۆ تەلارسازی مۆدێرن بەکارهێناوەتەوە. بڕوانە وێنەی (١٩٧.٢، ١٩٨.٢).

١٩٨.٢ مۆیسی گینزبێرگ، کۆمەڵگەی نیشتەجێوونی مۆستراخ، مۆسکۆ، ١٩٢٦.



### ٤. فرە توخمی

فۆرمی بونیاتگەری بە تەنها لە یەک بارستەی فیزیایی پێکنەهاتووە کە پانتایی دیزاینەکە داگیربکات، بەلکو لە بەیەکەوە لکاندنی چەند توخمێکی ئەندازەیی پێکهاتوون بەشێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکوپێک. هەر توخمێک لەناویاندا جێگایەکی دیاریکراوی گرتووەو حەقی تایبەتی خۆی پێدراوە لە چوارچێوەی سیستەمێکی گەورەتردا.



١٩٩.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، تەجروبە بەراییەکانی کەنستراکتیڤیزم، ١٩٢٥-١٩٣٢.

### ٥. خەفیفی بۆ بینین visual lightness

کۆی بارستایی بینا ئەگەرهاتوو لە دیزاین دا سەنگێکی زۆریشی پێدرابێت، حیسابی سکێلی مرۆڤ کراوە. جگە لەوە، بەکارهێنانی وایەر و ئێریەل و کێبڵ و بورج و ستوونی کارەبایی وای لە دیزاینەکان کردووە سووک و بێ کێش وە نامادی دەرکەون immateriality and weightlessness. لەبەردەوە پەیکەری تەلارەکانیش خەفیفن بۆ بینین.

٢٠٠.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، تەجروبە بەراییەکانی کەنستراکتیڤیزم(هەردوو وێنەی دەستەچەپ)، ١٩٢٥-١٩٣٢.





### ٦. حیساب نەکردن بۆ هێزی کێشکردنی زەوی gravity-defying

بەهۆی کەمکردنەوەی سەپۆرتەکان و بەکارهێنانی سپانی گەورەو دانانی بارستەی دەرهاتوو بەشێوەی کانتلیڤەری درێژ، فۆرمەکان وادێنە پێشچاو هێزە فیزیایەکی زەوی وەکو کێشکردن کاریان تێناکەن.

٢٠١.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، تەجروبە بەراییەکانی کەنستراکتیڤیزم، ١٩٢٥-١٩٣٢.



### ٧. تێکەڵبوون لەگەڵ بۆشایی دا spatial constructions

پەنابردنە بەر کردنەوەی فۆرم بەرووی فەزادا، وایکردووە هەیکەلەکان لە کارلێکێکی ڕاستەوخۆ دابن لەگەڵ بۆشایی دا. درێژکردنەوەی بەشێک یان چەند بەشێکی بینا بەناو فەزا دا وە دانانی ئێلەمێنت گەلێک کە وەکو تۆرێکی شەفاف وان، بوار بە تیرژانی بۆشایی دراوە بەناو فۆرمی بیناکەدا.



٢٠٢.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کۆمپۆزیشنی تەلارسازی، ١٩٢٤-١٩٣١.

### ٨. دەربڕین ستراکچەر structural expressionism

وەک لە زۆربەی وێنەکانی پێشوتریشدا بەرچاوە، دەرخستنی ستراکچەری بینا خەسڵەتێکی دوبارەبووەوەی کەنستراکتیڤیزمە. دەکرێ ئەم خەسڵەتەش بە سەرچاوەی سەرەکی ستایلی های تێک یاخود گوزارشیخوازی ئینشائیStructural Expressionism دابنرێت، کە لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا سەریهەڵدا و ئێلەمێنتەکانی پیشەسازی و تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو تێکەڵ بە دیزاینی بینا دەکات.

٢٠٣.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کارگەیەکی گەورە بۆ مەبەستی تایبەتی، ١٩٣١.





٢٠٤.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، تەجروبە بەراییەکانی کەنستراکتیڤیزم، ١٩٢٥-١٩٣٢.

### ٨. ڕووکردنە تەلاری هەوربڕ skyscrapers

دۆزینەوەی ئیمکانیاتی نوێی تەلارسازی لە دیزاینی باڵەخانەکان و داهێنانی بیرۆکەی نوێ، چ لە ئاستی فەردی دابێت یاخود بەکۆمەڵ (ئێربەن).



٢٠٥.٢ برایانی ڤیسنین، بینای نارکۆمتیاژپرۆم، ١٩٣٣-٣٤.



٢٠٦.٢ یاکۆڤ چێرنیخۆڤ، کۆمپۆزیشن ١٣، ١٩٢٩.

# دەنگە سەربەخۆکانی مۆدێرنیزمی سۆڤیەتی

لە دەرەوەی سوپریمەتیزم و کەنسترەکتیڤیزم و ڕاشنەلیزم ، لەنێوان هەردوو جەمسەری توندرەوی فەنکشنەلیزم و فۆرمەلیزم دا، خەتێکی دیکەی میانڕەو بوونی هەبوو کە ڕەتی ئەکردەوە خۆی ببەستێتەوە بە مەنهەجی هیچ یەکێک لە ڕێکخراوەکانەوە. ئیلیا گۆلۆسۆڤ، ئیڤان لیۆنیدۆڤ، کۆنستانتین میلنیکۆڤ، وە گریگۆری بارخین لە دیارترینی تەلارسازان بوون کە نوێنەرایەتی ئەم خەتەیان ئەکرد. لەوانەیە هەر یەکێک لەم تەلارسازانە زۆرجار و لە هەندێ ڕووەوە بەلای یەکێک لە بزووتنەوەکانی تردا شکابنەوە بەلام هەمیشە پارێزگاریان کردووە لە سەربەخۆیی کارکردنیان لە دەرەوەی یاساو ڕێسای گروپەکان دا. هەریەکە لەم تەلارسازانە پابەندبوون بە مۆدێرنیزم و سۆشیالیزم و هەولیان ئەدا فۆرمێکی سیمبۆلیک ببەخشنە ئایدیەلەکانی شۆڕش لە هەمان کاتیشدا بەدوای ئایدیای تەلارسازی دا ئەگەڕان تایبەت بە بیرکردنەوەی خۆیان.

## کۆنستانتن میلنیکۆڤ (١٨٩٠– ١٩٧٤)

کۆنستانتن میلنیکۆڤ یەکێک بوو لە بەرهەمداترین تەلارسازە مۆدێرنیستەکانی ڕوسیا و بە یەکێک لە دوازدە گەورەترین تەلارسازی جیهانی هاوچەرخیش دانراوە. ئەو ڕەتی کردەوە خۆی بە هیچ یەکێک لە (ئیزم)ەکانەوە گرێبداتەوەو، کرشەی بەرهەمەکانیشی کاری هەمەچەشنی لەخۆگرتووە کە دیزاینەکانیان بە ڕادەیەکی زۆر لەیەکتری جیاوازن. نزیکەی بیست ستراکچەری جێبەجێ کردووە لەوانیشدا تەنها کەمێکیان ماونەتەوە. هەروەکو تاتلین پیشەکەی بەخوێندنی نیگارکێشان دەستپێکرد و دواتریش مەوداکەی فراوانتر کرد بۆ لەخۆگرتنی تەلارسازی، ساڵی ١٩١٧ لە قوتابخانەی نیگارکێشان و پەیکەرتاشی مۆسکۆ کۆتایی بە خوێندنەکەی هێنا.[1] لە ژیانی کارکردنیدا میلنیکۆڤ بە چەند وێستگەیەکی جیاوازدا ڕۆیشتووە.

لە سەرەتادا لەژێر کاریگەری کلاسیکیەتی ڕۆمانتیکی دا بوو ستایلێک کە باو بوو لە سەردەمی خوێندکاریتی دا و لەسەریدا ڕاهێنانی پێکرابوو. پاشان کەوتە ژێر کاریگەری ئێکسپرێشنیزم و دواتریش جولانەوەی پرۆلیتکولت. ڕێچکەکەی ئەو لە زۆر ڕووەوە نزیک بوو لەگەل ڕێچکەی فۆرمەلیزمی لادۆڤسکی دا، بەلام میلنیکۆڤ پێی وابوو ئایدیاکانی لادۆڤسکی زۆر تیۆریانەو نا واقیعیانە بوون. لەگەل ئیلیا گۆلۆسۆڤ پێکەوە ستۆدیۆیەکی سەربەخۆیان دامەزراند لەناو قوتابخانەی ڤیخوتێمەس دا بە ناوی "ئەکادیمیای نوێ" کە تیایدا نەهجێکی فەردی و عەفەوی دیزاینکردن ئەوترایەوە. لە پرۆژەکانی میلنیکۆڤ دا، سپەیس و فۆرم بەندبوون لەسەر دیراسەکردنێکی ووردی پرۆگرامی وەزیفەیی. ئەم لێکۆلینەوانەش لە فۆرم و فەنکشندا بەشێوەی هەندەسەیەکی شێواو و ناتەبا تەرجومە کراون clashing and distorted geometries. بیناکانی کۆمەلە ئایدیاو سەرنجێک دروستەکەن کە تەلارسازیەکی موجەڕەد تێئەپەڕێنن و وەکو هێمایەک sign کاردەکەن لەناو ئەو سیاقەی کە تێیدا دائەنرێت urban context . میلنیکۆڤ پێناسەی پیوریستی بۆ تەلارسازی مۆدێرن ڕەتکردەوە بە هەردوو دیوی شێوەو تەکنیکدا formal & technical، بیناکانی پێکهاتوون لە تێکەلەیەکی هەلبژێردراو لە گوزارشتیەتی ستراکچەر، پوختکردنەوەی فۆرم، وە بەکارهێنانێکی مەجازی شێوەی مرۆڤ (eclectic mixture of structural expressionism, formal abstraction, and the allegorical use of the human figure).[2] میلنیکۆڤ پێی وابوو دەربڕینێکی پڕ لە جولەو شێوە پەیکەری dynamic sculptural expression کە جۆش و حەماسەت بداتە جەماوەر، بریتی یە لە ستایلی ڕاست و دروست بۆ نیزامی نوێ.[3] یەکێک لە سەرەتاییترین شاکارەکانی میلنیکۆڤ بریتی بوو لە پەڤیلیەنی یەکێتی سۆڤیەت لە پاریس، کە دروستکرا بۆ پێشانگای نێونەتەوەیی هونەرە

پیشەسازی و جوانەكان ساڵی ١٩٢٥. بیناكە پێكهاتووە لە هەیكەلێكی دوو ڕەگ hybrid structure كە لەیەك كاتدا هەم بینایەو هەم هێماشە، بەومانایەی پەڤیلیەنەكە جگە لە لایەنە ماددیەكەی وەكو ئامرازێكی نامادی و پروپاگەندەش ڕۆڵ دەبینێت. قەبارەكانی پەڤیلیەنی سەرەكی شێوەیەكی موعینیان هەیە لەبری ئەوەی لاكێشەیەكی ڕێك بن، ئەو وەهمانەی كە پێرسپێكتیڤی ئەو شێوەیە دروستی دەكات دەبێتە مایەی پتەوكردنی بەسەریانەی دیزاینەكە. پەڤیلیەنەكە كۆمپۆزیشنێكی گۆشەیی راچڵەكاوی هەیە لەگەڵ قادرمەیەكدا كە بەتەواوی بەرەو سەرەوەو خوارەوەی بیناكە ئەڕوات بەشێوەیەكی دایەگنەڵ سپەیسی ناوەو دەرەو ئەبڕێت بەمەش بینەر بە چەند ئەزموونێكی جیاوازدا تێئەپەڕێنێت.



١.٣ كۆنستانتین میلنیكۆڤ، پەڤیلیەنی سۆڤیەت لە پێشانگای هونەرە جوانكاری و پیشەسازیە مۆدێرنەكان، پاریس، ١٩٢٥.

هەرچەندە بیناكە خۆی بچووكە بەلام قادرمەكە شێوەیەكی قەبەی monumental پی بەخشیوە. ستراچكەرەكە قابلیەتی هەڵوەشاندنەوەو دوبارە



٢.٣ كۆنستانتین میلنیكۆڤ، پەڤیلیەنی سۆڤیەت لە پێشانگای هونەرە جوانكاری و پیشەسازیە مۆدێرنەكان، پێرسپێكتیڤ، پاریس، ١٩٢٥.

پیكەوەنانی هەیە demountable ، لەراستیدا هەر لە روسیا پارچەكانی دروستكراون و لە پاریس پێكبەستراونەتەوە، پانێلەكانی سەقف بە ڕەنگی سوور و دیوارەكان بە خۆڵەمێشی و چێوەی پەنجەرەكانیش بە ڕەنگی سپی بۆیە كران، هەرچەندە لە جیاتی ستیل لە تەختە دروستكراوە بەلام دیمەنە گشتیەكەی پی لەسەر ئیستاتیكای كارگە factory aesthetic دائەگرێت. بۆ ئەو كەسانەشی كە لە مانای فۆرمەكانی تەلارسازی مۆدێرن تێنەئەگەیشتن (بە نزیكەیی زۆربەی میوانان)، شوناس و مانای بیناكە ڕوونتركراونەتەوە لەرێگای دروستكردنی كەپرێك بەسەر قادرمەكەدا وەكو ڕێگایەكی هاتووچۆ، كەپرەكە پێكهاتووە لە شەبەكەیەكی تێكهەڵكێشراو لە شێلمان وچەكوش و داس. جیاوازی لە نێوانی ئەو موعالەجاتە سادەو ساكار و ڕیشەیی یە لەگەڵ موعالەجاتی تەقلیدی زۆربەی هەرە زۆری پەڤیلیەنەكانی تر دا، زیاتر پەیامی پەڤیلیەنەكەی بەهێز كردبوو.[٤، ٥، ٦]



نهۆمی زەمینی (گراوند)



نهۆمی یەکەم



دریژە برگە longitudinal section



ئێلەڤەیشنی پێشەوە



ئێلەڤەیشنی تەنیشت



ئێلەڤەیشنی تەنیشت

٣.٣ کۆنستانتین مێلنیکۆڤ، پەڤیلیەنی سۆڤیەت لە
پێشانگای هونەرە جوانکاری و پیشەسازیە
مۆدێرنەکان، پلان و سێکشن و ئێلەڤەیشنەکان،
پاریس، ١٩٢٥.



٤.٣ کۆنستانتین مێلنیکۆڤ، ماڵی میلنیکۆڤ، مۆسکۆ، ١٩٢٩.

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٢٩ مێلنیکۆڤ خانوویەکی نیشتەجێبوونی بۆ خودی خۆی دروستکرد لە شاری مۆسکۆ، خانوویێک کە موقەدەر وابوو ببێتە یەکێک لە بەردەبازە گەورەکان لە مێژووی دروستکردنی خانووبەرە لە کۆتایی بیستەکان دا. مێلنیکۆڤی داهێنەر بڕوای وابوو لە تەلارسازی دا دوبارەکردنەوە ئەگەر چەندێکیش بچووک بێت ڕێگا پێدراو نیە، لەبەرەوە شەیپی لاکێشەیی خانووە تەقلیدیەکانی ڕەتکردەوەو خانووەکەی لە دوو لولەکی پێکەوە لکێنراو دروستکرد. هەوڵیدا ڕێکخستنێکی نا سونەتی بدات بە بۆشاییەکانی ناوەوە. دیوارەکان لە کەرپوچ درستکراون و بەشێوەیەک لەسەر یەک دانراون کە تۆڕێک لە کراوەی شێوە شەشلا لە دیوارەکەدا جێبهێڵن، ئەمەش لەڕووی بینینەوە وا لە ستراکچەرە پتەوەکە دەکات خەفیف بێتەوەو وەکو فرێمێک دەربکەوێت. هەندێ لەو کراوانە بە کەرپوچ پرکراونەتەوەو هەنێکی دیکەشیان کراونەتە پەنجەرە و بە پاتێرنێکی مونەزەم دوبارەبوونەتەوە. لە لایەکی لولەکێکدا پاتێرنەکەی شکاندووە بە دروستکردنی پەنجەرەیەکی لاکێشەیی گەورە. مێلنیکۆڤ لە دیوی ناوەوەو دەرەوەدا، لە فۆرم و فەنکشندا ، پەنای بردۆتە بەر چەندین تەکنیکی کۆمپۆزیشن بۆ دروستکردنی شێوەیەکی ئاڵۆز و گوزارشتخواز expressive.




٥.٣ کۆنستانتین مێلنیکۆڤ، ماڵی میلنیکۆڤ، مۆسکۆ، پلانەکان ١:٥٠، ١٩٢٩.




٦.٣ کۆنستانتین میڵنیکۆڤ، ماڵی میلنیکۆڤ،
مۆسکۆ، ڕووکارەکان (elevations)، ١٩٢٩.



٧.٣ کۆنستانتین میلنیکۆڤ، ماڵی میلنیکۆڤ،
مۆسکۆ، برگە (section)، ١٩٢٩.

تەلارسازە مۆدێرنەکان بە ئەرکی خۆیان دائەنا کە خەیاڵی فۆرم و فەنکشنی نوێ بکەن. لەڕاستیدا میڵنیکۆڤ یەکەمین تەلارسازێک بوو کە بیری لە کۆکەرەوە کۆمەڵایەتیەکان social condensers کردەوە وەکو وەسیلەیەک بۆ بڵاوکردنەوەی ئایدیاکانی. هەوڵیدا پڕۆگرامی کۆکەرەوە کۆمەڵایەتیەکان تەرجومە بکات بۆ سەر قەبارەی پەیکەریانەی نوک تیژ و چوکڵەدار. لە دیزاینێکی دا بۆ یانەی کرێکارانی ڕوساکۆڤ لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٢٧. سەرەڕای هەبوونی سادەیی و هاوتایی symmetry لە پلانەکەیدا، دیزاینەکە بە ئەندازەیەکی زۆر شێوەیەکی گوزارشتخوازی هەیە expressive. ساڵەی محازەرات auditorium سەرەکیترین ڕەگەزی پڕۆگرامی بیناکەیە، دابەشکراوە بۆ سێ یەکەی لاوەکی تر کە بەشێوەی تیشک لە سەکۆیەکی شانۆوە دەرچوون و ڕووی دەرەوەی بیناکەیان بڕیووەو وەکو چەند بارستاییەکی پتەوو داخراو لە ڕووکاری بیناکەدا هاتوونەتە دەرەوە. لەناو هەر بۆکسێکی هۆڵەکە دا جێگای دانیشتنی ١٩٠ کەس هەیە، هەریەکەشیان دەکەوێتە بەرامبەر پشکێکی گەورەی سەکۆکە. یەکتربڕینی تیژی شەپیەکان و هەبوونی کۆنتراست لەنێوانیان دا بە ووردی و لێزانیەکی زۆرەوە ئارتیکیولیەت کراوە. سێ ژووری تریش بۆ وەزیفەی یانەکە کەوتوونەتە مێزەنینەوە لەژێر سپێکتاتۆرەکان.[8,9] ستراکچەرەکە بە هەبوونی ئەندازەیەکی ئاڵۆزی یەکتربڕینی فۆڕمەکان، تەمسیلی بیروڕای میڵنیکۆڤ دەکات کەوا "یانەکانی کرێکاران پێویستبوو بینای تایبەتی و بێوێنە بن کە خۆیان دەرخەن لەناو چواردەورەکەیاندا". شێوە سێگۆشەییەکەی ساڵە وەکو مواسەفاتێکی هەندەسی ناوازە بۆتە هۆی چاککردنی ئەکوستیکی ناو ساڵەکە کە لە هەمان کاتدا وەکو سینەماش ئیشدەکات.[10]

لە شێوازی کارەکانی میڵنیکۆڤدا فرەچەشنیەکی تەواو بەدی ئەکرێت، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ کۆمەڵێک ڕوخساری دوبارەبووەوەیان لێوە هەڵێنجین: ١- لەڕووی بەرهەمهێنانی فۆرمەوە گرتنەبەری چەند میتۆدیکی سادەی وەکو تەداخولکردنی بارستەکان intersection، بۆ زیادکردن addition، لێ دەرکردن subtraction، بادانەوەو خولاندنەوە rotation، دوبارەکردنەوە repetition ٢- بەکارهێنانی شێوە ئەندازەییە سادەکان پێکەوە بە تایبەتی لولەکی و خشتەکی. ٣- داینەمکیەت و جولەکردن.

٨.٣ کۆنستانتین میڵنیکۆڤ، یانەی ڕوساکۆڤ، مۆسکۆ، ١٩٢٩.





نهۆمی زەمینی (گراوند)



نهۆمی یەکەم



نهۆمی دووەم



نهۆمی سێیەم

٩.٣ کۆنستانتین میێلنیکۆڤ، یانەی ڕوساکۆڤ، مۆسکۆ، پلانەکان، ١٩٢٩.



نەخشەی سەربان roof plan



ڕووکاری پێشەوە front elevation



ڕووکاری پشتەوە back elevation

سێکشن - ١





سێکشن - ٢



سێکشن مۆدێل



١٠.٣ کۆنستانتین مێلنیکۆڤ، یانەی ڕوساکۆڤ، مۆسکۆ، ڕووکارەکان و برگەکان (sections and elevations)، ١٩٢٩.

ئیڤان لیۆنیدۆڤ، کە ١٢ ساڵ گەنجتر بوو لە میلنیکۆڤ، شوێنێکی زۆر تایبەتی داگیر کردووە لە تەلارسازی سۆڤیەتی دا. بەپێچەوانەی کارە ماددی و درامیەکانی میلنیکۆڤ، دیزاینەکانی ئەو وادەرەکەون لە جیهانێکی نامادی و ئەفلاتوونی دابن کە تیایدا تەکنەلۆجیا تەحویلکراوە بۆ بیرۆکەیەکی موجەڕەد pure idea.[11] ئەو هەروەکو لی کوربوزیی کە لەلایەن خۆیەوە زۆر پێی سەرسام بوو، وا دەرەکەوت کە توانیبێتی ئاوێتەیەکی یۆتۆپی دابڕێژێت لە شیعر و حەقیقەت، لە فۆرم و فەنکشن، کە لە هەمان کاتدا بەرەو ئاستێکی قوڵتر لە هیوا و ئومێد ڕۆبچێتە خوارەوەوەک لەقسەسەرپێیەکانی تەکنۆکراتەکان.[12] لەهەوڵدانیدابۆ بەدەستهێنانی پیوریتی بیرۆکەکان ، خۆی نەئەبەستەوەبە هیچ کۆتوبەندێکی زەمانی و مەکانی یەوە، بەواتای ووشە کەسێکی فیوچەریستی بوو. هەندێ جار پشتی دەبەست بە پلەیەنی تەقلیدی دیزاینی تەلارسازی و هەندێ جاریش پشتی دەبەست بە سیمبولەکان بۆ بەخشینی شێوە بە ئایدیاکانی. لەم کارەشیدا بەکارهێنانی تەکنیکەکانی خستنەڕوی گرافیکی دەورێکی گرینگیان هەبوو،[13] بە تایبەتی bird's eye view، واتە بەوشێوەیەی کە بینا لە سەرەوەو لە فڕۆکەوە دەبینرێت، لەڕاستیدا دانانی فیگەری فڕۆکە لە ڕەسمکێشان دا لەلایەن بەشێکی زۆری تەلارسازانەوە بەکاردەهێنرا وەکو تەکنیکێک بۆ بەخشینی زیندوویتی بە دیزاینەکانیان.[14]



**١٣.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پەیمانگای سەرکردایەتی لینین، پێشنیار، مۆسکۆ ، پێرسپێکتیڤ (سەرەوە)، ١٩٢٧.**



**١٢.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پەیمانگای سەرکردایەتی لینین، پێشنیار، مۆسکۆ ، پێرسپێکتیڤ (بەرامبەر)، ١٩٢٧.**



**١١.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پەیمانگای سەرکردایەتی لینین، پێشنیار، مۆسکۆ، پلان (خوارەوە)، ١٩٢٧.**

ناوبانگی ئەو دوابەدوای ئەوە هات کە زنجیرەیەک لە پرۆژەی یۆتۆپی دیزاینکرد لەنێوان ١٩٢٧- ١٩٣٠. گرینگترینیان پرۆژەیەک بوو بۆ پەیمانگای سەرکردایەتی لینین. پرۆژەکە پێویست بوو لە کۆملێکسێک بینا پێکبێت و سێ داواکاری سەرەکی تێدا هەبێت ئەوانیش کتێبخانەیەک و پەیمانگایەکی توێژینەوەو ساڵەیەک. کۆی پرۆژەکە لە کۆمپۆزیشنێکی سوپریمەتیستی ئەچێت و لە چەند شەپێکی سادەی ئەندازەیی پێکهاتووە. پرۆگرامەکە بەجیا لەناو سێ قەبارەدا جێیان کراوەتەوە. تاوەرێکی باریکی شوشەیی و گۆیەکی شوشەیی ڕۆشن بەسەر کۆمپۆزیشنەکەدا زاڵ بوون. تاوەرەکە زیاتر لە بیست نهۆم تێئەپەڕێت و کتێبخانەکە دەکەوێتە ناوی. گۆیەکە لەناویدا ساڵەی خوێندنەوە هەیە بۆ ٤ هەزار کەس و ڕۆشنیەکەی میتافۆرێکە بۆ ڕۆشنگەری enlightenmentو ناوەڕۆکی فۆرمەکە. گۆیەکە بەهۆی بنکەیەکی کانزاییەوە لەسەر زەوی بەرزکراوەتەوە، شێوەیەکی باڵۆنی هەیەو وا دەردەکەوێت کە بیەوێت لە زەوی جیابێتەوەو بەرەو بۆشایی بفڕێت، بەلام لەڕێگای چەند کێبلێکەوە بە تاوەرەکەوە توند بەستراوەتەوە کە ناهێڵێت بکەوێتە جوڵە. بۆشایی نێوان گۆیەکەو تاوەرە ستوونیەکە، چالاکی و جموجۆڵی پێبەخشراوە بە دانانی چەند پلەیێنکی باریکی ئاسۆیی کە وەکو پەیمانگا ئیش ئەکات و ئۆفیسیان تێدایە، تاوەرەکە تەقاتوع ئەکەن لەگەڵ ئەو پۆدیەمە خڕەی دوو فۆرمە سەرەکیەکەی خراوەتە سەر. شێوەی فۆرمەکان تەندار نیە solid. بەکارهێنانی میتافۆری شەفافیەت و بێکێشی transparency and weightlessness لێرەدا کۆکراوەتەوە لەگەڵ فۆرمە ئەفلاتوونیەکان دا و پێکەوە سوپریمەتیزم و کەنستراکتیڤیزم ئاوێتە دەکەن و تەمسیلی سۆشیالیزمێک ئەکەن کە تیایدا میسالی و واقیعی وە ماددی و مەعنەوی تێکەڵ بە یەکتری بوون.[١٥، ١٦، ١٧] ترامێکی هەوایی بیناکە ئەگەیەنێتە شارەکەو وێستگەیەکی رادیۆی بەهێزیش دەیگەیەنێتە هەموو جیهان.[١٨]

١٤.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پەیمانگای سەرکردایەتی لینین، پێشنیار، مۆسکۆ ، مۆدێل، ١٩٢٧.



١٥.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پەیمانگای سەرکردایەتی لینین، پێشنیار، مۆسکۆ ، ئیلەڤەیشن، ١٩٢٧.



لیۆنیدۆڤ بەردەوام بوو لەسەر فراوانکردنی فەرهەنگە تەلارسازیەکەی. بۆ جێبەجێکردنی ئایدیاکانی، رویکردە یانە کۆمەڵایەتیەکان و هەوڵی دا لە قالبێکی تردا دایانبرێژێتەوە بەپێی میتۆدە تەلارسازیەکەی خۆی. لە تێروانینی ئەودا یانەی کۆمەڵایەتی لەمەودوا دەبێتە ناوەندێک بۆ گەشەکەردنێکی هارمۆنیانەی ژیانی گشتی لە تەواوی شاردا. لەجیاتی ئەوەی کە تەنها بینایەک بێت، یانە دەبێتە فەزایەک کە چەندین بینا خزمەتی ئەکەن. بەمەش یانە لە ئاستی بینایەکی فەردی یەوە کە بۆ خزمەتی چین و توێژێکی دیاریکراو بێت لە کونجێکی شاردا، سکێڵەکەی گەورەتر کرا بۆ ئاستی کۆمەڵ کە چەند بینایەک لەخۆبگرێت وەکو زۆنێکی گەورە بۆ خزمەتکردنی هەموو دنیشتووانی شار. لیۆنیدۆڤ هەستا بە گۆڕینی ساڵەی شانۆی تەقلیدی auditorium بۆ هۆڵێکی فرەمەبەست multipurpose کە قابیلیەتی گۆڕین و گونجاندنی هەبێت بۆ لەخۆگرتنی ئیڤێنتە جەماوەریەکان وەکو کۆبوونەوە، محازەرات، نیشاندانی فیلم، تەنانەت هەندێ جار وەکو قوبەیەکی فەلەکی planetarium خزمەت ئەکات. دواجار ساڵەی فرەمەبەست دەبێتە چەقی یانەی کۆمەڵایەتیەکان.[19]

لە یەکەمین کۆنگرەی کۆمەڵە ئوسادا، لیۆنیدۆڤ ئاماژەی بەوەدا **"ئەو بیرۆکەیە رەتئەکەمەوە کە پێی وایە شانۆ گرینگیەکی ئەرێنی هەبێت چونکە من وای ئەبینم دەمێکە رۆڵی رۆشنبیریانەی خۆی لەدەستداوە، ئەمە جگە لە ساکاری و سەرەتایی بوونەکەشی لەرووی میتۆد و تەکنەلۆجیاوە".** لەجیاتی شانۆ لیۆنیدۆڤ و زەمیلەکەی میلینیس داوایان کرد رادیۆ و فیلم و تەلەفزیۆن جێگای مومارەساتی شانۆیی بگرنەوە. هەردوکیان بروایان وابوو تواناکانی ڕاگەیاندنی گشتی mass media، بە واتایەکی تر زاڵبوون بەسەر مەسافەی فیزیایی و دەستراگەیشتن بە هەموو جیهان و ڕێکوپێکی گەیاندنی زانیاریەکان، زۆر گەورەتر و باڵادەستترە لە بەربەستە فیزیاییەکان.[20]

لە ساڵی ١٩٢٨ لیۆنیدۆڤ دەستیکرد بە گەشەپێدانی یانەی جۆری نوێی کۆمەڵایەتی Club of the New Social Type وەکو پرۆژەیەکی توێژینەوە و تەجریبی experimental. بۆ ئەم مەبەستەش دوو چەشنە دیزاینی جیاوازی پێشنیارکرد بۆ کۆمپلێکسێکی یانە تاوەکو بیرۆکەی دروستکردنی پرۆتوتایپێک بخاتەروو بۆ پرۆگرامێکی کامڵی یانە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان. کۆمپلێکسەکە وەکو ناوەندێکی گشتی و زانستی و کۆمەڵایەتی دەوردەبینێت لەسەر ئاستی تەواوی شاردا و چەندین سپەیسی هەمەچەشن لەخۆی دەگرێت. لیۆنیدۆڤ فەزاکان و چالاکیەکانی ناو کۆمپلێکسەکەی بەمشێوەیە باسکردووە: کتێبخانەیەک، فەزای کۆبوونەوەو توێژینەوە بۆ پەروەردەی سیاسی، کاروباری گشتی و کۆمەڵایەتی، گەشتیاری، هۆکارەکانی وەرزشکردن، تاقیگەی فیزیایی و

١- باخی ڕووەکی botanical garden
٢- هۆڵی محازەرات lecture hall
٣- ناوچەی کراوە لە دەرەوە outdoor open area
٤- خزمەتگوزاری وەرزشی sports facility
٥- تاقیگە lab




چەشنی آ




چەشنی ب

**١٦.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، یانەی جۆری نوێی کۆمەڵایەتی، هێلکاری ڕوونکردنەوەی پرۆگرام، ١٩٢٧.**

کیمیایی ، سینەما، پەخشکردنی رادیۆ، وە باخێکی ڕووەکی.[21]

گرینگترین رەگەز لە پرۆگرامی کۆمپلێکسەکە بریتی یە لە باخی ڕووەکی کە دەکەوێتە ژێر قوبەیەکی گەورەی شوشەوەو وەکو ناوەندێکی کۆپلێکسەکە ئیش ئەکات یاخود وەکو سەرچاوەیەکی هێز و ووزە. هۆڵی محازەراتیش دەکەوێتە ناو باخەکە بۆ نیشاندانی فیلم و ئەنجامدانی کۆبوونەوە. داخیلکردنی باخ بە یانەی کرێکاران شەیدابوونی لیۆنیدۆڤمان بۆ دەرئەخات بۆ سروشت و هەوڵدانی بۆ لێکنزیککردنەوەو ئاشتکردنەوەی مرۆڤ لەگەڵ سروشتدا بە دروستکردنی پەیوەندیەکی هارمۆنی لەنێوان کۆمەڵگەو ژینگەکدا.



چەشنی آ، پلان و ئێلەڤەیشن




چەشنی ب، پلان و ئێلەڤەیشن

١٧.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، یانەی جۆری نوێی کۆمەڵایەتی،
هێڵکاری ڕوونکردنەوەی چەشنەکان، ١٩٢٧.





لیۆنیدۆڤ لە دیزاینێکی دیکەیدا دا بۆ کۆشکی کەلتوری Palace of Culture لە شاری مۆسکۆ ساڵی ١٩٣٠ جارێکی تر ئایدیا نوێکانی خۆی بۆ یانەی کۆمەڵایەتی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، کە دیزاینەکە زیاتر وەکو بەیانێکی سیاسی وابوو سەبارەت بە چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی کەلتوری بەشێکی هەرە گەورەی شار و تەحویلکردنی یانەیەکی ئاسایی کرێکاران بۆ دامەزراوەیەکی گەورە لەسەر ئاستی نیشتیمانی دا. کۆنسێپتەکە بەرجەستە کراوە بە جیاکردنەوەی ڕووبەری پرۆژەکە بۆ چوار پارچەی جودا، لەسەر هەر پارچەیەکیشدا شێوەیەکی جیاوازی ئەفلاتوونی دانراوە وەکو (نیوەگۆ و قوچەکی و هەرەمی) کە سەرجەمیشیان شوشەیین، هەر یەکێک لە شێوەکان لەناویدا وەزیفەیەک لەخۆیدا هەڵبگرێت - توێژینەوەی مێژوویی و زانستی، فیستیڤاڵ و کۆبوونەوە جەماوەرییەکان، پەروەردەی وەرزشی، خۆپیشاندان و نمایشی جەماوەری.

هەمووپارچەیەکیش لە تەختیتدا بەشێوەی تۆڕی grid planning ڕێکخراوەو لەناویدا بینایەکی سەرەکی هەیە. بەشی زانستی و مێژوویی کتێبخانە وە سەنتەرێکی سەرچاوەکانی تێدا هەیە کە سێ نهۆم بەرزە، بەشی پەروەردەی وەرزشی هۆڵێکی جیمناستیکی شێوە هەرەمی تێدایە، بەشی خۆپیشاندان و نمایشی جەماوەری بینایەکی





١٨.٣ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، کۆشکی کەلتوری، مۆسکۆ، پلان و ئێلەڤەیشن، ١٩٢٧.

شێوە خشتەکی تێدایە cubic، سەرنجڕاکێشترین ستراکچەریش قوبەیەکی نیوەگۆ بوو بۆ فیستیڤەڵ و ئاهەنگ گێڕان و گردبوونەوە جەماوەرییەکان ، خزمەتگوزاری دیکەی وەکو کافتریاو مۆزەخانەو دایەنگابە پانتایی سایتەکەدا بڵاوکرابوونەوە.[٢٢]

خەسڵەتە سەرەکییەکانی میتۆدی کارکردنی لیۆنیدۆڤ بریتین لە بەشبەشکردنی سپەیس پرۆگرام بۆ پارچەی جیاواز (زنجیرەیەک شێوەی ئەندازەیی سادە)، ئینجا پەرتەوازەکردنی پارچەکان بەسەر زەوی دا بە چڕیەکی کەم و هەبوونی مەسافەیەکی زۆر لەنێوانیاندا. هەر شێوەیەکی ئەندازەیی خۆی لە خۆیدا دوو تەوەرەی هاوتابوونی هەیە axes of symmetry، بەڵام لێرەدا ئەو نەیهێشتووە تەوەرەکان بکەونە ڕاستی یەکتری و یەک ڕاستەهێڵ دروست بکەن، واتە تەوەرەییبوون axiality (کۆکردنەوەی هەموو ئێلەمێنتەکان لە سەر یەک تەوەرەدا) لە دیزاینەکە نەهێڵراوە. ئێلەمێنتەکانی پرۆژەکە لەجێی خۆیاندا جوڵەیان پێکراوە بۆ دوورکەوتنەوە لە تەوەرەی هاوتابوونیان، ئاکامی ئەم ڕێووشوێنانەش لەدەستدانی مەرکەزیەت و پەرتەوازەبوونی سپەیسی تەلارسازی و دروستبوونی کۆمپۆزیشنێکی داینەمیکییە.[٢٣]

پرۆسەی هەمەچەشنکردنی مۆرفۆلۆجی morphological diversification ئاماژە ئەدات بەشێوازێک کە تیایدا پرۆگرامی بینایەکی خوازراو ئەشکێنرێت و دابەشدەکرێت بۆ چەند ئێلەمێنتێکی بینا، ئینجا هەر یەکێکیان فۆرمێکی تایبەت بە خۆی پێ ئەبەخشرێت. لیۆنیدۆڤ لەلایەن خۆیەوە ئەو میتۆدەی گرتۆتەبەرو بۆ ئەوەی کۆنتراستی نێوان ئێلەمێنتەکانی پرۆگرام بارز بکات لە دیزاینەکانیدا بە بەردەوامی هەستاوە بە بەکارهێنانی شێوەی خاوێنی وەکو چوارگۆشەو بازنەو خاچ لە پلان دا، هەروەها قوچەکی و گۆ لە قەبارەی فۆرمدا. بەکارهێنانی ئەم شەیپانەش دەگەڕێتەوە بۆ کەوتنە ژێر کاریگەری فەرهەنگی سوپرێمەتیزمی مالێڤیچ بەشێوەیەکی قوڵ.[٢٤]

تایبەتمەندیەکی ناوازەی تەلارسازی لیۆنیدۆڤ بریتی یە لە کۆکردنەوەی چەند پرانسیپێکی گشتی کۆمپۆزیشن: بەکارهێنانی کۆمەڵێک فۆرمی فرەچەشنی خاوێن لە هەمان پرۆژەدا the use of heterogeneous pure forms in the same project، بزواندن و لەجێی لابردنی فۆرمەکان بەرێکوپێکی و بەشێوەیەکی لەسەریەک ستوون بەگوێرەی تەوەرەکان (ئێکس، وای) using orthogonal vectors to dislocate elements from each other ، کۆمپۆزیشنێکی ناهاوتا an overall asymmetrical composition، وە بنەمای نەهێشتنی مەرکەزیەت the principle of afocality. پێویستە ئەوە بگوترێت کە هیچ یەکێک لەم پرانسیپانە بەسەر پلانینگی گشتی پرۆژەکەدا زاڵ نەبوون بەڵکو بەشێوەی تێکهەڵکێش پێکەوە کاردەکەن. ستوونی بوونی تەوەرەکان لەسەر یەکتری orthogonality وە شێوەی پاک و تەمیز pure forms وەک لە کۆمپۆزیشنی کلاسیکی یەوە بە میرات ماونەتەوە دەبنە مایەی دروستکردنی هەستی نیزام، بەڵام لە دواتردا بەهۆی پەرتەوازەبوونیانەوە دەبنە هۆی بەهێزکردنی گوزارشتی ناهاوتایی بوون و نەمانی چەق asymmetry and afocality، کە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستکردنی کاریگەری پەشێوەی. بە گوزارشتێکی تر، لیۆنیدۆڤ ئۆرثۆگناڵتی و فۆرمی خاوێنی بە تایبەتی بەکارهێناون بۆ جەختکردنەوە لەسەر هەبوونی کۆنتراست لەگەڵ ناهاوتایی و بێ چەقی، ئەمەش بۆ دەرخستنی ڕوکەشی شێواوو نارێکی کۆمپۆزیشنەکانی.[٢٥]

بێ چەقی Afocality ئاماژەیە بۆ غیابێکی بە ئەنقەستی سەنتەر لە پلانسازی پرۆژەدا. بیرۆکەی 'شار بە سکێلێکی بچووک micro-urbanism'، یان بە دەربڕینێکی تر دیزاینکردنی بینا وەکو شارێکی بچووک، یەکێکە لەو خەسڵەتانەی کە خۆی دووبارەو چەندبارە دەکاتەوە لە پرۆژەکانی لیۆنیدۆڤدا، بەڵام هەمیشە خۆی بەدوور دەگرێت لە دانانی سەنتەر.[٢٦]

لەڕووی گرافیکەوە، لەکۆتایی بیستەکان دا لیۆنیدۆڤ دەستیکردە بەکارهێنانی تەکنیکێکی تر کە ئەویش کێشانی فیگەری سپی بوو لەسەر باکگراوندی ڕەش، ئەمەش وایکردووە دیزاینەکانی وا دەرەکەون لە هەوادا بەرەڵان float in space. بە دەربڕینێکی تر ، لیۆنیدۆڤ هەستا بە سڕینەوەی هەستکردنی ئاسایی بە دووری و قوڵی و سەرەوەو خوارەوە یان هەموو ئیشارەتێک بۆ گراوند لەناو کۆمپۆزیشندا. لە ئەنجامدا گراوند چیتر بنکەی ڕاگرتن و سەقامگیرکردنی بینا نەبوو. بیناکان دەکەونە ناو سپەیسێکی بێ کۆتایی و خاڵی لە هێزی کێشکردن.

شیاوی باسە بەکارهێنانی فۆرمە خاوێنەکان Pure forms مێژوویەکی کۆنتریان هەیەو پێشوتریش لەلایەن تەلارسازانی شۆڕشی فەرەنسی یەوە بەکارهێنراون وەکو ئێتیێن لوی بولیی، ژان نیکۆلا لوی دیوغۆ، کلۆد نیکۆلا لودو، کە بەهەمان شێوە و بەڕادەیەکی زۆر گۆ(sphere)یان بەکارهێناوە وەکو ئامرازێک بۆ گوزارشتکردن لە ئۆتۆنۆمی تەلارسازی، لەگەڵ کەمکردنەوەی بەکارهێنانی ئۆرنەمێنت. ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە تەلارسازانی سۆڤیەتیش ئاگاداری ئەو تەجروبانە بوون و نموونەی خۆیان لەوانەوە وەرگرتووە. هەرەکو فرامپتن ئاماژەی بۆ کردووە **"سەرەڕای ئەو ڕەهەندە ئازادیخوازو ئیرۆتیکیانەی کە ئەم ڕوئیایە پێشنیازی کردووە، تەلارسازیەکەی لیۆنیدۆڤ هێشتا لە ناو پارەدایمەکانی سەدەی هەژدەو نۆزدەدا قەتیس ماوەتەوە. بە مانایەکی تر، لەناو ئەندازەی خاوێن و تەکنیکی خاوێن pure geometry and pure technique وەکو دوو بڕیاردەری تەحەکوم کردن بە**

**فۆرمی تەلارسازی.**"[٢٧] بەلام جیاوازیەکە لەوەدایە پرۆژەکانی سەردەمی شۆرشی فەرەنسی هیشتا هەلگری سیفەتی هاوتایین symmetrical وە بە تەواوی لە زمنی نیۆکلاسیکیەتدا ماونەتەوە کە ئەوان ئەیانویست رووبەرووی بینەوە. دەکری بگوتری فەرد فەرد کردن و بلاوکردنەوەی توخمەکانی بینا کە لیۆنیدۆڤ پیشنیاری کردووە، مەرامەکەی تەمسیلکردن بوو لە پرۆسەی دوبارە ریکخستنەوەی نیزامی سیاسی لە روسیای قوناغی دوای شۆرشدا.

فیگەری یەکەم: دوبارە دروستکردنەوەی دیزاینەکەی ئیڤان لیۆنیدۆڤ بۆ یانەی جۆری نویی کۆمەلایەتی بەشیوەیەکی تیۆری لە رەگوریشە کلاسیکیەکەیەوە لەریگای پلانەوە. (شیوەی ١-٥: لە جی لابردنی تەوەرە سەرەکیەکانی هاوتاییوون Dislocation of the main axes of symmetry، شیوەی ٦-٩: تەرجومەکردنی ئیلەمینتە جۆراوجۆرەکانی پرۆژەکە بەدریژایی تەوەرەی ستنووی هاوتابوونیان، شیوەی ١٠: پلنی راستەقینەی پرۆژەکە).




گەر لە ناحیەی کۆمپۆزیشنەوە بروانینە یانەی جۆری نویی کۆمەلایەتی، پرۆگرامیکی پارچە پارچەکراو ئەبینین بۆ چوار بەش کە بەسەر زەویدا پەرشوبلاوکراوەتەوە، هەر وەزیفەیەک خراوەتە ناو شیوەیەکی ئەفلاتونیەوە. کۆمپۆزیشنی تیکرای بیناکان لامەرکەزی کراوە decentralized، بۆیە کۆمپۆزیشنیکی داینەمیکی هەیەو بە تەواوی ناهاوتایە. ئەگەر بیتو بەشیوەیەکی تیۆری جاریکی تر ئەو پرۆژەیە لە پلان دروستبکەینەوە recompose لەو خالەوە کە هەموو شیوەکان هەمان سەنتەریان هەیە لە سەرەتاوە، ئەوا دوو قوناغ هەستپی ئەکەین کە لیۆنیدۆڤ بەکاریهیناون. لە قوناغی یەکەمدا تەوەرەی هاوتایی orthogonal axes of symmetry ـی هەموو ئیلەمینتە جۆراوجۆرەکانی بیناکە بەشیوەیەکی سادە لە یەکتری دوورخراونەتەوە بۆ نەهیشتنی خالیکی هاوبەش لەنیوانیاندا. لەقوناغی دووەمدائەمجارەئیلەمینتەجۆراوجۆرەکانی بیناکە عەمەلیانە لە سەنتەرەکەی پیشوترەوە بەشیوەیەکی حەلەزۆنی دەرچوون و جیابوونەتەوە بەدوای تەوەرەی هاوتابوونی خۆیاندا ، وەک بلیی هیچ قورسایی و کیشیکیان نیە. ئەم میتۆدە گرافیکیە بۆ خستنەرووی جولە بەدوایەکدهاتووەکان و پرۆسەی بیناکاری وەکو زنجیرەیەک لە جولەی کۆمپۆزیشنی یارمەتیدەرە بۆ گەران بەدوی بنچینەی کۆمپۆزیشن و چۆنیەتی پیکهاتنی کۆمپۆزیشنی داینەمیکی بەهۆی جولەوە جیاواز لە کۆمپۆزیشنی ستاتیکی. لەم کارەی لیۆنیدۆڤدا، بنچینەی کلاسیکی کارەکە بەروونی دەرکەوتووە کە لە یەکپارچەیی و هاوتایی و زەمینشینیەوە symmetry, cohesiveness, and groundedness کەوتۆتە جولە تا دواجار خۆی جیاکردۆتەوە.

فیگەری دووەم: مەڵۆی فۆرمە سەرەکیەکان لە تەلارسازی ئیڤان لیۆنیدۆڤ دا Basic formal repertoire of Ivan Leonidov's architecture ( شێوەی ١- پەیمانگای لینین، ١٢٧ . ٢ -کۆمەڵگەی سۆڤ-کینۆ بۆ بەرهەمهێنانی فیلم، ١٢٧ . ٣- یانەی جۆرێکی نوێی کۆمەڵایەتی، ١٩٢٨. ٤- بینای Tsentrosoyouz، ١٩٢٨. ٥- باڵەخانەی پیشەسازی ، ١٩٢٩. ٦- مۆنومێنتێک بۆ کریستۆڤەر کۆلۆمبس، ١٩٢٩. ٧- پێشنیارێک بۆ شاری نوێی ماگنیتۆگورسک، ١٩٣٠. ٨- کۆشکی کەلتور، ١٩٣٠. ٩- کۆشکی کەلتوری بۆ گەرەکی پرۆلیتارسکی لە مۆسکۆ، ١٩٣٠. ١٠- گۆرەپانی سێرپوخۆڤ، ١٩٣١. ١١- وەزارەتی پیشەسازی گران، ١٩٣٤. ١٢- شاری خۆر ، ١٩٤٣-١٩٥٩).

لەرێگای ئەو میتۆدە سینەمایەی بۆ شیکارکردنی کارەکان پێشنیارکراوە ، فیگەری دووەم پلانی پرۆژە سەرەکیەکانی لیۆنیدۆڤ نیشان ئەدات. بە سەرنجدان لەو لایەنە لێکچووانەی کە لە زمنی سیتی ئەو پلانانەدا خۆیان مەڵاس داوە، ئەشی مۆدێلێکی گشتیان لێوە هەڵێنجین بۆ خستنەرووی ئەو پاتێرنانەی کۆمپۆزیشن کە چونیەکن. فرامپتن دەڵی ئەو پرۆژانەی کە لیۆنیدۆڤ دروستیکردوون لەدوای ساڵی ١٩٢٨ەوە **"لە واقیعدا هەموویان تەنها نوسخەیەکی دیکە بوون بۆ پرۆژە بەناوبانگەکەی پەیمانگای لینین کە ساڵێک پێشوتر دیزاینی کرد بۆ سایتێک لە دەرەوەی مۆسکۆ."**[٢٨]



فیگەری سییەم: مۆدیلێکی گشتی بۆ پرۆسەی پێکهێنانی پرۆژە سەرەکییەکانی ئیڤان لیۆنیدۆڤ General model of the compositional process of Ivan Leonidov's major projects.

فیگەری سییەم ئەو هەنگاوانە کورت دەکاتەوە کە لە قۆناغەکانی پێکهێنانەوەی پرۆژەکان تێبینی کراون. هەنگاوی یەکەم موهتەمە بە خودی سپەیس پرۆگرام و پارچەپارچەکردنی بۆ چەند توخمێکی تر، ئەمەش ڕێگا خۆشدەکات بۆ هەبوونی فرەچەشنی لە فۆرمدا، کە ئەوانیش بە شێوەی سادە تەعبیرکراون. لە قۆناغی دووەمەوەیە کە داهێنان لە پرۆگرامدا خۆ دەخزێنێتە ناو دیزاین، پرۆگرامی نوێی داوانەکراو زیاد ئەکرێن بۆ هەموو کۆمپلێکسەکە بە مەبەستی دروستکردنی ژینگەی کۆمەڵایەتی چاککراو.

ئینجا لەدوای ئەم قۆناغانە، کۆمپۆزیشن دەخرێتە ئیش بە جولاندنی تەوەرەی هاوتایی symmetry axes هەریەکە لەو فۆرمە جیاوازانەی کە پرۆژەکە پێکدەهێنن. بەرەنجام دروستبوونی دۆخێکی لامەرکەزی و نەمانی ناوەندێکی ئاشکرایە بۆ پرۆژەکە، ئاکامی هەموو ئەو جولانەش لە کۆتاییدا دەرگا بەسەر دوو ئەگەردا ئەکاتەوە: لە تەلارسازی دا دەبێتە هۆی دابەشبوونێکی پانوپۆرplanar dispersion (یان دابەشبوونێکی تیشکدار radial dispersion کە لەسەر ڕێڕەوی ڕاستەهێڵی دەڕوات)، لە ئێربەنیزم دا دەبێتەهۆی دابەشبوونێکی ڕاستەهێڵی linear dispersion، وەک تێبینی دەکرێت لە پلانی لیۆنیدۆڤ بۆ شاری ماگنیتۆگۆرسک.



## ئیلیا گۆلۆسۆڤ

ئیلیا گۆلۆسۆڤ (١٨٨٣-١٩٤٥) تەلارسازێکی دیکەی ڕووسی بوو کە خاوەنی ڕوانگەیەکی تایبەتی بوو بۆ تەلارسازی. ژیانی کارکردنی وەکو تەلارسازی دەکرێ بۆ چوار قۆناغ پۆلێن بکرێت. دیزاینەکانی لە سەرەتادا لە کلاسیکیەتێکی سادەوە دەستیان پێکرد لەنێوان سالآنی(١٩١٨-١٩١٩)، ئینجا دواتر ستایلێکی تایبەتی فەردی پەرەپێدا کە ناوزەدی کردووە بە ستایلی ڕۆمانسیەتی سیمبۆلی Symbolic Romanticism لەنێوان سالآنی (١٩٢٠-١٩٢٣).[٢٩] دواتر تێکەڵەیەک لە ڕۆمانسیەتی سیمبۆلی لەگەڵ کەنستراکتیڤیزم لەنێوان سالآنی (١٩٢٥- ١٩٣٢). لەپاش سەرکوتکردنی مۆدێرنیزمیش ستایلێکی دیکەی تایبەتی داهێنا بەناوی پۆست کەنستراکتیڤیزم (١٩٣٢- ١٩٤١).[٣٠]

گۆلۆسۆڤ لە سالآنی تاقیکاری دوای شۆڕشدا، ڕێچکەیەکی جیاوازی لە ڕۆمانسیەتی شۆڕگێری گرتەبەر کە ناسراوە بە (ڕۆمانسیەتی سیمبولی). ئەو پشتی بەست بە سیمبۆلیزمی قەبارە تەلارسازییە ڕێکخراوەکان organized architectural volumes (ئەو ڕەمزەی کە لە ڕێکخستنی قەبارەکانەوە دروست دەبێت)، وە کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر پێرسێپشنی مرۆڤ لەدەرەوی ئەو لێکدانەوە تەقلیدیانەی کە لە زیهنی خەلکدا و بەهۆی کەلتورەوە گرێدراون بەو قەبارانەوە. بڕوای وابوو کێشەی سەرەکی فۆرم پەیوەندی هەیە بە هێزە ناوەکیەکانی ناو بارستەکانەوە internal dynamics of the masses، کە بەهۆی مواسەفاتە ئەندازەییەکانیانەوە geometric properties دیاری ئەکرێن. هێلەکانی کێشکردنی زەوی کە کاردەکەنە سەر یەکتڕاکێشان و تەفاعولی نێوان پارچەکانی فۆرم، بەلای گۆلۆسۆڤەوە وەکو چوارچێوەیەک لێیان ئەڕوانرا کە تەواوکاری و یەکپارچەیی ئەبەخشنە فۆرمی تەلارسازی، ئەمەش تەنها و تەنها هونەرمەند ئەیانبینێت. گۆلۆسۆڤ سەرسام بوو بە قەبارە ناهاوتاکانasymmetrical volumesئەوکاتەی لەگەڵ پارچەی دیکەدا بەکاردەهێنرێن ئابنە هۆی دروستکردنی هاوسەنگی equilibrium. لە تێڕوانینی گۆلۆسۆڤ دا فۆرمگەلێکی وەکو خشتەکی و لولەکی و قوچەکی (cube, cylinder، pyramid) کە کۆن بوون و ئیتر ژیانی خۆیان ژیاون، لە بنەڕەتەوە ڕێگرن تاکو لەگەڵ فۆرمی دیکە دا کۆبکرێنەوە. لولپێچی spiral کە یەکێکە لە خەسلەتە زۆر بەکارهاتووەکانی ناو دیزاینەکانی، بە پێچەوانەی ئەو فۆرمانەی پێشوتر فۆرمێکی داینەمیکی یە و توانای کۆکردنەوەو یەکخستنی هەیە.

لە ڕوانگەی گۆلۆسۆڤەوە، داینەمیکیەتی کۆمپۆزیشن Compositional dynamism ڕەنگدانەوەی ڕۆحی شۆڕشە. سیفەتی گوزارشتیەت expressiveness لە دیزاینە بەراییەکانی گۆلۆسۆڤ دا ، کە هیچیان جێبەجێ نەکران و تەنانەت بۆ ئەو مەبەستەش نەخشەسازیان بۆ نەکرابوو، دەچێتەوە سەر ئیشەکانی ئێریک مێندلسن کە لە ئەڵمانیا دروست کراون لە هەمان ئەو سالآنەدا.

لە ڕۆمانسیەتی سیمبولیستی دا دەبوو بینا سەنتەرێکی قورسی بارستایی هەبێت ، شێوەیەکی گەورە کە زاڵ بێت بەسەر کۆمپۆزیشندا. هەموو دیتێل و شێوە بچوکەکانی دیکەش پێویستبوو ملکەچ بن بۆ شێوە زاڵەکەو هەتا لە ناوەند دوورکەونە ئیقاعەکەیان بەرە بەرە بچوک بێتەوە.

گۆلۆسۆڤ هەستا بە کێشانی خەتێکی جیاکاری لەنێوان "بارستە mass" و "شێوە form"، "بارستە" بریتی یە لە شێوەیەکی سێ ڕەهەندی کە هیچ ناوەڕۆکێکی نیە، "شێوە" ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەیەو هەر ئەو ناوەڕۆکەشە کە شێوە دەنەخشێنێت.. "شێوەی تەلارسازی "Architectural Form بریتی یە لە بارستاییەک کە مانایەکی تایبەتی هەیە.

هەروەها گۆلۆسۆڤ جیاوازای کرد لەنێوان "بارستەی زاتی subjective mass" و "بارستەی مەوزوعی objective mass". "بارستەی زاتی" بریتی یە لە سۆلیدێک کە نەوەک هەر دەبێتە ناوکی پێکهاتەی گشتی ئەندامیکی تەلارسازی بگرە وەک ناوەندی کۆمپۆزیشن خۆی دەرەخات کە هەموو تێگەیشتنی سپەیسەکەی بەسەردا چڕ بۆتەوە. "بارستەی مەوزوعی" هەمیشە بە پاشکۆ و بە ملکەچی دەمێنێتەوە بۆ "بارستەی زاتی".

هەموو ستراکچەرێکی تەلارسازی دەکرێ وەکو بارستاییەک سەیربکرێت کە شوێنێکی دیاریکراو لە بۆشایدا داگیر دەکات و وەکو فۆرمێکیش (یان کۆمەڵێک فۆرم) کە لە دووتوێی خۆیدا تایبەتمەندیەکی تایبەتی فەنکشن بەرجەستە ئەکات کە لەمانای ناوەوەی داتاشراوە.

"بارستە" بریتی یە لە دیاردەیەک کە خاسیەتە سەرەکیەکانی سەنگ و هێزن power, weightiness.. دەکرێ بە سەربەخۆیی و بە شێوەیەکی جیا لە فۆرم دیراسە بکرێت.

"شێوە" بریتی یە لە دەربڕی جەوهەر، واتە دەربڕینی مانای تەنێکی تایبەتی. فۆرم سنوورەکانی دیاردەیەک دیاری ئەکات.

شێوەی تەلارسازی بریتی یە لە دەربڕی بیری تەلارسازی Architectural form is the expression of architectural thought.

یەکێک لەو مەرجە سەرەکیانەی کە تەحەکوم دەکات بە کۆمپۆزیشنێکی مانادار لە تەلارسازی دا بریتی یە لە تێگەیشتن لە خاسیەتەکانی ڕێکخستنی بارستایی یان شێوە بەکارهاتووەکان بەگوێرەی وەستان و جوڵەیان repose & movement ، وە هەروەها لەو خاسیەتانەشی کە لە بنەڕەتەوە بە زگماک تێیاندا وجودیان هەیە.

هەموو ستراکچەرێک بەگشتی ئاراستەیەکی زاڵی جولآنی هەیە. بەدەستهێنانی هارمۆنی لەنێوان بارستاییەکانی هەر ستراکچەرێکدا مانای بەدەستهێنانی هارمۆنیە لەنێوان هەموو جوڵەکاندا.

دیزاینەکەی گۆلۆسۆڤ بۆ پێشبڕکێ "کۆشکی کرێکاران" ساڵی ١٩٢٣، کە دەکرێ وەکو جوانترین شاکاری ڕۆمانسیەتی سیمبولیستی لە قەڵەم بدرێت، تەنها خەڵاتی پێنجەمی بەدەستهێنا. بەڵام دیزاینەکەی تا ئەمڕۆش هەر سەرنجڕاکێشە بەهۆی داینەمیکیەتی ڕێکخستنی قەبارەکانیەوە. لەگەڵ گۆڕانی ئیقاعی قەبارەکان دا، پلانەکەش بەشێوەیەکی لۆجیکی ڕێکخراوە کە لەیەک کاتدا تەنزیمکردنێکی هەم ئاڵۆز و هەم ڕوون و ئاشکرای هەیە لە ڕێکخستنی ناوەوەدا.[٣٢]

فراژیبوونی کەنستراکتیڤیزم لەدوای ساڵی ١٩٢٤و بە تایبەتیش کارەکانی برایانی ڤیسنین، سەرنجی گۆلۆسۆڤی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. بەڵام هیچ ڕۆژێک لە ڕۆژان بە فەرمی چوونە سەر ڕێبازی کەنستراکتیڤیزمی ڕانەگەیاند و تەنانەت نەبووە ئەندامی ڕێکخراوی ئۆساش وەکو براکەی پانتیلیمۆن گۆلۆسۆڤ. گۆلۆسۆڤ هەندێ ئایدیای لە برایانی ڤیسنینەوە وەرگرتووە وەکو بایەخدان بە بەکارهێنانی شوشە لە ئێکستیریەری بینا دا و تێکهەڵکێشی کردوون لەگەڵ ئایدیا ڕۆمانتیکیەکانی خۆی. بەپێچەوانەی تیۆریستەکانی وەکو



١٩.٣ ئیلیا گۆلۆسۆڤ، پێشبڕکێی کۆشکی کار، ١٩٢٣

لیۆنیدۆڤ و گینزبێرگ، ئەو سەرقاڵ بوو بە لایەنی پراکتیکی و ئیدارەدانی کارەکانی لە سەر سایت بۆیە خۆی بەدوور گرتووە لە گفتوگۆ تیۆریەکانی نێوان ساڵانی ١٩٢٥-١٩٢٩. سەلیم خان ماگۆمیدۆڤ دەڵێت **"گۆلۆسۆڤ نایابترین نموونەکانی کەنستراکتیڤیزمی دروست کرد بەڵام هەرگیز نەبووە کەنستراکتیڤیستێکی دڵسۆز. لەوە تێگەیشتبوو کە تیۆریەکانی کەنستراکتیڤیزم پێچەوانە و دژ بوون لەگەڵ بیرۆکە تەلارسازیەکانی خۆی لە سەرەتای بیستەکانەوە... گۆلۆسۆڤ کەنستراکتیڤیزمی تەنها وەکو ترێندێکی دیکۆرەیشنی دەرەوە پەسندکرد نەوەک وەکو ستایلیکی وەزیفی گشتگیر."[٣٣]**

لەنێوان دیارترین کاری ئەم قۆناغەی یانەی زویڤە کە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧– ١٩٢٩ لە شاری مۆسکو دروست کراوە. بیناکە دیزاین کرابوو بۆ لە خۆگرتنی فەنکشنی هەمەجۆر بۆ کرێکارانی مۆسکو.

گۆلوسۆڤ زیاتر شەیدای فۆرمی گوزارشتخوازو داینەمیک وەک لە میتۆدەکانی دیزاینکردنی کەنستراکتیڤیستەکان. خاسیەتێکی دیاری ئیشەکە چۆنیەتی بەکارهێنانی شوشەیە بەشێوەیەکی نوێ و داهێنەرانە لە گۆشەی بیناکەدا. ڕووکاری بیناکە پێکهاتووە لە لولەکی قادرمەی شوشەیی کە یەکتری ئەبڕن لەگەڵ ڕووتەختی لاکێشەیی نهۆمەکان بۆ دروستکردنی کۆمپۆزیشنێکی داینەمیکی. زنجیرەیەک لە ژوورەکانی یانە و فویەری کراوە بەکارهێنەر ئەگەیەننە سەر هۆڵێکی ٨٥٠ کەسی.[٣٤]



۲۰.۳ ئیلیا گۆلۆسۆڤ، یانەی کرێکارانی زویێڤ، وێنەیەکی کۆنی بیناکە دوای دروستکردنی، ۱۹۲۷-۱۹۲۹.

۲۱.۳ ئیلیا گۆلۆسۆڤ، یانەی کرێکارانی زویێڤ، وێنەیەکی نوێی بیناکە دوای چەند دەستکاری کردنێک و ئەنجامدانی گۆڕانکاری تیایدا، ۱۹۲۷-۱۹۲۹.



# کاریگەری مۆدێرنیزم لە دەرەوەی ڕوسیا

## کەنستراکتیڤیزمی نێودەوڵەتی

لە پایزی ١٩٢١ ئێل لیسیتزکی بەرەو بەرلین سەفەری کرد بە ئەرکێک کە لەلایەن ئەناتولی لوناچارسکی وەزیری پەروەردەو ڕۆشنبیری یەوە ڕاسپێردرابوو تاکو هونەر و تەلارسازی ڕووسی بە دەرەوەدا بلاوبکاتەوە بۆ گەیاندنی ئایدیەلەکانی شۆڕشی ڕووسی بە ئەوروپا.

لە بەرلین ئاشنایەتی پەیداکرد لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندا، لەناویاندا هانس ڕیختەر کە پێکەوە ڕۆژنامەی (G)یان بلاوکردەوە ساڵی ١٩٢٣، وە مارت ستامی فەنکشنەلیستی هۆلەندی کە پێکەوە لەگەڵ هانس مایەر و هانس شمیت بلاوکراوەی ABC یان دامەزراند ساڵی ١٩٢٤. لەڕاستیدا بەشێکی زۆری هونەرمەندانی ئەوروپی هاوسۆزبوون لەگەڵ شۆڕشی بەلشەڤی و بەهاکانی سۆشیالیزم دا، ئەمەش زیاتر هانی یەکگرتنیانی دا.[١]

لەدوای ١٩٢٤ەوە، ڕەوتی نێودەوڵەتی تەلارسازی کۆنستراکتیڤیزم هاتەکایەوە کە بلاوکراوەی ئەی بی سی زمانحاڵی ڕەوتەکە بوو. بزووتنەوەکە دوو کەلتوری جیاوازی تەلارسازی تێکەڵ بە یەکتری کرد، کەلتوری خەفیفی و فۆرمەلیزم و شەفافیەت و پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا و هاوسەنگیەکی ناجێگیری بارستەکان و قەبارەکان لە تەرەفی لیسیتزکیەوە لەگەڵ کەلتوری فەنکشنەلیزمی توندڕۆ لە تەرەفی ستام و مایەرەوە کە لە پلان ئیشیان دەکرد، هەموو ئۆرنەمێنتیکیان لە کارەکانیان دا سڕیبووەوە، وە هەوڵی بەدەستهێنانی گەورەترین ئەنجامیان ئەدا بە کەمترین تێچوون.[٢]

ئەندامانی ئەی بی سی ئەیانویست بیناکانیان بەپێی پێودانگی ڕێچکە سۆڤیەتیەکە هەڵچنن بەلام بەشێوەیەک کە لە خەسڵەتە نا کرداری و یۆتۆپیەکەی دابماڵرێت و تەحویل بکرێت بۆ ڕێچکەیەک کە لەڕووی ئابووری و ستراکچەرەوە قابیلیەتی جێبەجێ کردنیا هەبێت. لەمەشدا بەڕادەیەکی باش سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، بەشێوەیەک کە لەنێوان ١٩٢٤-١٩٣٩ تەلارسازانی ئەی بی سی ژمارەیەکی زۆری بینایان بە کوالیتیەکی کەنستراکتیڤیانەی زۆر باش دیزاین کردن لە هۆلەندا، سویسڕا، ئەڵمانیا، چیکۆسلۆڤاکیا، ڕوسیا، مەکسیکۆ، وە ئەمەریکا. بەشێک لەوان بنیاتنراون و هەر لەوکاتەشەوە بوونە لاندمارکی بزووتنەوەی مۆدێرنیزم.[٣]

سیما ئینگبەرمان لیسیتزکی بە باوکی کەنستراکتیڤیزمی نێودەوڵەتی دائەنێت، بەبێ سوربوونی ئەو لەسەرەوەی کە کەنستراکتیڤیزم دەبێت ستایلێکی نێودەوڵەتی بێت نەوەک تەنها لەناو ڕوسیادا پەنگ بخواتەوە، ئەوا نە ئەی بی سی دروست ئەبوو نە کەنستراکتیڤیزم هیچ مێژوویەکی دەبوو لە دەرەوەی ڕوسیا دا.[٤]

بەدرێژایی سەدەی بیست بنەماو خەسڵەتەکانی مۆدێرنیزمی ڕووسی بە زیندوویی مانەوەو تا دەگاتە سەدەی بیستویەک بەردەوام بوونەتە سەرچاوەی ستایلی تازەو کاری تازە لە شوێنە جیاوازەکانی سەرزەویدا.

یەکێک لە بزووتنەوە هەرە دیارەکانی تەلارسازی لە ڕۆژگاری نوێمان دا کە ستایلی دیکەنسترەکشنە، لە منداڵدانی کەنسترەکتیڤیزمەوە هاتوتەبوون. ڕێبەرە دیارەکانی ئەم ستایلە کەم تا زۆر سوودیان لە سەرچاوەو پێشینە تەلارسازیەکانی مۆدێرنیزمی سۆڤیەتی وەرگرتووە.

زەها حەدید یەکێکە لەو تەلارسازانەی سوپریمەتیزم جێدەستێکی دیاری هەبووە بەسەر بیرکردنەوە تەلارسازیەکەی. بەلام وەک ئەڵێن ئەم هەویرە ئاوی زۆر ئەکێشێت، ئەم باسەی دیکەنستراکشنیش لە ڕاستیدا زۆر هەڵەگرێت و لێرەدا جێگای نابێتەوە، خوا یار بێت لە کات و شوێنی خۆشیدا دێینە سەر باسکردنی.



١.٤ زەها حەدید، پارکی ئۆتۆمبیل



٢.٤ زەها حەدید، بنکەی ئاگرکوژێنەی ڤیترا



٣.٤ زەها حەدید، سەنتەریکی نویی زانکۆ



٤.٤ زەها حەدید، تابلۆیەکی سوپریمەتیستی

# پلانینگی شار

## شاری سۆشیالیستی لەنێوان دیدی ئێربەنیستەکان و نا ئێربەنیستەکان دا

لەدوای جێبەجێکردنی فەلسەفەی سۆشیالیزم بەسەر یەک بیناو ستراکچەردا (ئەپارتمێنت، یانە، شانۆکان، ئۆفیسەکان، کتێبخانەکان، بەنداوەکان، کارگەکان و دەزگاو دامەزراوەکانی دەولەت)، ئەمجارە تەلارسازان سەرنجی خۆیان راکێشا بۆ دروستکردنی پەیوەندی نموونەیی لەنێوان هەموو بیناکان دا، واتە بۆ مەسەلەی پلانسازی و تەنزیمکردنی شار و دێهاتەکان بەپێی ئایدیاکانی سۆشیالیزم.[1] دابەشکردنێکی یەکسانی سپەیس بەسەر خەلکدا، تێکەلکردنی شار و دێهات بۆ پێکهێنانی یەک چینی پرۆلیتاری یەکگرتوو، دروستکردنی سپەیسی هاوبەش بۆ جەماوەر، نەهێشتنی پلەبەندی کۆمەلایەتی hierarchy، هەموویان پێکەوە وەکو چەند ئایدیایەکی سۆشیالیستی دەوری خۆیان هەبوو لە دیاریکردنی شێوەی ئەو شارەی کە کۆمەلگەی سۆشیالیستی تێیدا نیشتەجێ ئەبێت.

روسیا لەپێش شۆرشی ئۆکتۆبەر بە رادەیەکی کەم بە پرۆسەی ئێربەنیزەیشن دا رۆیشتبوو، زۆرینەی دانیشتوانەکەی لادێنشین بوون و بە کشتوکالەوە خەریک بوون لەرێگای دەستەوە، ئەو سێتلمێنتانەی کە شیاوی ئەوە بوون پێیان بووترێت "شار" بریتی بوون لە سان پیتەرزبێرگی پایتەختی کۆن و مۆسکۆی پایتەختی نوێ، هەریەکەیان نزیکەی دوو ملیۆن دانیشتوانی هەبوو. لە ناحیەی تەکنیکەکانی بیناکاریەوە، بینای پێشکەوتووی هاوشێوەی بیناکانی ئەوروپا لە چەند شوێنێکدا بەدی ئەکران بەلام بە رێژەیەکی کەم. دیمەنی شاری مۆدێرن و ئەو ژینگە پیشەسازیەی ئەم شارانەی خولقاندبوو، کە سەرچاوەی ئیلهام بوون بۆ مۆدێرنیزمی ئەوروپی و ئەمەریکی، دانیشتوانی روسیا هێشتا ئەزموونیان نەکردبوو. هەولدان بۆ هێنانی لایەنە بنچینەیی و پێویستەکانی مۆدێرنیتی بۆ روسیا وەکو خوێندەواری، کارەبا، مەکینە سەرەتاییەکانی کشتوکال، بوونە سەرەکیترین کەمپەینەکانی حکومەتی سۆڤیەتی لە بیستەکانی سەدەی بیستدا.[2] بەگوێرەی ئامارەکان ژمارەی دانیشتوان لە سالی ١٨٩٧ دا ٨٠ ملیۆن کەس بوون، لەو ژمارەیەدا تەنها سەدا سێزدەیان شارنشین بوون، لە ١٩٢٦ دا ژمارەی دانیشتوان بۆ ١٠٠ ملیۆن کەس زیادیکردووە، بەلام رێژەی شارنشینی تەنها بۆ سەدا حەڤدە بەرزبۆتەوە.[3]

دەسەلاتدارانی رووسیا هەلمەتێکی گەورەیان دەستپێکرد بۆ مۆدێرنیزەکردنی ولات. هەنگاوەکانی گۆرینی ولات لە کۆمەلگەیەکی کشتوکالی یەوە بەرەو کۆمەلگەیەکی پیشەسازی، لەرووی دیمۆگرافیەوە پێویستی بە راگواستنی خەلک و کۆکردنەوەیان هەبوو لە دەوری کارگەکان و شوێنەکانی بەرهەمهێنان دا. لەبەرەوە ولات پێویستی بە دروستکردنی شاری نوێ هەبوو لەگەل دووبارە چاوخشاندنەوەو هەلسەنگاندنەوەی دۆخی پلانسازی شارە مەوجودەکان. حکومەت پلانێکی گەورەی دارشت بۆ دووبارە نیشتەجێکردنەوەی دانیشتووان، بۆیە هەر لە دوای ١٩١٧ ەوە دەستیکرد بە راگواستنی خەلک لە قەراغی شار و دەشت و دێهاتەکانەوە بۆ ناو شارەکان و گردکردنەوەیان لەناو کۆمۆنەکان دا کە کە پێکدەهاتن لە بینایەک یان کۆمەلە بینایەک و لەناویاندا خزمەتگوزاریە پێویستەکان دابینکرابوون. تاکو سالی ١٩٢٤ نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسی راگوێزراو بە تەنها لە شاری مۆسکۆدا نیشتەجێکران، وە ٢٠٠ هەزار راگوێزراوی تریش لە پیترۆگراد نیشتەجێکرانەوە. بەمەش رووبەری شارەکان گەورەو بەرفراوانبوو، پاتێرنی کۆمەلایەتی سێتلمێنتەکانی شار گۆرانکاری گەورەیان بەسەرداهات. لە پرۆسەکەدا، شێوازی نوێی ژیانی کۆمەلایەتی پەیدابوون کاتێک کرێکاران گوێزرانەوە بۆ ناو شوقەی کوالیتی نزم و راهاتن لەگەل مەتبەخ و کافتریای گشتی ، دایەنگا ، شۆرگەی گشتی laundry ، ژووری خوێندنەوەو بەسەربردنی کات، کە هەموویان پشتیان دەبەست بە خۆ خزمەتکردن و خۆ بەرێوەبردن. ئەم کۆمۆنانە تەشەنەیان سەند و تا سالی ١٩٢١. لە شاری مۆسکۆ ژمارەیان گەیشتە ٨٦٥ کۆمۆنە. بەلام دواتر گەشەکردنی کۆمۆنەکان تا رادیەک بە بنبەست گەیشت بەهۆی دابەشکردنی تەقلیدیانەی دوێلینگەکان بۆ شوقەی لەیەک دابراوی شێوە خانەیی.[4]

تێکرای ئەم هەنگاوانە ئایدیای نوێی بۆ پلانی شار بەدوای خۆیدا هێنا. هەبوونی رووبەرێکی فراوانی چۆلوهۆل لە ولاتی روسیا بەراورد بە کەمی رێژەی دانیشتووانەکەی، پالنەرێکی دیکەی بەهێز بوو لە گەلالەبوونی بیرۆکە پلانسازییەکان. بەرەبەرە دەستکرایە رێکخستنی پرۆسەی پلانسازی و دانانی چوارچێوەیەکی دروست بۆی. لە ١٩١٩ەوە تەلارسازان و پلانسازان دەستیاندایە دروستکردنی جۆری نوێی کۆمۆنەکان.

لەراستیدا یەکەمین هەنگاوی بایەخدار کە کاریگەریەکی راستەوخۆی هەبوو لەسەر تەلارسازی و پلانینگی شارەکان،

لە ١٩١٨ دا نرا کاتێک کۆمیتەی جێبەجێکاری پان-ڕووسی موڵکی تایبەتی private property هەڵوەشاندەوەو بانگەشەی بە سۆشیالیست کردنی هەموو خاک و زەویەکانی کرد: **"خاوەنداریتی تایبەتی خاک هەڵوەشێنرایەوە. بڕیار لە سەرتاپای خاک و زەویەکان دراوە کە موڵکی هەموو خەڵکن و دەبێ ڕادەستی کرێکاران بکرێن بەبێ هیچ قەرەبوو کردنەوەیەک، لەسەر بنەمای بەکارهێنانی خاک بە هاوبەشی. دارستانەکان، سەروەت و سامانی زەوی، سەرچاوەکانی ئاو کە بایەخێکی گشتیان هەیە، هەموو تۆمارێکی زەوی و زار و موڵکی تاکەکەس (زیندوو یان مردوو)، سەرلەبەری دەزگا بەسوود و بەهادارەکان، لەمڕۆ بەدواوە وەکو موڵکی نیشتیمانی بڕیاریان لەسەر درا."**[٥]

ئەم بڕیارەی زەوتکردنی سەرتاپای خاک ، کە مەبەستی سەرەکی لێی ڕەخساندنی زەمینە بوو بۆ بەڕێوەبردنێکی بە پلان و بەرنامەی سەرچاوە سروشتیەکان، هاوکات لەگەڵیدا کۆمەڵە بڕیارێکی تریش دەرکران سەبارەت بە موڵک و ماڵ و نیشتەجێبوونی گشتی public housing وەکو هەوڵێکی سەرەتایی بۆ بەخشینی هەندێک نیزام بە هەلومەرجی شپرزەو مەترسیداری ژیان و گوزەرانی خەڵک کە لە سەردەمی قەیسەریەتەوە سەرچاوەی گرتبوو. لە ٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بڕیاردێک درا کە ڕێگای بە کۆمۆنەکان دا بۆ زەوتکردنی هەموو ئەپارتمێنتە چۆڵەکان تاوەکو دابەش بکرێن بەسەر کەسانی بێ ماڵ و حاڵ و چینی هەژاران دا. لە ١٤ی دیسێمبەری هەمان ساڵدا بڕیارێکی دیکە دەرکرا و هەموو جۆرە مامەڵەکردنێکی بە زەویەکانی شارەوە قەدەغەکرد، یاساکانی بارمتە و تاپۆکردن و کڕین و فرۆشتی زەویەکان هەڵوەشێنرانەوە وەکو هەوڵێکی تر بۆ گواستنەوەی سەرتاپای کەرتی بیناکاری بۆ ژێر دەستی کۆمۆنەکان و سۆڤیەتە خۆجێیەکان. لێرەدا زۆر گرینگە تێبینی ئەوە بکەین کە بڕیارەکانی بە سۆشیالیست کردن لە نێوان ١٩١٧-٢١ بە تەواوی دەروازەی نوێی بە ڕووی پلانینگ دا کردەوە، لە هەمانکاتیشدا دەرگای بەسەر سەربەخۆیی تیربەن پلانینگدا داخست وەکو بوارێک، کە سەربەخۆیانە خۆی دامەزراندبوو لە میانەی باسوخواسێکی دووروبەدرێژی تیۆری دا لەنێوان ساڵانی ١٨٧٠- ١٩١٤ لەو وڵاتانەی کە خاوەنی گەشەیەکی سەرمایەداری پێشکەوتوو بوون وەکو بەریتانیا، ئەمەریکا، ئەڵمانیا. لەڕاستیدا هەموو ئەو مۆدێلانەی پلانینگ کە لە 'پێشانگا و کۆنفرانسی پلانسازی شار'دا بەریەککەوتن لە لەندەن کە ڕێکخرابوو لەلایەن پەیمانگای شاهانەی تەلارسازانی بەریتانیا، جیائەکرێنەوە بە لۆجیکێک کە بەندبوو لەسەر سێ نیزام: ١- گەشەپێدانی ئایدیۆلۆجیایەک بۆ تەداخولکردنێکی وەهای حکومەت کە موتوربەکرابێت لەگەڵ نیزامی سەربەستی ئابووری دا ناسراو بە laissez-faireism (بزووتنەوەی شاری جوانی ئەمەریکی the American City Beautiful Movement)، ٢- هەوڵی ڕێکخستنی بازاڕ لەڕێگای بەکارهێنانی بیردۆزە ئابووریەکانی پەراوێزخوازی (بیردۆزەکانی قوتابخانەی ئەڵمانی)، ٣- گواستنەوەی ڕوخسارێکی شارستانی urban theme بۆ مەوقیعێکی ناوچەیی بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی دەبنەهۆی نەهێشتنی یان کەمکردنەوەی دەستکەوتنی داهات لە مەوقیعەکەوە، ئەمەش ڕوخسەت ئەدات بە دوبارە گەڕانەوەو دەستکەوتنەوەی ئەو داهاتەی کە لەلایەن خەڵکەوە گلدراوەتەوە (بزووتنەوەی شارە باخچەییەکانی ئینگلیزیthe English Garden Cities movement). تەواوی مەودای ئەم گریمانانە وەکو هەڵەیەکی مێژوویی دەرکەوت کاتێک ئەو پرسەی کە ئەوان هەوڵی چارەسەرکردنیان ئەدا-ڕاگرتنی هاوسەنگی equilibrium لەنێوان بازاڕی زەویوزار و کەرتی بیناکاری دا - هەڵوەشێنرایەوە لە تەرەفی حکومەتەوە بەهۆی قانوونەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە، کە هەستا بە قۆرخ کردن و سڕینەوەی ئەو بابەتەی تێکڕای گریمانەکانی بەرەو ئاراستە کرابوو کە ئەویش بریتی بوو لە بازاڕ. بەڵام لەلایەن تەرەفی دووەمەوە کە پلانەران بوون چوار مۆدێلەکە وەکو چوار سەرچاوەی گرینگ هێشتا پشتیان پێ بەسترا . لە دوای ١٩٢١ و بەهۆی سیاسەتی نوێی ئابووری لینین، "قانوونەکانی خانوبەرە" ڕێگای بە هاوڵاتیان و کۆمپانیا تایبەتیەکان دا بەشێوەیەکی کاتی خاک بەکاربهێنن بۆ مەبەستی دروستکردنی بینا لەسەری دا. لە هەمووی گرینگتر بە سۆشیالیستکردنی خاک وتوویژێکی تەواو نوێی هێنا ئاراوە دەربارەی ئامرازەکانی پلانسازی. لەم حاڵەدا نەریتی ڕۆژئاوایی لە پلانسازی شاردا بەرخودانێکی گەورەی نیشاندا. هۆکاری ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکەمین گریمانەکانی پلانسازی شار و هەرێمەکان کە لەدوای ١٩١٧ەوە تیۆریزە کران، لە بواری تەلارسازیەوە سەرچاوەیان گرتبوو، کە مەیلیان بەلای ئەوەدابوو پرسی هاوسەنگی equilibrium بە سکێلێکی بەرفراوان بخەنە بەرباس، ئەو پرسەی کە ببووە ناوەڕۆکی بارگەی ڕوناکبیری لەکۆتایی سەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستدا.[٦]

بە گوتەی مانفریدۆ تافوری قۆناغی یەکەم لە پلانسازی سۆڤیەتی دا بەرەو پەرەپێدانی ئامرازەکانی پلانسازی گەشەیکرد نەوەک بەرهەمهێنانی پرۆگرامی جێگیر و چەسپاو. گەر زیاتر لێی وورد بینەوە، ئەم بارودۆخە لە ڕووی مێژوویەوە بەرەنجامی جەدەلێک بوو کە ڕوویئەدا لەنێوانی هەوڵ و کۆششی کەسانی تەکنیکی لە لایەکەوە کە پلانی پێشنیارکراویان ئەخستەڕوو بە شێوازێکی کامڵ یاخود

نیوە کامڵ وە کردەوەکانی حکومەتی ناوەندی و سۆڤیەتە خۆجێیەکان لە لایەکی ترەوە. تەلارسازان و پلانەران کە بەزۆری بەجیا ئیشیان ئەکرد لە ئەنجومەنەکانی گەل و بیرۆ جیاوازەکان ، بڕوایان وابوو بە بناغەیەکی تیۆری بەهێزەوە سازو ئامادەن بۆ دەستکردن بە دارشتن و گەشەپێدانی پلانی هەرێمی، شاری، کەرتی. ئاشکرایە بنەچەی ئەو بناغە تیۆریە، یان ئەوەتا دەگەڕایەوە بۆ نەریتی سۆشیالیستی مرۆیی و یۆتۆپی یاخود بۆ ئەو ئامرازانەی کە لە چاکسازییەکانی سەدەی نۆزدەوە داهێنرابوون. گریمانەی "شاری سۆشیالیستی" لەڕاستیدا بەرهەمی ئەو پرۆگرام و مۆدێلانە بوو کە لەنێوان سەدەی نۆزدەو دەیەکانی سەرەتای سەدەی بیست دا داهێنرابوون لە ناو کەلتوری بۆرژوازی رۆژئاواوە. بڕوا وابوو ئەم پرۆگرامانە ، کە یۆتۆپی و نەگونجاوبوون لەناو وڵاتانی سەرمایەداری دا، تەنها دەتوانرێن لەناو وڵاتانێکدا بخرێنە بواری جێبەجێ کردنەوە کە تیایاندا سۆشیالیزم پەیرەو ئەکرێت. تەجروبەکانی دوای ساڵی ١٩١٨ لە بواری پلانسازی سۆشیالیستی دا لەسەر دوو هێڵ بەرەوپێشەوەچوو، لە سەرێکەوە سازکردنی پرۆژە لەسەر ئاستی کەرتی و جوزئی بۆ دووبارە دارشتنەوەی هەیکەلی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکانی شار، ئامادەکردنی نەخشەو پلانی دوبارە رێکخستنەوەی شارەکان، دروستکردنی گەرەکی نوێی نیشتەجێبوون بەشێوەیەکی ئەزموونی، وە پرۆژەی ژێرخانی وەکو پرد و تونێل و هتد. لە سەرێکی تریشەوە، سازکردنی پرۆژەی زەبەلاح و گشتگیر لەسەر ئاستی هەرێمی.[٧]

حکومەتی سۆڤیەتی بووە یەکەمین دەوڵەت لە مێژووی نوێ دا کە خاوەنی دەسەڵاتێکی وەها گەورە بێت لە دیزاینکردنی شوێنی ژیان و حەوانەوە بۆ دانیشتووان، لە دیاریکردنی ژمارەو قەبارەو ستایلی بیناکان، لە دیاریکردنی چڕی دانیشتووان لە رووبەرێکی دیاریکراودا و لەناو یەک بینادا وە بڕیاردان لەوەی کە ئەم بینایانە بکەونە کوێوە، لە سازکردنی نەخشەی شارەکانی داهاتوو و فۆرمی شارەکان، لە رێکخستنی هاوسەنگی لەنێوان ژمارەی دانیشتووانی دێهات و شاردا، بە مانایەکی تر دەستنیشانکردنی نەخشە و شوێنی هەموو خزمەتگوزارییە مرۆییەکان وەکو کارگە، ئۆفیس، قوتابخانە، نەخۆشخانە، وە هەروەها خانووی نیشتەجێبوون. پلانسازی شار لە دەوڵەتێکی بە پلان دارێژراوی وەکو یەکێتی سۆڤیەتدا، هەروا پیشەیەکی لاوەکی نەبوو، بەڵکو لە راستی دا بریتی بوو لە "پلانسازی نەتەوەیی nation planning"، کۆشش کردن بۆ بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی بە قەبارەیەکی گەورە macro-community design، یان بە گوزارشتێکی تر بونیاتنانی یۆتۆپیا لەسەر زەوی دا بە گەورەترین سکێلی گونجاو. لەگەڵ هاتنە پێشەوەی وەها دەرفەت و ئیمکانیاتێکدا بۆ نیشاندانی بەرهەمی ئایدیاکانیان، تەلارسازان و پلانەران و ئابووریناسان و کۆمەڵناسان و جیۆگرافیزانان شاگەشکە بوون و تا ئەو شوێنەی خەیاڵ بڕکات، لە بوارەکەی خۆیان دا ئایدیای رادیکاڵیان خستەروو.[٨]

پلانسازی و دیزاینکردنی شوێنی ژیان و حەوانەوە پێویستی بە عەقڵیەتێک و خەیاڵێکی وایە کە لەیەکچوو بێت لەگەڵ سازکردنی کاری یۆتۆپی و ئەفسانەیی زانستی دا science fiction. هەروەک چۆن فریدریک ستار نووسیویەتی: **"تەلارساز دەتوانی بازبداتە ناو داهاتوو بگرە زۆر ئاسانتر لە رۆماننووس. ئەوکاتەی لەسەر بۆردی وێنەکێشانەکەی دانیشتووە ، بە سانایی دەتوانی حەقیقەتی ئێستا لەناوبەرێت تەنها بە چەند لێدانێکی قەڵەم وە جیهانێکی تازە دروستبکات تەنها بە چەند لێدانێکی قەڵەم."** تەنانەت لە کاتە ئاساییەکان و لەناو ژینگە گەشەسەندووە نا شۆرشگێرییەکانیشدا پلانسازی شار هەمیشە نەخشەیەکی دارێژراوە بۆ ژیان لە داهاتوودا. لە شۆرشی رووسیادا، تەلارسازان و پلانەران رونیایان هەبوو بۆ دوبارە رێکخستنەوەی سەرلەبەری نەتەوەیەک، بۆ گونجاندنی ستراکچەر و نا ستراکچەرەکان لەگەڵ پلانی خێرای گەشەپێدانی ئابووری دا، وە بۆ دروستکردنی کۆکەرەوەی کۆمەڵایەتی social condensers بۆ رەگەزێکی سۆشیالیستی نوێی خەڵک. هەرچەندە تەلارسازانی سۆڤیەتی بەهۆی کەمی مەوادەکان و ئیعتیباراتی سیاسی یەوە پێوەندکران، پێویستبوو بۆ خەڵکی راستەقینە و بۆ داهاتوویەکی یەکجار نزیک دیزاین بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەیاڵکردنەوەی تەلارسازی لە رووسیا لە بیستەکان و سەرەتای سیەکان دا لەسەر فەنتازیا دا دەقی گرت. چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سپەیس، پرایڤەسی، تێکەڵبوون و کارلێکی خەڵک، گواستنەوەmobility، هارمۆنی کۆمەڵایەتی، ئیشوکار، کۆمەڵ و ژیانی خێزانی ، هەر هەموویان بەردەوام یەکتریان تەقاتوع ئەکرد لەگەڵ مەسەلە و پرسە سەرەکییەکانی بیرکردنەوەی یۆتۆپی ساڵانی شۆرشگێری.[٩]

سۆشیالیزم دەلالەت ئەکات لە هاوبەشیکردن لە ژیان و مەسکەن و ئیشوکار بە رۆحێکی تێکەڵاویتی پر لە برایەتی و هارمۆنی، لەبەرەوە تەلارسازان و پلانسازان ناچار دەبوو چەند پرسیارێکی دیاریکراو بوروژێنن. کامە پێوەری لەیەک دووری کۆمەڵایەتی یان چڕی دانیشتووان پێویستە بۆ بەدەستهێنانی ئەمە؟ تا چەندێک خەڵک دەتوانن لەیەک دوور بژین و ئێستاش هەر پێیان بوترێت کۆمەڵ community؟ تاکەکەس پێویستی بە چەندێک لە بۆشایی پرایڤەت و ئەوکاتەش هەیە کە لەو بۆشاییەدا بەسەری ئەبات بەبێ تێکدانی هەستی کۆمەڵ sense of community؟ ئەم پرسیارانە

وەکو پرسیاری زۆر پێویست و خوزراو ماونەتەوە لە گەشەکردنی جیهانی هاوچەرخ دا، لە دابەشکردنی خەڵک بەسەر زەوی دا، لە پلانسازی شار و هەرێمی ، وە لە بینای ئاسایی تەلارسازی دا. هەر ئەم پرسیارانە بوونە هۆی دیاریکردنی ڕێرەوی گفتوگۆکان و نەخشەکانی شار و پرێزنتەیشنەکان لەلایەن تەلارسازانی سۆڤیەتەوە.[11]

بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەورووپی و بزووتنەوەی شاری باخچەیی نێودەوڵەتی، بوونە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەند و بە برشت بۆ بواری پلانسازی. سۆشیالیستەکان شار و توانای بەرهەمهێنانی شاریان بەرز ئەنرخاند بەڵام لە هەمان کاتیشدا خراپیە کۆمەڵایەتیەکانی سەرمایەداریانەی شاریان سەرزەنشت ئەکرد، هەروەها بە چاوێکی نزمیش سەیری دێهات و ژیانی لادێیان ئەکرد لە فۆرمە تەقلیدیەکەیدا، بۆیە تەسەوری جیهانێکیان ئەکرد هاوسەنگی تێدا بەرقەرار بکرێت و هیچ ناکۆکی و دژیەکیەکی تیادا نەبێت لەنێوانی شار و ناوچەکان دا، لەنێوانی شار و دێهاتەکان دا. لە ئیسپانیا ئەو وڵاتەی کە تیایدا مۆدێلی "شاری ڕاستەهێڵی linear city" لەلایەن سۆریا ماتاوە داهێنرا، وە لە ئینگلتەرا ئەو وڵاتەی کە تیایدا لیشاوێک ڕۆمان و بەرهەمی یۆتۆپی پەیدابوون بەر لە پەیدابوونی بزووتنەوەی باخچە شار ١٩٠٠-١٩١٤، چاکسازیخوازانی کۆمەڵایەتی و تەلارسازان ئەیانویست کۆمەڵگەیەکی تازە دروستبکەن بۆ نیشاندانی ئیمکانیاتی گەشەکردنێکی بە پلان و بەرنامە لە هەمبەری گەشەکردنی مێژووییانەی شارەکانی چاخەکانی ناوەڕاست، پاتێرنی پیشەسازی هەرەمەکی و شێواو، وە ڕایەڵەی لاوازیان لەگەڵ خاک و زەویەکانی چواردەوەریان دا. مۆدێلەکەی ئەبینیزەر هاوەرد "شاری باخچەیی garden city" کە نەخشەیەک بوو بۆ شارێکی نوێی دژە شاری لە ناوەڕاستی دارستان و سەوزایی سروشتی دا بەسەر ئەم جۆرە نەریتەدا زاڵ بوو بۆ ماوەی نزیکەی بیست ساڵ. گاردنیستەکانی ڕوسیا بەر لە شۆرش تاوتوێی ئەم پلانانەی شاریان ئەکرد، ئایدیاکانیان بووە هۆی ڕاکێشانی توێژی جیاواز بەلای خۆیاندا وەکو سۆشیالیستەکان، تولستوییەکان، کۆمەڵە ئایینیەکان، هەروەها کەسانی ڕووەکخۆر vegetarians کە ڕژێمێکی تەندروستی خۆراکیان ئەبەستەوە بە ژینگەیەکی تەندروست و هەبوونی بۆشایی کراوە open space و پاتێرنەکانی نیشتەجێبوونی بە نیزام ڕێکخراو.[11]

هەندێ کارەکتەری وەکو ڕاستەهێڵی linear و بێ چینی non-hierarchical لە فۆرمی شاردا، زۆر گونجاو بوون بۆ ئەو دادوەری و یەکسانیەی دانیشتووان خەونیان پێوە ئەبینی. بۆیە فۆرمی ڕاستەهێڵی بووە فۆرمێکی پەسند بۆ تەختیتی شاری سۆشیالیستی.[12]

بەپێی ئەم پێودانگانە ، تەلارسازان و پلانسازان بایەخێکی زۆریان دا بە بەدەستهێنانی پلانی مەحەک و شاری مەعقول. بایەخدانەکە بە پلەی یەکەم بۆ دوبارە بونیاتنانەوەی مۆسکۆ و پیترۆگراد بوو. ئەوان لە چەقی کێشەکەوە دەستیانپێکرد، واتە لە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی شارە سەرەکیەکان لە گەشەپێدانی شاری سۆشیالیستی دا و کاریگەرییان لەسەر پاتێرنەکانی دوبارە دابەشکردنەوەی دانیشتووان. لە ساڵی ١٩١٨ ئەندازیار بۆریس ساکولین نەخشەیەکی دیزاینکرد بۆ ناوچەیەکی ئابووری لە چواردەوری مۆسکۆ، هەستا بەکێشانی سیستەمێک لە شاری پاشکۆ satellite towns کە بەهۆی تۆڕێک لە هێلی شەمەندەفەرەوە پێکبەستراون.

لەنێوان ١٩٢١– ١٩٢٤ دیزاینێک بۆ مۆسکۆی گەورە سازکرا لەلایەن پرۆفیسۆر سێرگی کە شارە مەوجودەکەو چواردەورەکەشی لەخۆگرتبوو. کۆنسێپتەکەی ئەوەبوو کە ئەو ناوچە گەورانەی تەرخانکراون بۆ دروستکردنی بینا لە دەوری مۆسکۆ بگۆڕدرێن بۆ شریتێک لە پارک و چیمەنی تیشکدار radial و ئینجا بەهۆی پشتێنێکی سەوز لە دەرەوە پێکببەسترێنەوە. ئەم ئایدیایە دواتر لە ماستەرپلانەکانی شارەکەدا گەشەپێدرا و هەیکەلی دواتری شارەکەی دیاریکرد. بیرۆکەی گۆڕینەوەکە تا ڕادەیەک پەیوەست بوو بە بیرۆکەی گاردن ستی بەڵام لەوە گرنگتر، لە نەریتی نیشتیمانی ڕووسیەوە سەرچاوەی گرتبوو سەبارەت بە بلۆکی بیناکانی شار کە بەرەو دەرەوی شار بە شێوەی تیشکداری radial گەشەیان ئەکرد.[12]



**١.٥ سێرجی شێستاکۆف، پلانی مۆسکۆی گەورە، ١٩٢١-٢٤.**

لە بەهاری ١٩١٨ کۆمەڵەیەک لە تەلارسازانی مۆسکۆ بە سەرۆکایەتی ئیڤان ژۆلتۆڤسکی و ئەلیکسی شچوسیڤ ستۆدیۆیەکیان دامەزراند بۆ گەشەپێدانی دیزاینێک بۆ "مۆسکۆی نوێ" ، کە بووە یەکەمین ماستەرپلان بۆ گەشەسەندنی شارەکە. شتگەلێکی وەکو بناغەی زانستی بۆ پلانسازی و دیزاینی مۆدێرن، وە مۆدێلێکی ئابووری کە ڕێبەرایەتی گەشەسەندنی مۆسکۆ بکات، هێشتا لە ئارادا نەبوون بەهۆی بەردەوامی شەڕی ناوخۆوە. بەڵام تیمە گەنجەکەی تەلارسازان (لیۆنید ڤیسنین، ئیلیا گۆلۆسۆڤ، ڤیکتۆر کۆکۆرین، نیکۆلای کۆلی، نیکۆلای لادۆڤۆسکی، کۆنستانتین میلنیکۆڤ، سێرجی چێرنیشیڤ و ئەوانی تریش) لەلای خۆیانەوە بەهرەو ڕۆمانسیەتی شۆڕشگێری ئەو ڕۆژگارەیان تێدا مەوجود بوو. لە پلانەکەدا بڕیاردرا کە نابێت دوورکەوینەوە لە نەخشەی مێژوویی مۆسکۆ: سەنتەری شار وەک هاوشێوەی ڕۆژ هەژمار کرا کە تیشکی لێوە دەردەچێت، بە مانایەکی تر هاوشێوەی ناوکێک کە سیستەمێک لە سەنتەری دیکەی بچووک وەکو تیشک لێیەوە دەردەچن. دروستکردنی یەکەمین پڕۆژەی نیشتەجێبوون بەگوێرەی نەخشەی "مۆسکۆی نوێ" لەسەر مەوقیعێک دەستپێکرد لە بەشی باکوری ڕۆژئاوای شارەکە. بەپشت بەستن بە کۆنسێپتی گاردن ستی، دیزاینی خانووەکان وەها کرابوو کە ڕووبەرێکی گەورەی زەوی لە چواردەوریاندا جێبمێنێت. لەناو سێتلمێنتەکەدا جوان ڕێکخستنی خانووەکان لەسەر ستایلی خانووی لادێکانی ڕووسیا یان کوخی ئینگلیزی دیمەنێکی زۆر سەرنجراکێشی دروستکردبوو، بەڵام ئەم جۆرە بنەمایەی کارکردن لە شارێکی گەورەی وەکو مۆسکۆ دا جێگای پشت پێبەستن نەبوو. کارەکە ڕووبەڕووی ڕەخنە بوویەوە لەو بارەدا کە دەرەنجامە کۆمەڵایەتیەکانی خانووی یەک خێزانی one-family house پێچەوانەی دەرەنجامەکانی خانووی بە کۆمەڵ collective dwelling کە لەوکاتەدا وەکو تاکە جۆری گونجاو دائەنرا بۆ خانوبەرەی نیشتەجێبوون.[14]

لە شاری پیترۆگراد ستۆدیۆیەکی تەلارسازی دروستکرا لە ساڵی ١٩١٩ لەژێر ناوی "ئەنجوومەنی گەشەپێدانی نەخشەی پیترۆگراد و دەوروبەری" بە سەرکردایەتی ئیڤان فۆمین، کۆمەڵەکە پێکهاتبوو لە چەند تەلارسازێک لەوانە ئەلیکساندەر نیکۆلسکی، لیڤ تڤێرسکۆی، نۆی ترۆتسکی. سازکردنی پلانێکی گشتی بۆ "پیترۆگرادی گەورە" لەنێوان ساڵانی ١٩١٩–١٩٢١ بریتی بوو لە یەکەمین کاری ستۆدیۆکە.

بیرۆکەی سەرەکی لە پلانەکەدا بریتی بوو لە تەواوکردنی شارەکە بە تۆڕێک لە شاری پاشکۆ satellite towns کە پێکەوە گرێدراون بۆ دروستکردنی چەندین کۆمەڵەی ڕاستەهێڵی linear groups، ئەو ناوچەیەی دەکەوێتە نێوان شارە پاشکۆکان و



٢.٥ ئەلیکسی شچوسیڤ، پلانی نوێی مۆسکۆ، ١٩٢٣.

سەنتەری مێژوویی شارە ڕەسەنەکە دەبوو ببێتە جێگای دروستکردنی پڕۆژەی نیشتەجێبوونی نیمچە سەربەخۆ housing complexes ، ئەوانیش لەگەڵ یەکتریدا بەهۆی شریتێک لە چیمەن و پارک لەیەکتری جیابکرێنەوە. پلانەکە جێبەجێ نەکرا بەڵام کاریگەری ئاشکرای بەجێهێشت بەسەر بواری پلانسازی دا. کاریگەری ئایدیای گاردن ستی بە ڕوونی بەدیار ئەکەوێت لە سەر پلانەکە بەڵام خودی ئایدیای گاردن ستی لێرەدا بە گۆرانکاری دا ڕۆیشتووە.[15]

پلانسازی ئەم ڕۆژگارە جیا دەکرێتەوە بەپێدانی ئەولەویەت بە ئیستاتیکای شار city aesthetics و ڕازاندنەوەی دیزاینەکانی شار. ئەم خەسڵەتە تایبەتمەندی بەخشی بە ساڵانی یەکەمی دوای شۆڕش و بوو بە ترێندێک کە فەرمانی دەکرد بە پاراستن و دوبارە دروستکردنەوەی مۆنۆمێنتە تەلارسازیەکان. تەلارسازان کاریان کرد لەسەر زیندووکردنەوەی شاری پێش هاتنی سەرمایەداری و سڕینەوەی دەرەنجامەکانی گەشەسەندنی ناکۆنترۆلکراوی کۆمەڵگەی شارنشینی لە وەرچەرخانی سەدەی نۆزدەوە بۆ بیست. لە هەندێ حاڵەتدا پێشنیاری دروستکردنی بینای نوێ ئەکرا لە دەوری مۆنۆمێنتە کۆنەکان دا بەمەبەستی ئەوەی بینا کۆنەکان دەبوونە سەنتەری گەشەسەندن.[16]

تەلارسازانی نەوەی کۆن، کە خۆیان وەکو "پاسەوانەکانی نەریت" ئەبینی، زۆرجار هەوڵی گشتاندن و بە ڕەهایی کردنی بایەخی کەلەپوری مێژوویان ئەدا لەو شارانەی لە گەشەسەندنێکی خێرا دابوون. بەلای ئەوانەوە بەها کۆنەکان نیشانەی بلیمەتی و ڕەسەنایەتی بوون، کە هێشتا زیندوون . لەولاشەوە نەوەی نوێ تەلارسازی ڕابردوویان وەکو سیمبولی کۆنباوی ئەبینی، بەهاگەلێک کە لە حاڵەتی گیانەلادان. وتووێژەکان ناکۆکیان دروستکرد لەنێوان پرۆفیشناڵان و خەڵک لەلایەک و لەنێوان خودی تەلارسازانیش لەلایەکی دیکەوە.

بەشێکی گەورەی ناکۆکیەکە دەگەڕێتەوە بۆ پێکدادانی نەوەکان و جیاوازی دونیابینی لەنێوان نەوەی کۆن و نەوەی نوێ دا.[١٧] بەڵام جیاوازی لە ڕێچکەکان دا کاریگەری نەبوو لەسەر هاوڕابوون لەسەر زۆربەی ئامانجە هاوبەشەکانی پلانسازی شار. ئەم ئامانجانە بە ڕوونی باسکرابوون و فۆرمەلە کرابوون لە دۆکیومێنتەکانی ئەو ڕۆژگارەدا. یەکێک لە بەرایترین دۆکیومێنتەکان بریتی بوو لە پرۆگرامی چالاکیەکانی یەکەمین لیژنە لەژێر ناوی "ئۆفیسی پلانسازی شار و ڕێکخستن و بیناکاری" کە حکومەتی سۆڤیەتی پێکیهێنا بۆ ڕێبەرایەتی کردنی پرۆسەی پلانسازی شار. پرۆگرامەکە باسی لەوەکرد کە نەهێشتنی کەموکوریەکانی شاری مۆدێرن **"بەدەستتایەت بەتەنها لەڕێگای گرتنەبەری کۆمەڵێک ڕێوشوێنی تەکنیکی و ئاووئاوەڕۆ و هونەریەوە. کێشەکە دەتوانرێت چارەسەر بکرێت تەنها لەڕێگای برەودان بە داهێنانی کۆمەلایەتی و پلانڕێژیکردن بۆ دروستکردنی هەیکەلێکی یەکگرتوو بۆ شارێکی نوێ"**. ئینجا پرۆگرامەکە لە پەرەسەندن بەردەوام بوو بۆ دەستنیشانکردنی ئەولەویەتی ئیشکردن. **"یەکەمین ئامانج پێویستە نەهێشتنی کورتهێنانی یەکەی نیشتەجێبوون بێت housing shortage. دووەمینیان پێویستە دروستکردنی شار و گەشەپێدانی پارچەکانی بێت هەموویان پێکەوە وەکو ئەندامێک. ماستەرپلانی شار بریتی یە لە پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی ژیانی شار و هەروەها ئامرازێک بۆ داهێنانی کۆمەلایەتی."** ئەم پرۆگرامە لەلایەن ئەندازیار گریگۆری دوبیلیرەوە ئامادەکرا لە سێپتیمبەری ١٩١٨. [١٨]

لەپاش مردنی لینین ساڵی ١٩٢٤، سەردەمی پاڵەوانێتی شۆڕش بە کۆتایی هات. ئێستا شۆڕش مێژوویەکی کۆتایی پێهاتووی وەرگرتووە، هەر لە سەرکەوتن بە سەر سوپای سپی دا لە شەڕی ناوخۆوە بگرە بۆ سەرکوتکردنی یاخیبووان و شۆڕشەکانی دژ بە پارتی شیوعیەت تا دەگاتە دامەزراندنی سیستەمێکی سەرمایەداری لەناو دەوڵەتێکی پرۆلیتاری دا بەهۆی سیاسەتی نوێی ئابووریەوە NEP. بێبەشبوون لە کەسایەتی کاریزمایی لینین ، دەرفەتی داهاتووی بەردەم وڵاتی پڕ کرد لە ناکۆکی لەجیاتی چارەسەر - ململانێی گەیشتن بە کورسی دەسەڵات، مۆدێرنیزەکردنی پیشەسازی و کشتوکاڵ، هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری، هەوڵ و تەقەلای ڕۆژانە بۆ پەیداکردنی خۆراک و پەناگە بۆ دانیشتووان، هەڵمەتی گەیاندنی کارەبا بە تەواوی ئاوەدانیەکان، پێویستی هەمیشەیی بە دروستکردنی ڕایەڵەیەکی حەقیقی لەنێوان چینێکی پرۆلیتاری شارنشینی و پیشەسازی لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی پەرشوبڵاوی کشتیاری و دەرەبەگی دا. لە سەرووی هەموویانەوە، لەوێ دا جەنگی ساڵانە پەیدابوون لە ئەنجامی هاوردەکردنی خۆراکی پێویست بۆ دانیشتووانی شار لە ناوچە دێهاتییە دابڕاو و دوورەدەستەکانەوە کە سەرسەختانە وەستابوونەوە لەدژی یاساکانی حکومەت.[١٩]

گەورەترین کێشە لە گۆشەنیگای تەلارسازی یەوە بریتی بوو لە مەسەلەی نیشتەجێبوون housing. وەک پێشتریش باسکرا، لە سەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی یەوە تا ساڵی ١٩٢٤ هیچ شتێک دروست نەکرابوو. ڕادەی وێرانبوونی کەرتی بیناکاری بەر لە شەڕ، لە ڕێوشوێنەکانی کۆنگرەی سێیەمی پارتی شیوعی لە ساڵی ١٩٢٤ دا ڕەنگی دایەوە، کە تیایدا نیشتەجێبوون housing وەکو گرینگترین پرس ناسێنرا لە ژیانی ماددی کرێکاران دا.[٢٠] پاش ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەدا، ڕێکخراوی ئۆسا لە بواری پلانسازی دا چەندین تیۆری جیاوازی گەڵاڵەکرد.

ڕێڕەوی وتووێژەکان لەناو ڕێکخراوی ئۆسا دا بە دووڕیانێک کۆتاییهات لەنێوان دوو قوتابخانەی سەرەکی پلانسازی شار دا کە ناسران بە ئێربەنیستەکان و نائێربەنیستەکان، بەڵام سەرەڕای جیاوازی ناونیشانیان، هەردووکیان لە دەرەنجامی هەستی دژە شاریەوە پەیدابوون. شارە مێژووییە پیس و پۆخڵ و خراپبووەکانی چواردەوریان هەستێکی توندوتیژی تێدا چاندن بەرامبەری شار وەکو شوێنی ژیان. بەڵام لەو خاڵەدا ناکۆک بوون کە ئایا شاری تازە جێگای شارە کۆنەکان بگرێتەوە یاخود شار هەر بە یەکجاری نەمێنت لە لاندسکیپی سۆشیالیزم دا. [٢١]

ئێربەنیستەکان پێشنیاری لامەرکەزیەتی شارە مەوجودەکانیان کرد لەگەڵ هێشتنەوەیان لە دۆخی جێگیری خۆیان دا، وە لەجیاتی ئەوە دروستکردنی قەراغە شاری حەدیقەیی Garden Suburbs بەدرێژایی جادەکان دا. لە بەرامبەردا نائێربەنیستەکان پێشنیاری ڕووخاندنی بەرەبەرەی شارە مەوجودەکانیان کرد جگە لە سەنتەرە مێژوویەکانیان نەبێت کە پێویستە بهێڵرێنەوە، وە لەجیاتی ئەوە بڵاوەپێکردنی سەرجەم دانیشتوان بە ناوچە دێهاتی و دەشتاییەکان دا.[٢٢] ئێربەنیستەکان و نائێربەنیستەکان نووسینەکانی مارکیسان وەکو دەقی باوەڕپێکراوی خۆیان وەرگرت بەڵام بە شێوەیەکی دیار و ئاشکرا کەوتبوونە ژێر کاریگەری تەوژمی قولترەوە. هەندێکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆیان هەبوو بە بزووتنەوەی گاردن ستی پێش هاتنی شۆڕش، بەڵام جگە لەوەش مۆدێلی هەردووکیان لە قالبدرابوو بەهۆی کۆمەڵێک فاکتەری وەکو: ئیعتیباراتی کۆمەلایەتیەوە، دانانی پلان بۆ تەنزیمکردنی دەروونی جەماوەر، ئاستەنگیە تەکنیکیەکان، پاڵنەری جوانی، پرۆفیشناڵیزم، وە ئیعتیباراتی ئایدیۆلۆجی.[٢٣]

هەردوو ئاراستەکە لە ڕووکەشدا وا دەرکەوتن جەمسەرگیر بن و دژی یەک بن، بەڵام کۆنسێپتەکانیان هەڵگری باوەڕێکی

هاوبەش بوون دەربارەی ئەوەی کە تەلارسازی ئامرازێکی زەرورە بۆ ڕێبەرایەتی کردنی پێشکەوتنی کۆمەلایەتی. لەجیاتی دروستکردنی بیناکان بە تەنها، پێیان وابوو وەزیفەی تەلارسازی بریتی یە لە بەخشینی شێوە بە پەیوەندیە کۆمەلایەتیە نوێیەکان و شێوازی ژیان و چالاکیە پیشەسازییەکان، بیناکان و موجەماعاتی بیناکانیش پێویستبوو گوزارشت بکەن لەو پەیامە تایبەتیە. سووربوون لەسەر لایفستایلی سۆشیالیستی و بەکۆمەل کە بەشێوەیەکی ئاشکرا جیاوازبوو لە لایفستایلی کاپیتەلیستی، وەکو ئامانجێکی جێگیرو چەسپاو ڕەچاو کرا. هەروەها هاوڕایەکیش هەبوو سەبارەت بەوەی کە شارەکان ڕۆلی پێشکەوتووانەی خۆیان لەدەستداوەو خزاوەتە ئامێزی بەهاکانی سەرمایەداریەوە. ئێستا چەمکی شاری نموونەیی ideal city خۆی لە خۆیدا بە بێ کەلک و بەسەرچوو هەژمارکرا و گۆڕدرا بۆ چەمکی پاتێرنی نموونەیی دابەشکردنی دانیشتووان بەسەر خاکی ولاتدا ideal pattern of population distribution. هەردوو ئاراستەکە مەبەستیان پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان مرۆڤ و سرشت و پێکگەیاندنیان بوو، لەڕێگای دوورکەوتنەوە لە "ژیان لەناو خانوچکە بەردیەکان دا."

نائێربەنیستەکان بانگەشەیان ئەکرد کە لە سۆشیالیزم دا پێویستە پەرش و بلاوبوونەوەیەکی یەکسانی دانیشتووان بوونی هەبێت بە چڕیەکی کەم بە سەرتاپای ولاتدا، شار دەهێنرێت بۆ دێهات و دێهاتیش دەهێنرێت بۆ شار. بەمەش لاسەنگی و نایەکسانی نێوان شار و دێهات ناهێلێت. ئێربەنیستەکان ئەیانووت لە سۆشیالیزم دا پێویستە شێوازی نیشتەجێبوون لە ناوەندە دیموکراتیەکان دا بێت کە خۆی ملکەچ ناکات بۆ نەخشەی تۆڕی شار gridiron ، واتە لەناو بلۆکی نیشتەجێبوونی بە کۆمەل دا -community blocks.[٢٥] ئێربەنیستەکان لەگەل ئەوەدا بوون پۆلێک لە ستراکچەری زەبەلاحی تێکهەلکێشراو دروست بکرێن بە چڕیەکی بەرزەوە،نزیکایەتیەکی proximityزۆرهەبێت لەنێوانیاندا، لەگەل دەورەدانی پۆلەکە بە سەوزایی و دارستان. ئەمەش وا دەکات خووڕەووشتی تاکەکەسی و کۆمەلایەتی و هەروەها تونستی بەرهەمهێنانی تاک بگۆڕدرێت، لەم ڕێگایەشەوە دەتوانرێت فەردێکی نوێی سۆڤیەتی دروست بکرێت.[٢٦]

## نا ئێربەنیستەکان:
## سەوزکردنی ڕووسیا

دیسئێربەنیزم بریتی بوو لە وەستانەوە دژی پرۆسەی بە شاری کردنurbanization و پێشکەشکردنی بەدیلێکی تر بۆی کە پێکهاتبوو لە نیشتەجێکردنی دانیشتووان لە شوێنێکدا کە هەم بەشێک لە ئادگارەکانی شار و هەم ژینگەی دێهاتی تێدا بەرقەرار بکرێت. بەو مانایەی کە لە دیزاینی یەکەکان و پاتێرنی ڕێکخستنیان دا ئەولەویەت بدرێت بە سەوزایی و ژینگەی سروشتی. پرۆسەی نیشتەجێکردن خۆی دەبینیەوە لە دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بە درێژایی جادە یان هێلی شەمەندەفەر. یەکەکانی نیشتەجێبوون بەشێوەی خانوی لادێ لەیەک دوور دائەنران و بە دارو درەخت دەروە ئەدران، ناوچەی پیشەسازی دەخرایە دووری یەکەکان بە دانانی ڕوبەرێکی زۆری سەوزایی لەنێوانیان دا. پڕۆژە خزمەتگوزاریەکانی دیکە وەکو قوتابخانەو نەخۆشخانە و مارکێت بە مەسافەیەکی گونجاو دائەنران لەنێوان خۆیان و ناوچەی نیشتەجێبوون دا.

نا ئێربەنیستەکان کێ بوون؟ ئەوان تەنها تەلارساز نەبوون، لەناویاندا کەسانی فرە پسپۆری هەبوون وەکو کۆمەلناس، بیردۆزدانەری کۆمەلایەتی، ڕۆژنامەنووس، کەسایەتی سیاسی، ئابووریناسان، هەروەها پلانەری پسپۆڕ لە ئۆرگانی پلانسازی ناوەندی سۆڤیەتی (ناسراو بە Gosplan). مونەزیری قوتابخانەکە میخائیل ئۆخیتۆڤیچ بوو (١٨٩٦– ١٩٣٧). ناوبراو کۆمەلناس بوو بەشێوەیەکی بەردەوام بۆ ڕۆژنامەی "تەلارسازی هاوچەرخ Contemporary Architecture"ی ڕێکخراوی ئۆسا ئەینووسی کە ئۆرگەنی سەرەکی نا ئێربەنیزم بوو. تەلارسازان میخائیل بارشچ و مۆیسی گینزبێرگ و لیۆنید پوزیس و نیکۆلای میلیوتین فیگەری دیاری قوتابخانەکە بوون.[٢٧]

نا ئێربەنیستەکان بەدیاریکراوی ڕقێکی زۆریان هەبوو بۆ شارە مۆدێرنەکان و پێیان وابوو مۆزەخانەیەکن بۆ ستایلە ئێکلێکتیکیەکان ، بیرخەرەوەیەکن بۆ گەشەکردنێکی هەرەمەکیانەی نا یەکسان، نموونەیەکن بۆ گەشەی نا عەقلانی بەهۆی دەسەلاتی نەزانەوە، وە شوێنێکن بۆ خڕکردنەوەو کۆمەلکردنی خراپیە کۆمەلایەتیەکان. باوەڕی دژە ئێربەنیزمی ئەوان سنووری مارکسیەتیشی تێپەڕاند. بڕوایان وەها بوو شاری مۆسکۆ لە مردن دایەو ئەوانیش گەرەکیانە پرۆسەی مردنەکەی خێراتر بکەن. بڕوایان بە تەختیتە یۆتۆپیەکانی خۆیان هەبوو بۆ خەلقکردنی جیهانێکی نوێی تەلارسازی بۆ کارکردن و ژیان لەناویدا. لە ماوەیەکی کورتی دەرکەوتن و بەناوبانگ بوونیان لەنێوان (١٩٢٨– ٣٢) دا

بە چڕی کاریان کرد لەسەر وەراستگێرانی دەستبەجێی دیزاینەکانیان، لەمەشدا بۆ ماوەیەک پشتگیری دەسەلاتدارانیان بەدەستهێنا.[٢٨]

لە سادەترین شێوەی خۆیدا، نا ئیربەنیزم Disurbanism مانای دوبارە دابەشکردنەوەی دانیشتووانە بەشێوەیەکی نا شاریانە nonurban. ئۆخیتۆڤیچ بانگەوازی بۆ جیهانێکی بێ وێستگەو بێ بنکە کرد ، واتە جیهانێکی بێ شار و بێ پایتەخت و بێ سەنتەر. بەلای ئۆخیتۆڤیچەوە مەسەلەی پلانسازی بریتی بوو لە کرانەوە، جموجۆل، سەربەستی motion, freedom openness. لە بەرپەرچدانەوەی تیروانینی ئیربەنیستەکان دا کەوا شارو بینای گەورە ڕێگایەکن بۆ هێنانە کایەی پێکەوەژیانی بە کۆمەل، ئۆخیتۆڤیچ جەختی لەسەر ڕاستیەک کردەوە کە ئەوکات هێندە ئاشکرا نەبوو کەوا شێوە بەهیچ شێوەیەک گەرەنتی ناوەڕۆکەکەی ناکات. بەشی ناوخۆیی dormitory هەر بە بەشی ناوخۆیی ئەمێنێتەوە چ جای لەناو ئۆردوگایەک بێت، یان لەناو بینای شوقەدابێت، یان لەناو دوێلینگێکی گشتی جیاکراوەدابێت. مالێکی کشتیاری پیاوسالار بە هەموو سیفەت و دەنگوڕەنگە کۆمەلایەتیەکانیەوە دەکرێ لەناو بینایەکی هەوربڕدا ببینرێتەوە skyscraper یان لەناو لادێیەکدا، ئەمەشیان تێبینی کردنێکی دروست و دەقیق بوو دواتر بەڕوونی بەدیارکەوت لە شوقە گشتیەکانی سەردەمی ستالین دا.[٢٩]

لە ڕوو تیۆریەوە قوتابخانەی دیسئیربەنیزم پشتی بەستبوو بە بیردۆزەکانی میخائیل ئۆخیتۆڤیچ کە پێشنیاری پەرشوبلاوکردنەوەی پیشەسازی دەکرد لەجیاتی چڕکردنەوەی لە جێگایەکدا و هەروەها ڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان ژیانی لادێی و شاری دا. ئۆخیتۆڤیچ ڕووبەڕووی بە کۆمەلکردنی زۆردارانەو ناسرووشتی بوویەوە collectivism ، بەلام لەولاشەوە زیادەڕەویکرد لە بڕەودان بە فەردانیەت individualism. **"مولکی تایبەتی تاک، پێداویستیە تایبەتیەکانی تاک، دەستپێشخەریەکانی تاک، گەشەپێدانی تاک، دەست و سەر و پێ و مێشکی تاک، نەوەک لەناو ناچن لەژێر حوکمی سۆشیالیزم دا بگرە بۆ یەکەمین جار بە ئاسانی دەستیان پێ ڕا ئەگات."**

ناوبراو وای ئەبینی پێوەری ئابووری لەژیان و بەرهەمهێنان دا لەکاردەکەوێت ئەوکاتەی زیادەڕەوی تیدا ئەکرێت و دەگاتە ئەوپەڕی سنووری خۆی. لە بەرپەرچدانەوەیەکدا بۆ هەندێ یاساو هاوکێشەی کلاسیکی، ئەوەی ڕوونکردەوە کە ٢٥ شۆرگە laundry بۆ هەر هەزار کەسێک زۆر ڕاست و دروسترە لە هەبوونی یەک شۆرگە بۆ هەر ٢٥ هەزار کەسێک. لەبەرەوە خزمەتگوزاریە بە کۆمەلەکان Collective services وا پێویستبوو مەعقول بن و لە سکێل ئاسان بن بۆ ئیدارەدان، نەوەک بەرهەمی عەقلیەتێکی بیرکاریانە بن بە تەنها.

پاش کەوتنە دەمەتەقێوە لەگەل ئیربەنیستەکان دا، ئۆخیتۆڤیچ دیسانەوە سودو قازانجی گوتاری یۆتۆپی نیشان ئەدا. دابەشکاری کۆمەلایەتی یا ناسروشتیانەی کار labor لەنێوانی بڕی سەرمایەو بڕی ئیش دا، لەنێوانی ژن و پیاودا، لەنێوان شار و دێهات دا، لەنێوان ئیشی جەستەی و عەقلی دا، لەنێوان نەتەوەیەک و نەتەوەیەکی تردا، پێویستە نەهێلرێت و کار بۆ لەناوبردنی بکرێت – بەلام نەوەک دابەشکاری سروشتیانە و وەزیفەیی کارکردن کە بنچینەی ژیانی مرۆڤە.[٣٠]

لەژێر دروشتمی "بڕوخێ شار down with the city" ، ئۆخیتۆڤیچ داوای چۆلکردنی مۆسکۆ و شارەکانی دیکەی کرد تاکو دوبارە سەوزبکرێنەوە وەکو پارک. شوێنی نوێی دانیشتووان دەبوو جێگایەکی ڕاستەهێلی بێت، جادەیەکی دوروبەدرێژ کە لە دەوریدا دوێلینگی تەنهاو جیاکراوە دابنرێن. حەزی تایبەتی خۆی بریتی بوو لە خانووی وا کە پێشتر ئامادە بکرێن (prefabricated) وە ئاسان بن بۆ هەلگرتن و گواستنەوە، لە هەر کاتێکدا بێت هەلبوەشێنرێنەوەو جارێکی تر پێکببەسترێنەوە لە هەر جێگایەک بێت بەدرێژایی جادە یان هێلەکانی پەیوەندی و خالەکانی خزمەتگوزاری. بەلام هەندێ لە هاوڕێ پیشەییەکانی دیدێکی جیاوازیان هەبوو، حەزیان هەبوو بۆ خانووی وا کە لەسەر ستوون دابنرێن یان پێکهاتبن لە ڕیزێک خانوو کە ئێمە ئێستا پێیان ئەلێین row houses، بەشێوەیەک لە خانووەکان دا بۆ هەر کەسێک ژوورێکی فراوانی تێدابێت. خالەکانی خزمەتگوزاری service points کە دانیشتووان بە ئاسانی دەتوانن پێیان بگەن وەکو بازارکردن و سەنتەری ڕۆشنبیری و خالەکانی کۆکردنەوەی خەلک، بریتی بوون لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی پێکەوەژیانی بە کۆمەل communalism.[٣١] دانانی خالەکانی خزمەتگوزاری هەولێک بوو بۆ قەرەبووکردنەوەی ژیانی شارستانی street life شارە کۆنەکان.

بەپێی نائیربەنیزم، لەجیاتی دروستکردنی شار و سوپەر شار هەموو ٤٠-٥٠ میلێک، ڕیزێکی درێژی نەپچڕاو و بێکۆتایی دەبینین لەدوێلینگ لە هەردوو بەری جادەکەدا. ڕیزەکان پێکهاتوون لە زنجیرەیەک شوقەی ژووری فەردی ، خانووی گواستراوە لەسەر ڕەورەوە، یان بۆکسێک کە دانراوە لەسەر کۆمەلە ستوونێکی بەهێزی لە زەوی دا چەقیو. لەدوای جادەکانەوە کێلگەی کشتوکالی و دارستان و لێرەوار بوونیان هەیە و بەشێوەیەکی مونەزەم ڕێکخراون. شوێنە پیشەسازیەکان شاردراونەتە بەدرێژایی ڕێگاکە. ئێمە لە شوێنێک خانووی خۆمان دائەمەزرێنین، کاتێک هاوسەرگیریمان کرد لە تەنیشت خانووی خۆمان بۆکسێکی دیکە دائەمەزرێنین و ئەیدەینە پالی، کە منال پەیدابوون ئینجا بۆکسی دیکە دروست ئەکەین و ئەیدەینە پال بۆکسەکانی پێشوتر. ئیشکردن و کەلوپەل و شتومەکی ڕۆژانە هەردووکیان نزیکن و بە ئاسانی دەست

پێیان ڕائەگات (لەڕێگای گواستنەوەی گشتی یەوە بێت، یان ئۆتۆمبیلی فەردی، یان بە پێ، بەگوێرەی تەختیتەکە). لە خاڵەکانی خزمەتگوزاری و جێگای ئیشکردن دا تێکەلاویتی و کارلیکی کۆمەلایتی ڕووئەدات.[32]

گینزبێرگ هەولیدا یۆتۆپیا ڕۆمانسیەکەی ئۆخیتوڤیچ بکاتە واقیع. بۆ ئەو مەبەستەش پاتێرنی نوێی دابەشکردنی دانیشتووانی بەشێوەی پشتێن دروست کرد کە بەدرێژایی جادەکان دا دەکشێن. ناوچەکانی نیشتەجێبوون دەبوو لەڕێی پشتێنی سەوزەوە لە جادەکان جیابکرێنەوەو لەناو پشتێنەکانیشدا شوێن بۆ بینا گشتیەکان بکرێتەوە. لەدوای پشتێنی نیشتەجێبوون ئینجا زۆنی تایبەتی دروست دەکرێن بۆ منالان و دامەزراوە کەلتوری و پەروەردەییەکان، لەدوای ئەوانیشەوە پارک و کێلگە کشتوکالیەکان دروست ئەکرێن.[33]

ڕوئیا نائێربەنیستیەکانی گینزبێرگ بەڕوونی بەدیار کەوتوون لە پرۆژەی پێشبرکێکان دا بۆ دروستکردنی شاری سەوز Green City (شارێکی تەرفیهی کە قەراروابوو لە نزیک مۆسکۆ دروستبکرێت) ، هەروەها بۆ دروستکردنی شاری ستیلی ماگنیتۆگۆرسک Magnitogorsk لە شاخەکانی ئۆرال (شارێکی نوێی پیشەسازی کە لە زمنی پلانی پێنج سالەی ستالین دا پلانی بۆدانرابوو). سەبارەت بە ماگنیتۆگۆرسک، گینزبێرگ هەستا بە دیزاینکردنی خانووی تەختەیی سوک و سادە کە لەسەر ستوونی باریک piloti وەستابوون، خانووەکان گونجاو بوون بۆ جۆرێکی نوێ لە ژیانی دەشتەکی.[34]

لە شاری سەوزدا گینزبێرگ بە هاوبەشی لەگەل بارش دا، وەکو نموونەیەک بۆ فەلسەفەی نائێربەنیزم پیداگیریان کرد لەسەر دانانی خانووی شریتی row houses لەجیاتی خانووی بچووک و بۆکسی لەیەکدابڕاو. لەدواوەو پێشەوەیاندا بە جیهانیکی سەوز دەورەدراورن بەلام لە تەنیشتەوە بە دراوسێ، لە درێژیشدا شریتی خانووەکان بە هەردوو ئاراستەدا بێ کۆتایی بوو. تەلارسازەکان دەیانووت تەنها لە سپەیسی بە کۆمەل دا فەرد ئەتوانی ڕۆلی خۆی بگێڕێت. بنکە نزیکەکان دەبنەهۆی دەولەمەندکردن و تۆکمەکردنی ژیانی نیمچە تایبەتی و نیمچە گشتی، بۆ نموونە: وێستگەکانی وەستانی پاس کە لەهەمان کاتیشدا وێستگەی خوێندنەوەن، گەراجی ئۆتۆمبێل، کافتریا بۆ خزمەتکردنی ٢٥٠ کەس، وە سەنتەرە نزیکەکانی وەرزشی و کەلتوری و پەروەردەیی و خزمەتگوزارییە گشتیەکانی وەکو شۆرگە و دایەنگە. گەشەکردنی خێزان و هاوسەرگری و تەلاق کارئاسانی بۆ کراوە لەڕێگای گۆڕین و سویچ کردنی بەردەوامی ژوورە پێکبەستراوەکان کە دەرگای قوفلداریان هەیە. لە پرۆسەی پلانسازی دا هەموو پلانەران زۆر هەستیاربوون لە حیسابکردنی ئەگەری تەلاق و شوێنێکی تایبەتی بۆ ژنان. ئەمەش بیرۆکەیەکی مەعقول بوو لەوە ساتەوەختەی مێژووی ڕووسیادا کە ڕێژەی تەلاق گەیشتبووە ئاستێکی گەورەو مەترسیدار لەدوای چاکسازیی یە خێزانیەکانی سالی ١٩٢٦- ١٩٢٧. لێرەدا بارش و گینزبێرگ بەراورد بە ئۆخیتوڤیچ زیاتر جەختیان کردەوە لەسەر هەوا، ڕووناکی، هاتنە ژوورەوەی تیشکی هەتاو، وە سەوزایی. بەلام کەمتر جەختیان کردەوە لەسەر کێشە ڕاستەقینەکان و بەرەنجامە ڕەوشتیەکانی تێکەلبوونی خەلک و پێکەوەژیانی بەکۆمەل.[35]

ئاشکرایە هیچ کەسێک تێبینی ئەوەی نەکردبوو فەلسەفەی دیسئێربەنیزم سەرەتایەکە بۆ نەهێشتنی پسپۆری تەلارسازی، بەلای کەمەوە لە یەکێک لە بوارەکانی دیزاین دا کە کەرتی



**٥.٣ میخایل بارش و مۆیسی گینزبێرگ، شاری سەوز، ١٩٣٠**

نیشتەجێبوون بوو. بۆکسە گوازراوەکان و خانوچکە پێکبەستراوەکان گشتیان بە ستاندارد کرابوون و هیچ بواریکیان نەهێشتبۆوە بۆ دیزاین، لەم ڕووەوە تەنها خاڵەکانی خزمەتگوزاری و ناوەندە کۆمەڵایەتیان مابوون تاکو داهێنانیان تێدا ئەنجام بدرێت.[٣٦]

دیسئێربەنیزم بەشێوازی زۆر سەرسوڕهێنەرانە ئەو ناکۆکیە هەمیشەییەی خستەڕوو کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن و شارستانی دا بوونی هەیە لەنێوان هەبوونی پەرۆشی بۆ تێکەڵاویتی و کۆمەڵخوازی و دراوسێیەتی و کۆمەڵایەتی بوون لە سەرێکەوە، وە هەبوونی پێویستی بۆ پرایڤەسی و ژیانی خێزانی و بۆشاییەکی تایبەتی بۆ فەرد لە سەرێکی ترەوە. دیسئێربەنیستەکان، سەرەڕای گشت بانگەشەو داواکانیان بۆ دەمجکردنی هەموو ئەو پێداویستیانە پێکەوە، بە ئاشکرایی بە ئاراستەی فەردانیەتدا شکانەوە. توندڕەویکردن لە پەرشوبڵاوکردنەوەی خەڵکدا، پەرۆشبوون بۆ داپۆشینی سەرتاپای خاکی رووسیا بە مەسکەنی زەبەلاح، سووربوون لەسەر یەکەی نیشتەجێبوونی جیاکراوە separate living units، روئیا پوچ و بێ سوودەکانیان سەبارەت بە کارلێکی کۆمەڵایەتی لە وێستەگەکانی وەستانی پاس و خاڵەکانی بازاڕکردن دا، هەموویان نیشانەن بۆ ئەو ڕقوکینە زۆرەی هەیانبوو بۆ ژیانی شار. پڕۆژەکانیان ئەگەر هاتباو جێبەجێکرابان، چڕی دانیشتوانەکەیان یەکجار کەم ئەبوو بەراورد بە تەختیتە گەورەکانی کێبڕکێکارانیان لە ئێربەنیستەکان و سوپەرئێربەنیستەکان.[٣٧]



٤.٥ میخایل بارش و مۆیسی گینزبێرگ، شاری سەوز، (وێنەی دەستەچەپ سەرەوە)، ١٩٣٠



٥.٥ کۆمەڵەیەک لە تەلارسازان و پلانسازانی ئۆسا، (وێنەی بەرامبەر)، پڕۆژەی شاری ماگنیتۆگۆرسک، ١٩٣٠.

## ئێربەنیستەکان:
### سوپەرستی

لینین ساڵی ١٩١٣ دا نووسیبووی "**شارەکان بریتین لە سەنتەری ئابووری و سیاسی و ژیانی ڕۆشنبیری یان ڕۆحی خەڵک و، شارەکان هاندەری سەرەکی بەرەوپێشچوونن.**" بیرۆکەی شار زۆر بەهێزی مایەوە لە ڕوئیای بەلشەفیزدا بۆ ئایندە. لەمبارەیەوە ترۆتسکی لە بیستەکان دا زۆر پێداگیری کرد کە "**شار ئەژیت و پێشڕەویتی دەکات، ئەگەر دەست لە شار هەلگریت، واتە ئەگەر بهێلیت لەڕووی ئابووری و هونەری یەوە لەلایەن جوتیار و نەشارەزایانەوە ویران بکریت، ئەوا شۆڕش چیتر بوونی نامێنیت جگە لە پرۆسەیەکی خوێناوی و توندوتیژ نەبێت بەرەو دواکەوتوویی. جوتیارانی ڕوسیا کە بێبەشبوون لە شار و ڕۆڵە پێشەنگەکەی، نەوەک هەر ناتوانن قەت خۆیان بسازێنن لەگەڵ سۆشیالیزم دا بگرە ناتوانن درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن تەنها بۆ ماوەی دوو مانگ و، دەبنە ژێردەستە و پاشماوەی ئیمپریالیزمی جیهانی.**" ئابووریناسیکی بەلشەڤیزم لە ساڵی ١٩٢٧ دا سەبارەت بە "ڕۆلی پێشڕەویتی شار لە مێژووی مۆدێرن دا" نووسیوویەتی کە "**هەلگری پێشکەوتووترین فۆڕمەکانی ئابووری یە.**" ژنان و پیاوانی خاوەن دەسەلاتی ئابووری و کەلتوری و سیاسی، هەرچەندێکیش دەستیان ئاوەلا کرابێت بۆ دوبارە دروستکردنەوەو دارشتنەوەی شار، وا دەردەکەوت کە ئێستاش نەتوانن بە یەکجاری دەستبەرداری شار بن بە تێکرایی. شار بریتی بوو لە بنکەو بارەگاو سەربازگەیان، هەروەها گەرای گەشەکردن و پێشکەوتنیان.[38]

هەروەکو دیسئێربەنیستەکان، ئێربەنیستەکانیش وەچەی کەنستراکتیڤیزم و ڕێکخراوی ئۆسا بوون. لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە نەوەک تەنها بینا پێویستە کۆکەرەوەی کۆمەلایەتی بێتsocial condenser بەلکو بگرە شاریش پێویستە هەمان ئەو ڕۆلە بگێرێت، لەبەر ئەم هۆیەش ئەرکی تەلارسازان و پلانەران بریتی بوو لە گۆڕینێکی ڕیشەیی هەیکەلی ژیانی مرۆڤ لەڕووی بەرهەمهێنان و هەروەها ژیانی کۆمەلایەتی و تاکەکەسی. تەلارسازانی سەر بە ڕەوتی ئێربەنیزم بینای قەبەو زەبەلاحیان دیزاین ئەکرد لەسەر ئەو باوەڕەی کە ژیانی ئیشتیراکی و پێکەوەیی communal lifestyle تەنها ئەو دەمە گونجاو دەبێت کە ژمارەیەکی زۆری خەلک لەیەک شوێن دا پێکەوە بژین و لە هاموشۆ و پەیوەندیەکی بەردەوام دابن لەگەڵ یەکتریدا.[40]

مونەزیر و ڕێبەری فکری ئەم قوتابخانەیە لیۆنید سابسۆڤیچ بوو، کە خۆی ئابووریناس و پسپۆڕی ژمێریاری بوو. لە دیدی سابسۆڤیچەوە ڕێکاری گەشەکردنی شارستانی و دابەشکردنی دانیشتووان بریتی بوو لە دروستکردنی تۆرێکی چڕوپڕی گواستنەوە بەشێوەیەکی یەکگرتوو بە سەرتاپای ولاتدا، ئەم تۆرە دەبیتە بنچینە بۆ دابەشکردنێکی یەکسان و یەکگرتووانەی شارەکان بە ژمارەی دانیشتووانی ٥٠ بۆ ٦٠ هەزار کەس (لە هەندی حالەتیشدا دەگەیشتە ١٠٠ هەزار کەس). شاری نوی ، بەوشێوەیەی سابسۆڤیچ وێنای کردبوو، پێکدەهات لە یەک "قەوارەی کەلتوری و نیشتەجێبوون و بەرهەمهێنان"، تییدا هەموو دانیشتووان لە بلۆکی شوقەی فرە نهۆم دا نیشتەجێ ئەکران کە تەنها ژووری نووستنیان تێدا هەبوو. خواردن بۆ دانیشتووان دەبوو لەلایەن مەتبەخ و ڕێستورانتی گشتیەوە دابین بکرێت، وە جێگای کات بەسەربردن و فێربوون و پەروەردەکردنی منالانیش لەلایەن بینا گشتیەکانی ترەوە. ڕوئیاکەی سابسۆڤیچ تەنها زۆنی گشتی و تایبەتی لەخۆدا هەلگرتبوو لەگەڵ تیشک خستنە سەر زۆنی گشتی وەکو ئەولەویەت. کەلوپەل و جلوبەرگی کەسەکە لە مالەکەدا فەراهەم دەکران، قاپو کەوچک و حاجەتەکانی تر لە کانتینە گشتیەکان، وە کتێبیش لە کتێبخانە گشتیەکان. لەو ڕوانگەیەوە شار زۆر کۆمپاکت و گشتگیرە، جادەی بەناودا ناڕوات و بلۆکی نیشتەجێبوونی جیاواز و لاپەرگەشی تێدا نیە، شار سپەیسێکە بلۆکی نیشتەجێبوونی گەورەو یەکگرتووی تێدایە و لەناو داروودرەختەوە بەرز دەبنەوە. جێگای ئاماژە پێدانە کۆنسێپتەکەی سابسۆڤیچ لە دیراسەکردنێکی یۆتۆپی بەولاوە هیچی تر نەبوو ، لەژێر ئەو وەهمەدا گەلالەی کردبوو کە لەماوەی ١٥– ٢٠ ساڵی ئاییندەدا هەموو شار و لادێ مەوجودەکان لەسەر ڕووی زەوی دا ڕەش ئەبنەوەو بە شاری نوێ جێگایان پڕ دەکرێتەوە.[41،42]

لە ڕوئیای سابسۆڤیچ دا، ژیانی گشتی و پێکەوەیی جێگای ژیانی تایبەتی و خێزانی ئەگرتەوە. ماڵ لە فۆرمە باوەکەیدا هەڵدەوەشێنرێتەوە و شوقەی گشتی جێگای دەگرێتەوە. ئامانجە سەرەکیەکانی کەمیونەلیزم ١-ئازادکردنی هەموو کرێکاران بوو (بە تایبەتی ژن) لە ئەرک و بەرپرسیاریەتی ناو ماڵ و ژیانی خێزانی و پەروەردەکردن و گەورەکردنی منال و دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیانی ڕۆژانە تاکو یەکسانی لەنێوانی ژن و پیاو دا بەرقەرار بکرێت بە شکاندنی دەرگای زیندانی مالەوە لەسەر ئافرەت ، ٢- سوود وەرگرتن لە ووزەی ئیشکردنی هەموو تاکەکان بۆ خزمەتکردنی ژیانی گشتی و پرکردنەوەی پێداویستیەکانی کۆمەل، ٣- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری خەلک، ٤- کۆتاییهێنان بە جیاکردنەوەی ئیشی دەست و ئیشی مێشک لە یەکتری، ٥- باشکردنی تەندروستی منال. ئامرازی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش بە پیشەسازی کردنی هەموو ئەو ئەرک و ئیشانە بوو کە پێشوتر لەناو مالدا بەدەست و بە جیا ئەنجام ئەدران.[43]

خەونی سۆشیالیزم ئەوەبوو تاک زۆربەی هەر زۆری چالاکیەکانی ڕۆژانەی لەگەڵ تاکەکانی تر و لە زۆنی گشتی دا ئەنجام بدات، لەسەر ئەو بنەمایەش سابسۆڤیچ خەیاڵی وابوو هەموو کردارەکانی بەرهەمهێنانی خۆراک پێکەوە بگونجێنێت تاکو ڕاستەوخۆ بەرهەمە خاوەکانی خۆراک بگوردرێن بۆ ژەمی تەواو و لەناو ترمز/ تەرمۆس thermos بگەیەنرێنە دانیشتووان لە کافتریاکانی ناوشار و ژوورە گشتیەکانی نانخواردن و جێگاکانی ئیشکردن بەشێوەیەک کە ڕاستەوخۆ ئامادەبن بۆ خواردن. بەمشێوەیە دانیشتووان پێویستیان بە مەتبەخ و کڕینی پێتاک و چێشتلێنان و ئامادەکردنی ژەم لە ماڵەوە نەدەما. هەروەها بە پیشەسازی کردنی کردارەکانی شوشتن laundring و درومان و چاککردنەوەی ئامێر و کەلوپەلەکان و تەنانەت پاککردنەوەی ناوماڵیش بە ئامێرە کارەباییەکان، هەموو ئەمانە ڕێگایان خۆشدەکرد بۆ تاکەکەس تاوەکو تەنها ژوورێکی بەس بێت بۆ خەوتن و ژیانکردن تێیدا دوور لە هەموو کەلوپەل و ژوورە زیادەکانی تر. بەپێی ئەم خەیاڵە ڕوسیا پڕ دەبوو لە زنجیرە هۆتێلی گەورەو بێ بەرامبەر. لە شارە پێشنیارکراوەکانی دا (٥٠- ٧٠ هەزار کەس)، سابسۆڤیچ وای دانا کە ٢٥-٥٠ بینای نیشتەجێبوونی گەورە دەتوانن هەموو دانیشتووانی شار لەخۆیاندا هەڵبگرن ، واتە ١٤٠٠-٢٠٠٠ کەس بۆ هەر بینایەک. منداڵەکانیش جیادەکرانەوەو لە بینایەکی دیکەی تەنیشت شوقەکانەوە نیشتەجێ ئەکران.[٤٤]

بیرۆکەکانی سابسۆڤیچ لەلایەن زۆر تەلارسازەوە پێشوازیان لێکرا کە ستایلی دیزاینەکانیان کەوتبووە ژێر کاریگەری بیرکردنەوەی ناوبراوەوە. لەناویاندا دیارترینیان دیزاینێک بوو بۆ شاری ماگنیتۆگۆرسک لەلایەن ئەلێکساندەر و لیۆنید ڤیسنینەوە ساڵی ١٩٢٩-٣٠. شارێک بە ژمارەی دانیشتووانی ٣٥ هەزار کەس دەبوو تەختێتێکی کۆمپاکتی هەبێت و، سەنتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و خزمەتگوزاری و ڕۆشنبیریەکانیشی بە ڕوونی دیاریکرابن. نیشتەجێکردن Housing دەبوو لەناو دوو جۆری دیاریکراودا بێت لە یەکەی نیشتەجێبوون dwelling complexes ، یەکێکیان بۆ ٢١٠٠ کەس و ئەوەی تریشیان بۆ ١١٠٠ کەس. هەر کۆمپلێکسێک پێکهاتبوو لە کۆمەڵەیەک خانووی چوار نهۆمی و بەهۆی ڕێڕەوێکەوە passage پێکبەستراونەتەوەو ئینجا گەیەنراون بە ناوچەی گشتی کە لەوێدا کانتین و هۆڵێکی کۆنفرانس و هۆڵێکی وەرزشکردن و یانە بوونیان هەیە. وە مەئوایەک boarding house دەبوو دروستبکرێت بۆ ئەو منداڵانەی ئەڕۆنە قوتابخانە.[٤٥]

شاری نوێی سابسۆڤیچ "New City" لە ڕووی کەلتوری یەوە لەسەر سێ ئاست خزمەتی دانیشتووانەکەی ئەکرد: دروستکردنی گالەری و هۆڵ و ژووری خوێندنەوە لەناو بینادا، دروستکردنی سەنتەری ڕۆشنبیری گەورەتر و مەحکەم تر لەناو شاردا، دروستکردنی تاقیگەو ستودیۆ و ژووری وانە ووتنەوە لەناو هەموو کارگەو جێگایەکی ئیشکردندا. ماوەی کارکردن لە هەفتەیەکدا بەمشێوەیە ڕێکدەخرا: سەرەتا سێ ڕۆژ (دوو بۆ ئیشکردن، یەک بۆ پشوو) ئینجا پێنج ڕۆژ (سێ بۆ ئیشکردن، دوو بۆ پشوو)، وە هەموو کرێکارانیش لە تەمەنی ٤٩ ساڵیدا خانەنشین دەکران. بۆ پاراستنی تەندروستی نەتەوەش پەنا دەبرایە بەر وەسائیلی وەرزشی و پزیشکی، ڕژێمی کارکردنی ماوە کورت، وە ڕووبەرێکی فراوان سەوزایی لە دەوروبەری شارەکان دا. لە ڕوئیای سابسۆڤیچ دا کوکەرەوەی کۆمەڵایەتی social condenser وەکو بەرگێکی فیزیایی کاردەکات بۆ پاراستن و باشکردنی ڕەوشی کۆمەڵ و وەها کارێکیش لە دواتردا دەبێتە هۆی دروستکردنی هۆشیاری. بەمشێوەیە ئاستی ڕۆشنبیری و ڕۆحی هەموو جەماوەر لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا گۆڕانیان بەسەردا دێت.[٤٦]



**٦.٥ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پرۆژەیەکی پێشنیارکراو بۆ شاری ماگنیتۆگۆرسک، ١٩٣٠.**
وێنەیەکی گەورەکراو بۆ بەشێکی شارەکە کە تیایدا بیناکان و فەزا کراوەکان نیشاندراون



٦.٥ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پلانی پرۆژەیەکی
پێشنیارکراو بۆ شاری ماگنیتۆگۆرسک، ۱۹۳۰.



٧.٥ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، پێرسپێکتیڤی پرۆژەیەکی
پێشنیارکراو بۆ شاری ماگنیتۆگۆرسک، ۱۹۳۰.

# شاری فڕیو



دوور لە ڕێچکەکانی پلانسازی کە پێشوتر لەبارەیانەوە دواین، بیرۆکەیەکی تری ڕادیکاڵ بەدی ئەکرێت لەو ساڵانەدا سەبارەت بە شێوازی شار لە داهاتوودا ، ئەویش بریتی بوو لە بیرۆکەی شاری فڕیو flying city کە لەلایەن جیۆرجی کروتیکۆڤەوە داهێنرابوو.

لە ساڵی ١٩٢٨ جیۆرجی کە خوێندکار بوو لە قوتابخانەی ڤیخوتێمەس پرۆژەیەکی خەیاڵی پێشکەش کرد وەک پرۆژەی دەرچوون thesis تیایدا زۆنە پیشەسازی و بازرگانیەکان ئەکەونە سەر زەوی هەرچی یەکەکانی نیشتەجێبوونە لە هەوادا هەڵدەواسرێن. دانیشتووان تەنها لە ڕێگای کەپسولی فڕیووەوە دەتوانن بگەنەوە ماڵەکانیان. ئەم کارەی جیۆرجی هەوڵێک بوو بەرەو بەدیهێنانی تەلارسازی جوڵاو mobile architecture. جیۆرجی وەک تاتلین و هونەرمەندانی سەردەمی خۆی سەرسام بوو بە جوڵەو مرونەو داینەمیکیەت، لەبەرەوە دوورکەوتۆتەوە لە هەموو فۆڕمە ڕێجدەکان کە لە سەردەمی ئەودا بەسەر پلانسازی و تەلارسازیدا زاڵدا بوون.

شارەکەی جیۆرجی ستراکچەری پلاستیکی لەخۆ دەگرێت کە توانای خۆگۆڕینیان هەیە بەگوێرەی گۆڕانی هەلومەرجی ژینگە. نیاز و مەبەستی جیۆرجی نیشاندانی ئیمکانیات و شیاویەتی تەلارسازی جوڵاو بوو mobile architecture بەشێوەیەکی بیردۆزەیی.





٨.٥ جیۆرجی کروتیکۆڤ، شاری فڕیو، پرۆژەی دەرچوون، قوتابخانەی ڤیخوتێمەس، ١٩٢٨.

# بەشی شەشەم:
# نەمانی مۆدێرنیزمی سۆڤیەتی

لە سەرەتای بیستەکان دا تەلارسازە ئاڤانت گاردەکانی ڕووسیا هەوڵی تەواویاندا تا سەربەخۆیی هەلسوکەوتی خۆیان بپارێزن لە ڕووی پیشەییەوە، ئەمەش مانای هەبوونی سەربەخۆیی بوو لە خستنەڕووی ئایدیاگەلێک کە زۆر زیاتر رادیکەڵ بوون لەوانەی پارتی شیوعیەت هەم لەڕووی کۆمەلایەتی و هەم لەڕووی هونەری یەوە. بەلام تا بەرەو کۆتایی بیستەکان برۆین کەلێنی نێوان ئاڤانت گارد و دامەزراوەی سیاسی فراوانتر دەبوو. حکومەتەکەی ستالین تا دەهات زیاتر بەرەو دیکتاتوریەت و زەبروزەنگ هەنگاوی هەڵدەهێناو لەڕووی کەلتوریشەوە زیاتر بەرەو پارێزگاری کردن لە دابونەریتەکانی بەر لە شۆرش دەرۆیشت ، لەبەرەوەش تەلارسازان تا دەهات زیاتر دەبوونە یۆتۆپی. هەمان شت لە سەر ئاستی پلانسازی شاریشدا ڕاستە. ئەوکاتەی تەلارسازانی ڕێکخراوی ئوسا سەرکۆنەی شاری تەقلیدیان ئەکرد ، پارتی شیوعیەت وەکو میراتی کەلتوری cultural heritage لیی ئەڕوانی کە قابیلیەتی پەسندکردن و ئیستیعاب کردنی هەیە بەلای کۆمەلانی خەلکەوە، لەبەرەوەش پێویستە پارێزگاری لێبکرێت و بەرفراوان بکرێت و چاکبکرێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پلانی مۆسکۆی ساڵی ١٩٣٥ داڕێژرابوو لەسەر هەیکەلی شارەکە لە چاخەکانی ناوەڕاستدا. [١]

ستالین ڕێبازی سۆشیالیست ڕیالیزمی هەلبژارد بۆ دەولەتی سۆڤیەت، بە دەربڕینێکی کورت واتە واقیعی بوون و خۆ بەدوورگرتن لە یۆتۆپیا، زیندووکردنەوەی نەریتەکانی کۆمەلگە و پاراستنی کەلەپور لەجیاتی کارکردن بۆ خولقاندنی نەریت و کەلەپورێکی دیکەی نوێ. ئەمەش مانای وابوو کە لە تەلارسازیدا پێویستبوو ستایلی کلاسیکی جارێکی تر بهێنرێتە مەیدانەوە. ستالین بە ئاگرو ئاسن کەوتە سەرکوتکردنی هەموو نەیارەکانی خۆی ، ئینجا چ ئەوەی نەیاری کەسی بن یاخود ئاراستەی سیاسی و هونەری و تەلارسازی. بەڕای نزیکەی تەواوی نوسەران و بیرمەندان لوتکەی گەشەی مۆدێرنیزم لە ڕوسیا لەنێوان ساڵانی ١٩١٠– ١٩٣٠ دابوو، لەوە بەدوا مۆدێرنیزم دوچاری ڕەتکردنەوە هاتەوە لە یەکێتی سۆڤیەتدا.

لەگەڵ گەشەکردنی کۆمەلگەی سۆشیالیستی دا، تەلارسازان ڕووبەڕووی داواکاری و ئەرکی زیاتر ئەبوونەوە کە نە ئەگونجان لەگەڵ مەنهەج و ئایدیاکانی هەر یەکە لە راشنەلیستەکان و کۆنسترەکتیڤیستەکان. ئەو ئایدیاو مەنهەجانە بە باشی کاری خۆیان کردبوو لە قۆناغە بەراییەکانی کۆنسترەکشنی کرداری دا، ئەوکاتەی کە ئەرکی سەرەکی بریتی بوو لە دیزاینکردنی بیناگەلێک بۆ لەخۆگرتنی جۆری نوێی وەزیفەی کۆمەلایەتی. لەدوای ١٩٢٨ ەوە پیشەسازی بەخێرایی گەشەیکرد بەگوێرەی پلانی پێنج ساڵەی ئابووری یەوە کە ستالین دایڕشتبوو، کێشە کرداریەکان بۆ دروستکردنی شاری نوێ و نوژەنکردنەوەی شارە کۆنەکانی وەکو مۆسکۆ و لینینگراد، هاتنە پێشی پێشەوە. بزووتنەوەی کۆنسترەکتیڤیزم کە مەنهەجی "لەناوەوە بۆ دەرەوە"ی خۆی بەرەو بینای فەردی ئاراستە ئەکرد لەگەڵ بزووتنەوەی راشنەلیزم کە فۆرمی تەلارسازی ئەبەستەوە بە سایکۆلۆجیای بەدیکردنی فۆرمەکان، نەیانتووانی لەگەڵ کێشە نوێیەکان بسازێن. لەو کاتەدا کە ژیان لەسەر سکەی خۆی بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن، چەمکەکانی پلانسازی شاری هەردووکیان لە خەونی یۆتۆپی دا چەقی بوون. لەو کاتەدا کە ئەوان هێشتا هەر خەریکی ووتوێژی فکری بوون دەربارەی پلانسازی لەسەر ئاستی تیۆری، زۆرێک کێشە هەبوون دەستبەجێ چارەسەر ئەکران بەبێ بەشداریکردنێکی کارای ئەوان. ئەو هەلومەرجە بە تەنها بەس بوو بۆ نەهێشتنی کاریگەری گروپە داهێنەرەکان. [٢]

لە میانەی پلانی پێنج ساڵەی ستالیندا لە ١٩٢٨، حکومەت دەستیدایە جێبەجێکردنی پرۆگرامێکی سەخت و بێ بەزەییانەی گەشەپێدانی پیشەسازی و کشتوکاڵ لەسەر شانی ملیۆنان کرێکار کە بە زەبروزەنگ ڕائەگوێزران، کۆ ئەکرانەوەو ناچاری کارکردن ئەکران. ئەم پرۆگرامە دروستکردنی ژمارەیەک شاری پیشەسازی لەخۆگرتبوو لە نزیک سەرچاوەی مەوادە خاوەکانەوە. ئەو چارەسەرەی کە گینزبێرگ و میلیوتین پێشنیاریان کردبوو بۆ ماگنیتۆگۆرسک ڕەتکرایەوە لەپێناوی شاری تەقلیدی بە مەرکەزی کراو دا centralized cities. لەبەر نەبوونی متمانە بە تەلارسازانی ڕووسی کە لە ڕووی کرداریەوە کەم ئەزموون بوون و زیاتر بایەخیان بە دیزاینی یۆتۆپی دوور مەواد ئەدا، بەڕێوبەرانی نوێی شاری ماگنیتۆگۆرسک تەلارسازانی بیانیان بەکرێگرت کە ئەزموونیان لە تەکنیک و بەڕێوەبردنی سێتلمێنتی نوێ دا هەبوو. لەناویاندا کۆمەلێک تەلارساز هەبوون وەکو ئێرنست مەی تەلارسازی ئەلمانی و هانس مایەری تەلارسازی سویسری ( کە لە ئەلمانیا سەریهەلگرت و بۆ ڕوسیا کۆچی کرد ساڵی ١٩٣٠ پاش لەدەستدانی ئومێد بۆ دروستکردنی سۆشیالیزم لە ئەورووپای ڕۆژئاوادا). [٣]

ئەم ڕووداوانە وایانکرد بەرە بەرە زوهد و تەقەشوفی تەلارسازیانەی هەریەکە لە ڕێکخراوەکانی ئوسا و ئاسنۆڤا ڕەواجی خۆی لەدەست بدات. لەسەرەتای سیەکان دا، زوهدکردن لە فۆرمی بینا یا بە تەواوی خرایە دەرەوەی بازنەی ڕۆحی سەردەمەوە. بزووتنەوەکان کەوتنە ناو سەردەمێکی

گرانەوە کە وا دەهاتە بەرچاو زیاتر پەیوەستە بە رابردووەوە نەوەک زەمانی ئێستا. بیروباوەڕ وەها بوو کە بەدەستهێنانی ژیانێکی نوێ و بەرزکردنەوەی حاڵ و گوزەرانی خەڵک لە ئێستا دا پێویستیان بە فۆرمی دیکە هەبوو بۆ گوزارشتکردن کە زیاتر هەماهەنگ بن لەگەڵ داواکاری و ئارەزووە نوێیەکانی ژێر حوکمی ستالین دا. هەروەها نارەزاییەکی زۆریش هەبوو دەربارەی شکستهێنانی ئاشکرای تەلارسازی مۆدێرن لە بەخشینی گوزارشتی هونەری بە ئایدیەڵە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان. گەران بەدوای وەها گوزارشتێکی رەمزیدا لە تەلارسازی، بە خەستی پەرەیسەند و دەبوو بە تەواوی جیاواز بێت لەو گوزارشتە رەمزیەی کە بە توندی خۆی چەسپاندبوو لە سەرەتاو ناوەڕاستی بیستەکانەوە. بارودۆخەکە وایکرد کۆمەڵە مەوجودەکانی تەلارسازی زیاتر لەیەک بترازێن و هەریەکەیان لای خۆیەوە لێکدانەوەی تایبەتی خۆی و هەتوانی تایبەتی خۆی پێشکەش ئەکرد بۆ چارەکردنی ناکۆکیە مەوجودەکان. نارەزایەتی و رقلێبوونەوە لە ڕێکخراوە مەوجودەکان وەکو پڕبوونی جام و بەسەردا ڕژانی وابوو. سەرەنجام کۆمەڵەی نوێ هاتەئاراوە، ئایدیاو مەنهەجی خۆیان خستەڕوو، بەڵام هەموویان لە ئامانجە کۆتاییەکانی سۆشیالیزم دا یەکیان ئەگرتەوە. لە ساڵی ١٩٢٨ لادۆڤسکی و شوێنکەوتووە نزیکەکانی خۆی ڕێکخراوی ئاسنۆڤایان بەجێهێشت بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەی تەلارسازە ئێربەنیستەکان Association of Urbanist Architects (ARU). هەروەها کۆمەڵەی تەلارسازە پرۆلیتاریەکانی ڕووسیایی The All-Russia Association of Proletarian Architects VOPRA لە هەمان ساڵدا دامەزرێنرا.[٤]

کۆمەڵەی ARU بنەماگەلێکی ڕاشنەلیستی گرتەبەر لە تەنزیم کردنی تەلارسازی سەرتاپای شار دا، لەکاتێکدا ڕێکخراوی VOPRA رەخنەیەکی توندی لە عەقیدەی ڕاشنەلیستەکان و کۆنسترەکتیڤیستەکان گرت، کۆمەڵە تۆمەتێکیان ئاراستە کردن وەکو خۆگرتنی ساویلکانە بە لایەنی تەکنیکی و فەرامۆشکردنی ڕێکخستنێکی ئیستاتیکیانەی ژینگە کە ببووە تایبەتمەندیەکی نموونە تەلارسازیەکانی ئەوان، هەروەها لەبەرچاو نەگرتنی ئەرکە ڕاستەقینەکانی گەشەسەندنی شار. ئەگەرچی ئەندامانی ڤۆپرا زۆرجار لە ڕەخنەگرتندا زمانێکی زبریان بەکاردەهێنا و جەختیان دەکردەوە لەسەر هاتنەگۆیەکی ڕاستەوخۆ بۆ داواکارییەکانی کۆمەڵگە، وەلی هەوڵەکانی ئەوانیش زیاتر لە چوارچێوەی دەربڕینی نیاز و مەبەستدا مایەوە نەوەک لە بواری کرداریدا جێدەستیان دیار بێت.[٥]

ئیڤان فۆمین کە لە ساڵی ١٩٢٩ەوە لە مۆسکۆ خەریکی کارکردن بوو، هەوڵی دا مەیلە دژەکان پێکەوە کۆبکاتەوە بۆ یەک پێکهاتەی چونیەک و هاوئاواز لە "کلاسیکیەتی پرۆلیتاری." ڕێچکەکەی ئەو شێوەی سیستەمێکی یەکگرتووی وەرگرت، هەوڵی دەدا ڕێکخستنێکی زۆر توندی بێنا کە لە ئۆردەرەکانی تەلارسازی کلاسیکیەت دا هەیە گری بدات لەگەڵ ئیستاتیکای ڕاشنەلیستی. نیەت لە دانانی ئۆردەرەکان، کە بەدرێژایی ڕۆژگار پارێزگاریان لە ڕۆڵی خۆیان کردووە وەکو سیستەمێک لە هێمای زمانی تەلارسازی "signs of architectural language"، بریتی بوو لە دروستکردنی شاهیدیەکی مێژوویی لەسەر بەردەوامی بوونی میراتی کەلتوری. بەڵام پرۆپۆرشنی ئۆردەرەکان لێرەدا قانوون و ستانداردە جێگیرەکانی خۆیان لەدەستداوە لە ئەنجامی گونجاندنیان لەگەڵ خەسڵەتەکانی ستراکچەری مۆدێرن و دروستکراو لە کۆنکریتی بەهێزکراو دا. لەم پرۆسەیەدا، پایەکان شێوەیەکی درێژیان وەرگرت کە لە کلاسیکیەتدا بوونی نەبوو، ئیقاعاتی سەیر و نائاسایی خراونەتە ناو دیزاینەکانەوە، وە تێکرای سیتی ئەو پرۆپۆرشنانەی کە بە ئۆردەرەکانەوە وابەستەبوون گۆڕانی بەسەرداهاتووە. ئۆردەرەکان سادەکرانەوە بۆسەر شێوە ئەندازەییە سەرەکیەکان، ئەمەش بۆ گونجان لەگەڵ سادەیی عەقڵانی و زوهد ئاسا کە ببووە مۆرکی تەلارسازی سەرەتای بیستەکان. شایانی باسە سادەیی بریتی نەبوو لە ئامانجی سەرەکی فۆمین ، وێنەی میتافۆریانەی ئۆردەرەکان بریتی بوو لە دەربڕینی خواست بۆ ئەم سادەییە.[٦]

دوو ڕووداو بوونە نیشانەی کۆتاییهاتنی ئاڤانت گارد لە ڕووسیا ، یەکەمیان بریتی بوو لە هەڵوەشاندنەوەی هەموو گروپە سەربەخۆکانی تەلارسازی ساڵی ١٩٣٢ جگە لە ڕێکخراوی VOPRA نەبێت کە ستالینیەت بەسەری دا زاڵبوو، ئەمەش بووە مایەی زیاتر کۆنترۆلکردنی پیشەی تەلارسازی لەلایەن حکومەتەوە.[٧] لە ساڵی ١٩٣٢ گروپی جیاوازی تەلارسازان هەموویان پێکەوە دەمج کران لەژێر ناوی یەکێتی تەلارسازانی سۆڤیەت Union of Soviet Architects. وتووێژەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە سەبارەت بە دیتنەوەی چارەسەر بۆ کێشە مەزنەکانی گەشەکردنی شار، دروستکردنی ناوچەی پیشەسازی شارەکان وە موجەمەعات و سەنتەرەکانی نیشتەجێبوون، بووە هۆی پەیدابوونی سامانێک لە ئایدیای تەلارسازی کە زەمینەسازیان کرد بۆ بەرەوپێشچوونەکانی داهاتوو.[٨] ڕاستە بیروڕای جیاواز لەناو ڕێکخراوەکەدا هەبوو بەڵام ساڵانی فرەچەشنی کۆتاییان هات کە تەلارسازان بتوانن بەشوێن ڕێچکەیەکی تایبەتی جوانیناسیدا بڕۆن دوور لە فشاری سیاسی. کۆمیتەنی ناوەندی پارتی شیوعیەت بڕیاریدا کە داهاتووی تەلارسازیش هەروەکو کایەکانی دیکەی هونەر و کەلتور، خۆی لە سۆشیالیست ڕیالیزم دا دەبینێتەوە.[٩]

ڕووداوی دووەم بریتی بوو لە دەرەنجامەکانی پێشبڕکێیەکی مەزن وشکۆداری تەلارسازی کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣١- ١٩٣٣ دا ڕێکخرا بۆ دیزاینکردنی گەورەترین بینای ڕووسیا لە شاری

مۆسکۆ بەناوی کۆشکی سۆڤیەتەکان Palace of the Soviets. لەپاش گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی دوورودرێژ لە هەڵبژاردنی پرۆژەیەکی گونجاو دا، سەرەنجام تەلارسازی گەنج بۆریس ئایۆفان خەڵاتی یەکەمی پێبەخشرا لەناو لیستێکدا کە زۆرێک لە ئەستێرەکانی تەلارسازی مۆدێرنی ئەورووپی و ئەمەریکی تێدا هەبوو وەکو گرووپیەس و مێندلسن و پۆلزیگ لە ئەڵمانیاوە، برازینی لە ئیتالیاوە، لامب و ئیربەن لە ئەمەریکاوە، وە ئۆگست پیریت و لی کۆربوزۆی لە فەرەنساوە.[10] سەرکەوتنی دیزاینەکەی ئایۆفان بووە یەکەم نیشانەی سەرکەوتنی سۆشیالیست ڕیالیزم بەسەر مۆدێرنیزم دا، دیزاینەکانی تر دوورخرانەوە لەپێناوی چارەسەرێکی کلاسیکی دا.[11]

لەناو پیشەی تەلارسازیدا ئاراستەی نەریتخواز (خەتی ترەدیشنەلیستەکان) کە بڕوای بە پاراستنی بەردەوامی نەریتە تەلارسازییەکانی کۆمەڵگە هەبوو، جارێکی تر برەوی سەندەوە بەهۆی سیاستەکانی ستالینەوە، بەمەش بوونەوە بە پیشەنگ و جڵەوی تەلارسازیان گرتەوە دەست . بیرۆکەی ئاوێتەبوونی تەلارسازی لەگەڵ میراتی کەلتوری دا synthesis with cultural heritage ناسرا بە سۆشیالیست ڕیالیزمی تەلارسازی و بووە شێوەی فەرمی تەلارسازی دەوڵەت.[12] لە کۆتاییەکانی ١٩٣٤ وتووێژی نێوان ترەدیشنەلیستەکان و کەنسترەکتیڤیستەکان کۆتاییهات بە سەرکەوتنی یەکجارەکی کلاسیکیەتی سۆشیالیست ڕیالیزم.[13] سۆشیالیست ڕیالیزم لە تەلارسازی دا هەمیشە وا پێناسە ئەکرا کە ستایل نیە بەڵکو میتۆدە و ، وەکو هەموو بوارەکانی تریش بنەماکانی ئەم میتۆدە بریتی یە لە هەڵمژین و ئاوێتەکردنەوەی کەلەپور بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە. ئەمەش مانای وابوو ئەو ئێلەمێنتانەی کەلتوری تەقلیدی یان سیستەمی جوانیناسی کە هێشتا دیوی ئیجابی ئایدۆلۆجیان هەبوو، پێویستبوو دوبارە بناسێرێنەوەو تێکەڵ بکرێنەوە، بۆ بونیاتنانی ئاوێتەیەکی نوێ لەو ئێلەمێنتانە لەگەڵ دواهەمین ئیمکانیاتی نوێی تەکنەلۆجی دا. دوپات لەسەر ئەوە کرایەوە کە وەرگرتن و ئاوێتەکردنی کەلەپور مانای کۆپی کردنی ڕابردوو نیە، بەڵکو چالاکیەکی داهێنەرانەیەو جموجۆڵکردنە بەرەو سەرەوە لە لوتکەی کەلتوری پێشوترەوە بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتنی نوێ.[14]

هەرچەندە هەروەکو کلاسیکیەتی نازیزم و فاشیزم ، سۆشیالیست ڕیالیزمی سۆڤیەتیش ناشرین و لەکەداربووە بەهۆی ڕەگوڕیشە سیاسیەکەیەوە، بەڵام گەر لە پەنجەرەیەکی ترەوە بڕوانینە ئەو کاتانە، تەلارسازی بەهرەمەند ئەبینین کە هەروەک چۆن شاعیرێک خۆی دەبەستێتەوە بە هۆنراوەیەکی شەش خشتەکیەوە، ئەویش خۆی دەخاتە ناو تەنگوچەڵەمەکان و



**١.٦ بۆریس ئایۆفان، کۆشکی سۆڤیەتەکان، ١٩٣١-١٩٣٣.**

کاری ناوازە دێنێتە بوون لەناو دۆخێکی بەندیخانە ئاساوە. جگە لەوە، کارە تەلارسازیەکان لەسەر ئەو شێوەیە ڕادەی سامناکی ڕژێمی سۆڤیەتی بەیان ئەکەن.

لەپاش ئەم ڕووداوانەوە، دەوڵەت بەتوندی دەستی گرت بەسەر سیاسەتی تەلارسازی دا. تەلارسازە ئاڤانت گاردەکان هەوڵیاندا ستایلی کارکردنیان بسازێنن لەگەڵ مۆنیومێنتالیتی پەسەندکراودا یان ئەوەتا بوونە بیرۆکرات بۆ نموونە وەکو گنیزبێرگ. تەلارسازەکان کاریان دەکرد لەسەر بەرەوپێشەوەبردنی لایەنی تەکنیکی لەناو سیاسەتی کەلتوریی سۆشیالیست ڕیالیزم دا کە پێچەوانەی هەموو ئەو کارە بوو پێشووتر لەگەڵیدا ژیابوون.[15]

داواكاری سەرەكی لە پێشبڕكێی كۆشكی سۆڤیەتەكان دا Palace of the Soviets دروستكردنی بینایەك بوو كە سەرەرای ئاڵۆزی فەنكشنەكەی دەبوو وەكو مۆنومێنتێك ئیش بكات. هۆڵێك بۆ شەش هەزار كەس و هۆڵێك بۆ پانزە هەزار كەس لەخۆی بگرێت لەگەڵ ژمارەیەكی زۆر هۆڵی بچووكتر و فەنكشنی تر. كاتێك پرۆگرامی بیناكە بلاوكرایەوە هیچ شتێكی تیدا باس نەكرابوو دەربارەی ستایلەكەی تەنها داواكاری ئیستاتیكی ئەوەبوو كە دەبوو قەبە monumental بێت و بەشێوەیەكی هونەریانە بگونجێت لەگەڵ تەختێتی گشتی شاری مۆسكۆدا.

دیزاینەكەی ئایۆفان سەرنجی ئەنجومەنی دروستكردنی كۆشكی راكێشا بەهۆی كۆكردنەوەی تەلارسازی و پەیكەرسازی لە یەك فۆرمدا و هەڵبژاردنی موفرەداتی كلاسیكی لە دیزاینەكەدا. بڕیاریكی ئەنجوومەن پێشنیاری دروستكردنی پەیكەرێكی بەرزی لینینی كرد لەسەر بیناكە، تاكو كۆشكی سۆڤیەت تەنها وەكو بنكەیەك رۆڵ ببینێت pedestal بۆ پەیكەرەكە. لوناچارسكی ئەم جوڵە تەلارسازیەی وەكو گوزارشتكردن لە ئایدیای سۆشیالیزم لێكدایەوە، بە دانانی مرۆڤ لەسەرووی هەمووی شتێكەوە.[16] هەرچەندە دیزاینەكە جێبەجێ نەكرا چونكە لەرووی ئابووری و فیزیایی و تەكنیكی یەوە كارێكی مەحاڵ بوو لەو كاتەدا، بەلام خودی دیزاینەكە بووە فۆكەس و سیمبولی نیزامی نوێی كۆمەلایەتی و سیاسی لە سەردەمی ستالین دا. قەبەیی و هەیمەنەو بالادەستی دەوڵەت بەسەر تاكدا وەك كۆمەڵە ئیعتیباراتێكی سیاسی و ئایدۆلۆجی لە دیزاینەكەدا نیشاندراون.

گرینگی كۆشكی سۆڤیەت لەرووی ستایلەوە ، بەسترایەوە بە رۆڵی بەرچاوی دیمەنی پەیكەریانە imageryلە هەموو ژانرەو جۆرەكانی تەلارسازی دا. دوابەدوای ئەو پرۆژەیە، چەمكی سۆشیالیست ریالیزم لە تەلارسازیدا بەرەو رێچكەیەكی پەیكەریانە imagery كەوتە جوڵە. رێكخستنی ستراكچەری بینا بەشێوەیەكی عەقلانی بووە جۆرێك لە باكگراوند بۆ لایەنی زاڵ و هونەریانەی دیمەنی پەیكەری، هەموو پرۆژەیەكی تەلارسازی وەكو دەربڕینێكی رەمزی ئایدیا سەرەكیەكانی رۆژگار رەچاو ئەكرا. دەورێكی گرینگ درایەپاڵ لایەكانی تەلاسازی و هونەرە جوانەكان، تاكو لەرێگای بەكارهێنانی هونەرەوە خەسلەتی پیشاندان illustration ببخەشنە فۆرمی بیناكان. ئەم خەسلەتەی دوایی بەسترایەوە بەو ئایدیایەی كە چۆن دەكرێت سۆشیالیست ریالیزم لە تەلارسازی دا بەرجەستەبكرێت. ئەمەش بووە هۆی جەختكردنەوە لەسەر رۆڵی تەلارسازی وەكو هونەرێك.

ئارەزووی باشكردنی دیمەنی پەیكەریانە imagery و لایەنی گوزارشتخوازی تەلارسازی expressiveness لە چەندین فۆرمی فرەچەشنی تەلارسازی دا بەرجەستەكران، ئەمەش بە ئاشكرایی لە پێشبڕكێكاندا دەرەكەوێت بۆ دیزاینكردنی بینای گەورە، بە تایبەتی پێشبڕكێی دیزاینكردنی بینای وەزارەتی پیشەسازی گران لە مۆسكۆ سالی ١٩٣٤. سەرەرای پێشكەشكرانی چەندین دیزاینی جیاواز، بەلام هەموویان لە یەك نیشانەدا بەیەك ئەگەیشتنەوە كە ئەویش دووپاتكردنەوە بوو لەسەر لایەنی گوزارشتیانەی بینا expressiveness و دیمەنی پەیكەریانە imagery بەلام بە شێوەی جیاواز. لە هەموویان بەرچاوتر لە هەبوونی ئەو دوو خەسلەتەدا دیزاینەكانی لیۆنیدۆڤ و میلنیكۆڤ بوون. بەهۆی قەبەیی و فرەچەشنی لە موفرەدات و فۆرم دا، هەردووكیان بە شێوەیەكی رەمزی دەرخەری توانای مەزنی پیشەسازی سۆڤیەتی بوون. لیۆنیدۆڤ بە گروپكردنی سی تاوەری بەرزەوە پێی لەسەر باری ستوونی بیناكە داگرتووە ، وەكو رەمزێك بۆ پەلكێشیەكانی كۆشكی كرێملین بەرەو سەرەوە لە سێبەری silhouette شاری مۆسكۆ دا. لەلایەكی ترەوە بۆ كەمكردنەوەی كاریگەری بەسەری ستراكچەرە نوییەكە لەسەر شار دا ، میلنیكۆڤ پێشنیاری كرد بیناكە ١٦ نهۆم بە زەویدا بچێتە خوارەوە لەناو چاڵێكی گەورەدا. رامپەكان و قادرمەكان كە بە سكێلێكی گەورە لە هەڵكشان و داكشان دان، داینەمیكیەتی قەبارەی ستراكچەرەكە زیاتر ئەكەن كە تەختێتیكی شێوە پیتی Wی هەیە. پرۆژەكانی لیۆنیدۆڤ و میلنیكۆڤ لەیەك كاتدا دەربڕینێكی تەلارسازی رەمزیان خستەروو بەبێ دووبارەكردنەوەی پرۆتۆتایپێكی دیاریكراو بەلام بە سەپاندنی دیمەنێكی پەیكەریانەی گوزارشتخواز هاوشێوەی كارە تەلارسازیەكانی كلاسیكیەت.[17]



٢.٦ ئەلێكساندەر و ڤیكتۆر ڤێسنین، بینای وەزارەتی پیشەسازی گران، ١٩٣٤.





٣.٦ ئیڤان لیۆنیدۆڤ، بینای وەزارەتی پیشەسازی گران، ١٩٣٤.



٤.٦ کۆنستانتین میێلنیکۆڤ، بینای وەزارەتی پیشەسازی گران، ١٩٣٤.

لیستی شێوەکان:


بەشی یەکەم:

1. و 2. Dmitry Shvidkovskiy, "Russian Architecture and the West", (Yale University Press, New Haven, London: 200718

.3 https://www.rusmoose.com/ukrainian-historical-sites/

.4 https://en.wikipedia.org/wiki/Saint_Sophia%27s_Cathedral,_Kiev

.5 http://www.encyclopediaofukraine.com/display.asp?linkpath=pages%5CS%5CA%5CSaintSophiaCathedral.htm

Frank Ching, Gobal history of Architecture 6-8

.9 http://www.saint-petersburg.com/virtual-tour/hermitage/

.10 http://russiatrek.org/blog/culture/flyonovo-village-architectural-complex/

https://en.wikipedia.org/wiki/Talashkino .11

https://en.wikipedia.org/wiki/Singer_House .12

یەکەم: هونەری مۆدێرن

Frank Ching, Gobal history of Architecture .13

https://en.wikipedia.org/wiki/Suprematism .14

https://en.wikipedia.org/wiki/0,10_Exhibition .15

.16 http://www.learn.columbia.edu/courses/fa/htm/fa_ck_tatlin_1.htm

.17 https://www.thepolisblog.org/2009/12/imagining-socialist-city.html

.18 /http://www.designishistory.com/1920/el-lissitzky

.19 https://www.pinterest.com/pin/131590238838482/37

20 و 21. Magdalena Dabrowski, "Liubov Popova", The Museum of Modern Art, New York, 1991

.22 http://www.tate.org.uk/research/publications/tate-papers/12/aleksandr-rodchenkos-lines-of-force

.23 http://www.tate.org.uk/art/artworks/gabo-kinetic-construction-standing-wave-t00827

24 https://artsignificator.com/2018/05/03/what-to-collect-13-naum-gabo-b/

Museum of Modern Art (New York, N.Y.) , .25 "Naum Gabo [and] Antoine Pevsner", Introduction by Herbert Read, text by Ruth Olson and Abraham Chanin, p.10

.26 http://saharali.blogspot.com/2010/02/alexander-rodchenko-and-russian_5590.html

27 و 28 https://www.scoop.it/t/art-installations/?&tag=Alexander++Rodchenko

.29 https://www.moma.org/interactives/exhibitions/2010/online/#works/03

بەشی دووەم:

.1 https://www.moma.org/interactives/exhibitions/1998/rodchenko/texts/new_cultural_jpg.html

.2 http://www.tate.org.uk/whats-on/tate-modern/exhibition/rodchenko-popova/rodchenko-and-popova-defining-constructivism-4

Museum of Modern Art (New York, N.Y.) , .3 "Naum Gabo [and] Antoine Pevsner", Introduction by Herbert Read, text by Ruth Olson and Abraham Chanin

https://thecharnelhouse.org .4

/https://kirk.is/2017/08/05 .5

6 و 7 و 8.
https://www.wikiart.org/en/nathan-altman

9 و 10 و 11.
https://thesocialistcity.wordpress.com/2014/09/29/nikolai-ladovsky-la-casa-comuna-y-el-metodo-p/sicoanalitico-de-ensenar-arquitectura

12 و 13. Catherine Cooke, "Architectural Drawings of the Russian Avant-Garde" (The Museum of Modern Art, New York:1990).

2.14-2.15 Frank Ching, Gobal history of Architecture

https://www.theartnewspaper.com/review/building-anew-how-constructivism-sought-to-remake-th e-world

2.16
http://fourcornerstwodimensions.tumblr.com/post/33699920813/tatlins-tower-or-the-monument-to-the-third

2.17
http://www.beaudouin-architectes.fr/2015/10/7030/

2.18
https://thecharnelhouse.org/2014/05/03/the-brothers-vesnin/aleksandr-vesnin-proposal-for-a-monument-to-the-third-international-2

2.20 و 2.19 -
https://archpaper.com/2014/03/moscows-shukhov/-tower-will-be-dismantled

2.21 و 2.23
https://thecharnelhouse.org/2015/02/22/naum-ga/bo-and-antoine-pevsner

2.22
http://www.tate.org.uk/about-us/projects/gabo-archives

2.24
https://thecharnelhouse.org/2014/05/29/aleksandr/-rodchenko-lenin-workers-club-in-paris-1925

2.25 Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988).

2.26 Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002

2.27 Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988).

2.28 Anna Bokov, VKhUTEMAS Training, Pavilion of the Russian Federation at the 14th International Architecture Exhibition, la Biennale di Venezia.

2.29 Anna Bokov, VKhUTEMAS Training, Pavilion of the Russian Federation at the 14th International Architecture Exhibition, la Biennale di Venezia.

2.30
https://en.wikipedia.org/wiki/Nikolai_Ladovsky#cite_note-P41-10

2.31 Anna Bokov, VKhUTEMAS Training, Pavilion of the Russian Federation at the 14th International Architecture Exhibition, la Biennale di Venezia.

2.32 و 2.33 2.34و 2.35 و2.36 و 2.37 و 2.38 و 2.39 و 2.40Anna Bokov, VKhUTEMAS Training, وPavilion of the Russian Federation at the 14th International Architecture Exhibition, la Biennale di Venezia.

2.41-2.47
https://thecharnelhouse.org/2014/03/12/suprematism-in-architecture-kazimir-malevich-and-the-ar/khitektons

2.48-2.59 https://monoskop.org/El_Lissitzky وه
https://www.moma.org/artists/3569?locale=en

2.60 – 2.87
https://artsandculture.google.com/exhibit/BgLS889V3Fg4KA?hl=en

2.88
http://canacopegdl.com/keyword/nikolai-suetin.html

2.89 https://studfiles.net/preview/1788376/

2.89-2.101 یەکەم:
https://thecharnelhouse.org/2012/11/22/the-arkhitektons-and-planets-of-kazimir-malevich-and-his-students-nikolai-suetin-and-iakov-chashnik-mid-1920s-with-commentary-by-aleksei-gan/#jp-carousel-5174 ، وە دووەم:
http://cultobzor.ru/2012/11/chashnik-gallery/ ، وە سێیەم:
https://artchive.ru/artists/2157~Ilja_Grigorevich_Chashnik/works

2.102, Architectural Drawings of the Russian Avant-Garde, 1978 Catherine Cooke

2.103 2.105-
https://thesocialistcity.wordpress.com/2014/09/29/nikolai-ladovsky-la-casa-comuna-y-el-metodo-psicoanalitico-de-ensenar-arquitectura/

2.106 – 2.113
https://thecharnelhouse.org/2015/09/02/soviet-avant-garde-models-and-sketches-1922-1935/ وە
http://www.dieselpunks.org/profiles/blogs/horizontal-skyscrapers

2.114 - 2.134
https://thecharnelhouse.org/2015/09/02/soviet-avant-garde-models-and-sketches-1922-1935/ وە
https://thecharnelhouse.org/tag/nikolai-dokuchaev/#jp-carousel-17933 وە
https://thecharnelhouse.org/2014/03/06/the-decantation-chamber-of-soviet-modernism-vkhutemas-projects-from-the-1920s/ وە
http://www.alyoshin.ru/Files/publika/khan_archi/khan_archi_1_056.html

2.135-2.146
https://thecharnelhouse.org/2014/05/03/the-brothers-vesnin/

2.147 Daniel Movilla Vega; Carmen Espegel Alonso," Towards The New Communist Society: The Transition House Of Narkomfin, A Research Epilogue", 2013

2.148
http://misfitsarchitecture.com/2015/05/09/1927-the-competition/

2.149 - 2.150 Daniel Movilla Vega; Carmen Espegel Alonso," Towards The New Communist Society: The Transition House Of Narkomfin, A Research Epilogue", 2013

2.151.2.154.2.55
http://misfitsarchitecture.com/2015/05/09/1927-the-competition/

2.152, 2.153 Daniel Movilla Vega; Carmen Espegel Alonso," Towards The New Communist Society: The Transition House Of Narkomfin, A Research Epilogue", 2013

2.154 - 2.184
http://misfitsarchitecture.com/2015/05/09/1927-the-competition/ وە هەروەها Daniel Movilla Vega; Carmen Espegel Alonso," Towards The New Communist Society: The Transition House Of Narkomfin, A Research Epilogue", 2013

2.185 Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002

2.186
http://inrussia.com/tour-the-house-of-narkomfin

2.187
http://socks-studio.com/2016/12/04/the-narkomfin-building-in-moscow-1928-29-a-built-experiment-on-everyday-life/

2.188
https://www.architectural-review.com/essays/making-sense-of-narkomfin/10023939.article

2.189
http://socks-studio.com/2016/12/04/the-narkomfin-building-in-moscow-1928-29-a-built-experiment-on-everyday-life/

2.190-2.191
https://thecharnelhouse.org/2013/07/16/the-speculative-constructivism-of-iakov-chernikhovs-early-architectural-experiments-1925-1932/

2.206 – 2.192

https://thecharnelhouse.org/2013/07/16/the-speculative-constructivism-of-iakov-chernikhovs-early-architectural-experiments-1925-1932/ وه

https://misfitsarchitecture.com/tag/osa/ وه

https://thecharnelhouse.org/2013/05/22/narkomtiazhporn-the-pornographic-proto-stalinism-of-the-commissariat-of-heavy-industry/ وه

https://thecharnelhouse.org/2014/05/03/the-brothers-vesnin/ وه

https://thecharnelhouse.org/2013/11/24/moisei-ginzburg-gosstrakh-apartment-complex-in-moscow-1926/ وه

https://www.moma.org/collection/works/16450 وه

https://thecharnelhouse.org/2014/06/06/architectural-compositions-by-iakov-chernikhov-1924-1931/

بەشی سێیەم:

1.3
https://thecharnelhouse.org/2013/08/03/the-soviet-pavilion-at-the-1925-paris-international-exposition/cooke/

2.3
http://idaaf.com/red-architecture/konstantin-melnikov-ussr-pavilion-5/

3.3
https://www.archweb.it/dwg/arch_arredi_famosi/Melnikov/padiglione_urss_parigi/padiglione_urss_parigi.htm

4.3
https://www.archdaily.com/151567/ad-classics-melnikov-house-konstantin-melnikov

5.3
http://www.artwort.com/2014/03/18/architettura/leccessivo-formalismo-di-konstantin-melnikov/

6.3
https://visuallexicon.wordpress.com/2017/10/09/melnikov-house-moscow-russia-by-konstantin-melnikov

7.3
http://www.artwort.com/2014/03/18/architettura/leccessivo-formalismo-di-konstantin-melnikov/

3.8
https://www.archdaily.com/155470/ad-classics-rusakov-workers-club-konstantin-melnikov

10.3 – 3.9
https://es.wikiarquitectura.com/edificio/club-rusakov/

15.3 – 11.3
https://thecharnelhouse.org/2014/03/21/ivan-leonidovs-proposal-for-the-lenin-institute-in-moscow-1927/

3.16 Yixin Zhou, Socialism And Representational Utopia: Club Of The New Social Type, 2016

3.18-3.17
https://thecharnelhouse.org/2015/08/25/ivan-leonidov-artist-dreamer-poet/

فیگەری 3-1 Dr François Blanciak, Revolutionary Objects: Pure forms and Disorder in the Work of Ivan Leonidov

3.19 https://tatlin.ru

3.20
https://sites.duke.edu/russian217final/2015/05/01/ilya-golosov-1883-1945-zuev-workers-club-moscow-russia-1926-28/

3.21 www.mimoa.eu

بەشی چوارەم:

بەشی پێنجەم:

5.1 leidiniu.archfondas.it

5. 3 wikiedia

5.5 و 4.5 Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P109

5.6 و 5.7 و 5.8 thecharnelhouse.org

بەشی شەشەم:
Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 6.1
2002, P135
Catherine Cooke, "Architectural Drawings of 6.2
the Russian Avant-Garde" (The Museum of
Modern Art, New York:1990),
thecharnelhouse.org 6.4 و 6.3
Catherine Cooke, "Architectural Drawings of 6.5
the Russian Avant-Garde" (The Museum of
Modern Art, New York:1990),

سەرچاوەکان

بەشی یەکەم:


1. Frank Ching, "Global History of Architecture", P715
2. Gyula Sebestyen, "New Architecture and Technology", (Architectural Press: 2003), P4
3. Frank Ching, "Global History of Architecture", P715
4. Western architecture", P25"
5. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P5
6. Samuel P. Huntington, "The Clash of Civilizations and the Remaking of World Order" (SIMON & SCHUSTER: 1996), P140-144
7. Patrick Nuttgens with Richard Weston, "The Complete Architecture Handbook From the First Civilizations to the Present Day", (HarperCollinsPublishers, New York: 2006), p.76
8. Dmitry Shvidkovskiy, "Russian Architecture and the West", (Yale University Press, New Haven, London: 2007), p.13
9. Dmitry Shvidkovskiy, "Russian Architecture and the West", (Yale University Press, New Haven, London: 2007), p.14
10. Dmitry Shvidkovskiy, "Russian Architecture and the West", (Yale University Press, New Haven, London: 2007), p.15-20
11. Dmitry Shvidkovskiy, "Russian Architecture and the West", (Yale University Press, New Haven, London: 2007), p.18
12. Saint Sophia Cathedral http://www.encyclopediaofukraine.com/display.asp?linkpath=pages%5CS%5CA%5CSaintSophiaCathedral.htm
13.
14. Dmitry Shvidkovskiy, "Russian Architecture and the West", (Yale University Press, New Haven, London: 2007), p.18-20
15. James Cracraft, "The Petrine Revolution in Russian Architecture", (University of Chicago Press, 1988), p.150-51
16. William Craft Brumfield, "Landmarks of Russian Architecture: A Photographic Survey", (Overseas Publishers Association. Amsterdam, NL: 1997), p.3
17. Allison Lee Palmer, "Historical Dictionary of Architecture", (Scarecrow Press: 2008 ), p.298. see also James Cracraft, "The Petrine Revolution in Russian Architecture", (University of Chicago Press, 1988 ) p.13-14
18. James Cracraft, "The Petrine Revolution in Russian Architecture", (University of Chicago Press, ), p.149
19. James Cracraft, "The Petrine Revolution in Russian Architecture", (University of Chicago Press, ), p1
20. Dmitry Shvidkovsky, Shvidkovsky, "Russian Architecture and the West", (London. Yale University Press: 2007), p.289
21. https://www.britannica.com/place/Winter-Palace
22. http://www.saint-petersburg.com/palaces/winter-palace
23. https://www.hermitagemuseum.org/wps/portal/hermitage/explore/buildings/locations/building/B10
24. Alexander Polunov, "Russia in the Nineteenth Century: Autocracy, Reform and Social Change, 1814–1914", Edited by Thomas C. Owen And Larissa G. Zakharova. Translated By Marshall S. Shatz, (Armonk, N.Y, USA. M. E. Sharpe: 2005) pp.58-59
25. Alexander Polunov, "Russia in the Nineteenth Century: Autocracy, Reform and Social Change, 1814–1914", Edited by Thomas C. Owen And Larissa G. Zakharova. Translated By Marshall S. Shatz, (Armonk, N.Y, USA. M. E. Sharpe: 2005) pp.62-63
26. Nicholas V. Riasanovsky, "Russian Identities: A Historical Survey", (Oxfor University Press. New York: 2005), p
27. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P167

Dennis P. Doordan, "Twentieth-Centuery Architecture", 2002, P117

Dmitry Shvidkovsky, Shvidkovsky, "Russian .32 Architecture and the West", (London. Yale University Press: 2007),p.2

Dmitry Shvidkovsky, Shvidkovsky, "Russian .33 Architecture and the West", (London. Yale University Press: 2007), p.291

Futurism, .34 https://1pdf.net/futurism-saylor-academy_59026c37f6065d633f24e421

Paul Wood, "Art and Politics in a Worker's .35 State," in Art History 8, no.l (March 1985), pp. 105-124

Matthew Drutt, 'Kazimir Malevich: .36 suprematism', (New York. The Solomon R. Guggenheim Foundation: 2003), p.20

Frank Ching, "Global History of .37 Architecture", P715

Tom Porter, "Archispeak", P140 .38

Tom Porter, "Archispeak", P140 .39

Alan Colquhoun, "Modern Architecture", .40 2002, P122

Kasimir Malevich, "The Non-Objective .41 World: The Manifesto of Suprematism", (Mineola, N.Y. : Dover Publications, 2003 ),, p.84. First published in 1926

Kasimir Malevich, "The Non-Objective .42 World: The Manifesto of Suprematism", (Mineola, N.Y. : Dover Publications, 2003 ),, pp.67-75. First published in 1926

Victor Margolin , "The Struggle for Utopia: .43 Rodchenko, Lissitzky, Moholy-Nagy : 1917-1946" :, (Chicago

University of Chicago Press, 1997), p. 32 .44

Catherine Cooke, "Malevich: From Theory .45 into Teaching," in Art & Design, edited by Andreas Papadakis, vol. 5 no. 5/6-1989, pp.8-10

Tom Porter, "Archispeak", P140 .46

Suprematism-As-Architecture: Opening' .47 The Way To K. Malevich's Work', A thesis submitted to the Faculty of Graduate Studies and Research at McGill University, in partial fulfillment of the requirements for the degree of Master of Architecture. May 15th, 1993.p. 36

Suprematism Movement, Artists and Major .48 Works. http://www.theartstory.org/movement-suprematism.htm

Tim Harte, "Fast Forward The Aesthetics .49 and Ideology of Speed in Russian Avant-Garde Culture, 1910-1930", (The University of Wisconsin Press,2009), p.142

Kenneth Frampton, "The Evolution of 20th .50 Century Architecture: A Synoptic Account", (SpringerWien NewYork: 2007), P20

Kazimir Malevich, 'The Non-objective .51 World', trans. Howard Dearstyne, )Chicago: Paul Theobald and

.)Company, 1959 .52

Alan Colquhoun, "Modern Architecture", .53 .2002, P120

Lynn Mally, "Culture of the Future: The .54 Proletkult Movement in Revolutionary Russia", (University of California Press, 1990).p160

Lynn Mally, "Culture of the Future: The .55 Proletkult Movement in Revolutionary Russia", (University of California Press, 1990).p.xxix

Kenneth Frampton, "Modern Architecture: .56 A Critical History", 1992, P168-169

Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon .57 R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), (New York. Guggenheim Museum: 1992). P306

.58

John E. Bowlt, "Russian Art of the .59 Avant-Garde: Theory and Criticism 1902-1934", (New York. The Viking Press, Inc.: 1976), Pxxxvii

Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), (New York. Guggenheim Museum: 1992). P306

Hubertus Gassner, "The Constructivists: .61
Modernism on the Way to Modernization", in "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P304

John E. Bowlt, "Russian Art of the .62
Avant-Garde: Theory and Criticism 1902-1934", (New York. The Viking Press, Inc.: 1976), P304

Hubertus Gassner, "The Constructivists: .63
Modernism on the Way to Modernization", in "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P304

Hubertus Gassner, "The Constructivists: .64
Modernism on the Way to Modernization", in "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P305

Charles Jencks, "Modern Movements in Architecture", (New York. Anchor Press: 1973). P82

Charles Jencks, "Modern Movements in .66
Architecture", (New York. Anchor Press: 1973). P82

Hubertus Gassner, "The Constructivists: Modernism on the Way to Modernization", in "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P305-306

Art In Production 1921 .68

Hubertus Gassner, "The Constructivists: .69
Modernism on the Way to Modernization", in "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P299

Kenneth Frampton, "Modern Architecture: .70
A Critical History", 1992, P169

Harry Francis Mallgrave, "Modern .71
Architectural Theory: A Historical Survey 1673-1968" (Cambridge University Press: 2005), P239

Harry Francis Mallgrave, "Modern .72
Architectural Theory: A Historical Survey 1673-1968" (Cambridge University Press: 2005), P239

.73
http://www.theartstory.org/artist-kandinsky-wassily.htm

Catherine Cooke, "Professional Diversity .74
And It's Diversity" in "The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties", (Architectural Design: 1991), P13

John E. Bowlt, "Russian Art of the .75
Avant-Garde: Theory and Criticism 1902-1934", (New York. The Viking Press, Inc.: 1976), PXXXV

Hubertus Gassner, "The Constructivists: Modernism on the Way to Modernization", in "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P299

77. R.Stephen Sennott, Editor "Encyclopedia of 20th century architecture: Volume I A-F", (Taylor & Francis Books, Inc:2004), P575

78. Programs and Manifestos on 20 Century Architecture, P56

79. Allison LeePalmer , "The A to Z of Architecture" (Scarecrow Press, Inc. : 2008), P82

80. Museum of Modern Art (New York, N.Y.) , "Naum Gabo [and] Antoine Pevsner", Introduction by Herbert Read, text by Ruth Olson ,and Abraham Chanin

81. John E. Bowlt, "Russian Art of the Avant-Garde: Theory and Criticism 1902-1934", (New York. The Viking Press, Inc.: 1976), P206

82. Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret'iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. "The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), (New York. Guggenheim Museum: 1992). P312

83. http://www.theartstory.org/artist-kandinsky-wassily.htm

84. Harry Francis Mallgrave, "Modern Architectural Theory: A Historical Survey 1673-1968" (Cambridge University Press: 2005), P239

85. (Program of the Productivist Group (1920

86. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P122

87. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P168-169

88. Programs and Manifestos on 20 Century Architecture

بەشی دووەم:

1. Selim O. Kahn-Magomedov, "Pioneers of Soviet Architecture: The Search for New Solutions in the 1920s and 1930s", ( New York. Rizzoli: 1987) p.23

2. William Craft Brumfield, "Creating a New Style in the Architecture of the Russian Provinces", in "Commerce in Russian Urban Culture, 1861–1914", edited by William Craft Brumfield, Yuri A. Petrov, (The Woodrow Wilson Center Press. Washington, DC, USA: 1997), p.205

3. Harry Francis Mallgrave, "Modern Architectural Theory: A Historical Survey 1673-1968" (Cambridge University Press: 2005), P239

4. Harry Francis Mallgrave, "Modern Architectural Theory: A Historical Survey 1673-1968" (Cambridge University Press: 2005), P239

5. Selim Omarovich Khan-Magomedov, "Pioneers of Soviet Architecture: The Search for New Solutions in the 1920s and 1930s, Part 1", ((Random House Incorporated, 1987

6. Cooke, 1995, p.29

7. Cooke, 1995, p.99

8. Anatole Kopp, "Constructivist Architecture in the USSR", (Academy Editions, London: 1985),p.70

9. Rem Koolhaas, et al., 'Social Condenser: Universal Modernization Patent', Content: Perverted Architecture (Cologne, Taschen, 2004), p. 9

10. Anatole Kopp, "Constructivist Architecture in the USSR", (Academy Editions, London: 1985),p.70

11. Anatole Kopp, "Town and Revolution: Soviet Architecture and City Planning 1917-1935", translated by Thomas Burton (New York, George Brazillier, 1970),p.116

12. Jean-Louis Cohen, "The Future of Architecture Since 1889", PP165-169

13. Luigi Prestinenza Puglisi, “The History of Architecture 1905-2008”, translated by Paul Blackmore, 2017,p.72

14. Catherine Cooke, “Architectural Drawings of the Russian Avant-Garde” (The Museum of Modern Art, New York:1990),

15. Catherine Cooke, “Professional Diversity And It’s Diversity” in “The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties”, (Architectural Design: 1991), P13

16.

17. Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P76

18. Catherine Cooke, “Professional Diversity And It’s Diversity” in “The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties”, (Architectural Design: 1991), P11

19. Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P76

20. William J. R. Curtis, “Modern Architecture Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P133 - 134

21. Robert Harbison, ‘Travels in History of Architecture ”, ( London. Reaktion Books: 2009). P247

22. Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P5

23. Robert Harbison, “Travels in History of Architecture”, ( London. Reaktion Books: 2009). P247

24. Catherine Cooke, “Architectural Drawings of the Russian Avant-Garde” (The Museum of Modern Art. New York:1990), p18

Sergiusz Michalski, “Public Monuments: Art in Political Bondage 1870-1997”, (Reaktion Books), p.112

26. Catherine Cooke, “Architectural Drawings of the Russian Avant-Garde” (The Museum of Modern Art. New York:1990), p19

Sergiusz Michalski, “Public Monuments: Art in Political Bondage 1870-1997”, (Reaktion Books), p.112-13

28. Hubertus Gassner, “The Constructivists: Modernism on the Way to Modernization”, in “The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret’iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P304 - 305

29. Hubertus Gassner, “The Constructivists: Modernism on the Way to Modernization”, in “The Great Utopia: The Russian and Soviet Avant-Garde, 1915 – 1932), Schirn Kunsthalle Frankfurt ,The Solomon R. Guggenheim Foundation, State Tret’iakov Gallery, State Russian Museum, St. Petersburg. Ministry of Culture of the Russian Federation. (New York. Guggenheim Museum: 1992). P304 - 305

30. Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P82

31. Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P83

32. Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, 2002, P122

33. Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P83

34. Frank Ching, “Global History of Architecture”, P716

35. William J. R. Curtis, “Modern Architecture Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P135

36. William J. R. Curtis, “Modern Architecture Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P135

37. Frank Ching, “Global History of Architecture”, P716

Anatole Kopp, "Town and Revolution: Soviet Architecture and City Planning 1917-1935", translated by Thomas Burton (New York, George Brazillier, 1970).p.55

39. John E. Bowlt, "Russian Art of the Avant-Garde: Theory and Criticism 1902-1934", (New York. The Viking Press, Inc.: 1976), P205-206

40. Charles Jencks, "Modern Movements in Architecture", (New York. Anchor Press: 1973). P84

41. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P169

42. Christina Kiaer, " Imagine No Possessions: The Socialist Objects of Russian Constructivism", (Cambridge, MA. : 2005). P43

43. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P84

44. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P125-26

45. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P86

46. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P126

47. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P87

48. Kathleen James-Chakraborty, "Architecture Since 1400", (University of Minnesota Press: 2014), P385

49. Anna Bokov, VKhUTEMAS Training, Pavilion of the Russian Federation at the 14th International Architecture Exhibition, la Biennale di Venezia.

50. https://en.wikipedia.org/wiki/Nikolai_Ladovsky#cite_ref-P41_10-0

51. Frank Ching, "Global History of Architecture", P715

Catherine Cooke, "Professional Diversity And It's Diversity" in "The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties", (Architectural Design: 1991), P9.

53. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P169

54. Vladimir Paperny, "Architecture in the Age of Stalin: Culture Two", P207.

55. Abstraction, Dream, and Utopia:" Conflicting Movements in Russian Architecture." Translated by Charlotte I. Loeb and Arthur L. Loeb. 'On European Architecture: Complete Articles from Het Bouwbedrijf, 1924-1931.' (Birkhäuser Verlag. Boston, MA: 1990). P197. Originally published in October 1928, Vol. V, № 22. P436-441.

56. Bruno Taut, "Russia's Architectural Situation." Translated by Eric Dluhosch. "Russia: An Architecture for World Revolution", (The MIT Press. Cambridge, MA: 1984). P170

57. Moise Ginzburg, "Style and Epoch", 1924, P102

58. Vladimir Paperny, "Architecture in the Age of Stalin: Culture Two", P210.

59. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P103

60. Jean-Louis Cohen, "The Future of Architecture Since 1889", P164

61. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", (Oxford and New York. Oxford University Press: 2002), p.122

62. Tatiana Mikhienko, ' The Suprematist Column —A Monument To Nonobjective Art', in 'Kazimir Malevich: suprematism', Organized by Matthew Drutt, (New York. The Solomon R. Guggenheim Foundation: 2003), p.79

63. Tom Porter, "Archispeak", P140

64. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P122-3

65. Tom Porter, "Archispeak", P140

Tatiana Mikhienko, ˙ The Suprematist Column —A Monument To Nonobjective Art˙, in ˙Kazimir Malevich: suprematism˙, Organized by Matthew Drutt, (New York. The Solomon R. Guggenheim Foundation: 2003), pp.79-80

Ibid,p.80 .67

Gerry Souter, "Malevich", (Parkstone Press: .68
.September 1, 2008), p.207

Ibid,p.83 .69

.70

Ibid,p.81 .71

Kazimir S. Malevich, "Suprematism. 34 .72
Drawings, Vitebsk, 1920," cited in Evgenii Kovtun, "Kazimir

Malevich" in Art Journal, trans. Charlotte .73
Douglas, Fall 1981, p.234

Màcel Otakar, "The Black Square and .74
Architecture," in "Art & Design", edited by .Andreas Papadakis, vol.5 no. 5/6-1989, p. 62

Catherine Cooke, "Malevich: From Theory .75
into Teaching," in "Art & Design˙, edited by Andreas

.Papadakis, vol. 5 no. 5/6-1989, p.26 .76

Christina Lodder, "Russian Constructivism", .77
(London and New Haven: Yale University Press, 1983), p.20

Paul Wood, "The Politics of the .78
Avant-Garde," in "The Great Utopia, The Russian & Soviet Avant-Garde

New York: Guggenheim) ,"1915-1932 .79
Museum & Rizzoli International Publications. Inc., 1992), pp.5-12

Michail Grobman, "About Malevich", in "The .80
Avant-Garde in Russia, 1910-1930, New Perspectives˙ , (Los Angeles: Los Angeles County Museum of Art,198), p.26

Alan Colquhoun, "Modern Architecture", .81
(Oxford and New York. Oxford University Press: 2002), p.123

William J. R. Curtis, "Modern Architecture .82
Since 1900", (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P133

Henk Puts, "El Lissitzky (1890-1941), his life and work," in ˙1890-1941 El Lissitzky: architect, ,painter

photographer, typographer˙, )Eindhoven: .84
Municipal Van Abbemuseum, 1990(, p.17

El Lizzitsky, in "A. and Pangeometry," cited .85
in Linda D. Henderson, ˙The Fourth Dimension and

the Non-Euclidian Geometry in Modern Art˙, .86
)Princeton, New Jersey: Princeton University Press, 1983(p.296

Lodder, Russian Constructivism, p.20 .87

Milka Bliznakov, "The Rationalist .88
Movement in Soviet Architecture in the 1920's," in ˙20th Century

Studies, Russian Formalism˙, J.E. Bowlt Eds. .89
)Brighton: Dolphin Press, 1993(, pp.150-151

Henk Puts, "El Lissitzky (1890-1941), his .90
life and work," in ˙El Lissitzky 1890-1941, ,architect, painter

photographer, typographer˙, )Eindoven: .91
Municipal Van Abbemuseum, 1990(, pp.14-20

Selim O. Khan Magomedov, "A New Style: .92
Three Dimensional Suprematism and Prounen," in ˙1890-

El Lissitzky: architect, painter, 1941 .93
photographer, typographer˙, )Eindhoven: .Municipal Van Abbemuseum

pp.35-45 ,)1990 .94

Stephanie Barron, "The Russian .95
Avant-Garde: A View From the West," in ˙The ,Avant-Garde in Russia

New Perspectives˙, p.17 ,1910-1930 .96

Sima Ingberman, ˙International .97
Constructivist Architecture, 1922-1939˙, ,)Cambridge, Mass.: MIT Press

.pp.3-11 ,)1994 .98

Bowlt, "Manipulating Metaphors: El .99
Lissitzky and the Crafted Hand," pp.133-148 also see: Màcel Otakar, "The Black Square and Architecture," in Art & Design, edited by Andreas .Papadakis, vol. 5 no. 5/6-1989, p. 62

Vassilii Rakitin, "'The optimism of a nonobjectivist', in 'Kazimir Malevich: suprematism', Organized by Matthew Drutt, (New York. The Solomon R. Guggenheim Foundation: 2003), p.75

101. Regina Khidekel, "Lazar Khidekel & Suprematism", (Munich , London , New York. Prestel Publishing: 2014). P.7

102. Selim O. Khan-Magomedov, "Lasar Khidekel, Makers of Avant-Garde", (Moscow: Russian Avant-Garde Foundation, 2011), p.18. First published in Russian in 2008.

103. Regina Khidekel, "Lazar Khidekel: The trajectory of suprematism, between sky and earth", https://thecharnelhouse.org/2013/12/25/khidekel-and-the-cosmist-legacy-of-suprematism-in-architecture/

104. Laurea Magistrale , "The Origins Of Arata Isozaki's Spatial Constructions: Japanese Tradition And Russian Avant Garde", 2015,pp.145-146

105. Regina Khidekel, "Lazar Khidekel: The trajectory of suprematism, between sky and earth", https://thecharnelhouse.org/2013/12/25/khidekel-and-the-cosmist-legacy-of-suprematism-in-architecture/

106. Regina Khidekel, "Lazar Khidekel: The trajectory of suprematism, between sky and earth", https://thecharnelhouse.org/2013/12/25/khidekel-and-the-cosmist-legacy-of-suprematism-in-architecture/

107. Regina Khidekel, "Lazar Khidekel: The trajectory of suprematism, between sky and earth", https://thecharnelhouse.org/2013/12/25/khidekel-and-the-cosmist-legacy-of-suprematism-in-architecture/

108. Regina Khidekel, "Lazar Khidekel & Suprematism", (Munich , London , New York. Prestel Publishing: 2014). P.7

109. Cruz Garcia & Nathalie Frankowski, 'Pure hardcore icons: A Manifesto on Pure Form in Architecture' .(London: Artifice,2013) p.35

110. Benjamin H. D. Buchloh, "From Faktura to Factography," in October 30, (Fall 1984)

111. Richard Weston, "Modernism", (Phaidon Press, 1996), p.152

112. John Shannon Hendrix, Lorens Eyan Holm, "Architecture and the Unconscious", (Routledge; 1 edition 2016).

113. Selim Omarovich Khan-Magomedov, "Pioneers of Soviet Architecture: The Search for New Solutions in the 1920s and 1930s, Part 1, 1987

114. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P171

115. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P122

116. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P99

117. Arie Graafland, Ad Graafland, "The Socius of Architecture", (010 Publishers : 2000), p.76

118. Bill Risebero, "Modern Architecture and Design: An Alternative History", (The MIT Press, Reprint edition: 1985), p.167

119. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P122

120. https://thecharnelhouse.org/2013/11/16/the-rationalist-current-in-soviet-avant-garde-architecture/

121. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P171

122. https://thecharnelhouse.org/2011/04/13/anti-constructivism-in-the-soviet-avant-garde-nikolai-dokuchaev-and-asnova/

123. Catherine Cooke, "Professional Diversity And It's Diversity" in "The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties", (Architectural Design: 1991), P14.

Catherine Cooke, "Professional Diversity And It's Diversity" in "The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties", (Architectural Design: 1991), P14.

125. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P172

126. Peter Lynch, "An Imaginary Reconstruction of the Sky Over Moscow", p.26

127. Horizontal Skyscrapers, http://www.dieselpunks.org/profiles/blogs/horizontal-skyscrapers

128. R.Stephen Sennott, Editor "Encyclopedia" of 20th century architecture: Volume I A-F", (Taylor & Francis Books, Inc:2004), P635.

129. Ian Sutton, "Western architecture", P327

130. Lodder, Russian Constructivism, pp.180-188

131. ibid. p.205

132. http://www.theartstory.org/movement-constructivism.htm

133. Christina Kiaer, " Imagine No Possessions : The Socialist Objects of Russian Constructivism", (Cambridge, MA. : 2005). P43.

134. William J. R. Curtis, "Modern Architecture Since 1900", (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P135

135. Selim Khan-Magomedov, "Alexandar Vesnin and Russian Constructivism", translated by Dianne Cullinane, (London. Lund Humphrics: 1986), p.117

136. https://en.wikipedia.org/wiki/Vesnin_brothers#cite_note-CH345-34

137. https://en.wikipedia.org/wiki/Vesnin_brothers#Leningrad_Pravda

138. Harry Francis Mallgrave, "Modern Architectural Theory: A Historical Survey 1673-1968" (Cambridge University Press: 2005), P240

Donald Leslie Johnson, Donald Langmead, "Makers of 20th-Century Modern Architecture: A Bio-Critical Sourcebook" ( ), p.343

140. Donald Leslie Johnson, Donald Langmead, "Makers of 20th-Century Modern Architecture: A Bio-Critical Sourcebook" ( ), p.343

141. https://en.wikipedia.org/wiki/Vesnin_brothers#cite_note-KM2668-61

142. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P198

143. Moisei Ginzburg, "Style and Epoch", Introduction and translation by Anatole Senkevitch, Jr. Foreword by Kenneth Frampton, (Cambridge, Mass. and London: MIT Press, 1982).

144. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P127

145. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P174

146. Anatole Kopp, 1985, p.70

147. Towards the new communist society: the transition House of Narkomfin, a research epilogue, https://www.researchgate.net/publication/274301787

148. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P174-175

149. هەروەها بروانە:

150. Bernice Glatzer Rosenthal, "Nietzsche and Soviet Culture: Ally and Adversary", p.183

151. http://misfitsarchitecture.com/2015/05/09/1927-the-competition/

152. http://misfitsarchitecture.com/2015/05/09/1927-the-competition/

153

Kenneth Frampton, “Modern Architecture: A “Critical History

Kenneth Frampton, “Modern Architecture: .154 “A Critical History

.155 https://www.architectural-review.com/essays/making-sense-of-narkomfin/10023939.article

William J. R. Curtis, “Modern architecture .156 since 1900”, 1996, p.209

Mercatorfonds, Antwerp and Eaton, Ruth. .157 2001. Ideal Cities: Utopianism and the (Un)Built Environment, pp.193-194

Nerma Cridge, “Drawing the Unbuildable: .158 Seriality and Reproduction in Architecture”, 2015


بەشی سێیەم:

Frank Ching, “Global History of Architecture”, .1 P717

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .2 2002, P131

William J. R. Curtis, “Modern Architecture .3 Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P137

Frank Ching, “Global History of Architecture”, .4 P717

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .5 2002, P131

William J. R. Curtis, “Modern Architecture .6 Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P137

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .7 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P134

William J. R. Curtis, “Modern Architecture .8 Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P.137

Frank Ching, “Global History of Architecture”, .9 P.717

Richard Anderson, “Russia: Modern Architectures in History”, (Reaktion Books Ltd. .(London, Uk: 2015

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .11 2002, P.132

William J. R. Curtis, “Modern Architecture .12 Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P.140

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .13 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P.165

Akiko Honda,” A New Vision in .14 Architecture: Ivan Leonidov’s Architectural Projects between 1927 and 1930”, P.81

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .15 2002, P.132

William J. R. Curtis, “Modern Architecture .16 Since 1900”, (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P.140

Hugh D. Hudson, “Blueprints and Blood: .17 The Stalinization of Soviet Architecture, 1917-1937”, (Princeton University Press. Princeton, New Jersey: 1994), p.40

Richard Anderson, “Russia: Modern .18 Architectures in History”, (Reaktion Books Ltd. .(London, Uk: 2015

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .19 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P.167

Akiko Honda,” A New Vision in .20 Architecture: Ivan Leonidov’s Architectural Projects between 1927 and 1930”, P.88

A. Gozak, Andrei Leonidov, Catherine .21 Cooke, and Igor Palmin, “Ivan Leonidov: The Complete Works”, (Academy Editions. London: 1988), p.60

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .22 2002, P.133

Dr François Blanciak, ‘Revolutionary Objects: Pure forms and Disorder in the Work of Ivan Leonidov’ Athens: ATINER'S Conference Paper Series, No: ARC2013-0457. 2013

Dr François Blanciak, 'Revolutionary Objects: Pure forms and Disorder in the Work of Ivan Leonidov' Athens: ATINER'S Conference Paper Series, No: ARC2013-0457. 2013

25. Dr François Blanciak, 'Revolutionary Objects: Pure forms and Disorder in the Work of Ivan Leonidov' Athens: ATINER'S Conference Paper Series, No: ARC2013-0457. 2013

26. Dr François Blanciak, 'Revolutionary Objects: Pure forms and Disorder in the Work of Ivan Leonidov' Athens: ATINER'S Conference Paper Series, No: ARC2013-0457. 2013

27. Kenneth Frampton, ed. "Ivan Leonidov", (New York: Rizzoli, 1981) p.1

28. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", (London. Thames & Hudson: 1980) p.175

29. Selim Omarovich Khan-Magomedov, "Pioneers of Soviet Architecture: The Search for New Solutions in the 1920s and 1930s, Part 1", .((Random House Incorporated, 1987

30. Selim Khan-Magomedov, 'Pioneers of Soviet Architecture: The Search for New Solutions in the 1920s and 1930s', )Thames and ).Hudson Ltd, 1986

31. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P82

32. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P.88

33. Selim Khan-Magomedov, 'Pioneers of Soviet Architecture: The Search for New Solutions in the 1920s and 1930s', )Thames and ).Hudson Ltd, 1986

34. www.Wikipedia.org , Zuev Workers' Club

## بەشی پێنجەم

1. William J. R. Curtis, "Modern Architecture Since 1900", (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P142

2. Catherine Cooke, "Architectural Drawings of the Russian Avant-Garde" (The Museum of ,(Modern Art, New York:1990

3. Charles Becker, S Joshua Mendelsohn and Kseniya Benderskaya, "Russian urbanization in the Soviet and post-Soviet eras", (International Institute for Environment and Development. Londom, UK: 2012). P

4. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P75-76

5. Manfredo Tafuri, "The Sphere and the Labyrinth: Avant-Gardes and Architecture from Piranesi to the 1970s", translated by Pellegrino d' Acierno and Robert Connolly, (The MIT Press. Cambridge, MA: 1987). P149-50

6. Manfredo Tafuri, "The Sphere and the Labyrinth: Avant-Gardes and Architecture from Piranesi to the 1970s", translated by Pellegrino d' Acierno and Robert Connolly, (The MIT Press. Cambridge, MA: 1987). P150-51

7. Manfredo Tafuri, "The Sphere and the Labyrinth: Avant-Gardes and Architecture from Piranesi to the 1970s", translated by Pellegrino d' Acierno and Robert Connolly, (The MIT Press. Cambridge, MA: 1987). P151-52

8. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P190

9. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P190

10. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P190-91

Robert Fishman, Urban Utopias in the Twentieth Century: Ebenezer Howerd, Frank Lloyd Wright, and Le Corbusier (New York: Basic Books, 1977) 21-88; Gordon Cherry, Town Planning In its Social Context (Ayleberry: Leonard Hill, 1973) 1-36; Starr, 'Writings from the 1960s on the Modern Movement in Russia,' Journal of the Society of Architectural Historians, XXX/2 (May 1971) 170-78

12. William J. R. Curtis, "Modern Architecture Since 1900", (Phaidon Press Limited. Oxford: 1983), P142

13. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P77

14. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P77-78

15. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P78

16. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P78

17. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P78

18. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P78-79

19. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P169

20. Kenneth Frampton, "Modern Architecture: A Critical History", 1992, P169

21. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P197

Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P129

Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P194

24. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P106

25. Percival Goodman, Paul Goodman, "Communitas; means of livelihood and ways of life", (Vintage Books. New York: 1960). P73

26. Stites, Revolutionary Dreams (1989): p.199-8

27. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P194

28. Starr, 'Visionary Town Planning During the Cultural Revolution,' in Sheila Fitzpatrick, Cultural .(Revolution, 207-40 (qu., 208

29. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P194

30. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P194-95

31. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P195

32. Richard Stites, "Revolutionary Dreams: Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution", (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P195

33. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P109

34. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P129

N. A. Milyutin, Sotsgorod: the Problem of Building Socialist Cities (1930), trans. A. Sprague .((Cambridge, Mass.: M.I.T. Press, 1974

Richard Stites, “Revolutionary Dreams: .36 Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution”, (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P196

Richard Stites, “Revolutionary Dreams: .37 Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution”, (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P196

Richard Stites, “Revolutionary Dreams: .38 Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution”, (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P197

Richard Stites, “Revolutionary Dreams: .39 Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution”, (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P198

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .40 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P107

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .41 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P107

Gosudarstvennyĭ nauchno-issledovatelʹskiĭ .42 muzeĭ arkhitektury imeni A. V. Shchuseva, Stichting de Beurs van Berlage, Stichting Kunstprojecten (Netherlands), “Soviet architecture, 1917-1987, Volume 1”, (Art Unlimited Books. Amsterdam : 1989). P18

Richard Stites, “Revolutionary Dreams: .43 Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution”, (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P199

Richard Stites, “Revolutionary Dreams: .44 Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution”, (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P199

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .45 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P107

Richard Stites, “Revolutionary Dreams: .46 Utopian Vision and Experimental Life in the Russian Revolution”, (Oxford University Press, Inc. New York, NY, USA: 1989). P200

بەشی شەشەم

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, 2002, P133

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .2 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P103

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .3 2002, P133

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .4 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P103 - 104

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .5 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P103 - 104

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .6 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P104

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .7 2002, P133-34

Andrei Ikonnikov, “Russian Architecture of .8 the Soviet Period”, translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P104

Catherine Cooke, “Architectural Drawings of .9 the Russian Avant-Garde” (The Museum of Modern Art, New York:1990), P40

Alan Colquhoun, “Modern Architecture”, .10 2002, P134

Charles Jencks, “Modern Movements in Architecture”, (New York. Anchor Press: 1973). P89

Catherine Cooke, “Professional Diversity .12 And It's Diversity” in “The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties”, (Architectural .Design: 1991), P9

R.Stephen Sennott, Editor “Encyclopedia of .13 20th century architecture: Volume I A-F”, (Taylor .& Francis Books, Inc:2004), P257

Catherine Cooke, "Architectural Drawings of the Russian Avant-Garde" (The Museum of Modern Art, New York:1990), P40

15. Alan Colquhoun, "Modern Architecture", 2002, P135

16. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P199

17. Andrei Ikonnikov, "Russian Architecture of the Soviet Period", translated by Lev Lyapin. (Moscow. Raduga Pubhshers: 1988). P201-202

18. Catherine Cooke, "Professional Diversity And It's Diversity" in "The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties", (Architectural Design: 1991), P9

19. Catherine Cooke, "Professional Diversity And It's Diversity" in "The Avant-Garde: Russian Architecture in the Twenties", (Architectural Design: 1991), P9